چاودێر

THE OBSERVER

ژمارە (٥٣) دوو شەممە ٢٠٠٥/١١/١٤

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

Aweekly Political, Educational & Social Press

ئەبو کاروان:

ئەگەر شیوعی لەجێگای یەکگرتوبوایە بەیەک کورسیش رازیدەبوو

هاوڕێ ئەبو کاروان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان بە "چاودێر"ی راگەیاند: جیابوونەوەی یەکگرتووی ئیسلامی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەروانگەی بەرژەوەندی حزبی خۆیانەوەیە، و دەبوایە بەرژەوەندیی گشتییان بخستایەتە پێش بەرژەوەندی حزبییەوە، بۆیە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ وا دەخوازێ ئەوانیش لەنێو لیستەکەدابوونایە.

ناوبراو ئەوەیشی راگەیاند: ئەگەر حزبی شیوعی لەجێگەی یەکگرتوو بوایە، ئەوا تەنانەت بەیەک کورسیش رازیدەبو هەر بۆ ئەوەی لەلیستی هاوپەیمانی کوردستانی جیانەبینەوە، هەروەک چۆن لەسەرکردایەتی حزبماندا رایەک هەبوو گەر کورسیشمان نەدرێتێ رازیدەبین لەنێو هاوپەیمانێتیەکەدا بمێنینەوە، لەبەر خاتری کێشە رەواکانی گەلەکەمان.

ئەبو کاروان گلەیشی کرد لەپارتی و یەکێتی کە دەبوایە لەنێو لیستەکەدا دەستکراوەتر بونایەو مافی هەندێ حزب و لایەنیان فەرامۆشنەکردایە.■

پاکسازیکردنی (٨٠) شارەزاو بەڕێوەبەری گشتی

سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری دارایی- نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی دیوان بەنووسراوی ژمارە (٢٩٠) لەرۆژی ٢٠٠٥/١٠/٦ کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (لەسلێمانی)- نووسینگەی تایبەتی سەرۆک کراوەو لەدوتوێی راپۆرتێکی (٢٥) لاپەرەییدایە، تیایدا داوا لەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کراوە فەرمانبدات بە پێداچوونەوەو دەرکردن و کۆتایهێنان بە راژەی (٨٠) بەڕێوەبەری گشتی، شارەزا، راوێژکار، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کە هیچ بنەمایەکی یاساییان تێدا نییەو بڕوانامەو هەروا راژەی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی ئەو پۆستانەیان هەبێ و تیایدا ئاماژە بەوەیش کراوە پێشێلکارییەکی زۆر هەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتەوە لەسەر ئەو بڕیارانە کە لەراپۆرتەکەدا دەستنیشانکراوە.

لەو نووسراوەدا کە ئیمزای جەمال سام ئاغا سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بەسەرەوەیەو راپۆرتێکی پێوە هاوپێچەو بە "نهێنی" ئاراستەی نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کراوەو ئیمزای (٥) سەرۆکی دەستەی چاودێریی دارایی و (٢) چاودێری دارایی و بەڕێوەبەرێکی پێشکەوتووی بەسەرەوەیە، وردەکاری تیایە سەبارەت بە پێویستی لابردنی ئەو (٨٠) "شارەزا، بەڕێوەبەری گشتی، راوێژکار، و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی"یانە.

لەنێو ئەو راپۆرتە نهێنییەی سەرۆکایەتیی دیوانی چاودێری داراییدا، چەندین ناو هاتوون، لەوانە: عیرفان جەمال کەرکوکلی کە پلەکەی راوێژکارەو هیچ بەرایییەک لە دۆسییەکەیدا نیە، لەگەڵ بلێسە جەبار فەرمان کە پلەکەی بەڕێوەبەری گشتییەو بڕوانامەو پوختەی راژە لەدۆسییەکەیدا نییە. "رۆژنامەنووس" ئازاد صدیق محەمەد کە بەڕێوەبەری گشتییەو براوانامەو پوختەی راژە لەدۆسییەکەیدا نییە. صلاح جمعە شکور کە پلەی بەڕێوەبەری گشتی پێدراوە. هوشار ئەحمەد محەمەد بەڕێوەبەری گشتی، هەڵگورد عەبدولوەهاب محەمەد بەڕێوەبەری گشتی، کاکەمەند کاکەرەش بەڕێوەبەری گشتییەو هەڵگری بڕوانامەی ناوەندییە. دلاوەر نوری محەمەد کە پلەکەی بەڕێوەبەری گشتییە بەڵام موچەو دەرماڵەی بریکاری وەزارەت وەردەگرێ لە دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتەکان، و شادمان جەناب نوری کە پلەکەی شارەزایەو یەک ساڵ و دوو مانگ خزمەتی هەیە کە دەبێ لانی کەم (١٦) ساڵ خزمەتی هەبێ، سەرباری ئەوەی توێژینەوەی زانستی پەسەندکراوی نییە.

هەر لەو راپۆرتە نهێنییەدا، ئاماژە بە پلەو ساڵی خزمەت و بڕوانامەکانی هەموو ئەوانە کراوە کە پلەی تایبەتیان دراوەتێ و دەبێ لابرێن، لەبەرئەوەی بنەمای یاساییان نییەو ناوەکانیش لەهەریەکە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، و وەزارەتەکانی دارایی و ئابوری، تەندروستی، کشتوکاڵ و ئاودێری، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پیشەسازی و وزە، خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، مافی مرۆڤ، پەیوەندی و هاوکاری، رۆشنبیری، ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی و گەشتوگوزار، گواستنەوەو گەیاندن، ناوخۆ، و دەزگاکانی فرۆکەوانی نێودەوڵەتی سلێمانی، پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتەکان، شەهیدان، کارەبا، و هاندانی وەبەرهێنانی تێدایە.

ئەوەی لەو راپۆرتەدا جێگای سەرسورمانە، بەشی زۆری ئەوانەی پلەی تایبەتییان دراوەتێ، بڕوانامەی ناوەندی و ئامادەییان هەیەو هەندێکی تریان ساڵی خزمەتیان تەواو نییەو ئەوانی تریش بەفەرمانی وەزیر ئەو پلانەیان پێ بەخشراوە کە ئەوە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە بەپێی یاسا، ئەمە سەرباری نەبوونی هیچ بەرایییەک لە دۆسێی هەندێکیاندا.

"چاودێر" پێی وایە دانانی ئەو دەیان پلەوپۆستە، بەبێ رەچاوکردنی بنەماکانی زانستی و شایستەیی و ساڵانی خزمەت، زیانێکی گەورەی بەکاروباری حکومەت گەیاندووە.. هەر لەم جۆرە پلەوپایە تەخشان و پەخشان کردنەشەوە، گەندەڵییەکی زۆر لەفەرمانگەکاندا بڵاوبۆتەوە. بۆیە، زۆر گرنگە سیاسەتی پاکسازی کتومت ئەم پلەو پایە بەناهەق بەخشراوانە بگرێتەوەو بەزووترین کات کەسانی شایستە لەو شوێنە شیاوانە دابنرێن، بەبێ رەچاوکردنی ناسنامەی حزبایەتی■



سەرۆکی پارلەمانی عیراق داوا لەسەرۆکی پارلەمانی کوردستان دەکا برا تیرۆریستەکەی ئازادبکا

لێپرسراوێکی ئەمنی لەناو ریزەکانی هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک بە "چاودێر"ی راگەیاند: حاچم حەسەنی سەرۆکی کۆمەڵی نیشتمانی عیراق سەردانی هەریەکە لە عدنان موفتی سەرۆک و کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پارلەمانی کوردستان کردووە هەوڵی ئازادکردنی برا تیرۆریستەکەی (حاتەم حەسەنی) بدەن کە رۆژی "٨"ی ئەم مانگە لەگۆڕەپانی ئاهەنگەکانی رژێمی بەعس لەکەرکوک لەگەڵ دوو تیرۆریستی تردا دەستگیرکراوە.

سەرچاوەکە روونیشیکردەوە: براکەی حاچم حەسەنی و ئەو دوو تیرۆریستەی کە لەگەڵیدابووە، سەر بە سریەی "محەمەد فاتح"ی سەر بەگروپی تیرۆریستی "جیش صلاح الدین"ن و لەلێکۆڵینەوەدا دانیان بەوەدا ناوە (٩) کردەوەی تیرۆریستیان لەشاری کەرکوکدا ئەنجامداوەو (٦) جاریش پەلاماری بارەگای "گارە"ی هێزەکانی فرەگەزیان داوە لەنێوان ریاز-حەویجە، و ئیعترافیان لەسەر ئەوەیش کردووە: لەگروپەکەیاندا نەقیبێکی پێشووی رژێمی بەعس هەیە کە پلاندارێژەرەی کردەوە تیرۆریستیەکانیانە.

هەر ئەو سەرچاوەیە ئاشکرایکرد: لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و فرەرەگەز لەکەرکوک لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو سێ تیرۆریستەدا بەردەوامەو ئاماژەی بەوەش کرد: لەکاتی دەستگیرکردنی ئەو سێ تیرۆریستەدا قەناسێک و ئاربیجییەک وکڵاشینکۆفێک و دەمانچەیەکیان پێبووە، سەرباری بڕێک گوللەو تەقەمەنی.■

سەروتار

جێبەجێ کردنی پاکسازی

دەمێکە.. چاکسازی و پاکسازی کەوتۆتە ئاراوەو ناوبەناویش هەنگاوی جۆراوجۆریش لەو پێناوەدا نراوە. بەڵام زوو زووش ئەو هەنگاوانە راگیراون. سەرەنجام، نەک نەتوانراوە ریشەی گەندەڵی بکێشرێ، بەڵکو هەر هەنگاوێکی پاکسازی راگیرابێ، وایکردووە خەڵکو فەرمانبەر، باوەڕیان بەو بڕیارانەش نەمێنێ کەبۆ چاکسازی و ریفۆرم دراوون. لەکاتێکدا ئەمە دەڵێین، جەخت لەسەر ئەو بۆچونەشمان دەکەینەوە کەلە (چاودێر)دا گوتومانە: ناکرێ رەخنەو نارەزایی لەهەر دیاردەیەکی گەندەڵی و مشەخۆری و بیرۆکراتیەت، یان دزی و کاری ناشەرعی، لایەنە گەش و جوانەکانی خزمەت گوزاریەکانمان لێ وون بکەن. باتەرِوشک پێکەوە نەسوتێن! زیاتر لەوەش دەڵێین: یان دەبێ گەلەکەمان و ئەزمونەکەی و سەرکەوتنەکانی هیچ دوژمنێکی دەرەکی و دژێکی ناوەکییان نەمابێ (کەماوون). یان ئەو دوژمنانە هێشتا ماوون و لەدوژمنایەتی کردنی ئەزمونەکەمان و دەستکەوتەکانیشمان، نەکەوتوون. دوژمنانی دەرەکی دیارن و دیاریشە چی دەکەن. بەڵام دژە ناوەکیەکان، رەنگە ئاسان نەبێ کۆ دەنگیمان لەسەریان هەبێ کەئەوانە کێن و کێ نین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: بەدڵنیاییەوە دژە ناوەکیەکان کەم نین و کەمیشیان هەتا ئێستا بۆ دژایەتی کردنی ئەزمونکەی کوردستان پێ نەکراوە. ئەمە جگلەوەی هەن، زۆریان لا مەبەستە مێش بکەنە گامێش و نەخشەش دەکێشن قەیرانی گشتی دروست بکەن، هەتا بتوانن قوڵترین بێ متمانەیی لەناو رای گشتیدا بخولقێنن. ئەم جۆرە دژانە، یان رق لەدڵانە، مەترسیدارن و دوریش نییە کەتێنێک بنێنەوە.

حکومەتی هەرێم.. نابێ لەبەرامبەر پروپاگەندەو ئاستەنگەکانی ئێستادا دۆش دابمێنێ. بەڵکو پێویستە چالاکترو چاوکراوەتر بێت. باشترین رێگەی چالاکی و چاوکراوەییش ئەوەیە کەوا: حکومەت.. لەگەڵ رای گشتیدا شەفاف بێ. راستگۆ بێ. نەسڵەمێتەوە لەپاک کردنی گەندەڵی و پاکسازی. هەمیشە خەمی خزمەت و خزمەتگوزاری بخوا. کێشە بنەرەتیەکانی خەڵک چارەسەر بکا. ئێستاش کە دەزگای چاودێری دارایی لەسەر (٨٠) کاربەدەستی سەلماندووە کەشایستەی ئەو پۆستانە نین، کەپێیان بەخشراوە، هەقوایە بیانگۆڕن و خەڵکانی شایستەو لێوەشاوە لەباتیان دابنرێ. تەنها بەم کارانە دەتوانرێ پەکی پیلانی دوژمنانی دەرەکی و دژەکانی ناوەکی بخرێ. نەک بەدێژە بەدەرخۆنەکردنی کێشەکان و گرفتەکان. یان راگرتنی هەنگاوەکانی پاکسازی و ریفۆرم.■

وەزارەتی پیشەسازی شکات لە کۆمپانیای ئۆراسکۆم دەکاو چوار ملیۆن و نیو دۆلاریشی حجزدەکا

پەری نوری عەزیز بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بازرگانی لەوەزارەتی پیشەسازی و وزە رایگەیاند: چوار ملیۆن و نیو دۆلاری کۆمپانیای ئۆراسکۆممان حجزکردووە لەبەرانبەر ئەو بڕە قەرزی چیمەنتۆی لەلایانە، هەروەک چۆن بەگوێرەی گرێبەستی نێوان کۆمپانیای ناوبراو و وەزارەتی پیشەسازی لە ٢٠٠٥/٢/١٢ دەبێ رۆژانە کۆمپانیای ئۆراسکۆم رۆژانە هەزار تەن چیمەنتۆبداتە وەزارەت، کەبەهۆی چاکسازی و نەبوونی کارەباو هەندێ سوتەمەنی نەیانتوانیوە ئەو بڕە چیمەنتۆیە بدەنە وەزارەت و پابەندبن بە گرێبەستەکەوە.

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بازرگانی ئەوەشی بە "چاودێر" راگەیاند: حجزکردنی ئەم بڕە پارەیەی کۆمپانیای ناوبراو بەردەوام دەبێ تا ئەوکاتەی کۆمپانیای ناوبراو تەواوی قەرزەکان دەداتەوە وەزارەتی پیشەسازی.

ناوبراو ئاشکراشیکرد: لەبەر بەرژەوەندی هاووڵاتیان، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران -ئیدارەی سلێمانی رەزامەندی نیشاندا بە سەرفکردنەوەی (٢) ملیۆن دۆلار لەو پارە حجزکراوە بەمەبەستی کڕینەوەی چیمەنتۆ لەبازاڕی رەش کە یەک تەن بە (١٦٠) دۆلارەو دواتر فرۆشتنەوەی بە (٣٥) دۆلار بە هاووڵاتیان، ئەمەیش بۆ ئەوەی ئیش وکاری بیناسازی هاووڵاتیان دوانەکەوێ.

هەروا ئاشکرایکرد: کۆمپانیای ناوبراو ئەو داوایەی جێبەجێکردووە کە وەزارەت سەپاندویەتی بەسەریدا.

لەلایەکی ترەوە، وەزارەتی پیشەسازی و وزە لەدادگا شکات لەکۆمپانیای چیمەنتۆی یەکگرتوو دەکا بەرانبەر بەپابەندنەبوونی بەو گرێبەستەی لەنێوان وەزارەتی ناوبراو لەرۆژی (٢٠٠٥/٢/١٢)دا ئیمزایانکردووە.

لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بازرگانی لەوەزارەتی پیشەسازی بە "چاودێر"ی راگەیاند: لەرێی بەشی یاسایی وەزارەتەوە دەعواکە لەدژی کۆمپانیای ناوبراو تۆمارکراوەو وێنەیەکی دەعواکەیش لەرێی دادگاوە بۆ سەرپەرشتیاری کۆمپانیاکە فاروق مەلا مستەفا نێردراوەو لەشکاتەکەدا داوامانکردووە کۆمپانیای ناوبراو دەبێ سەرجەمی ئەو قەرزەی چیمەنتۆمان بداتەوە کە بەگوێرەی گرێبەستەکە وتووەتە لایان.■

سلێمانی.. لیژنەی لێکۆڵینەوە لەدەزگاکانی حکومەت پێکدەهێنرێ

لەچەند رۆژی رابردوودا حکومەت هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی بڕیاریدا بەپێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەدەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ لێپێچینەوە لەوکەسانەی گەندەڵی ئیدارییان بەسەردا ساغدەبێتەوە.

لەوبارەیەوە محەمەد عارف ئیبراهیم سەرۆکی ئەنجومەنی راژەو سەرۆکی لیژنەکە بە "چاودێر"ی راگەیاند: داوا لەدەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراوە، دەبێ لەماوەی ٢-٣ هەفتەی داهاتوودا وردەکاری ئیش و کارەکانیان بگەیەننە لیژنەکەو دواتر بەراوردەکرێن بە راپۆرتی لیژنەکانی رەقابە، وهەر دامەزراوەیەکیش گەندەڵی بەسەردا ئیسپات بوو، ئەوا بەراپۆرتێک بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزەکرێتەوە، و دواتر بڕیاری پێویستی لەبارەوە دەدرێ.

سەرۆکی ئەنجومەنی راژە ئاماژەی بەوەیش کرد: دامەزراندن پەیوەندی بە میلاکەوە هەیە، و بەرنامەیشمان هەیە میلاکی ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ بودجەدا دیاریبکەین و ئاشکراشیکرد: ئێستا وەزارەتی دارایی خەریکی میلاکەو دەستکاری هیچ پلەیەکیش نەکراوە.■

دەستگیر کردنی سەرپەرشتیاری تۆڕێکی تیرۆریستی

سەرچاوەیەکی ئاسایشی سلێمانی بە "چاودێر"ی راگەیاند: رۆژی (٧)ی ئەم مانگە بلال محەمەد سەعید ئەحمەد سەرپەرشتیاری تۆڕێکی تیرۆریستی "انصار السنة" لەرومادی-یان لەگەڵ دوو تیرۆریستی تردا بەناوی عبدالحمید شاحوذو ئەمجەد ئەدیب ئەحمەد صالح دەستگیرکردووە.

سەرچاوەکە رونیشیکردەوە: ئەو سێ دەستگیرکراوە خەڵکی شاری رومادین وکاتێک دەستگیرکراون، وتویانە: دەروێشی شێخ محەمەد کەسنەزانین، بەڵام کاتێک پەیوەندیکراوە بەتەکیەی شێخەوە، لەوێ وتویانە ئەو سێ کەسە ناناسین.

هەر بەگوێرەی سەرچاوەکە: ئێستا ئەو سێ دەستگیرکراوە لەژێر لێکۆڵینەوەدان.■

ئاسایشی هەولێر دەستدەگرێ بەسەر زێرو پارەی تەلەفزیۆنی یەکگرتوودا

پەیامنێرمان لەشاری هەولێرەوە پێیراگەیاندین: لەچەند رۆژی رابردوودا هێزەکانی ئاسایشی هەولێر چوونەتە سەرکەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، دەستیانگرتووە بەسەرتەواوی ئەو پارەو زێرو جل وبەرگانەی تەلەفزیۆنەکە کە لە چوار رۆژی بەر لەجەژنی رەمەزانداو بەناوی هەڵمەتی خێرخوازی بۆ خەڵکی هەژاری شاری هەولێری کۆکردبووەوە.

پەیامنێرمان ئاماژەی بەوەیش کردووە: ئەو پارە کۆکردنەوەیەی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو لەهەولێر بووەتە جێگای نارەزایی مامۆستایانی ئایینی شارەکە.

هەر لەوبارەیەوە چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ بە "چاودێر"یان راگەیاند: گومانی ئەوە لەلای خەڵکی شاری هەولێر دروست بووە، یەکگرتوو نیازی وابووە ئەو کۆمەک و پارانە بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی داهاتوو بەکاربهێنێ، نەوەک هەژارو لێقەوماوان.■

● ● ● ● ● ● ●

یەکێتی مامۆستایان و وەزیری پەروەردە

بەدواداچونی: رەنج قەرەداغی ... ل٣

● ● ● ● ● ● ●

ئەحمەدی نەژادو بەرسیڤی جیهانی

محەمەد ئیزەدی ... ل٧

● ● ● ● ● ● ●

پارێزگاری کەرکوک بۆ چاودێر دەدوێ

... ل٨

پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت لەکەرکوک

لیوا شێرکۆ شاکر (فەرماندەی گشتی هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک) بە "چاودێر"ی راگەیاند: بۆ ئەوەی چیتر تیرۆریستەکان ئازادنەکرێن، پلانمان داڕاشتووە تا کۆتایی ئەم مانگە دادگایەکی تایبەت لەسنوری پارێزگای کەرکوک پێکدەهێنین بۆ ئەوەی دادگایی ئەو تیرۆریستانە بکات کە لەسنوری پارێزگاکەماندا دەستگیردەکرێن و دەستیان هەبووە لەکردەوەی تیرۆریستیدا.

شاکر روونیشیکردەوە: ئەو دادگایە بە پاڵپشتی یاسای تەواوی و ریشەکێشکردنی تیرۆرو لەسەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک و پۆلیسی کەرکوک و هەروا هێزەکانی فرەرەگەز لەکەرکوک پێکدەهێنرێ.

ناوبراو ئاماژەی بەوەیش کرد: هەندێ لەو پۆلیسە گومانلێکراوانەی زانیاریان داوەتە تیرۆریستان لەلایەن هێزەکانی فرەرەگەزەوە دەستگیرکراون، و نیگەرانی خۆیشی نیشاندا لەئازادکردنی تیرۆریستەکان کە دوای نزیکەی ٢-٣ مانگ دەستگیرکردن و بێ ئەوەی دادگاییبکرێن ئازاددەکرێن، و دواتریش بەردەوام دەبنەوە لەکردەوەی تیرۆریستی. هەروا وتی: بۆ پاراستنی گیانی دەنگەران لەهەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتوو، پلانێکی ئەمنیمان داڕشتووە.■

هەواڵ و مەترسی

■ دەستگیر کردنی دوو گومانلێکراو

رۆژی (٦)ی ئەم مانگە (أ،ع،ک)و (أ،ش،و) کە دوو هاووڵاتی شاری کەرکوکن دەستگیرکراون بەگومانی ئەوەی لەگەڵ (ج) ناوێک باندێکی رفاندنی منداڵیان پێکهێناوەو چەندین منداڵیان رفاندووەو بەرانبەر بە پارەیەکی زۆر ئازادیان کردوون.■

■ هاتنەوەی عەرەبی هاوردە بەردەوامە

بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لەگەڵ گەرانەوەی عەرەبی تەعریب لە بەغدادو باشورەوە بۆ کەرکوک، هاوکات لەدەوروبەری شاری موسڵیشەوە دەیان خێزانی عەرەب لەرێگەی قاچاخەوە، بەرەو دێهاتەکانی خوارووی داقوق دێن و نیشتەجێ دەبن و ئەنجومەن و پۆلیسی قەزای داقوقیش لێی بێدەنگە.■

■ لەتاران

پشتێنی تەقینەوە دروستدەکرێ

"چاودێر" زانیویەتی لەکارخانەی "تاران مواجهدین" کە دەکەوێتە نزیک فەرماندەیی "بەسیج" لەتاران "پشتێنی تەقینەوە" بۆکاری خۆکوژی دروستدەکرێ.

گوایە ئەم پشتێنانە جگەلە هێزەکانی بەسیج بۆ "حزب الله"ی لوبنانی دروستدەکرێن.■

ÇAWDÊR

Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq

No.: (53) 14-11-2005

THE OBSERVER

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار

ستافی کارا: سامی هادی، جەمال حوسێن، ناهیدی حوسێنی، مەم بورهان قانع

بەڕێوەبەری کارگێری: داهێن هاشم

دەستەی نوسەران: سەلام مستەفا، مامەند رۆژە، عومەر سەرگەتی، بابان حەمە، رەنج قەرەداغی، عەبدوڵا ئەحمەد، نەبەز محەمەد، عەزیز رەئوف، عەلی کوردستانی، سۆران عەبدوڵا

www.madaniat.org

info_chawder@yahoo.com

سلێمانی - شەقامی سالم

مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان

تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦ - ٣١٢٧١٢٠

نەخشەسازی: جەلیل حسێن

پیتچنین: سۆران بورهان، ئیبراهیم حسێن، تەها حەمە نوری، لەیلا حەسەن پور

نرخی: (٤٠٠) دینارە

ئابووری شەشەم

شەریک شعور

قەڵەموون

قەڵەموون لە رۆژی عارفەدا ئەو باڵندە ئازیزەیە کە کیلۆیەکی ئەگاتە حەفتا هەشتا دیناری سویسری و بە نیسبەت رۆمانیاشەوە ئەو گیانلەبەرە پێ و قەدەم رەشەیە کە بە هەڵامەتێک ئیقتیصادی مەملەکەتێک دائەتەپێنێ و لە سیاسەتی ناوچەکەشا باشترین قەڵەموون حکومەتی دیمەشقە کە کڵاوەکەی صەدامیان کردۆتە سەرو هێشتا بەخۆی نەزانیوە. لە گەرەکی بەختیاریيشا قەڵەموون بەو ساحێب ماڵە ئەوترێ کە بە ئومێدی ئاو، تەنکییەکانی سەربانی بە ئومێدی دائیرەی ئاو بەجێهێشتووە. قەڵەموونە دیبلۆماسییەکانی وڵاتانی عەرەبیش ئەو دارو دەستەیەی عەمر موسان کە قەناعەتیان وایە بەینی شیعەو سوننەی عەرەبی عێراق بە ئیجتیماعێک چاک ئەبێتەوە. قەڵەموونترین هاووڵاتییش ئەو رەنج بە خەسارەیە کە سیقەی بە وەعدی دارتاش و ئاسنگەر هەیە. تازەترین قەڵەموونی ئێرانیش دەنگێکی ناسازە کە لەم گەلەکۆمەکێیەی خۆرئاوادا ئەڵێت چاوی ئیسرائیل دەرئەهێنم. کوردی جامانە بەسەریش وەختێک پێی ئەوترێ قەڵەمون کە بە دەهۆڵ و زورنای ئیصلاح شان هەڵئەتەکێنێ و چاودێرەکانی دارایی خلیجیش وەختێک چاو لە تەخشان و پەخشانکردنی ملیۆنەها دۆلار ئەپۆشن و یەن وەسڵی نیو نەفەر کەباب ئەتەدقیقێنن ناهەقت نییە گەر پێیان بڵێی قەڵەموون. بەڵام قەڵەموونە هەرە ئێسک سووکەکەی ئەم دەورو زەمانەیە عیبارەتە لەو سیستەمە ئیدارییەی کە لەم زەمانی عەولەمەیەدا ئیشتیراکییانە بیر ئەکاتەوەو دانیشن بەخێر■

بەرەو نۆهەمین فێستیڤاڵ

وائەمساڵیش.. لە (٢٠٠٥/١١/٢٠) لەشارە نازدارەکەی سلێمانیدا، نۆهەمین فێستیڤاڵی بنکەی ئەدەب و رووناکبیری گەلاوێژ سازدەکرێ.

لەم فێستیڤاڵەدا، ئەو تێبینیانەو ئەو رەخنانەی لە هەشتەمین فێستیڤاڵدا هەبوون، زۆربەیان رەچاو کراوون. هەوڵدراوە گۆرانکاری لەسەرجەم بەرنامەو کارەکانی فێستیڤاڵیشدا بکرێ. هەر لەکارە هونەریەکانەوە هەتا کارە ئەدەبی و فکری و ئیداریەکان. بانگهێشتی نوسەرو ئەدیبی ناوداری دەرەوەو کوردستانیش کراوە.

چالاکی هونەری و پیشەنگای کتێب و چۆنیەتی پێشکەش کردنی بەرنامەکانی رۆژانی فێستیڤاڵ.. تێکرا جیاوازترن لە فێستیڤاڵەکانی دی.

ئومێدەوارین.. میوانە ئازیزەکانی بەشەکانی کوردستان و میوانانی دیکەی هەندەران و دەوروبەر، بەسەلامەتی بگەن و هەموان ژوانێکی روناکبیری ئازاد، برازێننەوە. بەو هیوایە.. نۆهەمین فێستیڤاڵ، وەکو نەریتی باوی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، بتوانێ بەئامادەکردنی کەشێکی رەخساوی داهێنان، لەم فێستڤاڵەشدا، چەندین بەهرەمەندی نوێ بەکاروانی روناکبیری کوردستان ئاشنا بکات. ئەمەش بەهاوکاری هەموان دەکرێ، بەهیوا.■

سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵ

دوا پرۆژەت چیە..؟

لەوەڵامی ئەم هەفتەیەی پرسیاری دوا لاپەڕەی چاودێر دەربارەی دوا پرۆژەی، بەرێز (کاکە مەم بۆتانی) رۆمان نوس بەرۆژنامەکەمانی راگەیاند:

دوا پرۆژەم وا بەرەو پیری دەچمو کارەکانم بەرەو چاپ بوون دەچێت، ئەوەی ئێستا خەریکیم و لەبەردەستمدایە، رۆمانی (میری ئاوایی وەرزێر)ە بەم زوانە لەبەغدا دەخرێتە ژێر چاپ. وا دەست کردووە بەبەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانم نوچدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ساڵی (١٩٧٥).■

زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی (گوڵەکانی ماڵئاوایی)

ئەم زنجیرە دراما تەلەفزیۆنیە بەرهەمێکی نوێی (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان)ەو نوسین و سیناریۆی (سەلام مستەفا)و دەرهێنانی (مەریوان ئیبراهیم)ە. جێی باسە ئەم کارە بەسیستمی (پادێ) لەلایەن وێنەگر (کاروخ تەها)وە وێنەگیراوەو (دلبەند مستەفا) مۆنتاژی کردووەو (ئەنوەر قەرەداغی) مۆسیقای بۆ داناوە.

لەپەیوەندییەکدا دەرهێنەری ناوبراو بەچاودێری راگەیاند: بەراستی من ئەم بەرهەمە بەیەکەم کاری خۆمی دەزانم لەبواری درامادا، هەرچەندە پێشتر لە چەند کورتەفیلمێکدا کارم کردووە، بەڵام هەمووی ئەزموون بوون بۆ من، دراما کاری زیاد لەپێویستی دەوێت، خۆ هیلاککردنی دەوێت، هەرچەندە نازانم لای بینەران چۆن دەکەوێتەوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت باش یان خراپ من خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم، چونکە ئەمە یەکەم ئەزموونی منە لەو بوارەدا، بەم نزیکانەش لەشاشەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە پێشان دەدرێت.■

کاستی درامای (گوڵەکانی مایئاوایی)



Gelawêj
گەلاوێژ
نۆهەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی وروناکبیری گەلاوێژ
9hemin Fêstivali Edeby u runakbiry Gelawêj
(سلێمانی ژوانی هۆگرانی پەیڤی ئازادە)
کردنەوە: ٢٠٠٥/١١/٢٠
هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان ١٠ ی بەیانی
پرۆگرامی رۆژانە: ٢١-٢٠٠٥/١١/٢٦
بنکەی ئەدەبی وروناکبیری گەلاوێژ

هەواڵی هونەری هونەری هونەری هونەری هونەری هونەری

عەشق بەرامبەر بەئەرخەوان

سلێمانی/ سەفین ئیسماعیل

ئێوارەی ١٠ی ئەم مانگە لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی پێشانگەی تایبەتی هونەرمەند (ستار قادر) کرایەوە هونەرمەند

لەئێوارەیەکی پایزدا تەواو عاشق بوونی بەکارەکانەوە دیار بوو لەپۆستەری کارەکەیدا دەڵێ (عاشق مەبە گەر ئەتوانیت) هونەرمەند ستار قادر بەریتمێکی تازەو ستایلێکی نوێوە کاری کردبوو. نزیکەی ١٨ تابلۆ لەم پێشانگایەدا نمایش کرابوون کە بەردەوام عەشق بووە فاکتەرێکی سەرەکی پێشانگاکە.

لەوەڵامی پرسیاری: دووبەرهەم یان دوو تابلۆی ناو پێشانگاکە هەیە بەردەوام بینەر لەبەرامبەریدا بێدەنگ دەکات بینەر دەخاتە نێوان بیرکردنەوە لەعەشق وژیانەوە، ستار قادر بۆ چاودێر دواو وتی: بەردەوام دەرگاکانی عەشق کراوەن لەسەر مرۆڤەکان مرۆڤەکان خۆیان بەشێکن لەعەشق تابلۆکانیشم بەشێکن لەمرۆڤایەتی وعەشق ئەودێرانەی کەوەک پێناسێک بۆ وێنەکان کرابوون ئەوەش دیوێکی تری پێشانگاکەیە■

سیڤا لەئێوارەیەکی منداڵاندا

سلێمانی/ سەفین ئیسماعیل

بەرهەمی گۆرانی منداڵان لەئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو وباش سەرکەوتنی بەخۆییەوە بینیوە (سیڤا عوسمان) یەکێکە لەگۆرانی بێژە سەرکەوتوەکانی بواری منداڵانە، لەماوەی رابوردودا سەرقاڵی بەکلیپ کردنی گۆرانی (هۆڵی خوێندنەوە) بووکە ژمارەیەکی زۆر لەمنداڵان تییدا بەشداربوون لەوتەیەکیدا بۆ چاودێر سیڤا ووتی: خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم لەرێگای گۆرانی وتنەوە خزمەت بەبواری منداڵان بکەم وەسوپاسی ئەم ستافە ئەکەم کە بۆ دووەم جارە کاری کلیپی گۆرانیم لەگەڵدا دەکەن.

جێ باسە ئەم گۆرانیە لەهۆنراوەی بەرێز (مامۆستا حەمە علی حمە رشید بەرزنجیە) و لەدەرهێنانی: رێبین رەشید، کاری مۆسیقای: مامۆستا (سالار عبداللە) لەمۆنتاژ ووێنە گرتنی: (کوردۆ خالید) و(بۆتان شێرکۆیە).■

شەشەمین ساڵڕۆژی دەنگی مەدەنیەت

دەنگی مەدەنیەت لە ٢٠٠٠/١١/١٥ دا بەناوی دەنگی مەدەنیەت ڕادیویی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دامەزرا. لە ٢٠٠٢/٤/١ دا بووە ڕادیویی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان . ئەم دەنگە هەمیشە دەنگی کەسانی دیموکرات و مەدەنی و یەکسانی خواز بووە .هەمیشە ئەو دەنگە بووە لەڕاستییەوە بۆ ڕاستی دواوە . ئێستا لەسەر شەپولی FM بەرامبەر ٩١.٤ میگاهیرتز بەرنامەکانی پەخش دەکات .. لەیادی دمەزراندنیاندا هەریەک ستافە بەم جۆرە بۆ چاودێر دوان:

خلیل عبداللە (بەرپرس)

سەبارەت بەئاراستەی کاری رادیۆکە وتی: وەک نەریتی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان کەهەمیشە تائەوپەڕی ووزەو ماندوبوونی خۆی ئامادە بووە هەموو هەوڵ و تەقەلای خویی بخاتە گەڕ بۆ زیاتر پێشکەوتن و بەدیهێنانی کۆمەڵگای تەندروست و مەدەنی. کاری ئێمەش وەک ستافی ڕادیۆ ، زیاتر ووزە بەخشینە بەو خەونەی ڕێکخراوەکەمان کە دەرگا دەکاتەوە لە ئازادی ڕادەربرین و دەرگاش دادەخات لەو ئەقڵەی کە دەمانگێڕێتەوە بۆ زەمان و شوێنێک کە ئێستای میللەتمان ئیفلیج دەکەن ..ئەوەی کە هەمیشە خەونمان لەلا دروست دەکات بۆ زیاتر برەودان بە پرۆژەی نوێ ئەو ئازادیەیە کە دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوانە تێروانینی خۆمان و هاووڵاتیان بڵاوبکەینەوە .

شوان علی (ئامادەکار)

لەبەرامبەر پرسیاری : هەتا چەند دەنگی مەدەنیەت هەوڵی داوە دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک بێت ؟ وتی: لەوەتەی دەنگی مەدەنیەت دامەزراوە و پەخشی بەرنامەکانی خۆی ئەکا ، لە هەوڵدا بووە کەدەنگ و ڕەنگی هەموو تاکێکی کۆمەڵی کوردی بێت . ئێمە لەدەنگی مەدەنیەت بەو ئامانجەوە کارمان کردووە ، کەدەنگی سەرجەم ئەو ڕێکخراوانە بێت کە هەنگاو ئەنێن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵی مەدەني و یەکسانی پیاو و ژن و بەدەستهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە هەوڵی داوە خزمەت بە کرێکاران و هونەرمەندان و ، لاوان و خوێندکاران و،...هتد . بکات و داواکاریەکانیان بچێتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

ژینۆ یوسف (بێژەر):

سەبارەت بەچەندو چۆنایەتی بەرنامەکان وتی: بەرنامەکانی دەنگی مەدەنیەت جۆراو جۆرن ،سەرەتا چەند ڕێکخراوێکمان لەوانە "لاوان ، ژنان ، خوێندکاران "کەهەر یەکێکیان بەرنامەی خۆی هەیە ، لەم ڕادیوییەدا بەشی ڕویشنبیری هەریەکە چەند بەرنامەیەک ئامادە دەکات وەک بەرنامەی (پرشنگی ووشە ، کەبەرنامەیەکی ڕوناکبیری گشتییە ، چیرۆکی هەفتە کە بەرنامەیەکی ئەدەبی یە ، بەرنامەی ڕۆژتان باش کەبەرنامەیەکی هەمەڕەنگە و هەموو بەیانییەک پێشکەش دەکرێت، بەرنامەی تەندروستی کە بەرنامەیەکی ڕویشنبیری تەندروستییە . ئەمەو چەند بەرنامەیەکی تری تەرفیهی کە پردێکە لە نێوان ئێمەو خەڵکیدا وەک بەرنامەی "گوڵدان ، ژیانی تۆ ، بەرنامەی گەشتی ئەمجارە کە ڕیپۆرتاژە لەسەر هەر دیاردەیەکی دزێو■

ئاساییکردنەوەی کەرکوک
لەنێوان جەعفەری و سەرکردایەتی کوردو نوێنەرانیدا

مەم بورهان قانع

مادەی (٥٨) و ئاساییکردنەوە و جەعفەری و کوردو دەستورو کێشەی کەرکوک، مانشێت و سەردێری سەرەکی زۆربەی رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن و هەندێ لەناوەندەکانی راگەیاندنی عێراقی و عەرەبیە..

بەراست بڵێی راگەیاندن خاوەنی ئەو هێزە سیحرییە بێ کە دەسەڵاتی چوارەمی پێدەوترێ و بتوانێ لەرێی هەڵمەتی راگەیاندن و بەردەوام بڵاوکردنەوەی هەواڵی کێشەیەکی دیاریکراو رۆڵی کارا ببینێ بۆ چارەسەرکردن، یان تەنها ئەوە بڕیاری سیاسی و هێزە سیاسییەکانن کە دەتوانن کێشەکان یەکلاییکەنەوە..

لەکێشەی ئاساییکردنەوەی کەرکوک و رێگریکردن بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) ی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، نەک متمانەم بەرۆڵی راگەیاندن لاوازبووە کە بتوانێ رۆڵی کاریگەر ببینێ بۆ سارێژکردنی غەدرەکانی ئەم پارێزگایەو ئاساییکردنەوەی ئەو مادە گرنگەی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەت، هەروەک چۆن لە دەستوری هەمیشەیشداو لەیەکێک لەبەندەکانیدا تەئکیدی لەسەرکراوەتەوە کە دەبێ بەر لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئاساییبکرێتەوە، بەڵکو متمانەیشم بە وتووێژی سیاسی و دانوستانیش لاوازبووە بۆ چارەسەرکردنی رەوشی کەرکوک و گەیشتنە ئەنجامی یەکلاییکەرەوە لەگەڵ جەعفەری و هاوبیرەکانی..

پرسیار ئەوەیە: تا چەندە لەعێراقی نوێدا رێز لەدەستورو یاسا کاتییەکان دەگیرێ، هەروەک چۆن لەماوەی ٣٥ ساڵی حزبی بەعسدا رێزی لێنەگیراوە؟

ئەزمونی جەعفەری و مامەڵەکردن لەگەڵ لایەن و باڵە جیاکانی عەرەبی سونەو شیعە، زۆربەمانی یەکلاییکردووەتەوە لە نەگەیشتنە ئەنجام و پچڕانی پردی لێکتێگەیشتن و دەستبەردارنەبوونی عەرەبی عیراق لەکەرکوک و ئامادەنەبوونیان بۆ ئاساییکردنەوەی ئەم پارێزگایەو هەروا رێزنەگرتنی یاساو دەستور..

جەعفەریەک کە دوای چەندین هەڵمەتی راگەیاندن و فشاری سیاسی و وتووێژی سەرکردایەتی کوردستان لەگەڵ خۆی و لیستی ئیئتلافداکە ناوبراوی کردە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دواجار بەڵێن و هەروا رەزامەندی نیشاندا بەجێبەجێکردنی مادەی (٥٨) و گوایە بڕیاریشیدا لەدەسپێکی ئەو جێبەجێکردنەدا (٢٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ ئەو ئاساییکردنەوەیە تەرخانبکا.. بەڵام ئەم بەڵێنەیشی مایەپوچ دەرچوو، و نزیکەی (٢) مانگ دەبێ گوایە بەکتابی رەسمی داوای لەوەزارەتی دارایی کابینەکەی کردوە، بەڵام هێشتا دینارێکی ئەو پارەیە نەگەیشتووەتە لیژنەی تایبەت بە جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) و خەرجکردنی ئەو پارەیەیش نەک لەلای هاووڵاتیانی ئاسایی، بەڵکو لەلای زۆربەی بەرپرسانی ئەو شارەیش بووەتە کارێکی چاوەڕواننەکراو تا رادەی بێ ئومێدبوون، هەروەک چۆن لەلێدوانێکی رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا بۆ ژمارەی پێشووتری رۆژنامەی "چاودێر" رایگەیاندبوو "بڕوام نییە بەبوونی بڕیاری خەرجکردنی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئاساییکردنەوەی کەرکوک.. ".

هەربۆیە دیسانەوە دەپرسین: چ کاتێ کورد وەک ئێستا بەهێز دەبێ و ناوەندیش لاوازێ؟!

سەرۆک کۆمار، ٧٧ ئەندامی پارلەمان، سەرۆکی هەرێم، وەزیری دەرەوە، وەزیری نەخشەدانان، و چەندین وەزارەتی تر بەدەستی کوردەوەن، و هەروا کۆنترۆڵکردنی سەرجەمی پۆستە هەستیارو ئیدارییەکانی کەرکوک لەلایەن کوردەوە، سەرباری لاوازبوونی لەرادەبەدەری حکومەتی عیراق بەرانبەر بەتیرۆر، گەندەڵی، هەڵاوسان، و چەندین قەیرانی سوتەمەنی و نەوت و ئاوو بەردو دار هتد، و هەروا ململانێی باڵەکانی شیعەو سونە بۆ بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات، و چەندین کێشەی تری پشت پەردە.

لەم کاتەدا کە هەریەکە لەدوو ئیدارەکەی هەرێم خاوەنی پارەیەکی هێجگار زۆرن، و هاوکات کورد لە ئەوپەڕی دەسەڵاتدابێ، هەروەک چۆن لەمێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە تا ئەمڕۆ، کورد ئەو بەهێزبوونەی بەخۆوە نەبینیووە، لێپرسراوان و زۆربەی هاووڵاتیان رەشبین بن بەرانبەر بە ئاساییکردنەوەی کەرکوک، باشە ئیتر دەبێ چی بکەین و دروشمەکانی کەرکوک قودس و دڵی کوردستانە بەچیمان بگەیەنێ، کە ئەمڕۆ دوو ئیدارەی کوردی خاوەن بودجەی ملیار دۆلاری ئامادەنەبن (٢٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ ئاساییکردنەوەی ئەم دڵ و قودسە تەرخانبکەن! کە بڕوام وایە بە بەشێکی کەمی بودجەی هەردوو ئیدارەکە دەتوانرێ بەشی هەرە زۆری عەرەبە هاوردەکانی پێ بگەڕێنرێتەوەو گوروتینیش ببەخشرێتە لیژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکوک و هەروا کێشەی گەڕانەوەی ئاوارەکانیش چارەسەربکرێ..

بۆیە، سەرباری ئەوەی جەعفەری و لایەنگرانی رێگرن لەئاساییکردنەوەی کەرکوک، سەرکردایەتی کوردیش وەک پێویست هاوکارو کارا نەبووە بۆ ئەو ئاساییکردنەوەیەو بەفیعلی هەنگاوی جددی نەناوە، دەنا چۆن دوای نزیکەی (٣) ساڵ لەئازادکردنی کەرکوک، هێشتا لەقۆناغی "ئەی رەقیب "دا بین و هیچمان بەهیچ نەکردبێ بۆ سارێژکردنی کەرکوک، و دواجار دەشێ رووی پرسیارمان بکەینە سەرجەمی ئەندامە کوردو رەسەنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و پێیان بڵێین: ئایا پاش تێپەڕبوونی نزیکەی سێ ساڵ بەسەر ئازادکردنی شارەکەتاندا، تائێستا کاتی ئەوە نەهاتووە، گەر جەعفەری دژایەتی ئاساییکردنەوەی پارێزگاکەتان دەکا، و ئێوەیش بەرانبەری دەستەوەستانن، راشکاوانە هەڵوێستی یەکلاییکەرەوەتان بەرانبەر بە هەردوو ئیدارەکەی هەرێم هەبێ بۆ هەرچی زووتر سارێژکردنی زامەکانی کەرکوک و تەرخانکردنی بڕێک لەپارەکانیان بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨).■

بەعسی سوریاو (پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی) کورد

ئازاد رەئوف

لەم رۆژانەدا ئەنجومەنی وەزیرانی سوریا بڕیاری دا رەگەزنامەی سوری بداتە (٩٠) هەزار کوردی پارێزگای جزیرە. هەروەها بەپێی فەرمانی بەشار ئەسەد (١٩٠) زیندانی سیاسیش بەردرانە. بێگومان ئەم هەوڵانەی رژێمی سوریا راستەوخۆ پەیوەندی بەتەنگژەی سیاسی ئەم دواییەوە هەیە، دیارە کێشەی کورد لەسوریا بەتەنها کێشەی رەگەزنامە یاخود هاوڵاتیبوون نییە، بەڵکو پرسی مافە نەتەوەیی و دیموکراتیەکانە، ئەمەش لەکاتێکدا کەژمارەی ئەو کوردانەی جزیرە کەتاوەکو ئێستا بێبەش بوون لەرەگەزنامەی سوری (٣٠٠) هەزار کەسە، لەلایەکی تریش ئەو بڕیارە (٥٠) هەزار کورد ناگرێتەوە کەبەهیچ کڵۆج بۆیان نییە کەڵک لەم مافە وەربگرن. لەشەستەکانەوە بەپێی بڕیارێکی حکومی کوردەکان دابەشکرابوونە سەر سێ بەش:

یەکەم: ئەوانەی خاوەن رەگەزنامەبوون.

دووەم: کۆچبەرەکانی لەتورکیاوە هاتبوون.

سێیەم: خانەوادە مەکتومەکان.

تا ئەم دواییانەش موهاجرەکان بەخەڵکی تورکیا لەقەڵەم دەدران، بەڵام بەیەکجاری لەمافی خوێندن، هاتوچۆو سەفەری دەرەوە بێبەش بوون.

بڕیاری حکومەت دوابەدوای کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی بەعس هاتە ئاراوە، کۆمیتەی ناوەندی حزبی بەعس پرسی کوردەکانی تاوتوێکردو بڕیاریدا بەپەلە لەناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتدا (کوردستان) چاکسازی ئەنجام بدرێت.

لێپرسراوانی سوریا دەرکیان بەمەترسیەکان کردووە. سوریا لەنێوان بەرداشی کوردو لوبناندایە، لەلایەک لەبەر دەستێوەردانی لەلوبنان و پرسی کوشتنی حەریری دوچاری تەنگژە بووە و لەلایەکی دیکەش لەمەڕ پرسی تیرۆری عێراق، سوریا چەقیوەتە زۆنگاوی عێراقەوە. دیارە کاربەدەستان سەرەتا بەرانبەر بەم رووداوانە پەرچەکرداری توندیان نواند، بەڵام فشاری نێو نەتەوەیی سەرەنجام دەسەڵاتدارانی سوری ناچاری کشانەوەی پەیتا پەیتا کردووە. دیبلۆماسی فەرمی ئەم دواییەی رژێمی سوریا دۆخی شڵەژاوی کاربەدەستان نیشان دەدات. هاوتەریب لەگەڵ راپەرینی سەربەخۆیی لوبنان کەسوریای ناچاری کشانەوە کرد، راپەرینی کورد سیاسەتمەدارانی لە (پشکۆی ژێر خۆڵەمێشی) پرسی کورد راچڵەکاندووە. دیارە کێشەی سیاسی ئەم وڵاتە تەنها پرسی لوبنان و پرسی کورد نییە، بەڵکو ئەم دوو کێشەیە ئەنجامی سترۆکتۆری تۆتالیتاری رژێمی بەعسن. ئەمەش مافە دیموکراتیەکانی هاوڵاتیانی دیکەش دەهێنێتە پێشەوە. بۆیە چاودێرانی سیاسی کاروباری سوریا پێیانوایە تەنگژەی سوریا بەهەندێک چاکسازی بەپەلەی رواڵەتی روکەش چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێ پێکهاتەی سیاسی سوریا لەبنەرەتەوە تێکبدرێتەوە، دەنا وڵات لەزۆنگاوی قەیرانەکانی بەعس دەرناچێت.

ئۆپۆزیسیۆنی کوردی سوریا بەگشتی پێشوازییان لەم بڕیارەی حکومەت کردووە، بەڵام لەنرخاندنی هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکاندا روبەڕووی دوو جۆرە هەڵوێست دەبینەوە:

یەکەمیان: هەندێک لایەن هەرلەسەرەتاوە ستراتیژی سیاسی و خواستەکانیان بازنەی وەرگرتنی رەگەزنامەو مافی هاوڵاتیبوونی دەربازنەکردووە. دیارە ئەم لایەنانە بەگەرمی پێشوازی لەهەنگاوی رژێم دەکەن، بەڵام بەرەو رووی بنبەستێکی گەورە دەبنەوە (لەمەودوا چی؟).

دووەمیان: هەندێک لایەنی دیکەش هەن کەداوای دیاریکردنی مافی چارەنوس دەکەن و بەرەسمی دەستەواژەی سیاسی (کوردستانی سوریا) بەکاردێنن. لایەنی دووەم هەرچەند ئەم بڕیارەی حکومەت بەئیجابی وەسف دەکات، بەڵام پێی وایە هێشتا کەمەو داوای لانیکەمی مافە نەتەوەییەکان و لانیزۆری مافە دیموکراتیەکان دەکات. شاراوە نییە کەداواکاری لەمجۆرەش یەکسانە بەهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی تاک حزبی و تۆتالیتاری بەعس. لێرەدا خواستی سیاسی ئەم بەشەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و بەشی عەرەبی ئۆپۆزیسیۆنی رادیکالی سوری یەکدەگرێتەوە.

بەرداشی کوردو لوبنان دەربڕێکی گونجاوە بۆ رەوشی هەنوکەیی سوریا، لەراستیدا لەرووی زەمەنییەوە راپەرینی سەربەخۆیی لوبنان و راپەرینی نەتەوەیی کوردان هێندە لێک دوور نەبوون. بەڵام سوریا لەیەکەمیان کشایەوە، کەچی بەتوندی راپەرینی کوردەکانی سەرکوت کرد! شارەزایانی سیاسی لەنرخاندنەکانیاندا دەڵێن دەبوایە سوریا لەکاتی راپەرینی (١٢)ی ئاداردا دەرکی بەهەستیاری پرسی کورد بکردایەو ئەوسا چاکسازی بکرایە، کەچی بەزەبروزەنگ و گرتن و راوەدونان وەڵامی دایەوە. بەمەشەوە نەوەستاو کوشتن و تیرۆری کەسایەتی سیاسی و ئاینیشی خستەسەری و تیرۆرکردنی شێخ محەمەد خەزنەوی باشترین نمونەیەتی. پسپۆرانی سیاسی، رەوشی حزبی بەعسی سوریا دەشوبهێننە حزبی بەعسی عێراق. هەوڵە نیوەچڵە بەپەلەکانی بەعسی سوریاکەم وزۆر بەهەوڵە دواهەمینەکانی بەعسی عێراق دەچن، دیارە هەنگاونانی کاتی تەنگانە تەنها تەدبیری دەرچوون لەقەیرانە نەک دەرکی لۆژیکی واقیعی سیاسی وڵاتەکەو چارەسەری دیموکراتیانەی ئەم کێشانە. وەک شارەزایانیش دەڵێن پرس و تەنگژەکانی سوریا بەبڕیاری رواڵەتی و روکەشی دەمی قەیران چارەسەر ناکرێن، بەڵکو کۆسپی سەرەکی سترۆکتۆری سیاسی رژێمەکەن و هەتاوەکو ئەو سترۆکتۆرە نەگۆڕدرێت، مەحاڵە ئەو وڵاتە لەزۆنگاوی قەیران و تەنگژە رزگاری بێت، ئەمەش ئەو پرسیارەمان لا زیندوو دەکاتەوە کەسیاسیەکی کوردی ئەو وڵاتە کردبووی (بڵێی بەعس هەر بەعس بێت؟).■

قەیرانی سوتەمەنی.. سەرهەڵدان و چارەسەر

ئەحمەد عارف×

سەرەتا، گەر بڕوانینە کوردستان بەتایبەتی و عێراق بەگشتی ئەوا دەبینین دەریایەکی مەزنی سوتەمەنی لەژێردایە، بەڵام تائەمڕۆش گەلی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هیچ و قازانجێکیان لێوەرنەگرتووە، بۆیە کاتێک هاووڵاتیەکی سادەی ئەم پارچەیەی گۆی زەمین دەدوێنی دەڵێت: "ئێمە لەنەهامەتی زیاترمان نەدیوە لەم نەوتە، خوا بیبرێ هەتاکو ئێمەش پشوییەک وەربگرین.."، هەڵبەتە ئەمەش بۆ خۆی خوێندنەوەیەکی باش هەڵدەگرێت، چونکە کەس لەخۆشیاندا نامرێ، کەسیش سەروەت و سامانی لێ بار نییە..

ئەگەر بڕوانینە سەرهەڵدانی قەیرانەکانی سوتەمەنی، بەشێوەیەکی زەق و هەستپێکراو لەکوردستان، ئەوا لەسەرەتای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ەوە ئەم قەیرانە بەبەردەوامی هەیە، بەڵام زۆر جاران کاسەلێسانی بەعس لەپێناوی سیخوڕیکردن و گیرفان پڕکردنی خۆیاندا دەرگاکانیان بەرووی هاتنی سوتەمەنی بۆ کوردستانی ئازاد واڵاکردووە، هەرکاتێکیش پێویستیان هەبووبێت هەرخۆیان بوونەتە فاکتەری داخستنی و قەیرانەکەیان توندترکردووە.. ئەم یاری مشک و پشیلەیە چەندین ساڵە بەردەوامەو گەلی کوردستانیش هەمیشە فێربووە، دیارە روخانی دیکتاتۆری عێراق دنیایەک هیواو ئاواتی لەدڵی خەڵکی عێراق و کوردستاندا چەکەرە پێکرد، بەڵام خوێن باران بیرکردنەوەی گەلانی عێراقی ستۆک کردو ئەمڕۆ تەنها بیر لەوە دەکەنەوە ئاخۆ کەی ئۆتۆمبیلێکی مینرێژکراو ئەوانیش بگەیەنێ بەو هەزاران هەزار کەسەی تاکو ئێستا بونەتە قوربانی ئارەزووەکانی خەڵکانێکی نادیار، هەڵبەتە بێ دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی وایکردووە، ئەمڕۆ خەڵکانی عێراق و کوردستان نەتوانن سود لەکانزاکانی وڵاتی خۆیان ببینن و پەنادەبەنە بەر وڵاتانی دراوسێ و کۆمپانیا بیانیەکانی بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆیان بڕێک سوتەمەنیان بۆ دابین بکەن، کۆمپانیا بیانیەکان و حکومەتەکانی دراوسێش هەمیشە سیاسەتی مەدو جەزر بەکاردێنن، کاتێ کەپێویست بکات دەیگرن و کاتێکیش کەپێویست نەکات بەرەڵڵای دەکەن، ئەمەش بۆ خۆی کاردانەوەی خراپی دروستکردووە لەنێو هاوڵاتیاندا، و وا دەکات بڕواو متمانەی هاووڵاتیان بەئیدارەی خۆیان لاوازبێت، ئەو لاوازییەش بۆ ئەمڕۆی هەنگاوەکانی وەرچەرخان لەعێراق و کوردستاندا کاردانەوەی زۆر توندی دەبێت، دەشکرێت هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و کوردستان بکەینە بەڵگەو نمونەی زیندوو بۆ پاشەکشەکردنی هاووڵاتیان، لەپشتگیریکردنی ئیداراتی خۆیان.. بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق ئەوەندە زەلیلی داگیرکاران و تیرۆریستان نەبێت و بتوانێ گەندەڵیەکانی وەلابنێ و بەجورئەتەوە رووبەڕووی شتەکان ببێتەوە، ئەوا دەکرێت لەماوەیەکی قیاسیدا چارەسەری سێ قەیرانی توند کەهاوڵاتیانی هێناوەتە دەنگ ئەویش (ئاو، کارەبا، سوتەمەنی)یە بکات، بەڵام بەداخەوە تاهەنوکە هیچ هەنگاوێکی جدی نەناوەو ناشتوانین بۆ ئەمڕۆ بڵێین بۆ، چونکە ئەو بۆیەی ئێمە بێ وەڵامەوکەس خۆی بەخاوەنی وەڵامدانەوەی دروست و بێ گرێ ناکات..

بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سوتەمەنی، دەکرێت هەندێ راو سەرنجی خۆمان بخەینە روو کەرەنگە سودی لێوەربگیرێت ئەگەر بۆ ئەمڕۆی قەیرانەکانیش بێت کەلێرەدا خاڵبەندی دەکەم:

١-گرتنەدەستی سەرچاوەکانی سوتەمەنی لەلایەن حکومەتی عێراقی خۆیەوە، و دابەشکردنی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر گشت خەڵکی عێراقدا بەپێی ژمارەی دانیشتوان و گەرمی و ساردی ناوچەکانیان، کەئەمڕۆ تەنانەت پاڵاوگەی بێجیش زیاتر تیرۆریستان دەستیان بەسەردا زاڵەو حکومەتیش لەئاستیاندا ئیفلیجە، جا نازانم بەرژەوەندی هەندێکی تێدایە، یان بەحکومەت و هێزە فرە رەگەزەکان ناتوانن چارەسەرێ بۆ ئەم حاڵەتە بدۆزنەوە، کەخۆشیان دەزانن زۆر ئاسانە، چونکە بەرهەڕوولا گەر بیانەوێت تیرۆریستێک دەستگیربکەن شارێکی دەکەن بەقوربان.

٢- هەوڵدانی جدی و دەستبەجێ بۆ کۆکردنەوەو دامەزراندنی عەمباری گەورە لەشارەکاندا بۆ هەڵگرتنی سوتەمەنی بۆ کاتی پێویست بۆ هاووڵاتیان، ئەمەش کارێکی ئەمەندە قورس و عاسی نییە کەنەتوانراوە تا ئێستاکە بکرێت، بۆیە پێموایە تەنها گەندەڵییە رێگا لەم شتانە دەگرێت، دەبێ ئەوەش وەک تیرو بکەوینە پاکتاوکردنی.

٣- دروستکردنی چەندین پاڵاوگەی گەورە بۆ وەبەرهەم هێنانی سوتەمەنی بەگشت جۆرەکانیەوە، کەئێستا بەخەم ساردییەوە کار بۆ ئەمانە کراوە.

٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بەسوتەمەنی کوردستانت پێویستە چارەسەرێکی دیکە بکات، تا ئەو کاتەی چارەسەرێکی بۆ دەکرێت ئەویش بەوەی خۆی هەستێ بەکردنی گرێ بەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بۆ:

١. هێنانی سوتەمەنی لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیاندا بەشێوەیەک خەڵکانی بودەڵەو گەندەڵ و گیرفان پڕکەر لێی سودمەند نەبن.

٢.گەشەدان و چاککردن و گەورەکردنەوەی پاڵاوگەی سلێمانی بۆئەوەی بتوانرێت پاڵپشتی بێت بۆئەوسوتەمەنییەی لەدەرەوەی هەرێمەوە دەگاتە هەرێم، ئەمەش کارێکی مەحاڵ نییەو عەقڵی کوردیش لەکاردایە ئەگەر بتوانرێت خەرجی تەواوی بۆ دابین بکرێت.

٣. پەلەکردن لەدروستکردنی پاڵاوگەی کۆیە کەبۆ ئەمڕۆو داهاتووی کوردستان پێویستیەکی زۆر گەورەیە.

٤. پەلەکردن لەدروستکردنی چەندین عەمباری کۆکردنەوەی سوتەمەنی.

٥. کردنەوەی چەندین بەنزینخانەی نوێ بەجۆرێک پێداویستیەکانی هاووڵاتی تێدابێت کاتێ دەچێت بۆ بەنزین، وەک (جێ شۆردنی ئۆتۆمبێل، سوپەرمارکێت، رۆنگۆڕین و پەنچەرچێتی... هتد).

٦. پێدانی ئیمتیازاتی کارمەندانی دەزگای نەوت لەهەرێم وەک چۆن حکومەتی مەرکەزی دەیدات بەگشت کارمەندەکانی و تەنها دەزگای گشتی پرۆژە تایبەتیەکانی نەوتی سلێمانی تائێستا لێ بێبەش کراوە، ئەویش ٪٣٠ی موچە وەک بنەمایەک و دواتریش بەرەو سەرەوە تا دەگاتە ٪١٠٠ی موچە بەپێی کارو بەرپرسیارێتی، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە مایەی زیاتر خۆ ماندوکردن و جدی بوون، نەک خۆدزینەوەو کەمتەرخەمی لەکاردا. هەڵبەت ئەوانەی لێرەدا باسم کردوون هەندێ بیروڕایە.. ئیدارە بۆخۆی دەتوانێت بەشێوەیەکی زانستیانەتر توێژینەوە لەم کارەدا بکات، پشت بەپسپۆڕان و شارەزایانی بواری سوتەمەنیش ببەستێت بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونەکانیان، لەگەڵ ئەمانەشدا ئیمکانیاتی ئیدارە بەڵام بەشێوەیەکی شەفاف و دوور لەچاوبەستەکی بخاتە روو بۆ تاووتوێکردن و ئەوسا هەوڵ بدات بۆ کردنی ئەوەی دەکرێت و پلان دانانیش بۆ ئەوانەی ئەمڕۆ ناکرێن.■

× بەڕێوەبەری راگەیاندی دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان.

کورتیلەباس

کاریگەری تێکشکانی حکومەتی جەعفەری لەسەر لیستی شیعە

(١١/٢) نوێنەری سیستانی دانی بەوەدا نا کەوا حکومەتەکەی د. برایم جەعفەری سەرکەوتوو نەبووە لەخزمەتکردنی هاوڵاتیاندا، پێشتریش کێشەیەکی گەورە لەنێوان سەرۆکایەتی حوکمی عێراق و حکومەتی عێراقدا هەبوو، لەرۆژنامەکانیش دا رەنگی دایەوەو تاڵەبانی، سەرۆکی عێراقیش باسیکردو جەعفەریش دوور لەئەتەکیەتی سیاسی وەڵامی دایەوە. ئێستا کەسیستانی بۆچونی خۆی لەسەر جەعفەری دەربڕی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ فیلمی سەرۆکایەتی حکومەتی ئایندەی جەعفەری لەلیستی ئیئتلافی شیعەدا، سوتاوە. باوەڕیش ناکەین جارێکی دیکە جەعفەری پۆستی سەرەک وەزیران ببینێتەوە. مەگەر (مهدی منتظر) داینێتەوە! جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین: کەشکستی حکومەتی جەعفەری چ کاریگەرییەکی سیاسی لەسەر لیستی ئیئتلافی شیعەگەرا دەبێ؟

پێمان وایە کاریگەری نالەباری دەبێ و بەهەموو لێکدانەوەیەکی سیاسی دەبێ رێژەیەکی بەرچاوی دەنگی لیستی ناوبراو دابەزێنێ. چونکە، مەزهەبیش وەکو هەموو ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە، کاتێک دەسەڵاتی دەکەوێتە دەست، ئیدی دەسەڵاتدارێتی و خزمەتەکانی دەبنە مەحەکی بیروڕای خەڵک. ئەو دەسەڵاتە.. چەند خزمەت پێشکەش بکاو چەند گفتو بەڵێنەکانی سەردەمی خەباتی نهێنی بەدی بهێنێ، ئەو مەزهەبەو دەسەڵاتەکەی لەناو خەڵکدا خۆشناو دەبێ. بەپێچەوانەشەوە، ئەو دەسەڵاتە مەزهەبییە، گەر سەرکەوتوو نەبوو، بەدناو دەبێ و کاریگەری خراپیش لەسەر هەستی مەزهەبی پەیڕەوانیشی دادەنێ. بۆیە، دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین کەلیستی ئیئتیلاف، هەم بەهۆی شکستی حکومەتەکەی جەعفەریەوە، هەم بەهۆی جیاکردنەوەی لیستی د. ئەحمەد چەلەبی و زیاتر لەوانەش، بەهۆی هەڵوێستی سلبی موقتەدا سەدرەوە بەرامبەر لیستی ئیئتیلاف رێژەیەکی کەمتر لەهەڵبژاردنی ئایندەدا بهێنن.■

ئەمریکاو سوریا.. بەرەو کوێ؟

سوریا.. کافر بەحاڵیان. لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە. ئەمریکا فشاری لەسەری توندە. لوبنان نێوانی لەگەڵیا گرژە. فەرەنسا هەڕەشەی لێدەکا. یەکێتی ئۆروپا هاوسۆزی فەرەنسان. دەوڵەتانی عەرەبی ناوێرن سەنگەری بەرگری بۆ بگرن. ناوخۆی سوریاش.. پەشێوە.

گوێ گرتن لەگوتارەکەی سەرۆکی سوریا کەتیایدا بەتایبەتی لەباری ئابوریەوە. دووشەو لەمەوبەر (١١/١٢) سەرجەم دۆخە سیاسیەکەو هەڕەشەکانی سەر سوریای شەنوکەو کرد، بەسانایی دەیسەلمێنێ کەسوریا لەچ بارێکی سیاسی و دەرونی شڵەژاودان. گوتارەکە، ئاشکرا دەیسەلماند کە سەرۆکی سوریا دەیەوێ وورەی دابەزیوی خەڵکەکە بەرز بکاتەوەو هەوڵیشی دەدا وای بنوێنێ گوایە وڵاتەکەی بەهێزە. بەڵام خودی گوتارەکە رێک بەپێچەوانەوە، لاوازی سوریای جوانتر بەرجەستەکرد.

ئەمریکا.. بێگومان دۆخی سوریا باش باش دەزانێ، بۆیە، جگە لەوەی شەڕە سەربازییەکانی لەسنوری عێراق - سوریادا گەرم و گوڕتر کردووە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش پەیتا پەیتا دژی حکومەتی سوریا دەدوێ. ئەم رووداوانە تێکڕا دەری دەخەن کەلەئایندەدا نێوان ئەمریکاو سوریا تەواو لێک دەترازێ. بەڵکو ناکۆکیەکان لەرۆخی دۆخی تەقینەوە نزیک دەکەونەوە. تەنها مەگەر سوریا.. گەورەترین ئاڵای سپی بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل لەرۆژهەڵاتدا بەرز بکاتەوە. لەدونیای سیاسەتیش دا. ئەمەش دوور نییە، بەتایبەتی باوەڕ ناکەین (بەشار ئەسەد) خۆی بەدەردی (سەدام حسێن)دا بەرێ!. بەڵکو رەنگە لاسایی (قەزافی) بکاتەوە!!.■

بۆچی ئیسلامیەکان بەلیستێکی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوویان نەکرد؟

(بەدواداچوون دەربارەی بانگەشەی ئیسلامیەکان بۆ برایەتی و یەکریزی)

کامیل بێتواتەیی

هەڵبژاردنی داهاتوو، کەبڕیارە لەمانگی دیسەمبەر لەعێراقدا ئەنجام بدرێت، هەموو هێزە سیاسیەکانی عێراق خۆیانیان بۆ ئامادە کردووە، هەندێک بەجیاو هەندێکی تر بەهاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی تردا ئیئتلافیان پێکهێناوە.

لەم سەروبەندەدا و لەکوردستانەوە، جگەلە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی وەک دوو هێزی ئیسلامی بەجیا بەشداری دەکەن و هەرچی کۆمەڵی ئیسلامییە، لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بەشداری دەکات.

ئەوەی لێرەوە بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە کەئیسلامیەکان (یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە) دوور لەلیستەکانی یەکتری بەشداری دەکەن ئەگەر بەدوای ئەو پرسیارەدا برۆین کەبۆچی ئیسلامیەکان بەلیستێکی هاوبەش بەشدارییان نەکرد؟ دەگەینە زۆر دەرەنجامی گرنگ، لەوانەش:

ئەم جیاوازییە بنەمایەکی فیکری و عەقیدەیی هەیە جیاوازی فیکری لەوەدا، کە یەکگرتوو، وەک حزبێک کەفیکرەی ئیخوان موسلمینی هەیەو (١٨٠) پلە پێچەوانەی فیکری کۆمەڵ و بزووتنەوەیە، هەرگیز ئامادە نییە خۆی لەگەڵیاندا تێکەڵ بکات

× ئەو بانگەشەیەی کەئەم هێزانە بۆ برایەتی موسوڵمانان و یەکخستنی ئوممەی ئیسلامی دەیکەن، لەکۆنەوە تائێستا، جگەلە خەڵەتاندنی خەڵکی موسوڵمانی کوردستان هیچی دیکە نییە، چونکە جیاوازی فیکری و عەقیدەیی سیاسی ئەم هێزانە، هێندەی جیاوازی نێوان حزبە چەپ و راسترەوەکانە، ئەگەر ئەوە راست بێت (هەموو موسوڵمانان برای یەکترن)، بۆچی ئەم هێزە ئیسلامیانە، بەهاوبەشی لیستێکیان پێک نەهێنا، بۆئەوەی خۆیان ئاسا لیستی موسوڵمانان لەهەڵبژاردنەکاندا سەربەخۆبووایە، تەنانەت جیاوازی نێوان ئەم هێزانە تائەو رادەیەیە کەنەک راستگۆ نین لەگەڵ وشەو دروشمە ئاینیەکانیاندا، بەڵکو گاڵتەش بە پێکهێنانی لیستی هاوبەشی ئیسلامیەکان دەکەن، بەڵگەش لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا، کاتێک یەکگرتوو لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا بوو، گاڵتەی بەکۆمەڵ دەکردو کاتێکیش پرسیار دەکرا لەسەرکردایەتی یەکگرتوو دەربارەی لیستی هاوبەشی ئیسلامیەکان بە (قسەی سفرەو مۆدێلی بەسەرچوو) رەتدەکرایەوە. وەک چاوپێکەوتنەکەی (عەبدولرەحمان سدیق) لەرۆژنامەی (میدیا) و لێدوانەکانی (هادی عەلی) لەرۆژنامەی (یەکگرتوو). بۆیە چیتر پێویستە خەڵکی موسوڵمانی کوردستان، ئەو راستیە بزانن کەئەم هێزانە بۆ مەرامی سیاسی و کورسی و پلەو پۆست کاردەکەن، نەک خزمەتکردن بەپرۆژەی ئاینی لەبواری سیاسیەوە. ئەو بانگەشەو پروپاگەندانەش کەدەیکەن بۆ برایەتی و یەکریزی موسوڵمانان و ئیسلامیەکان هیچ نییە جگەلە تەنها دروشمی سەر کاغەزو چاوو راکردن. ئەگەر نا، لەهەڵبژاردنێکی ئاوا بەهاوبەش بەشداری نەکەن ئەی دواتر یەکێکیان گەیشتە پۆست و فەرمانڕەوایی، چۆن رێگە بەوی تر دەدات؟!

× ئەم جیاوازییە بنەمایەکی فیکری و عەقیدەیی هەیە جیاوازی فیکری لەوەدا، کە یەکگرتوو، وەک حزبێک کەفیکرەی ئیخوان موسلمینی هەیەو (١٨٠ پلە) پێچەوانەی فیکری کۆمەڵ و بزووتنەوەیە، هەرگیز ئامادە نییە خۆی لەگەڵیاندا تێکەڵ بکات. لەسەرکردایەتی ئیخوانی جیهانیشەوە لەمیسر، رێگە نادەن بەیەکگرتوو، لەگەڵ ئەو حەرەکاتانەدا بەهاوبەشی بەشداری هەڵبژاردن بکات، کەبەحسابی حەرەکاتی جیهادین، بۆیە یەکگرتوو لەرووکەشدا وای دەردەبرێت کەهەوڵی زۆریانداوە بۆئەوەی لەگەڵ کۆمەڵ و بزووتنەوەدا بەلیستی هاوبەش بەشداری بکەن. بەڵام لەژێریشەوە گەورەترین کاری کردووە بۆ ئەوەی هەرچی پێبکرێ دوور بێت لەکۆمەڵ و بزووتنەوەوە، جگەلەوەی یەکگرتوو لای خۆیەوە، توشی جۆرە نەرجەستیەتێک بووەو ئامادە نییە بەهۆی غرورییەوە حسابی بۆ کۆمەڵ و بزووتنەوە بکات. هەرچی کۆمەڵ و بزووتنەوەشە تاوانەکە لەخۆیان دوور دەخەنەوەو هەریەکە دەیخاتە سەر لایەنەکەی تر.

جیاوازی عەقیدەش تا ئەو ئاستەیە کەیەکگرتوو بڕوای بەو عەقیدە ئاینیە سیاسیە نییە کەهەر یەکەلە کۆمەڵ و بزووتنەوە لەکارکردنی سیاسیاندا دەیانەوێ پێی بگەنە دەسەڵات. چونکە یەکگرتوو کۆمەڵ و بزووتنەوە بەدوو گرووپی توندرەو وێنا دەکات و ئەندامانی خۆیشی لەزووەوە لەسەر ئەم عەقیدەیە راهێناوە، کادیرانی کۆمەڵ و بزووتنەوەش جگەلە گاڵتەکردن بەم عەقڵیەتەی یەکگرتوو کەوایدادەنێن لەئاین لایدابێت، دوورو نزیک بڕوایان بەعەقیدەی یەکگرتوو نییە.

× هاوکات هەریەک لەم حزبە ئیسلامیانە رۆژانەو لەکۆنەوە کادیرو ئەندامانی خۆیان لەسەر فراوانکردنی جیاوازییە فیکری و عەقیدەییەکانی نێوانیان پەروەردە و گۆش کردووە. بەدرێژایی ساڵانی دوای راپەڕین، لەململانێکانی نێوان (یەکگرتوو، نەهزەی ئیسلامی کۆن)، لەلایەک و ململانێکانی (نەهزەو بزووتنەوە) لەلایەکی تر، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو ململانێیەی لەنێوان (یەکگرتوو، کۆمەڵ)دا هەیە، کەمتر نییە لەململانێی نێوان هێزە سیاسیەکانی تر. بەجۆرێک رەنگە ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا بووبێت کەچەندە کۆمەڵ بەئایەت و فەرموودە، یەکگرتوویان تاوانبار کرد لەهەڵبژاردنەکانی پێشوودا، کەلەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا بوو، پێدەچێت لەداهاتوودا یەکگرتووش بەناوی ئاینەوە هەمان سیناریۆی ناشرین کردنی کۆمەڵ و تاوانبار کردنی پیادە بکات و دوبارەی بکاتەوە. بۆیە ئەم هێزانە کەرۆژانە ئەندامەکانی خۆیان لەسەر قوڵکردنەوەی گیانی جیاوازی پەروەردە کردووەو دەکەن، ئەوکات بانگەشە کردن بۆ یەکریزی موسوڵمانان لەوەهمێک زیاتر هیچی دیکە نییەو هەرگیز لەهیچ هەڵبژاردنێکدا بەلیستی هاوبەش بەشداری ناکەن. بۆیە گرنگە بزانین لەهەر قۆناغێکی دیکەدا، ئەم هێزانە وتیان موسوڵمانان بران و پێویستە یەکبگرن، ئەوکاتە زۆرترین درۆ دەکەن لەگەڵ خوداو ئاین و خەڵکی موسوڵمانی کوردستاندا، چونکە ئەم هەڵبژاردنەو هەڵبژاردنی پێشووش بەڵگە بوو لەسەر ناراستگۆیی ئەم هێزانە لەگەڵ دروشمەکانی خۆیاندا کەبرایەتی و یەکریزی موسوڵمانانە. تەنانەت ئەگەر پێشیان بکرێ، لەرووی سیاسی و رۆڵی رێکخراوەییەوە بوونی یەکتری لەکوردستاندا دەسڕنەوە.

ئەگەر بەمێژووی چەند ساڵێکی ئەم حزبە ئیسلامیانەشدا بچینەوە، تەنانەت لەمزگەوتێکدا و لەشەوانی مانگی رەمەزاندا، یەکتریان قبوڵ نەکردووە، بۆ وتاردان ئیتر لەکوێ ئێستا دەتوانن لیستی هاوبەش پێک بێنن، بەجۆرێک بەچاوی خۆمان دەمانبینی کەئەم مزگەوتە هی فلان لایەنی ئیسلامییەو مزگەوتەکەی تریش کرابوو بەموڵکی لایەنە ئیسلامیەکەی تر. لەکۆتاییدا هەرچی یەکگرتوو ئامادەنییە لەگەڵ کۆمەڵدا بەشداری بکات و بەزەیی بە بزووتنەوەشدا دێت کەبەقەدەر چنگێکیان ماوە، کۆمەڵیش کەلەبزووتنەوە جیابۆتەوە بەکارێکی شەرعی و واجبی زانیوە لەبزووتنەوە جیابێت، چونکە کاتی جیابوونەوە وایان راگەیاند کەبنەماڵەی (مامۆستا مەلا عەلی) لەشەرع لایانداوە و پێویستە جیابینەوە لێیان. بۆیە ئەمانیش دیسان بەزەییان بەبزووتنەوەدا دێت و دیسان لەرووی فیکریشەوە پێچەوانەی یەکترین.

ئەم هێزانە کەرۆژانە ئەندامەکانی خۆیان لەسەر قوڵکردنەوەی گیانی جیاوازی پەروەردە کردووەو دەکەن، ئەو کات بانگەشە کردن بۆ یەکریزی موسوڵمانان لەوەهمێک زیاتر هیچی دیکە نییەو هەرگیز لەهیچ هەڵبژاردنێکدا بەلیستی هاوبەش بەشداری ناکەن

دواجار هەموو لایەک حەقیقەتی ئەم دووری و پەرتەوازەییەی ئیسلامیەکان باش دەزانێ و چیتر هەقە ئەم هێزانە باسی یەکریزی و برایەتی موسوڵمانان لەکارنامەی خۆیاندا بسڕنەوە. ئەگەر وانییە بۆچی بەلیستێکی هاوبەش بەشدارییان نەکرد؟!■

یەکگرتوو دەیەوێت بەناوی ریفۆرمەوە خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی کوردستان

"سەرنج و تێبینی دەربارەی بیروڕاکانی (عومەر عەلی) لەرۆژنامەی (هاوڵاتی)دا"

هەڵۆ ئەحمەد

لەرۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٢٤٨)ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٥/١١/٩ و لەلاپەڕە (١٩)دا کاک (عومەر عەلی) کادیرو ئەندامی رێکخستنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، وتارێکی عاتیفی لەژێر ناونیشانی (لەپێناو ریفۆرمێکی گشتی لەکۆمەڵگای کوردیدا، یەکگرتوو سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکات)! نوسیوە، ئەوەی ئەلف و بێیەکی سەرەتایی لەکاری سیاسی و دواتر رۆژنامەوانیش هەبێت، بەئاسانی تێدەگات، کەئەم وتارەی ناوبراو جگە لەدارشتنێکی ئەدەبی و فێڵکردن لەپشتی وشەکانەوە لەخوێنەری ئازیز هیچی دیکە نیە بەو شمولیەتەی کەکاک عومەر باسی دەکات.

بەرلەوەی کاک عومەر نان و پیازو موزایەدە بەسەر رەوشی چەند ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بخوات و بکات. بەشێکی هەرە زۆری رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی دیکەی کوردستان رەخنەو سەرنجە بابەتیەکانی خۆیان رۆژانە لەسەر کەمکورتی و گەندەڵی و خراپیەکانی ئەم دوو ئیدارەو ئەم دوو حزبە خستۆتەڕوو، کەچی تازە کاک عومەر بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەوە. دەیەوێ خۆڵ بکاتە چاوی خوێنەران و کادیرو سەرکردایەتی یەکگرتوومان لێبکات بە (مارتن لۆسەر)ی سەدەی بیست و یەک، گوایە لەپێناوی ریفۆرمدا، سەربەخۆ بەشداری دەکەن. پێش ئەوەی هیچ بڵێین ئەرکی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانە لەکۆمەڵدا بەرگری لەماف و داواکارییەکانی خەڵکی بکەن بەرامبەر دەسەڵات، بەڵام لەساڵی (١٩٩٤)ەوە، یەکگرتوو بەشدارە لەو تاوانانەی کەدژ بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکرێ، لەڕووی کەمتر دەستەبەر بوونی پێداویستی و مافەکانیانەوە. هاوکات یەکگرتوو پشکی گەورەیشی لەم تاوانباریەیدا بەردەکەوێ، چونکە لەبەر بەرژەوەندی خۆی و دەسکەوتنی کورسی زیاتر نەک بۆ تەنها جارێک بەڵکو رۆژێک لەرۆژان هیچی نەوتووە لەسەر ماف و ئازادی خەڵک، بگرە لەژێرەوە لەگەڵ دەسەڵاتی هەردوو هەرێمەکە بەشدار بووە.

لێرەوە بەچەند خاڵێک ئاستی حەقیقەتی ئەو قسانەی کاک عومەر دەخەینەڕوو بۆئەوەی هەموو لایەکمان بزانین یەکگرتوو، راستە لەپێناوی ریفۆرمدا، سەربەخۆ بەشداری دەکات لەهەڵبژاردندا یان دەیەوێ فێڵێکی سیاسی لەخەڵک بکات؟

١-یەکگرتوو لەسەر گۆڕەپانی کوردستان بوونی هەیەو دەتوانێ شتێک بکات. ئەم لیستە سەربەخۆیەی یەکگرتووش بۆ هەڵبژاردنی عێراق ئامادە کراوە، نەک بۆ کوردستان ئیتر یەکگرتوو، گریمان لەسەدا هەشتای (٪٨٠) ی پەرلەمانی عێراقیش بەدەست بێنێ، چ ریفۆرمێک دەکات لەکۆمەڵگای کوردیدا؟! ئایا دەکرێ حزبێک بۆ هەڵبژاردنی عێراق خۆی ئامادە بکات، کەچی بانگەشەی ریفۆرم کردنی بکات لەکوردستاندا؟ خوێنەری ئازیز ئەمە چەندی بەچەندە؟

٢-یەکگرتوو لەساڵی (١٩٩٤)ەوە، وەک حزبێکی گەورە خۆی ئیعلان کردووە، باشە بۆچی بەدرێژایی ئەم (١١) یانزە ساڵە ریفۆرمی نەکردووە، کەچی تازە بانگەشەی بۆ دەکات؟ تەنانەت لەساڵەکانی پێشوودا زەمینە لەباربوو بۆ یەکگرتوو تا بەحسابی خۆی ریفۆرم بکات، بەڵام بۆچی هیچ کاتێک دەرگای ئەم مەسەلانەی نەکردۆتەوە؟ هاوکات خەڵکی ئەو پرسیارەش دەکات حزبێک کە لەمێژووی (١١) یانزە ساڵەی خۆیدا بۆ تەنها جارێک ریفۆرمی ئەنجام نەدابێت، ئاخۆ ئێستا دەتوانێ ریفۆرم ئەنجام بدات؟

یان ئەمەش وەک هەر بانگەشەیەکی سیاسی تر موزایەدەیەو بەس بەسەر خەڵکەوە؟

٣-لەلایەکی ترەوە، بۆچی یەکگرتوو لەهەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٥/١/٣٠) بەجیاو سەربەخۆ بەشداری نەکرد، بەلیستی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی، ئەگەر مەبەستی ریفۆرم بێت؟ ئایا کۆمەڵی کوردی پێشتر پێویستی بەریفۆرم نەبوو، وا ئێستا برادەرانی یەکگرتوو بیریان کەوتۆتەوە، تازە بەتازە ریفۆرم بۆ خەڵکی کوردستان بکەن؟!

ئەسڵەن هەڵبژاردنی پێشوو دەرفەت بوو، کە لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان مۆدێلی دیموکراسی زیاتر بایەخی پێ بدرێت و لەبەرامبەر لیستی هاوبەشدا لیستەکانی دیکە خۆیان تاقی بکەنەوە، بەڵام ئەی یەکگرتوو بۆ ئەم گرەوە دیموکراسیەی نەکرد وا ئەوەندە شانازی بەهەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدانەوە دەکات؟ بۆیە لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو بەناوی بەرژەوەندی نەتەوەوە، خۆڵی کردە چاوی خەڵکی کوردستان و بەچەند کورسیەک، رازی بوو، باشە لەکوێی دونیادا حزبی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی دەسەڵات کەخۆی بە بەدیل و خاوەن جەماوەر بزانن لەهەڵبژاردندا بەکورسی رازی دەبێت؟ ئایا ئەمە ترس نەبوو لەوەی کەیەکگرتوو باش دەزانێ یەکجار نفوزی کەمبۆتەوەو دەرنەدەچوو لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا؟!

یەکگرتوو تاکە حزبەکە بەناوی ریفۆرمەوە، دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چونکە هەڵبژاردن لەعێراق و بۆ عێراق دەکرێ، نەک لەکوردستان و بۆ خەڵکی کوردستان کە یەکگرتووش لەعێراق دەرچوو، چ ریفۆرمێک لەکوردستان دەکات؟

٤-یەکگرتوو حزبێکی ئیخوانیە، تەنها بوونی ئەوان لەکۆمەڵدا، خەنجەری ژەهراوی وەشاندنە لەو دەسەڵاتە سیاسەی کە لەبەرامبەر ئەواندا بوونی هەیە، ئەگەرنا لەساڵی (١٩٢٩)ەوە ئیخوان موسلمین لەمیسردا چ گۆڕانکاری و ریفۆرمێکی سیاسی ئەنجام داوە، تا ئەم ساتەوەختە، ئالێرەش برا یەکگرتووەکانیان بانگەشەی ریفۆرم بکەن؟! بۆیە حزبە ئیخوانیەکان جگە لەوەی گرێدراوی ئامانج و مەبەستەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبین، تائێستا نە ریفۆرمیان پێ کراوەو نە لێرە بەدواوەش پێیان دەکرێ، چونکە ئەوان تەنها قبوڵیانە بەچەند کورسیەکی کەمو ئامادەییەکی رەمزی هەبن، نەک ئەو باڵۆرەی ریفۆرمەی کەکاک (عومەر) باسی دەکات.

بەڵگەش بوونی یەکگرتووە، وەک حزبێکی ئیخوانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، یانزە ساڵە کام ریفۆرمیان ئەنجام داوە؟

٥-بیانووی یەکگرتوو، ریفۆرم کردنە لەپێناوی خەڵکی کوردستانداو گوایە بۆیە لەعێراقدا سەربەخۆ بەشداری دەکەن، کە کورد ترسی نەماوەو هەڵبژاردنی پێشوو مەترسی هەبووە لەسەر مافەکانی کورد، بەڵام ئایا تائێستاش هیچ مافێکی سیاسی کورد چەسپاوە بەتەواوی تا مەترسی نەما بێت؟ یاخود وەک ئیخوانەکانی تر لەهەموو جیهاندا. خەنجەری ژەهراوی خۆتان دەوەشێنن لەکاتی ترسناک و مەترسیداردا؟ بیانووی ئێوە لەسەر کوردسی و دەسەڵات بوو، کە داواتان کردبوو (٣) وەزارەت و سکرتێری پەرلەمانی کوردستانتان پێ بدرێ، نەک ریفۆرمی گشتی، چونکە لەهەڵبژاردنەکانی پێشووەوە بێدەنگ بوون، تاوەکو ئەمڕۆ دڵنیا بوون کەتەنها دوو وەزارەت وەردەگرن؟ ئەگەرنا بۆچی دوای هەڵبژاردنەکانی پێشوو هیچتان نەوت و بێدەنگ بوون؟ بۆیە لەئێستاو داهاتووشدا شەڕی ئێوە لەپێناوی کورسی و پلەو پۆستدایە، نەک بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

٦-کاک عومەر کەسەراپای نوسینەکەی پیاهەڵدانە بەشان و باڵی یەکگرتوودا، کەگوایە لەرۆژی دامەزراندنیەوە بۆ خێرو خۆشی کورد دامەزراوە، تەنها ئەو وێنەیە بەسە کەئەمینداری یەکگرتوو لەگەڵ (حارث ضاری) سەرۆکی دەستەی زانایانی سوننەدا، لەوتارەکەیدا بڵاوکراوەتەوە. بۆئەوەی یەکگرتوو بیسەلمێنێ کەفیلەعن لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، بەسەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکات؟! رەنگە لای عەرەبە برا مسوڵمانەکانیان لە (هیئە علماو المسلمین) و (هیئە علماو أهل السنە) و حزبە عەرەبیەکانی تر شتێکیان شک بردبێت، بۆ ئیئتلاف کردن لەداهاتودا، وا نیازیانە بەبیانوی ریفۆرم لەکوردستاندا، بەسەربەخۆ بەشداری دەکەن؟! باشە بەسەربەخۆلەهەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا بەشداری کردنی یەکگرتوو، قازانج بەکوێی مەسەلەی سیاسی کوردو داواکانی دەکات لەبەرامبەر هێزە شیعەو سوننەکانی دوژمنی کورددا؟ حارث ضاری و باقی برا مسوڵمانەکانمان لەعەرەب. چ کاتێک بڕوایان بەمەسەلەی فیدراڵی و بوونی کوردو دەسەڵاتی سیاسی کورددا هەبووە، یەکگرتوو دەستیان لەگەڵدا تێکەڵاو دەکات؟ کاک عومەر با وەڵامی ئەم سەرنجانە بداتەوە. نەک ئینشاو راپۆرت نوسین.

٧-دواجار بەشێک لەپەرەگرافەکانی نوسینەکەی کاک عومەر هەڵدەگرێ قسەیان لەسەر بکەین. کەوای داناوە بەم نوسینە وەعزی و عاتیفیانە خەڵکی قەناعەت پێبکات، کەرەنگە لەنزیکبوونەوەی رۆژەکانی هەڵبژاردنیشدا ئایەت و فەرموودە بۆ مەرامە سیاسیەکانی یەکگرتوو ریز بکات، بەڵام ئەوەندە بەسە بەکاک عومەر عەلی بڵێین:

برا لەعێراق هەڵبژاردن دەکرێ و بەڕێزتان لەکوردستان بانگەشەی ریفۆرم کردن دەکەن، تۆ بڵێی کارەکانی پەرلەمانی عێراق بهێنرێتە کوردستان؟ بۆیە بانگەشەو ئیدیعای یەکگرتوو بۆ ریفۆرمی گشتی جێگەی بەزەییە، چونکە بۆ عێراق هەڵبژاردن دەکرێ، کەچی لێرە دەیانەوێ ریفۆرم بکەن، پێدەچێ ریفۆرم بۆ دەسکەوتنی کورسی زیاتر بکەن، نەک بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، هاوکات یەکگرتوو تەنانەت لەئیفتارێکی رەمەزاندا ناتوانێ دادپەروەر بێت وکەسە حزبیەکانی خۆیان نەبێ، کەسی دیکە بانگهێشت ناکەن.

ئاخۆ دەتوانێ لەکۆمەڵدا ریفۆرم بکات؟!.

حزبێک کە لەئیفتاری رەمەزان و پارەی هەتیوانەو چالاکیەکانی تری دا، تاسەر ئێسقان حزبیەو تەنها سودو بەرژەوەندی ئەندامەکانی خۆی دەوێ، ئایا دەکرێ چاوەڕێی ریفۆرمی لێبکرێ بۆ خەڵکی کوردستان؟ بۆیە ئەوەندەی بانگەشەی ریفۆرم کردنی ئێستای یەکگرتوو بۆ هەڵبژاردنەکان لەلایەک خۆڵکردنە لەچاوی خەڵکی کوردستان و گلەییە لەوەی کورسی و پۆست و وەزارەتی داواکراویان نەدا بەیەکگرتوو، ئەوەندە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە نیەو خەڵکیش باش دەزانێ دواجار ماوەتەوە بڵێین: جارێکی تر یەکگرتوو تاکە حزبەکە بەناوی ریفۆرمەوە، دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، چونکە هەڵبژاردن لەعێراق و بۆ عێراق دەکرێ، نەک لەکوردستان و بۆ خەڵکی کوردستان کە یەکگرتووش لەعێراق دەرچوو، چ ریفۆرمێک لەکوردستان دەکات؟■

بەدواداچوونێک سەبارەت بەبڕیاری لەسەر کار لابردنی بەڕێوەبەری گەنجینەکانی پەروەردەی سلێمانی

وەزیر دەسەڵاتی خۆی بەکاردەهێنێ‌و یەکێتیی مامۆستایانیش هەڕەشەی ڕێپێوان دەکا

بەدواداچونی ڕەنج قەرەداغی

بڕیاری لەسەرکار لابردنی بەڕێوەبەری گەنجینەکانی پەروەردەی سلێمانی لەلایەن وەزیری پەروەردەوە، چەندین گلەیی‌و ناڕەزایی لێکەوتەوە، هەربۆیە بەپێویستمانزانی بەدواداچونێکی ڕۆژنامەنوسی لەوبارەیەوە ئەنجامبدەین تاوەکو لەوردەکاری‌و هۆکارەکانی ئەو لابردنە بۆ خوێنەران ڕوونبکەینەوە..

هەر دوابەدوای ئەم بڕیاری لابردنە، لیژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەکەمتەرخەمییەکانی بەڕێوەبەری گشتیی گەنجینەکان، و ئەم لیژنەیە لەبری ئەوەی بەر لە بڕیاری لابردنەکە پێکبهێنرێ، دوای لابردنەکە پێکهێنرا، و ئەمەیش یەکێکی تربوو لەهۆکارەکانی ئەم بەدواداچوونە ڕۆژنامەنووسیەمان..

وەزیر دەسەڵاتی خۆی بەرکادەهێنێ

سەرەتا سەردانی وەزارەتی پەروەردەمان کردو چووینە لای مامۆستا بورهان، بەڕێوەبەری کارگێڕی‌و دارایی لەوەزارەتی پەروەردە، کەسەرۆکی لیژنەی دواکەوتنی دابەشکردنی کتێبیشەو لەو بارەیەوە بەدواداچونی خۆیان هەبووە، و سەرەتا ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕووکردەوە کە هۆکاری لابردنی بەڕێوەبەری گشتیی گەنجینەکان بۆ چی دەگەڕێتەوە، وتی:

وەزیر لەسەردانیدا بۆ گەنجینەکان‌و بەسەرکردنەوەیاندا، دەسەڵاتی خۆی بەکارهێناوە‌و بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەری گشتیی گەنجینەی پەروەردەی داوە.

× ئەنجامە بەرایییەکانی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە بەچی گەیشتووە؟

- ئێمە وەک لیژنەکە کەیاساییەک‌و بەڕێوەبەرێکی گشتی‌و شارەزاییەکی بواری گەنجینەم لەگەڵدا بووە، لێکۆڵینەوەیەکی وردمان کردووەو ڕاو سەرنجی خۆمان ئامادەکردووە بۆ بەردەمی وەزیرو لێکۆڵینەوە لەکۆتاییدایە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئامادەکراوە

× ئایا بڕیارەکە دروستە؟

- سەبارەت بەو پرسیارە، وەزیر دەسەڵاتی هەیە بەلابردنی هەر بەڕێوەبەرێک بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون.

ئەندامی یاسایی لیژنەکە هیچ لێدوانێ نادا

دواتر ئەندامی یاسایی لیژنەکە (تارا حەمە ساڵح) لەوەڵامی پرسیارەکانی ئێمەدا بێدەنگی هەڵبژاردو نەیتوانی قسە لەسەر بڕیاروکارەکانی لیژنەکە بکات‌و هۆکارەکەی گێڕایەوە بۆ ئەوەی دەبێت سەرووی ڕێگەی پێبدات‌و تائێستا لەلایەن وەزارەتەوە ڕێی پێنەدراوە لەوبارەیەوە هیچ لێدوانێک بدات.

وەزیر لەسەردانەکەیدا توڕەدەبێ!

پاشان چووینە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکانی پەروەردەی سلێمانی‌و لەوێ ڕەئوف ئیسماعیل ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی گەنجینەکان (لابراو)مان لەوبارەیەوە دواند، و چەندین پرسیارمان ڕووبەڕووکردەوە، و سەرەتا لێمان پرسی: هۆکاری لابردنی ئێوە بەبڕیاری وەزیر بۆچی دەگەڕێتەوە؟

-لەڕۆژی ١٠/٢٤، وەزیری پەروەردە لەگەڵ بەڕێوەبەری کارگێڕی‌و دارایی‌و لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان، سەردانی گەنجینەکانی کرد، کە وەزیر هات توڕە دیاربوو کە بەشێوازی ئاسایی نەهاتووە. بڕیارەکەی وەزیر ئەو بیانووەی هەیە کەکتێب لەگەنجینەدا هەیەو دابەش نەکراوە.

زۆربەی کتێبەکانی گەنجینە بەسەرچووبوون!

× وەڵامتان بۆ بڕیارەکە؟

- ئێمە لە ٩/٢٦ دەستمان کردووە بەدابەشکردنی کتێب بەچوار وەجبە، ٩/٢٦ وەجبەی یەکەم، ١٠/٦ وەجبەی دووەم، ١٠/١٨ وەجبەی سێیەم‌و ١٠/٢٢ وەجبەی چوارەم. بەپێی ڕێژە کتێبەکان گەیشتوەتە هەموو قوتابخانەو خوێندنگەو پەروەردەکان. ئەو کتێبانە ئەو ڕۆژەی سەردانی وەزیر لەگەنجینەدا بوون، (٢٦٨٥٧٦) کتێب لەڕۆژی ١٩-١٠/٢٠ گەیشتوەتە گەنجینەکان لەڕۆژی ١٠/٢٢ دەست بەدابەشکردنیان کراوە، خۆم پەیوەندیم بەسەرجەم پەروەردەکانەوە کردووە لەڕۆژانی ١٩-١٠/٢٠ بێن بۆوەرگرتنی کتێب.

(١٣٤١٠٦) کتێبیش کتێبی بەسەرچوون ناخوێندرێن،‌و بەنوسراوی وەزارەتی پەروەردەو بەئیمزای بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان ژمارە ٢٣٦ لەڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٩ بەسەرچوون.

(٣٢١١٠٢) کتێبیش کەزیادەی دابەشکردنە، لەدوای دابەشکردنی ١٠٠٪ ماوەتەوە. کەکۆی هەموو کتێبەکانی ناو گەنجینەکان لەڕۆژی سەردانی وەزیردا (٧٢٣٧٨٤) کتێبە، کەهەموو ئەو کتێبانەن وێنە گیراون‌و گوایە دابەشنەکراون، کەبەپێی بڕیارو ڕێنماییەکانی گەنجینەکان‌و وەزارەتیش لەکۆی ئەو (٧٢٣٧٨٤) کتێبە، دەبێت (٤٥٥٢٠٨) کتێب لەگەنجینە بمێنێتەوە کەکتێبی زیادەو بەسەرچوون.

هەر لەدرێژەی وەڵامەکەیدا ناوبراو وتی: بۆزانیاریی زیاتریش ئێمە لەسەرەتای ساڵەوە واتە لەڕۆژی ٩/٢٦ تارۆژی سەردانی وەزیر کە ١٠/٢٤یەوکەمتر لەمانگێکە بڕی (١.٧٧٥.٨٢٦) کتێبمان لەکۆی (٢.٣٦٥.٥٠٤) کتێب دابەشکردووە، تەنها (٢٦٨٥٧٦) کتێب ماوە کەدابەشکردنی لەسەر بووە لە ١٠/٢٢وەو دواتریش دابەشکراون.

بەڕێوەبەری گەنجینەکان پێیوایە بڕیارەکە دروست نییە

× کەواتە ئەو بڕیارە هۆکارەکانی بەدروست‌و تەواو نازانیت؟!

- بەڵێ بەپێی یاساو ڕێنمایی‌و ژمارەکان وەک ڕونمکردەوە ئەو بڕیارە دروست نییە، خۆم بەکەمتەرخەم نازانم، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە لەسەر کەمتەرخەمی دراوەو من ئامادەم‌و پێشنیازدەکەم لیژنەیەکی بێلایەن‌و شارەزاو یاسایی پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەوکێشەیە.

وەزیر تەماشای بەڵگەو ئامارەکان ناکا!

هەر لەدرێژەی وەڵامەکەیدا وتی: لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە کەوەزیر هاتە گەنجینەکان، دواتر لەوەزارەت بەمنی وت کەمتەرخەمیت. من وتم: بەڵگەو ئامارم لایەو کەمتەرخەم نیم، بەڵام وەزیر ئامادە نەبوو تەماشای بەڵگەو ئامارەکان بکات.

هەر لەوبارەیەوە، بەپێویستمانزانی هەڵوێستی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش وەربگرین‌و لەم بەدواداچونەدا بیخەینە ڕوو..

یەکێتیی مامۆستایان داوای پێکهێنانی لیژنە دەکا

لەمبارەیەوە مامۆستا محەمەد حەسەن جوجە سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لەوەڵامی چەند پرسیارێکماندا بەمجۆرە دوا:

ئێمە وەک بەرگری لە م. شێخ ڕەئوف چووینە لای کاک عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و داوامان کرد لیژنەیەک پێک بهێنرێت‌و بەرێزیشی پەسەندی کردو لیژنەکە پێکهێنرا. ئەنجامی لیژنەکە دەڵێ: هەقوایە ناوبراو پاداشت بکرێت نەک لابرێت.

یەکێتیی مامۆستایان داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکا

لەدرێژەی وەڵامەکانیدا، ناوبراو بەناوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە داوای لەوەزیری پەروەردە کرد بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە،‌و ڕایشیگەیاند: ئێمەش بڕیاری لیژنەکە پەسەندەکەین،‌و هەروا وتی: ئەگەر وەزیر سور بێت لەسەر بڕیارەکەی، ئەوا ناچارەبین هەڵوێستی تر وەربگرین‌و ڕاشکاوانە لەگەڵ وەزیرو جێگری سەرۆکی حکومەت قسە دەکەین‌و ئەگەر چارەسەریش نەکرا دەچینە لای سەرۆکی حکومەت،‌و خۆ ئەگەر نەگەیشتینە ئەنجام، ئەوا ناچار دەبین یاداشتێک بۆ ڕایگشتی بڵاوبکەینەوەو ڕێپێوانیش دەکەین.

وەزیری پەروەردە نوێنەری یەکێتیی مامۆستایان ناخاتە لیژنەکەوە!

مامۆستا محەمەد جوجە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەیان لەوەزیری پەروەردە هەیە، لەبەرئەوەی لەپێکهێنانی لیژنەکەدا نوێنەری یەکێتیی مامۆستایانی دانەناوە، لەکاتێکدا کاک عیماد ئەحمەد (بەگوتەی ناوبراو) داوای لەوەزیر کردووە لیژنەکە نوێنەری یەکێتیی مامۆستایانی تیادابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێتیی مامۆستایان ڕای لیژنەکە پەسەنددەکات.

وەزیری پەروەردە ڕای جیاوازی هەیە

دواجار پەیوەندیمانکرد بە د.شەونم عەبدولقادر وەزیری پەروەردەو لەوەڵامی پرسیارێکماندا دەربارەی ئەوەی بۆچی نوێنەری یەکێتیی مامۆستایان لەلیژنەکەدا نەبووە، وتی:

ئەو لیژنەیەی کە نوێنەری یەکێتیی مامۆستایانی تێدایە، دەبێ ئەو کەسەی پەیوەنددارە بەکێشەکەوە مامۆستابێ، بەڵام ئەو کەسەی کە لابراوە بەڕێوەبەرەو وەک فەرمانبەری وەزارەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

وەزیر دەسەڵاتی لابردنی هەیە

دەربارەی ئەو پرسیارەیشمان کە بۆچی دوای لابردنەکە، لیژنە پێکهێنراوە، وتی:

وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەمتەرخەمییەک لەفەرمانبەرێکی وەزارەتەکەی ببینێ، لایبباو ئەو بەڕێوەبەرەیش بە فەرمانی وەزیر لابراوەو پێکهێنانی لیژنەکەیش بۆ زیاتر بەدواداچوونە دەربارەی ئەوەی تاچ ڕادەیەک کەمتەرخەمبووە لەهاوکاریکردنی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت‌و ئیش‌وکارەکانیدا.

دەربارەی پرسیارێکی ترمان کە ئایا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە هیچ کاریگەرییەکی دەبێ بۆسەر بڕیارەکەتان، وەزیری پەروەردە وتی: ئەوە بۆکاتی خۆی بەجێدەهێڵین.

ئەنجام

لەئەنجامی بەدواداچوونەکەدا، هیچ ڕایەکی خۆمان ناخەینە ڕوو،‌و ئەوەیش بۆ خوێنەران خۆیان بەجێدەهێڵین، بەڵام تێبینی ئەوەمان کرد بەڕێوەبەری گشتیی گەنجینەکان لەڕێی دەیان بەڵگەنامەوە، بێتاوانی خۆی سەلماند لەکەمتەرخەمی نواندن لەئیش‌وکارەکانی سەرشانی، هەروەک چۆن بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامانە بە ئامار لەئارشیڤی ڕۆژنامەکەماندا پارێزراون.■

پەیامی پەیامنێران

دەستگیرکردنی ئەفسەرێکی ئەمنی عامە

ڕۆژی (٨)ی ئەم مانگە هێزەکانی ئاسایش وچاح قدوری سعید ناسراو بە وچاح السامرائی-یان دەستگیرکردووە کە خەڵک بەعقوبەیەو لەکاتی ڕژێمی بەعسدا ئەفسەری ئەمنی عامەبووە،‌و تائێستا لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامە.■

لەهەولێر چەند گومانلێکراوێک دەستگیر دەکرێت

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو، ئاسایشی هەولێر بەپشتیوانی هێزی پۆلیس‌و سوپای زێرەڤانی‌و ING پرۆسەیەکی پشکنینی فراوانیان لەگەڕەکی (جیش الشعبی) ئەنجامداوە، لەو پرۆسەیەدا چەند گومانلێکراوێک دەستگیرکراوەو لەسەربانی یەکێک لەماڵەکاندا (ژمارەی ئۆتۆمبیلی فەحس) دۆزراوەتەوە کەگومانێکی زۆری دروست کردووە.■

جبەخانەیەکی تیرۆریستان دەدۆزرێتەوە

شەوی ١٢-١٣ی ئەم مانگە، لەهەڵمەتێکی گەڕان‌و پشکنینی هێزەکانی پۆلیسی گەڕەکی عروبە لەنزیک ناحیەی لەیلان دەستگیرا بەسەر جبەخانەیەکی گەورەی تیرۆریستاندا کەبڕێک تەقەمەنی زۆری تیادا بوو.■

کەسێک بەناسنامەی تەزویرەوە دەستگیر دەکرێت

بەرواری ٢٠٠٥/١١/٨ لەبازگەی تاسلوجە کەسێک بەناوی (ا، ق، ا) دەستگیر دەکرێت کەناسنامەیەکی تەزویری هەڵگرتووەو کێشەکەی لای دادوەرەو ئێستا لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدایە.■

٧٤٪ی لاوانی زەرایەن جگەرەکێشن

لەڕاپرسیەکدا کەسەنتەری (هەڵەبجەی تازە)ی ڕێکخراوی ئازادی لاوان لەشارۆچکەی زەرایەن ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کە ٧٤٪ی لاوانی ئەم شارە جگەرەکێشن‌و لە ٩٠٪ جگەرەکێشەکان خوێندەوارن، زۆربەشیان هۆکاری جگەرەکێشان دەگێڕنەوە بۆ بیکاری‌و شکستی لەپەیوەندی خۆشەویستیدا.■

لەپێنجوێن پۆلیسێک دەکوژرێت

بەرواری ٢٠٠٥/١١/٤ واتە یەکەم ڕۆژی جەژن، تەرمی پۆلیسێک لەگەڕەکی ناوشاخانی پێنجوێن فرێدەدرێت، بەناوی (محەمەد) ناسراو بەحەمە چاوجوان، شایەنی باسە لەنزیک تەرمەکەیەوە ٣ مەغزەنی دەمانچەو شەش قەوانی فیشەکی کلاشینکۆف دانراوەو تەرمەکەشی جێگەی سێ فیشەکی پێوەبووە.■

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی هەڵەبجە بۆ وا دەکا؟!

ئارام حەمەئەمین - پ. هەڵەبجەی شەهید

ئەگەرچی لەکوردستاندا لەبەر نەبونی هەندێ پێداویستی پەروەردەیی زۆر لەقوتابخانەکان توشی گرفتی خوێندن هاتون، هەموو گرفتێک قابیلی چارەسەر بووەو هەرگیز نەبووە گرفتێ بەبێ چارەسەر جێبهێڵرێ. ئەگەرچی کێشەکانیش لەڕووی پەروەردەییەوە هەبوبن بەڵام چارەسەر کراون‌و نەگەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی کەئێستا پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید ئەیکات، ئەوەی کەئێستا مەبەستە باسی بکەین‌و بەدواداچونی بۆ بکەین، کێشەی یەکێ لەقوتابخانەکانی ناو شاری هەڵەبجەی شەهیدە، کەقوتابخانەی ناوەندی (شەم)ی کچانە. ئەم قوتابخانەیە لەڕووی بیناوە زۆر دارماوەو هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانیە بۆ قوتابیان‌و بەدەست کەمی مامۆستاشەوە دەناڵێنن‌و، زستانانیش دڵۆپە ئەکات ئەوەش با بوەستێ کە ٦٠ قوتابی لەپۆلێکدا دادەنیشن‌و هەندێ لەو قوتابیانە لەسەر بلۆک‌و تەنەکە دادەنیشن، سێ تا چوار قوتابی لەسەریەک ڕەحلە دادەنیشن سەرەڕای ئەمانەش مامۆستایان کەمەو هەرچی هاواریش لەپەروەردەی هەڵەبجە دەکەن گوێیان لێنەگیراوە، پاش ئەوەی کەڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٣ ژمارەیەک لەقوتابیانی ئەم قوتابخانەیە دێنە پەروەردەی هەڵەبجەو داوای چارەسەری کێشەکانیان لەبەڕێوەبەری پەروەردە دەکەن، بەداخەوە لەجیاتی وەڵام‌و چارەسەری کێشەکەیان بەپاڵ ئەیانکەنە دەرەوەو بەقسەی سوک ئیهانە ئەکرێن‌و هەڕەشەی فەسڵ‌و عقوبەیان لێ ئەکەن، دواتر لەئەنجامی گوێ نەدان‌و گوێ نەگرتنی پەروەردەی هەڵەبجە لەو قوتابخانەیە کێشەکەیان پەرەئەسێنێ‌و، دواجار ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٧ سەعات ٩ی سەرلەبەیانی سەرجەم قوتابیانی قوتابخانەی شەمی کچان، ئەڕژێنە بەردەم پەروەردەی هەڵەبجەو ڕێپێوانێکی هێمنانە ساز دەدەن. بۆیە چاودێر بەپێویستی زانی ئەم بەدواداچونەی لەسەر ئەنجام بدات.

بەڕێوەبەر: هاواری زۆرم کردو گوێم لێ نەگیراوە

بۆ ئەم مەبەستە چوینە لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکەو بەڕێز (گوبی عبدالرحمن) وتی من هەستی تەواوم بەکێشەکانی کردووەو هاواری زۆرم کردووەو بەداخەوە گوێم لێگیراوە، بەڵام هیچم بۆ نەکراوە بۆیە نامەوێت زیاتر بچمە ناو تەفاسیل‌و زیاتر ناتوانم بدوێم لەبەر هەندێ زروفی تایبەتی خۆم.

حکومەت بینای بۆ دروست کردون بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە نایاندانێ

پاشان مامۆستا (ئەیاد جەلال) لەمیانەی پرسیارێکدا کەئایا ئەو کێشانە چین کەوای کردووە ڕەوتی خوێندن لەقوتابخانەکاندا پەک بخات‌و ئایا هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەکان لەگەڵ بەرپرساندا چی بون؟ مامۆستا ئەیاد وتی: کێشەکان لەنەبونی مامۆستاو زۆری قوتابیان‌و گوێنەدانی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهیدو ئیهانەکردنیان بوو، ساڵی پار وەزیری پەروەردە هاتە قوتابخانەکەمان‌و بۆ ئەو وەزعە ناخۆشەی ئێمە چاوەکانی فرمێسکیان تێیەڕی بۆیە بڕیاری دا بینایەکمان بۆ بکرێت ئەوەبوو بیناکە کراو تەواو بوو بەڵام کاتێ ئیفتیتاح کرا چوینە پەروەردەی هەڵەبجەو داوای بیناکەمان کرد بەڵام ئاستەنگیان بۆ دروست کردین، مامۆستامان کەم بوو داوامان کرد گوێیان لێ نەگرتین، ئەمانە بونە هۆی دروست بونی کێشەکان، پاشان مامۆستا (خوبەیب) لەئاماژەکردنێکی کێشەکەدا وتی: هۆی گەورەبون‌و دروستبونی هەموو کێشەکان ئەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی هەڵەبجە چونکە پەروەردەی هەڵەبجە لەڕووی ئیدارییەوە سست‌و لاوازەو توانای بەڕێوەبردنی کارەکانی نیە هەربۆیە لەشێوەی مەسئولییەتدا وەڵامی هاوڵاتیان نادەنەوە لەجیاتی چارەسەرکردنی کێشەکان شێوازی ڕەق دژی هەموان بەکاردەهێنن بۆیە وەزعەکان خراپ دەکەونەوە.

لە ژورێکداو لەژێر دڵۆپەدا شەست خوێندکار وانە دەخوێنن!

شەست قوتابی لەپۆلێکدا دەخوێنن

هەر لەم بارەوە مامۆستا (خالید حەمە ئەمین) لەڕوونکردنەوەیەکیدا بۆئاماژەکردن بەوتەکانی بەڕێوەبەر وتی: کێشەکەمان ئەوەندە ناخۆشە کەبەڕاستی ئێمەش تاقەتی وانە وتنەوەمان لاواز بووە چونکە زۆر ناخۆشە لەپۆلێکی بچوکدا ٦٠ قوتابی تێدابێ پاشانیش مامۆستامان کەمەو هەندێ لەوانەکانیش ئەلفێکی لێ نەخوێنراوە ئایا کێشە لەمە ناخۆشتر کەزستانانیش دڵۆپە باران لەو بینایەی ئێمەدا دێتە خوار ئایا لەوە ناخۆشتر چیە؟ کەبەرپرسانیش گوێت لێ نەگرن، ئەگەرچی وەزارەتی پەروەردەو، پەروەردەی هەڵەبجەش خۆیان باش لەمەزلومیەتی قوتابیەکانمان ئەزانن بۆیە داوا لەحکومەتی هەرێم ئەکەین چارەسەرمان بکات‌و چاوەڕێی پەروەردەی هەڵەبجە نەبن.

بیناکەمان زستانان وەکو خانوی گڵ دڵۆپە دەکات

پاشان لەو سەردانەماندا حاڵەتی قوتابیان‌و شێوازی سستی بەڕێوەچونی پرۆسەی خوێندنمان بینی‌و لەسەر زاری قوتابیانەوە زیاتر تیشک خرایە سەر کێشەکان‌و ئامانجی ئەو کۆبونەوەیان لەبەردەم پەروەردەی هەڵەبجەدا، سەرەتا قوتابی (دارستان ئەحمەد) پۆلی سێیەمی ناوەندی لەلێدوانێکدا وتی: پەروەردەی هەڵەبجە لەئاستی مەسئولییەتدا نین‌و شێوازی ڕۆتین لای ئەوان باڵادەستەو ئیتر خەڵکی هەژار گوێی لێ ناگیرێ، ئێمە پۆلی سێیەمی ناوەندین کتێبمان نیە مامۆستامان نیە بینایەکمان نیە لەبینابچێ وەڵاهی زستانان وەکو خانوی گڵ دڵۆپە ئەکات جگە لەمەش تائێستا وانەکانی کۆمەڵایەتی‌و فیزیاو بیرکاریمان نەخوێندوە لەبەر نەبونی کتێب‌و مامۆستا، ئاخر مەنهەج چۆن‌و بەچی تەواو بکەین کەچی پەروەردەی هەڵەبجە جەنابی بەڕێوەبەر بەپاڵ دەرمان ئەکات، لەمیانەی پرسیارێکدا کەئایا هاتنتان بەم شێوەیە چی بەئێوە ئەبەخشێ بۆ چارەسەری کێشەکانتان لەکاتێکدا کەگوێ بۆ بەڕێوەبەر نەگیراوە؟ لەوەڵامدا (قوتابی چیمەن مەولود) وتی ئێمە هاتوین تابەڕای گشتی‌و ڕۆژنامەکان خۆمان بناسێنین کەئێمە خەڵکێکی هەژارو زوڵم لێکراوین‌و پەروەردەی هەڵەبجەش بەهەموان بناسێنین کەشێوازی مامەڵەکردنیان لەئاستی بەرپرسیارێتی دا نیە.

کەی ڕەوایە قوتابی لەسەر زەوی وانە بنوسێ

پاشان (نازدار فەرحان) قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندی وتی: هەرچی هاوار ئەکەین هیچمان بۆناکەن وەڵاهی ئەگەر خزمی بەرپرسەکانمان لەگەڵ بوایە کارمان بۆئەکرا ئەگینا کەی ڕەوایە قوتابی لەسەر زەوی وانە بنوسێ کەی ڕەوایە ئێمە کتێبمان نەبێ‌و کەچی لەبازاڕەکاندا بفرۆشرێ کەی ڕەوایە پۆلی سێیەم تائێستا لەبەر بێ مامۆستایی پەکی کەوتبێ ئێمەش وەک ڕۆژنامەی چاودێر بۆ زانینی هەموو ئەوانەو دروست‌و وەڵامی هەموو ئەمانە چوینە لای بەڕێز (کەریم شێخ عەلی) بەڕێوەبەری کارگێڕی لەپەروەردەی هەڵەبجە لەوەڵامدا بەشێوەیەکی ئیهانەپێکردن وتی: من هیچ ناڵێم‌و هیچیش ناکەم‌و هیچیش ڕاناپەڕێنم بڕۆن چی ئەکەن بیکەن من ئەوکەسەم کەئەم بینن لەمە باشتر نابم ڕازی نابم کەسیش لەم ناوە بوەستێ.

لەپەیوەندییەکی تەلەفونیدا بە بەڕێز (د. شەونم) وەزیری پەروەردە لەسەر ئەوەی ئەو بینایە بۆ خوێندنگەی (شەم)ی کچان دروستکراوە بۆچی نادرێت بەو خوێندنگەیەو ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن، بەڕێزی وتی: پۆل بریمەر ئەوکاتەی چووە هەڵەبجە یەک ملیۆن دۆلاری داناوە بۆ دروستکردنی دوو بینا یەکیان بۆ خوێندنگەی شەمی کچانەو هەرکاتێک ئیستلام کرا پێیان دەدرێت. بەڵام دوای دوو هەفتەش لەقسەی وەزیری پەروەردە هێشتا کێشەکە وەکو خۆیەتی.■

تۆوی عەلمانیەت لەئیسلامدا

چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆرج تەرابیشیدا

و: ئەحمەد فاتیح مەحەمەد

بەشی یەکەم

× بەبۆچونی تۆ بۆچی تۆوی عەلمانیەت لەئیسلامدا بەدەق‌و مومارەسەکردن گەشەی نەکردووە؟ ئایا ئەزمونێکی مێژوویی هەیە بکرێتە بنەمایەک بەعەلمانی دابنرێت لەمێژووی ئیسلامدا؟

- نابێت لەبیرمان بچێت ئیسلام لەسەرەتاو یەکەمجاردا ئایینە، لەڕووی مێژوویی‌و ڕۆحییەوە بۆ بنەچەی ئیبراهیمی دەگەڕێتەوە، واتە بۆ ڕەچەڵەکی هاوبەشی هەر سێ ئاینەکە (یەهودی، مەسیحی، ئیسلام)و ئیبراهیم بەخاڵی دەرچون‌و پنتی هەر سێ ئاینەکە دادەنرێت، ئەوەی لەبنەمای هاوبەشی ئەم سێ ئاینەدا گرنگە کەلەسەر وەحی‌و پەیامبەری ڕاوەستاوە ئەوەیە کەبەیەکەی ژێرخانی میسۆلۆژیا ناوزەد دەکرێت. بۆیە وا مەزەندە دەکەم ئەوەی لەمانایەک لەماناکانی بۆئاینی یەکەم‌و دووەم ڕاست بێت بۆ ئیسلامیش ڕاستە. مەزەندەیش ناکەم یەهودیەت ئەزمونێکی مێژوویی گەورەیان لەوبوارەدا هەبێت، چونکە وەک ئاینێکی نەتەوەیی ماوەتەوە. بەراوردی سەرەکی لێرەدا ئەگەر بکرێت لەنێوان ئیسلام‌و مەسیحیەتدایە. مەسیحیەت وەک دەڵێن لەبەرەوامیدایە، لەبنەرەتدا خۆی هەڵگری تۆوی عەلمانیەتەو لەگوزارشتە بەناوبانگەکەی ئنجیلدا خۆی دەنوێنێت (أعطوا قیصر ما القیصر وما الله لله) (ئینجیل متی ٢٢:٢١).

ئەم ڕستەیە کەرووی گەورەی عەلمانیەت بوو، یان بۆ جیاکردنەوەی خودا بوو لەقەیسەر یان جیاکردنەوەی ئاین بوو لەدەوڵەت.

لەبەرامبەریشدا شتگەلێکی زۆر لەقورئان‌و حەدیسدا هەیە ئاماژە بەدیدی عەلمانیەت دەدات، بەناوبانگترینیان حەدیسی (تأبیر النخل) پێغەمبەر بەگەرەکێک لەگەرەکەکانی مەدینەدا تێدەپەڕێت، گوێبیستی دەنگە دەنگێک هات، پرسیاری کردو وتی: ئەوە چییە؟ لەوەڵامدا وتیان کرداری پەڕین بۆ دارخورما دەکەن، پێی وتن: ئەوەش نەکەن دێتە بەرهەم بۆیە کارەکەیان جێبەجێ نەکردوو وازیان لێهێنا، لەدوایدا دارخورماکە نەهاتە بەرهەم‌و خەڵکیش هاتنە لای پێغەمبەرو گلەییان لێکردو پێیان گوت بەقسەی تۆمان کرد بەڵام دارخورماکە بێ بەرهەم بوو، پێی گوتن من مرۆڤم‌و جوتیار نیم ئێوە زیاتر شارەزای کاروباری خۆتانن. لەحەدیسێکی تر دەڵێ (وما قلتە عن الله فهو حق، وماقلتە من قبل نفسی فأنا بشر أخطئ و أصیب).

ئەو جیاکردنەوەیەی پێغەمبەر وەک گوێزەرەوەیەکی وەحی ئیلاهی و وەک مرۆڤێکیش ڕاست‌و هەڵە دەکات‌و مامەڵە لەگەڵ کاروباری دونیادا دەکات لەئاماژە پێکردنێکدا ئەگەر باش تەوزیف بکرێت هیچی کەمتر نییە لەگوزارشتە بەناوبانگەکەی ئینجیل. جیاوازی گەورە لەوەدایە ئەم گوزارشتە ئینجیلییە خاڵی دەست پێکردنی عەلمانیەت نییە لەمەسیحیەتدا، بەڵکو کاتێکەدەستی پێکرد کەرۆژئاوا بووە عەلمانی. وەلێ گرنگی ئەم ڕستەیە لەئینجیلدا دەرکەوت‌و لەتوندوتۆڵکردنی عەلمانیەتدا تەوزیف کراو جەخت لەسەر جیاکردنەوەی ئاینی‌و دنیایی کرایەوە.

بەڵام لەبیرمان نەچێت خودی ڕۆژئاوا بەسروشتی مەسیحیەتی خۆیەوە بەدرێژایی ١٥٠٠ ساڵ ئاین‌و دەوڵەتی تێکەڵ بەیەک کردووە. لەوکاتەوەی دەوڵەت لەسەر دەستی قوستەنتین بووبەنەصرانیەت لەساڵی ٣٣٥ز تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی‌و پاش ئەویش، کەدەوڵەت بەئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆزو ئیمپراتۆریای جێرمانی پیرۆز ناوزەد دەکرا، ئیتر دەبێت ئەم گوزارشتە لەکوێدا کاری خۆی لەمەسیحیەت کردبێت؟

ئەم گوزارشتە کاتێک درکی پێکرا دوای ئەوەی ڕۆژئاوا بووە عەلمانی وەک تەئکید کردنەوەیەک لەجێبەجێ بوونی ڕێڕەوی عەلمانیەت وەلێ لەگەڵ (الاب یواکیم مبارک)دا هاورام کەتێبینی ئەوەی کردووە. زۆرێک لەڕۆژهەڵات ناسان‌و ئەوانەی بەکاروباری ئیسلامیەوە خەریکن، تەنانەت هەندێک لەو سیاسەتمەدارانەی خاوەن بەرژەوەندین ئەم گوزارشتەی ئینجیلیان وەک دژی ئیسلام بەکاردەهێنا: واتە لەبنەرەتدا ئێمە عەلمانین‌و ئێوەش ناعەلمانین، ئەستەمە بتوانن بچنە ناو مۆدێرنەوە وەک ئێمە چوینە ناوی!

جیاوازییەکانی ئەزمونی مێژوویی

× ئەو جیاوازییانە چین لەسەر ئاستی ئەزموونی مێژوویی؟

- جیاوازی گەورە لەنێوان مەسەلەی سەرەتاکانی عەلمانیەتی یەکەمجارو بیروبۆچونە عەلمانیەتەکانی یەکەمجاردا نییە، چونکە ئەوەی ئیسلام بەئاین‌و دەوڵەت پێناسە دەکات (ئەم گوزارشتەش بەهۆی حەسەن بەنناوە بڵاو بۆوە)، زیادەڕۆیی دەکات، سەرنج بدە وشەی (دەوڵەت) هیچ شوێنەوارێکی لەقورئان‌و حەدیسدا نییە، وشەی دەوڵەت لەمۆدێرنەوە دابەزیوە بۆ ئیسلام چونکە لەپێداچونەوەماندا بۆ هەزارەها لەحەدیسە (صحیح و موضوعە)کاندا شوێنەواری ئەم وشەیەمان بەدی نەکردووە.

جیاوازی گەورە لەئەزمونی مێژوویدا ئەوەیە، مەسیحیەت بەسێ سەدەدا تێپەڕیووە پێش ئەوەی قوستەنتین ببێتە نەصرانی، ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی بەسیاسەتەوە نییە، بەڵکو ئەزمونێکی ڕۆحی ڕووت بوو، لەگەڵ بەنەصرانی بوونی قوستەنتیندا ئاین‌و دەوڵەت تێکەڵ بەیەکدی بوون. بەڵام لەئیسلامدا، ئەو ماوەیەی لەمەسیحیەتدا سێ سەدەی خایاند لەئیسلامدا سیانزە ساڵی خایاند، ئەم ماوەیەش خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئیسلامی ڕۆحی‌و ئیسلامی دونیاییە، ئەو کاتەی لەمەککەدا بوون واتە ئیسلامی ڕۆحی ڕووت، ئەم قۆناغەش دەوڵەمەند بوو بەکۆمەڵێک ئەحکامی ڕۆژی قیامەت، بەڵام کاتێک پێغەمبەر کۆچی کرد بۆ مەدینە چەندێک ئەحکامی دی پەیوەندی بە دونیاو مەرجەکانی پەرستنەوە هەبوو لەقورئاندا بەدەرکەوتن، سەرەنجام سروشتی پەیوەندی نێوان ئاین‌و دونیا لەئیسلامی مەدەنیدا گۆڕدرا. پاشان دوای (١٠) ساڵ، ئیسلام دەستی کرد بەچوونە ناو بواری سیاسەتەوە، لەکاتێکدا مەسیحیەت سێ سەدە لەبواری ڕۆحی ڕووتدا مایەوە پێش ئەوەی بگۆڕدرێت بۆ دەسەڵاتێکی زەمەنی، ئەمەش بووە هۆی زیاتر پێشخستنی لایەنی ڕۆحانیەت. مەسیحیەت ڕوبەڕوی دەوڵەتێک بووەوە ئەویش ئیمپراتۆریای ڕۆمانی بوو، لەکاتێکدا ئیسلام لەچوارچێوەی دەوڵەت یان ڕووبەڕووی دەوڵەت نەبۆتەوە. دەوڵەت لەژیانی پێغەمبەردا دروست نەبووە، بەڵکو لەگەڵ فەتحی ئەبوبەکرو عومەردا دەوڵەت دامەزراوە. لەبەرواری نێوان ئەو دوو ئەزمونەدا، تێبینی دەکەین ڕێڕەوی عەلمانیەت لەئیسلامدا قورسترە تا لەمەسیحیەتدا، بۆچی؟ چونکە ئیسلام لەسەرەتاوە تێکەڵ بەمێژووی سیاسی‌و زەمەنی بووە، بێگومان بێئەوەی نکوڵی لەتۆوی یەکەمجاری عەلمانیەت بکەین، ئەوەی بەدوای مێژووی ئیسلامەوە بێت، بەتایبەتی دوای خەلافەتی ڕاشدین تێبینی جیاکردنەوەی نێوان سیاسی‌و ئاینی دەدات لەسەرەتای یەکەمی ئیسلامدا. عەلی هات‌و پایتەختی گواستەوە کوفە، مەعاویە هات بێ دوو دڵی پایتەختی گواستەوە دیمەشق کەلەوکاتەدا زۆرینەیان گواستەوە بۆ بەغداد، لەدوایدا تورکەکان هاتن‌و گواستیانەوە بۆ قوستەنتینیە، کەیەکەم پایتەختی مێژوویی مەسیحیەتە. ئەوەی جێگەی سەرنجە کاتێک سیاسەت تێکەڵ بەئاین بوو فەزڵی سیاسەت بەسەر ئایندا درا، تەنانەت لەپایتەختی دەوڵەتیشدا. لەپاشاندا ئیسلام دووەمین کەرتبوونی گەورەی لەنێوان دوو دەسەڵاتەکەدا (سیاسی‌و ئاینی) بەخۆوە بینی، ئەمەش لەو حەدیسانەداکەپاشتر دابونە پاڵ پێغەمبەر، کاتێک بەنو ئومەیە خەلافەتی گرتە دەست‌و زوڵمێکی گەورەی گەلانی مەحکومداروی موسوڵمانان وەدیارکەوت. وەلێ لەوکاتانەدا چەندێک حەدیس وەک ئۆپۆزیسیۆن لەدژی بەنو ئومەییە بەدیارکەوت، جەخت دەکاتەوە کەپێغەمبەر پێشبینی ئەوەی کردووە خەلافەتەکەی سێ ساڵ دەبێت‌و پاشان (پادشایەکی ستەمکار) لەدوای خۆی دێت. کاتێک مەعاوییە هەوڵیدا پێشتر بەیعەت بۆ کورەکەی یەزید بنوسێتەوە تا لەدوای خۆی ببێتە خەلیفە وتی: (علی سنة الله ورسولە)، بەڵام سەحابەیەک لێی دێتە وەڵام: (لا والله أنت کذاب، إنما علی سنة کسری وقیصر، فلا محمد ولا أبوبکر ولا عمر أورثوها لأولادهم). تێبینی دەکەین لەوەعی ئیسلامی یەکەمدا جیاکردنەوە لەنێوان کسری‌و خەلافەت‌و شێوەی دەوڵەتدا هەبووە، لێرەدا ناڵێم جیاکردنەوەی نێوان دوو دەسەڵاتەکە، بەڵکو تۆوی جیاکردنەوەی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە. پاشان تێبینی دەکەم کاتێک جیاوازی‌و ململانێی سیاسی لەڕۆژگاری خەلافەتی ڕاشدیندا ڕوویدا سیاسەت کەوتە پێش ئایین. کاتێک پیرۆزی ڕووبەڕووی پیس دەبێتەوە سەرکەوتن لەنسیبی پیس دەبێت. تەنانەت ڕۆژی کۆچی دوایی پێغەمبەرو پێش بەخاک سپاردنی، جیاوازی گەورە لەسەقیفەی بەنی ساعیدەدا ڕوویدا، شمشێرو قسەی ناشرینی نێوان ئەنسارو موهاجرین بەڕوویەکدا بەرزبوەوە، دابەش بوون، بۆیە پێشتر عەلی دوورخرایەوە، ململانێی سیاسی ڕوویدا (ململانێ لەسەر دەسەڵات ڕەحم ناکات)و ئاین لەپێناوی سیاسەتدا تەوزیف کرا، بەیعەتی ئەبوبەکر کرا بەخەلیفە، لەسەروبەندی خەلافەتی ڕاشدیندا خەلافەت گۆڕدرا بۆ کوشتارگەی موسوڵمانان. چ لەخەلافەتی ڕاشدین یان ئەمەوی یان عەبباسی یا فاتمیدا موسوڵمانان بەوشێوەیە نەکوژراون، بەو شێوەیەی لەم ململانێیانەدا کوژراون‌و قوربانی موسوڵمانان لەم جەنگانەدا زۆر لەوە زیاترە کەلەفتوحاتەکاندا لێیان کەوتووە! نەخێر زۆر لەوە زیاتریش، سێ لەخەلیفەکانی ڕاشدین تیرۆر کراون، عوسمان جەستەکەی شێوێندرا، ئەوانەی بەشدارییان لەوەدا کردووە (محمد بن ابی بکر) کەپاشتر ئەمیش کوژرا، کاتێک گرتیان‌و لەپێستی گوێدرێژدا ئاگریان تێبەردا! وەلێ عەبدوڵڵای کوری زوبێرو حەسەن‌و حوسێن کوژران، چواردەوری مەدینەش گیرا، هەروەها چوار دەوری مەککەش کەبەبێ گوێدانە ڕێزی ئەو شارە، ئاگر باران کراو تەنانەت کەعبەش سوتێنرا. هەموو ئەم توندوتیژییە لەنەوەی یەکەمی سەحابەکاندا بەردەوام بوو کەسیاسەت بەسەر ئایندا زاڵ بووە.

ئەگەر بڵێین عەلمانیەت لەهەندێک لەپێناسەکانیدا درێژبونەوەی بەردەوامی پایەبەرزی سیاسەتە ئەمە واقعی دەوڵەتە، تێبینی دەکەین خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی، بەتایبەتی دوای ئەوەی بوەیهیەکان بەسەر دەسەڵاتدا زاڵ بوون، دەسەڵاتی ئاینییان بۆ خەلیفەکان بەجێ هێشت، بۆیە ئەوەی لەڕۆژئاوا لەنێوان پاپاو ئەباتیرەو پادشاکاندا ڕوویدا، لەئیسلامیشدا ڕوویدا، ململانێی هاوشێوە لەئیسلامدا لەنێوان خەلیفەو ئەمیرو سوڵتانەکاندا ڕوویدا، ئەمەش بەئاشکرا لەناوەکانیاندا وەدیار دەکەوێت، بۆ نمونە خەلیفەکانی (متوکل علی الله و المعتضد بالله و المعتصم بالله) لەبەرامبەردا ناوی سوڵتانەکانی وەک (معز الدولە و سیف الدولە و ضد الدولة) ئیتر ئەو جیاکردنەوەیە ئاشکرایە کەخەلافەت ئینتیمای بۆ لاهوت هەیەو سیاسەتیش بۆدەوڵەت، وەلێ باڵا دەستی بۆ خەلیفەکان نەبوو، بەڵکو بۆ ئەمیرو سوڵتانەکان بوو. ئەو دیمەن‌و پێشەکیانە هەموویان ئاماژە بەوە دەکات کەئەفسانەی ئیسلام وەک دەوڵەت ئەفسانەیەکی ئایدۆلۆژی دروست کراوی مۆدێرنەیە نەک ڕاستیەکی مێژوویی ناو ئاین.

هەمووئەم پێشەکیانە بۆئەوە بڵێین تێکەڵ بوونی ئیسلام بەعەلمانیەت کارێکی زۆر قورس نییە بەبەراوورد بەمەسیحیەت. وەلێ لەمەسیحیەتدا تۆوی عەلمانیەت گەشەی نەکردووەو ببێتە دارێک‌و دارستانێک، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کاتێک دابڕانە مەعریفیەکەی ڕۆژئاوا لەگەڵ خودی خۆیدا ڕوویداو بووە عەلمانیەت، مەسیحیەت گەڕایەوە مێژووی خۆی بۆ ئەوەی ئەم عەلمانیەتە بدۆزێتەوەو تەبریری بۆ بکات. مەزەندە دەکەم ئیسلام دەچێتە ئەم قۆناغەوەو لەپاشانیشدا بۆ ڕابردووی دەگەڕێتەوە تائەو تۆوە بدۆزێتەوەو ناوێکی نوێی پێ دەبەخشێت، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر پێویستە بۆخودی ئیسلام، یارمەتی دەدات لەئیسلامێکی سیاسییەوە بگۆڕدرێت بۆ ئیسلامێکی ڕۆحی وەک ئەوەی لەمەسیحیەتدا بەتەواوی ڕوویدا، بەم شێوەیە مەسیحیەت بەهۆی عەلمانیەتەوە لەکۆت‌و زەلیلی سیاسەت ڕزگاری بوو، بۆیە مەزەندە دەکەم کاتی وەدیارکەوتنی ئیسلامی ڕۆحی هاتووە، فەرمانڕەواو ئۆپۆزیسیۆن‌و پیاوانی ئاینی وەلا بنرێت. ڕۆحگەرایی دەروازەی ئیسلامە بۆ مۆدێرنە، کاتێک ئەمە ڕوودەدات ئەم پەرچەکردارەی ئێستای لەتوندو تیژی‌و زۆرە ملێیی‌و ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە نابینێ.

لەجیهانی عەرەبیدا عەلمانیەت نییە

ئایا عەلمانیەت میکانیزمێکە یاخود ئامانجێکی ئایدۆلۆژییە؟ تا چەند ئەم دروشمە لای ئەو پارتانەی لەکۆمەڵگە عەرەبیەکاندا بەدەسەڵات گەیشتوون چارەسەر کراوە؟

نا، نا، بەهیچ جۆرێک ناکرێت عەلمانیەت ئامانجێکی ئایدۆلۆژی هەبێت، چونکە عەلمانیەت باوەڕدارو بێباوەڕی وەک یەک لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. عەلمانیەت خاڵی تێگەیشتنی نێوان ئیماندارو ئەوانی ترن، وەلێ سەرەنجام بێ ئیمانی جۆرێکە لەئیمان. عەلمانیەت ئەو جومگە پێچاوپێچەیە کەوا دەکات هەموو بازنەکان خول بخوات. عەلمانیەت ئەگەر گۆڕدرا بۆ ئایدۆلۆژیا ترسناک دەبێت، بەڵگەش مێژووی عەلمانیەت پێشکەشی دەکات، بۆ نمونە ئەوەی لەدەوڵەتە کۆمۆنیستەکاندا تێبینیان دەکرد، نا لەبەرئەوەی ئاینی لەدەوڵەت جیاکردۆتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئاینی گەڕاندەوەو چووە ناو جەنگێک دژی کاسۆلیک‌و دژی ڕێکخستنی کەنیسەیی. ئەمە لەڕاستیدا دەوڵەتی عەلمانیەتی ڕاستەقینەی نەبوو، بەڵکو ئایدۆلۆژگەرای عەلمانی بوو، کەدژی ئاین جەنگا. دەوڵەتی ڕاستەقینەی عەلمانیەت جەنگ دژی ئاین ناکات، بەڵکو ئازادی ئاین بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات.

× سەبارەت بەدروشم‌و مومارەسەکردن لەئەزمونی عەرەبیاندا چی دەڵێی؟ مەبەستم لەو پارتە عەرەبیەکانە کەبەدەسەڵات گەیشتوون؟

- لەسەر وشەی (عەلمانیەت) لەپرسیارەکەدا نارازیم، تا ئێستا دان بەبونی هیچ پارتێکی عەلمانیدا نانێم لەجیهانی عەرەبیدا. ئایا ئەوانە لەڕاستیدا عەلمانین؟ بۆنمونە ڕوونەداوە ئاین تەوزیف بکرێت لەسوریا وەک چۆن لەڕۆژگاری عەبدولناسردا لەسەردەمی یەکگرتندا ئاین تەوزیف کرا، مزگەوتەکان لەفەرمانگە فەرمیەکاندا کرانەوە، هەموو بونەو دانیشتنەکان بەناوی خواوە دەستی پێدەکرد. دەڵێم ناسری‌و بەعسیەکان نەپارتی عەلمانی بوون‌و نەئاینی، لەڕاستیدا تراژیدیای عەلمانیەت لەوەدایە کەپارتە پێشکەوتوخوازوکۆمۆنیستی‌و بەعسیەکان بابەتی عەلمانیەتیان غافڵگیرکردبوو، لەگەڵ جەماوەرو ئیسلامیەکاندا ڕێیان کردووە بۆ ئەوەی بەر وەعی ئاینی نەکەون‌و بگەنە دەسەڵات. مەزەندە دەکەم ئەوانە پارتی هەڵپەرست بن، بەمانای جەماوەر بۆ خۆیان کێش بکەن بێ ئەوەی لەگەڵ وەعیاندا بەریەک بکەون. ئەوانە پارتی پێشڕەو نەبوون بەڵکو پارتی جەماوەری بوون بۆیە مەسەلەی عەلمانیەت بزر بوو، بەشێوەیەکی جدی باسی لێوە نەکراو پێشنیار نەکرا. مەزەندە دەکەم هەموو ئەو دیکتاتۆریانەی دایانمەزران هەموو ئەو شکستانەی لەئەزموونەکانیان وەدەستیان کەوت، پەیوەندی بەعەلمانیەتەوە نییە، بۆیە مەزەندە دەکەم لەمەدا بەتایبەتی ڕەتکردنەوەی سروشتی عەلمانیەتە. وەلێ چەوساندنەوە کاتێک دەروازەکانی دادەخرێت، بێ لەئاین هیچ دەروازەیەکی تر نادۆزرێتەوە، کاتێک دەرگاکانی سیاسەت بەسەرخەڵکدا دادەخرێت‌و ڕێگەی کاری سیاسیان لێ دەگیرێت ئیتر دیموکراسیەت شەلەل دەبێت. سەرەنجام چەوساندنەوەی ئەمڕۆ گەورەترین خزمەت بەکێشمەکێشە ئاینی‌و ئوسولیەکانی کۆمەڵگا عەرەبیەکان دەهێنێت.

×لەسایەی ململانێ‌و کێشمەکێشی ئێستای جیهانی عەرەبیدا، چۆن دەکرێت لەو قەیران‌و بەربەستانە ڕوەو ئاسۆی هیواو دیالۆگ دەربچن؟

-لەبەرئەوەی ململانێکان دوورن لەتوندو تیژی ئەوا سودی هەیەو نیشانەی تەندروستییە. من باوەڕم بەهام بەیەکگرتنی گەل نییە، ڕەنگە ئەم مەسەلەیە ڕووەو قەیرانێکی گەورەمان بەرێت، ڕووەو ئەفغانیەکانی تالیبان یان نازییەت. لەدیموکراسیەتدا تەواو پێچەوانەی نمونە بەناوبانگەکەیەوە، چەندە دارگۆچانەکە شکا یان بەئاسانی بشکێت دیموکراسیەت بەهێزترو سەقامگیرتر دەبێت. دیموکراسیەت لەگەڵ یەکێتی بۆچون‌و ئیجماعدا وێک نایەتەوە. ئەفسوس کلتوری ئێمە لەسەر بیرۆکەی ئیجماع وەستاوە. ئەم ئیجماعە دەبێتە هۆی مەترسی‌و ڕەتکردنەوەی بەرامبەرو (حدیث الفرقة الناجیة)! ئەمە بەسەر هەمواندا لەچەپ‌و ناسیۆنالیست‌و ئوسولیەکاندا جێبەجێ دەبێت. واتە مەزەندە دەکەم لەبەرئەوەی ململانێ بکات دوورن لەتوندو تیژی‌و ڕێز لەبنەماکانی گەمەی دیموکراسیەت دەگرن ئەوە نیشانەی تەندروستی‌و چاکەو پێشکەوتن‌و فرەییە.■

تێکەڵ بوونی ئیسلام بەعەلمانیەت کارێکی زۆر قورس نییە بەبەراوورد بەمەسیحیەت. وەلێ لەمەسیحیەتدا تۆوی عەلمانیەت گەشەی نەکردووەو ببێتە دارێک‌و دارستانێک، بەڵکو بەپێچەوانەوە، کاتێک دابڕانە مەعریفیەکەی ڕۆژئاوا لەگەڵ خودی خۆیدا ڕوویداو بووە عەلمانیەت

ناکرێت عەلمانیەت ئامانجێکی ئایدۆلۆژی هەبێت، چونکە عەلمانیەت باوەڕدارو بێباوەڕی وەک یەک لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. عەلمانیەت خاڵی تێگەیشتنی نێوان ئیماندارو ئەوانی ترن، وەلێ سەرەنجام بێ ئیمانی جۆرێکە لەئیمان. عەلمانیەت ئەو جومگە پێچاوپێچەیە کەوا دەکات هەموو بازنەکان خول بخوات

پەژارەی هاووڵاتی

بۆچی هاوڵاتیان رو دەکەنە بازاری کۆنە فرۆشەکان؟

بەدواداچونی کۆچەر کەریم حەمە

■ ئێمە هەموو جۆرە کەسێک مەمنونمان دەبێت بۆ ئەوەی شتمان لێبکرن، چونکە شتەکانی ئێمە لەگەڵ بازاری دەرەوە چوار قات نرخی کەمترە

لەئەنجامی ئەو گرانییەی کەئەمرۆ لەبازارەکاندا سەری هەڵداوە کەنیگەرانییەکی گەورەی لای خەڵکی دروست کردووەو وای کردووە لەخەڵکی کەبترسن لەوەی جارێکی تر گرانی سەرهەڵداتەوەو خەڵکیش سەریان لەوە سوڕدەمێنێ کەبۆچی حکومەت بێ دەنگە لەم گرانییە، ئەگەر دیقەتێک لەشتو مەکەکانی بازار بدەین، دەبینین دوو قات نرخی زیادی کردووە، ئەم گرانیەش هەموو جۆری کەرەستەکانی گرتۆتەوەو ئەگەر جۆرێکی کەرەستەی پۆشاکی وەربگرین، دەبینین خەڵکی لەپۆشاکی نوێی بازار خۆی دەشارێتەوەو روو دەکاتە بازاری کۆنە فرۆشەکان واتە بازاری لەنگەکان، بۆ چاودێریکردنی ئەم کێشەیە(چاودێر) لەگەڵ سێ دوکانداری بازاری لەنگەکە دواو پێیان وتین:

چەند ساڵێک پێش ئێستا ئەم بازاری لەنگەیە بێ بازارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی کەتەنانەت رووی چۆڵی پێوە دەرکەوت، بەڵام بۆ ماوەی ساڵێکە بەهۆی ئەو گرانییەی کەلەبازارەکانی کوردستاندا دروست بووە، خەڵکی جارێکی تر روو دەکەنەوە بازارەکەمان و بەشێوەیەکی بەقیمەت سەیری شتەکانمان دەکەن و کڕیار لەژمارە نایە، شتومەکی ئێمە بریتی نییە لەتەنها شتی کۆنە، بەڵکو ئەو کەلوپەلەی لەوێ مۆدێلی بکات، چونکە هەقوایە کەخەڵکی مەمنونمان بن کەشتیان پێ بفرۆشین، بروا بکە تەنها ئێمەین کەشتمان گران نەکردووە، ئەو بەسەر دەچێت، دەینێرن بۆ ئێمە کەشتی باش و بەقیمەتن. (عەلی ساڵح مراد) ئەمەی وت.

(شوانە محەمەد مەولود)یش دەڵێت:

ئێمە هەموو جۆرە کەسێک مەمنونمان دەبن بۆ ئەوەی شتمان لێبکرن، چونکە شتەکانی ئێمە لەگەڵ بازاری دەرەوە چوار قات نرخی کەمترە، هیچ کەسێک بۆی نییە بەچاوی بێ رێزەوە سەیری شتومەکەکانمان خەڵکی کەدێنە لامان بەردەوام پرتەو بۆڵەیان دێت بەدەستی گرانی بازاری دەرەوە ناهەقیشیان ناگرین چونکە شتومەک ئێجگار گران بووە.

(محەمەد دارا مەحمود)یش هەر سەبارەت بەم دیاردەیە وتی:

لەبەرئەوەی کەجارێکی تر خەڵکی روو دەکەنە بازارەکەمان بۆ کڕینی شتومەکەکانمان لەئەنجامی ئەم قەرەباڵغیە نرخی کرێی دوکان لەم بازارە بەشێوەیەکی خێرا بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە بازاری دووکاندارەکان زۆر باشن. خەڵکی بەلێشاو رووومان تێدەکەن، ئەویش بەهۆی گرانی بازاری دەرەوە ئێمە ئەو ماوەیەی کەبێ بازار بووین کەلوپەلەکانمان دەناردە قەزاو ناحیەو لادێکان، بەڵام ئێستا خەریکە ئەوە نامێنێت. ئێمە شتومەکەکانمان گران نەکردووە مەگەر چۆنها ئەگەر لەپارچەیەکی حەوت هەزاریدا تەنها هەزار دینار زیادی کردبێت، نەک وەک بازاری دەرەوە ئەگەر ئەمرۆ کراسێک ١٥ هەزار بێت دوای دوو سێ رۆژ ١٨ هەزارە، بێ ئەوەی هیچ بوبێت.

لەمەدا بەئاشکرا هۆکاری گەڕانەوەی خەڵک بۆ بازاری لەنگەکان دەردەکەوێت و ئەمە بەڵگەی تەواوی گرانی بازارو بێ بەرنامەیی حکومەتە لەو رووەوە خەڵکی چیتر بڕوایان بەحکومەتیش نەماوە لەگرتنەبەری رێگەچارەی گرفتی گرانی بازار، بۆیە هاوڵاتیان خۆیان بەدوای بەدیلدا دەگەڕێن و دەگەڕێنەوە بۆ بازاری کۆنەکان.■

خەڵك و حكومەت

بروسکەیەک بۆ حکومەت:

ئەگەر هاوکاری ئەم ئەندازیارە نەکەن، جارێکی تر هەوڵی خۆکوشتن دەدا!

یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان هاوڵاتییەکی کوردی سوریا بەناوی عەلی محەمەد شێخۆ لەبەردەم باخی گشتی لەسلێمانی لەرێی خواردنی دەرمانی کوشندەوە هەوڵی خۆکوشتنی دا.

ئەم هەواڵە جێگەی نیگەرانی زۆر لەو کەسانە بووکە ئاگاداری وردەکاری ئەم هەوڵە خۆکوژیەبوون، وەهەروا ئاگاداری بارو گوزەرانی ئەم کوردە ئاوارەیەبوون کە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لەزانکۆی حەلەب-کۆلێژی زانست لەبەشی جیۆلۆجی.. هەوڵی خۆکوشتنی ئەم ئەندازیارە جیۆلۆجییە، هاوکاتە لەگەڵ هەوڵ و نارەزاییەکانی کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان سەبارەت بە نەبوونی دەرماڵەی جیۆلۆجی و فیزیایی وکیمیاییەکان..

لەکاتێکدا جیۆلۆجییە دامەزراوەکانی وڵاتی ئێمە نارەزایی دەردەبڕن بەرانبەر نەبوونی دەرماڵە، لەبەرانبەردا جیۆلۆجیەکی تری ئاوارەمان هەیە تەمەننای ئەوە دەکا ئەگەر دەرماڵەیشی نەبێ قەیناکا، تەنها بەوە رازییە کە لەیەکێک لەفەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمدا دابمەزرێ و چیتر کرێکاری نەکات، و رێز لەبڕوانامەکەی بگیرێ..

لەحکومەتی هەرێم دەپرسین: ئایا رەوایە ئەندازیارێکی جیۆلۆجی کە کوردبێ، ئاوارەبێ، هەوڵی خوکوشتنی دابێ، مافی دامەزراندنی نەبێ، لەکاتێکدا خۆی بە "چاودێر"ی راگەیاند: "جارێکی تر هەوڵی خوکوشتن دەدەم گەربێتو گوێ لەسکاڵاکانم نەگیرێ و مافی دامەزراندنم پێ نەبەخشرێ، لەکاتێکدا من ئامادە نەبووم تەنها رۆژێک سەربازی بۆ حزبی بەعسی سوری بکەم کە مافی هاووڵاتیبوونی لەکوردەکان سەندۆتەوەو ئامادە نەبووە رەگەزنامەیشیان بداتێ".

دیسانەوە لەحکومەتی هەرێم دەپرسین: رەوایە مافی هاووڵاتیبوون لە ئەندازیارێکی کوردی ئاوارە بسەنرێتەوەو دانەمەزرێنرێ کە موچەکەیشی ١٠٪ی موچەی ئەو لێشاوی مودیر عامانە ناکات کە لەسەر میلاکی حکومەتی هەرێم دامەزراون.؟

ئەم جیۆلۆجیستە خەمی زۆرەو زۆریش خۆی بە پەراوێزکراو دەزانێ، و ئەرکی حکومەتی هەرێمیشە هەروەک چۆن خۆی بە حکومەتی هەمووان دەزانێ، لەپێناو رزگارکردنی ژیانی و بەرگرتن لە دووبارەبوونەوەی هەوڵی خۆکوشتن، هاوکاریبکاو لەیەکێک لەفەرمانگەکانی حکومەتدا دایبمەزرێنێ.

دواجار داوا لەو لێپرسراوانە دەکەین کە ئەم ستونە دەخوێننەوە، ئەگەر لەخەمی ئەم ئەندازیارەن و دەتوانن کارێکی بۆ بکەن، با رۆژنامەی "چاودێر"ی لێئاگاداربکەنەوە، و هەر هەوڵێکیش بۆ هاوکاریکردنی ئەم ئەندازیارە "چاودێر" بەسوپاسەوە ستایشیدەکا.■

خەمخۆرێک

هەڵوەستەیەک لەبەرامبەر بریارەکانی وەزارەتی پەروەردە

ئارەزوو محەمەد

■ خۆشیان لەبێ بنەمایی بریارەکەی خۆیان گەیشتن

لەم چەند ساڵەدا چەندین بریاری وەزارەتی پەروەردەمان بینی کەهەندێکیان جێگەی دەست خۆشییەو هەندێکیشیان جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، یەکێک لەو بریارانە ئەوەبوو کەخوێندکاری دوو ساڵە لەپۆلی شەشدا بۆیان نییە لەهەردوو کۆلیژی (پزیشکی و ئەندازیاری) وەربگیرێن، من لێرەدا دەڵێم: تاوانی خوێندکارێک چی بێت کەلەتوانایدا نییەو ناتوانێت مامۆستای تایبەتی بگرێت بەو برە پارە زۆرە خەیاڵییەی لەبەرامبەر هەر سەعاتێکی وانە وتنەوە ئەو مامۆستایە وەری دەگرێ.

ئەمە ئاساییە بۆ خوێندکارێک کەهەیەتی و یاخود کەسوکاری بەرپرسێکە، بەڵام ئەی ئەو خوێندکارێک بڵێ چی کەهێندە دەست کورتە لەلایەک ئیشوکار دەکات و لەلایەکی تریشەوە دەخوێنێ و هێندە کاتی نامێنێتەوە کەبخوێنێ؟ بۆیە بەناچاری خۆی دەهێڵێتەوە بۆ ساڵێکی ترو دەبێت بەدوو ساڵە، ئەو لەدووەم ساڵیدا بەرەنجی شانی خۆی دەتوانی نمرەیەکی بەرز بەدەست بێنێ، بۆچی نابێت لەو کۆلیژانە دەوام بکات کەرۆژێک لەرۆژان خەونی پێوە بینیوە؟ بەڵام ئەمساڵ بریارێکی زۆر سەیرم بیست ئەویش هەڵوەشاندنەوەی بریارەکەیە کەگوایە ئەمساڵ خوێندکاری دوو ساڵە لەو کۆلیژانە وەردەگیرێت، من لێرەدا دەپرسم: بۆ چەند ساڵێک ئەو کۆلیژانە قەدەغە کراو وای کرد کەهەندێک خوێندکار لەبەئەوەی خەونەکانیان بهێننە دی، بچنە زانکۆکانی ناوەراست و باشوور و لەناو ئەو ئاگر بارانەدا خوێندن تەواو بکەن لەبەرناچاری، بەڵام ئەمرۆ لەبریارەکە پاشگەز بونەتەوە؟

پاش ئەوەی خۆشیان لەبێ بنەمایی بریارەکەی خۆیان گەیشتن.

لەدواجاردا دەڵێم: دروست وایە کاتێک کەبریارێک دەردەکرێت باش بیری لێ بکرێتەوە ئینجا رابگەیەنرێت و کاری پێ بکرێت، نەک هەر شتێ هات بەخیاڵیاندا رایبگەیەنن و پاش ماوەیەک لێی پەشیمان ببنەوە، وەکو ئەو بریارەی سەرەوە.

هەربۆیە دەڵێم: بەدووری نازانم ئەو کەسانەی بریارەکەیان دەرکردووە خۆیان منداڵەکانیان لەوبارەدا بن، بۆیە پێشتر خەمیان بۆ دەخۆن، بۆئەوەی لەئەنجامدا هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەبێت..!■

هیوادارم هەر چاودێر بن

جەمال

■ ئایا ئەکرێ بەرژەوەندی گشتی بکرێ بەقوربانی چەند کەسێک؟

شارەوانی سلێمانی چەند بەشان و باڵی خۆیاندا هەڵ بدەن لەئاستی خزمەتگوزاریکانی رۆژانەیاندا بیانەوێت خەڵک لەچوارچێوەی وێنەی بەر دەرگای شارەوانیدا بیانناسنەوە ئەوا لەئاستی کەمتەرخەمی و چاوپۆشیەکاندا لەبەرامبەر خاوەن تەلارەکاندا کەچۆن توانیویانە بەرژەوەندی گشتی بکەنە قوربانی مەرامەکانیان ئەویش فرێدانی کابینەکانی راوەستانی پاس هەرواش لەچوارچێوەی کەمتەرخەمییەکاندا ئەناسرێنەوە؟!

لێرەدا روو لەدەروون و هەستی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەرانەی بەرێزان پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکی شارەوانی دەکەم وەک خەمخۆری میللەت لەئاستی ئەو ئاماژانەدا کەپەنجەی بۆ درێژ دەکەم، هیوادارم بەسنگێکی فراوانەوە ئاماژەکەم قبوڵ بفەرموون، چونکە لەبەرژەوەندی گشتیدایەو یاساش بەرکەماڵە.

لەژمارە (٧١ یان ٧٢)ی رۆژنامەی سلێمانی نوێ بوو بابەتێکم لەسەر شەقامی سالم بەتایبەتی سنورو بەردەمی بازاری سەهۆڵەکە بڵاوکردبۆوە لەسەر گیروگرفتی راوەستانی پاس لەکاتی گەرمەی هاتوچۆی فەرمانبەراندا بەهۆی تەسکی شەقامەکەو کابینەی راوەستانی پاس لەبەردەم تەلاری کارۆخ.

جاری وا هەبووە (١٠) پاس زیاتر بەسەریەکەوە وەستاوەو قەرەباڵغیەکی تەواوی دروست کردووەو بۆتە مایەی رووداوی ناخۆش و پێکدادان.

لەبابەتەکەمدا داوام کردبوو (٢م) کابینەکە بچێتە دواوە و هەتا شوێنەکە فراوان بکرێت بۆ راوەستانی پاسەکان لەکاتی سەرکەوتن و دابەزیندا هەتا رێگەی گشتی تەسک نەبێتەوە لەکاتی هاتوچۆی گشتی، بەڵام شارەوانی چاوی لەکێشەکە نوقاند؟! ئەمەی سەرەوە وەک بیرخستنەوەو زیندوکردنەوەی کێشەکە؟ دیسانەوە شەقامی سالم لەگەڵ روانین و سەرنجەکانم بروانن لەشەقامی سالم بەردەم تەلاری سلێمانی مۆڵ و بەردەم بەرێوەبەرایەتی گومرگ یان کۆمپانیای کۆنکا دەپرسم کابینەکان لەبەرچی لابران؟

ئایا بەرژەوەندی تاکەکەس لەسەرو بەرژەوەندی خەڵکەوەیە یان ... کاتێک چاوم کەوت بەکابینەکان کەبینیم فرێدرابوون یەکێکیان لەبن دیواری مزگەوتەکەی (حاجی مەحمودی حەمەی کوڵەک) ئەوی تریشیان لەپشت فەرمانگەی گومرگ نزیک پاسەوانەکانی پەروەردە لای مەخزەنەکە.

سەرم سورما بەلابردنی کابینەکان چ پاساوێک هەڵئەگرێ بۆ بێ دەنگ کردنی حکومەت؟

ئایا ئەکرێ بەرژەوەندی گشتی بکرێ بەقوربانی چەند کەسێک؟ ئەگەر پاساوی خاوەن تەلارەکان ئەمە بێت بڵێن زەویەکە هەمووی موڵکی خۆمانە ئەی نەئەکرا کەمێک سۆزو میهرەبانی بنوێنن و کەمێک لەو شوێنەی کەوەک گەراج وایە بتان بەخشیایە بەخزمەتی گشتی؟

دەبوایە هەرخۆشتان کابینەیەکی جوانتان وەک دیاری ببەخشیایە بەخزمەتی گشتی هەتا لەکاتی سەرماو باران و گەرما خەڵکی لەژێریدا رابوەستایە.

تۆ بڵێی لێپرسراوان و خاوەن تەلارەکان بەلای کێشەکەدا بچن و کەمێک بیری لێبکەنەوە؟■

بۆ بەردەم بەرێز بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی

م. عەدنان

■ چەند جارێک هەوڵی زەهر خواردکردن و کوشتنیان داوم!

من کەهاوڵاتیەکی دانیشتوی شاری سلێمانیم، ناوم (عەدنان کەریم)ە، داوایەکم هەیە بۆ بەردەم بەرێزتان کەخۆی دەبینێتەوە لەسکاڵایەکدا بەرامبەر بەدوو کەس بەناوی (نەزیرە رەئوف فەتاح و مونیرە رەئوف فەتاح)، کە دوای روودانی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵیاندا کەئەوان بەهەر جۆرێک بێت وایان کرد کەلەگەڵ من و لە خانوەکەمدا بۆ ماوەیەکی کەم بژین، دواتر چەند جارێک هەوڵی زەهر خواردکردن و کوشتنیان داوم و ئێستا من لەوان جیابومەتەوە و کێشەکەم بەردەوامە و ئەوکارانەی ئەوان بەکارێکی تیرۆریستی دەزانم، بۆیە داواکارم لەبەرێزتان کەئەمر بفەرمون بەلێکۆڵینەوە لەم کێشەیەو چارەیەکم بکەن.

لەگەڵ رێزمدا..■



وەرگێڕانێک لەزمانی زگماکەوە

هەڵبژاردنی دوای دەستور

میشێل رۆلاند

و. لە ئینگیلیزیەوە: عەزیز رەئوف

رۆژی ١٥ی دیسەمبەری ئەمساڵ هەڵبژاردن لە عیراقدا ئەنجام دەدرێت و پێدەچێت ئەم هەڵبژاردنە جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بەو پێیەی کە هەڵبژاردنی ٣١ی کانونی دووەمی ئەمساڵ بە نسبەت عیراقییەکانەوە دوای روخانی سەدام حسێن ئەنجام درا و هێشتا زوو بوو. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پێدەچێت سەرکەوتووتر بێت لە هەڵبژاردنی رابردوو چونکە ئێستا عیراق خاوەنی دەستوری هەمیشەیی خۆیەتی و گەلانی عیراق بەزۆرینەی دەنگ بە بەڵێ دەنگیان بەو دەستورە دا.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە ئێستا خەڵکی عیراق چاوکراوەترن و لە ماناو مەغزاکانی هەڵبژاردن و ئاکامە پۆزەتیڤەکانی گەیشتوون.

ئەمە گرنگترین رۆژە بۆ عیراقییەکان کە بتوانن تەعبیر لە خۆیان بکەن. ئەمە ئەو رۆژەیە کە عیراق بەرەو سەربەخۆیی وئازادی دەبات. رەشنوسکردنی دەستوری هەمیشەیی عیراق پرۆسەیەکی بێوێنە بوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەجۆرێک تاکو ئێستا هیچ وڵاتێک نییە لە ناوچەکەدا دەستوری نوسیبێتەوە بە هاوبەشی لەگەڵ سەرجەم هێز و کەمایەتییەکانی وڵاتەکەیدا.

دە خاڵی زۆر سەرەکی هەیە کە پێویستە عیراقییەکان جەغتی لەسەر بکەنەوە لە هەڵبژاردنی ١٥ی مانگدا فەرامۆشی نەکەن:

یەکەم: چەمکی دیموکراسییە. عیراقییەکان بەبێ بوونی دیموکراسی ناتوانن لە سایەی هیچ بنەماو رێسایەکی ئاینی دا بژین. هەر بۆیە چەمکی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی دیموکراسییە.

دووەم: سیستەمی فیدرالی. عیراق وڵاتێکی فرە کەلتور و نەتەوە و فرە زمانە، یەک سیستەمی دەسەڵاتی مەرکەزی ناتوانێت سەرجەم عیراقییەکان لە سایەی خۆیدا کۆ بکاتەوە. بۆیە دەبێت عیراق خاوەنی چەندین دەسەڵاتی لۆکاڵی بێت بۆ ئەوەی سەنتەری دەسەڵات لاواز بکرێت. بەمەش رێگە لە دروستبوونی دیکتاتۆری تاک دەسەڵات دەگرێت. بۆیە هەر هێزو لایەنێک گەرخۆی کاندید بکات دەبێت ئەو راستییە بزانێت کە عیراق تەنها لە گروپ و نەتەوەکەی ئەو پێک نەهاتووە و ئەو وڵاتە پڕە لە هێز و نەتەوەی جیاواز.

دروستبوونی دەسەڵاتی لۆکاڵی لە شێوەی سیستەمی فیدرالیزمدا و چەسپاندنی لە دەستوری هەمیشەیی عیراقدا سەرەتایەکی باشە بۆ ئازادی تاک لە عیراقدا، چونکە هاوڵاتییەکی باشوری عیراق لەگەڵ باکوردا جیاوازی زۆریان هەیە ناکرێت یەک یاسایان بەسەردا بسەپێنرێت. بەڵکو دەبێت هەر ناوچەیە لە عیراق خاوەنی دەسەڵاتی تایبەت بە خۆی بێت.

ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە سەرجەم هێزە عیراقییەکان بەشداری تێدا دەکەن بە تایبەت سوننەکان کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ٣١ی کانوونی دووەمدا ئەو پرۆسەیەیان بایکۆت کرد و بەشدارییان تێدا نەکرد.

ئەوەی سەرجەم هێزەکان و ئیدارەی سەرۆک بۆشیش جەغتی لەسەر دەکاتەوە ئەو راستییەیە کە عیراق بە بێ دیموکراسی و فرەیی هەڵناکات و ئەزموونی زیاد لە دوو ساڵی دەسەڵاتی هێزە عیراقییەکانی دوای دیکتاتۆر ئەو راستیەی سەلماند.

لێرەوە دەگەینە ئەو راستییەی عیراقییەکان بۆ دیاریکردنی سەرکردایەتی و پێکهێنانی حکومەتێکی شەرعی جگە لە هەڵبژاردن هیچ خیارێکی تریان لەبەردەمدا نییە. بۆیە ناکرێت ئەو راستییە بشارینەوە کە عیراق بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسییانە دەبێتە وڵاتێکی ئازادی و مافی مرۆڤ پارێز لە ناوچەکەدا کە دەکرێت ببێتە نموزەجێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.■

تاڵەبانی لە ڤاتیکان

زانا مەجید

سایتی VOA رۆژی ٨ی ئەم مانگە هەواڵی سەردانی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراقی بۆ وڵاتی ئیتالیا بڵاوکردۆتەوە.

ئاراستەی سەفەرەکانی مام جەلال وەک یەکەم سەرکردەی شەرعی و هەڵبژێردراوی عیراق بەرەو وڵاتانی ئەوروپا مانا و مەغزای خۆی هەیە. ئەم سەردانەی مام جەلال بۆ هەر وڵاتێکی ئەوروپا گرنگ بێت ئەوا بۆ ئیتالیا گرنگی خۆی هەیە ئەمەش لەبەر ئەم دوو هۆکارە سەرەکییەی خوارەوە.

یەکەم: ئیتالیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە سوپای بۆ عیراق رەوانە کردووە و بەشداری شەڕی دژە تیرۆری لەو وڵاتەدا کردووە.

لەم پێوەندگەوە سەرۆک تاڵەبانی زۆر بە راشکاوی رۆڵی سەربازە ئیتالییەکانی لەعیراقدا بەرز نرخاندووە و داوای لە سەرانی ئەو وڵاتە کردووە کە لە عیراقدا بمێننەوە، چونکە گەلی عیراق چاکەی سەربازەکانی هێزی هاوپەیمانان بەگشتی و سەربازە ئیتالییەکان بۆ پاکردنەوەی ئەو وڵاتە لە تیرۆرستان هەرگیز فەرامۆش ناکات.

خاڵی دووەمی گرنگی سەفەرەکەی مام جەلال بۆ ئیتالیا چاوپێکەوتنی سەرۆک کۆمارە لەگەڵ پاپای ڤاتیکاندا. لەم سەردانەدا بۆلای پاپای ڤاتیکان تاڵەبانی دەیەوێت نزیک بوونەوە و لێکتێگەیشتنێک لەنێوان موسوڵمانانی جیهان و مەسیحییەکاندا بخوڵقێنێت.

تاڵەبانی وەکو سەرۆک کۆماری وڵاتێکی ئیسلامی دەیەوێت ئەو راستییە بۆ گەلانی جیهان ئاشکرا بکات کە ئەو تیرۆر و کارە دزێوانەی بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێت گەلی عیراق لێی بێبەرییە. هەروەها سەرۆک کۆماری عیراق دەیەوێت ئەو راستییە بۆ پاپای ڤاتیکان روون بکاتەوە کە مەسیحییەکانی عیراق هاوڵاتی عیراقین و مافیان بەسەر ئەو وڵاتەوە هەیە. ■

سەفەرەکەی رایس بۆ عیراق

کاوە نادر

سایتی Guardian رۆژی ١١ی ئەم مانگە راپۆرتێکی تێروتەسەلی لەبارەی سەردانەکەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عیراق بڵاوکردۆتەوە.

لەسەردانێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا رایس گەیشتە عیراق و لەبەر خراپی بارودۆخی ئەمنی تاکو رایس نەگەیشتە شاری موسڵ سەردانەکەی بە شێوەیەکی رەسمی وەک هەواڵ رانەگەیەندرا. رایس لە راگەیاندنێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرجەم پێکهاتە و گروپە عیراقییەکان پێویستە ناکۆکییەکان وەلاوە بنێن و یەک بگرن.

رایس یەکەمینجار لە شاری موسڵ دابەزی ئەو شارەی کە زۆرترین کاری خۆکوژی لە عیراقدا تێدا ئەنجام دەدرێت. بەبۆچوونی زۆربەی ناوەندە سیاسییەکان ئەو شارە سوننە نشینە بنکەی زۆرترین و حەشارگەی زۆرێک لە تیرۆرستان و یاخیبوانی عیراق و وڵاتانی دراوسێیە.

هاتنی رایس لەم کاتەدا بۆ عیراق مانا و مەغزای خۆی هەیە کە دیارترینیان ئەو راستییەیە کە ئەمریکا و ئیدارەی سەرۆک بوش هەرگیز دەستبەرداری

عیراق نابێت و ئەستەمە دەسەڵاتی سەرۆک بۆش لە تیرۆرستان خۆش بن.

لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لە شاری بەغدا لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی عیراق خاتو رایس بێلایەنی خۆی بۆ لیستە عیراقییەکان بۆ هەڵبژاردنی ١٥ی دیسەمبەر دەربری.

لەبەرامبەردا جەعفەری سوپاسگوزاری خۆی بۆ خاتوو رایس دەربری و سەرزەنشتی سوریای کرد بەوەی کە لە سنورەکانی ئەو وڵاتەوە تیرۆرستان دزە دەکەنە ناو خاکی عیراقەوە و وتیشی کە حکومەتی عیراق سوریای ئاگادار کردۆتەوە کە زانیاری لە بارەی گروپە تیرۆرستەکانی ناو عیراق بە حکومەتی عیراق بگەیەنێت.■

هێنری کیسنجەر، پێی خۆش نییە ئەمریکا بەمزووانە عێراق جێبێڵێت!

کونستانت براند

لێکدانەوەی: شێرکۆ سنەیی

برۆکسل- بەلجیکا: وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا، هێنری کیسینجەر، رایگەیاند کەئەگەر هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا زووتر لەرێکخستنی نەزم لەعێراقدا، پاشەکشێ بکەن، دەبێتە هۆی پەرەپێدان بەجوڵانەوەی زۆرتری تیرۆریزمی جیهانی و ئاژاوە لەهەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست.

هێنری کیسینجەر، وەکو یەکێ لەکەسایەتییە ستراتیژی و خاوەن بڕواکانی داهاتووی ئەمریکاو لایەنگری توانای دەوڵەتی بوش، کەبیروراکانی وەکو رێنوێنی بۆ بەرێوەبردنی ئاڵوگۆری رووداوەکانی ئەمریکا دابین دەکرێ، ئەگەر شتێک بڵێت، شیاوی لەبەرچاوگرتنە، گوتی: ئەگەر هاوپەیمانان و ئەمریکا زووتر لەدامەزراندنی وڵاتی عێراقی بەهێزو توانا، هێزەکانیان لەعێراق ببەنە دەرەوە، ئاژاوە لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا سەرهەڵدەدات.

ئەمرۆ هەموو تیرۆریستان، القاعیدە، جوندالئیسلام، سوننە الاسلام، داروەستەی بەعسی خوێن رێژ، برێک لەدراوسێکانی عێراق دان بری لەکارناسانی سیاسی عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بڕوایان وایە کەئەگەر هێزەکانی ئەمریکاو دۆستانی تری عێراق، کەبەتایبەت لەم سەردەمە یاریدەری مرۆڤی کوردن، عێراق بەجێبێڵن، ئاژاوەو تیرۆر دەسەڵاتی زۆرتر پەیدا دەکات تا ئاژاوەو سەرنەکەوتن و نائارامی ناوچەکە پڕبکات.

مام جەلال و کاک مەسعود وەکو سەرکۆماری دەوڵەتی عێراق و سەرۆکی فیدراتیۆی کوردستان بێ راوەستان لەوتوێژەکانیان.. بەڵێنیان داوە، کەتا عێراق، ئەمن و ئارام نەبێ، هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان دەبێ لەعێراقدا بمێنن.

هێنری کیسنجەر بەئەفسەرەکانی هێزەکانی ناتۆ دەڵێ: بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و یارمەتیدانی ئەو وڵاتە بەهێزەکانی تیرۆریش، دەبێ راوەستێت و بەربگیری لێ بکرێ. ئەولەیەکێتی ئەوروپاو ئەمریکاو ئەنجومەنی نێودەوڵەتی داوا دەکات تابەشێوەیەکی تر جیالەوتوێژ لەگەڵ ئێراندا بێتە واراوە.. ئەو ئاماژە بەوئەمانجە پیسە دەکات کەدراوسێکانی دیکتاتۆری عێراق، هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ بەرگیری لەدامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی لەعێراقدا بەکاردێنن. عێراقی دیموکراتی و فیدراڵی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ و بەدەست هێنانی دەسەڵاتی بەنرخ، نیازی بەیارمەتی هاوپەیمانان و ئەمریکای هەیە، هەر جوڵانەوەو پاشەکشێ سەبارەت بەعێراق، بەئاژاوەو نائەمنی دەگات و پەرە بەوە دەدات. رونکردنەوەی ئەو خاڵە گرنگە لەلایەن هێنری کیسینجەرو کارناسان و دڵسۆزانی کورد سەرنجی دایەکێشەو ئەمە پێچەوانەی توندرۆگەرو لایەنگرانی دەسەڵاتی ئایینی، بەتایبەت شیعەی وەکو موقتەدا سەدرو هاوبیروراکانی ئەون، کەچاوەروانی ناتوانی و جێ دەسەڵاتی بەرپرسان و بەرێوەبەرانی ئێستای عێراقن.■

بەشار ئەسەد هێرش دەکات

سامالْ سابیر

سایتی CNN رۆژی ١٠ی ئەم مانگە وتارەکەی رۆژی پێنج شەممەی رابردووی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریای لە زانکۆی دیمەشق بڵاوکردۆتەوە.

سەرۆک ئەسەد لەو وتارەدا بە توندی هێرشی کردە سەر سەرکردە سیاسییەکانی لوبنان بەوەی کە خزمەتی سوریایان لە لوبناندا لەبەرچاو نییە.

ئەسەد لە میانەی وتارەکەیدا وتی لوبنانی ئەمرۆ بۆتە لانە و کارگەیەک بۆ هەموو ئەو پلانانەی کە دژ بە سوریا ئەنجام دەدرێت.

بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا هەر بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو ئەوەشی راگەیاند کە هەڵبژاردنەکەی ئایاری رابردووی لوبنان خاڵی سەرەتای گۆران بوو بۆ ئەوەی خۆی لە عروبە دابپرێت و لە بەرژەوەندی ئیسرائیل کار بکات.

لە دوای روخانی رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و دەسەڵاتی سەدام حسێن لە عیراق، سوریا یەکێکە لە دیار ترین و یەکەمین وڵات لە جیهاندا کە کەوتۆتە بەر فشاری ئەمریکا سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و دنەدانی تیرۆرستان و جێبەجێ نەکردنی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەشار ئەسەد لە وتارەکەیدا مەترسی خۆی لە پارچەبوونی عیراق دەربری و داوای کرد کە بەرنامەیەک بۆ کشانەوەی هێزەکانی بیانی لەو وڵاتە دابنرێت تا لە پارچەبوون بپارێزرێت.

بەبۆچوونی ئەسەد ترسی گەورە کە هەڕەشە لە عیراق دەکات ناسنامەکەیەتی و عروبە لەم وڵاتە لەنێو چەند ناو وناوەرۆکێکدا ماوەتەوە کە رێگە خۆش دەکات لەبەردەم هەڕەشەی دابەشکردنی عیراق.■

چەلەبی داوای چارەسەر کردنی کێشەی PKK دەکات

دانا حەمید

ئاژانسی Reuters رۆژی ٧ی ئەم مانگە لێدوانێکی ئەحمەد چەلەبی جێگری سەرۆک کۆماری عیراقی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە چارەسەر کردنی کێشەی بوونی هێزەکانی PKK لە باکوری عیراق.

جێگری سەرۆک وەزیرانی عیراق ئەحمەد چەلەبی رایگەیاند کە دەبێت عیراق هەنگاوی زیاتر بنێت بۆ ئەوەی میلیشیای بیانی لە خاکی ئەو وڵاتەدا دوور بخرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە چەلەبی رووونی کردەوە کە وەک چۆن حکومەتی عیراق گروپی موجاهیدینی خەڵقی ئێرانی لە خاکی عیراق دوور خستەوە ئاواش پێویستە رێگەنەدات هێزەکانی PKK خاکی عیراق بکەنە مۆڵگەو لەوێوە شەڕی وڵاتێکی دراوسێی عیراق بکات کە کۆماری تورکیایە.

چەلەبی ئەوەشی روون کردەوە کە حکومەتی عیراق رێگە نادات هێزێکی وەکوو PKK لەو وڵاتەدا مۆڵگە دابنێت کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناوی خراوەتە لیستی رەشی گروپە تیرۆرستەکانەوە.

ئەم لێدوانەی ئەحمەد چەلەبی لەکاتێکدا دێت کە لەیەکێک لە برگەکانی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا هاتووە (نابێت خاکی عیراق ببێتە بنکەی دژایەتی کردنی وڵاتانی دراوسێ).

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە کە PKK هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردییەو لە ساڵی ١٩٧٨دا لە تورکیا دامەزراوەو سەرۆکی ئەم پارتە عەبدوڵا ئۆجەلانە کە لە ١٥ی ئابی ١٩٩٩ لە کینیا دەستگیرکرا و ئێستا لە زیندانی تورکیا ژیان دەگوزەرێنێت.

دوای دەستگیر کردنی سەرۆکی PKK مۆڵگەکانی خۆی لە سوریاوە بۆ باکوری عیراق گواستەوە و لە چیاکانی نێوان ئێران-عیراق مۆڵگەیان داناوە و چەندین جار لە خاکی عیراقەوە شەڕی سەربازە تورکییەکانیان کردووە، ئەمەش بۆتە نیگەرانی تورکیا لە حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان.■

خۆشەویستی .. خیانەتی هاوسەری.. خەبات

خوێندنەوەیەکی کاراکتەری ژن لەدرامای تەلەفزیۆنی گەردەلول دا

ئەرسەلان تۆفیق

سەرەتایەک

درامای (گەردەلول) زۆر دیمەنی جوان و هەست بزوێن و ناسکی بیرخستینەوە، لەساتەوەختی دادگایی کردنی جەندرمەو ستەمکارانی بەعس دا زوڵم و زۆرو کارە دزێو دوور لەمرۆڤانەکانی بەعسی بیرخستینەوە، گەردەلول ئێمەی گەڕاندەوە بۆ شەوە ساردو سڕو پڕ لەترس و دڵەڕاوکێکانی ژێر نیرو ناری ئەو حیزبە فاشی و گڵاوەی کە لەسایەیدا نەشەوی شەو بوونە ڕۆژی ڕۆژ، هەست و نەست و شەرەف و کەرامەتی هەموو کەس لەژێر قامچی و چەکمەکانی ئەواندا بوو، تەنها ئەو کەسانە مافی بوون و ژیانیان هەبوو کە لەگەڵ ئەواندا بوون یان بەدڵی ئەوان هەڵسوکەوتیان دەکرد، ئیدی ئەوەی کەئەمایەوە (مخرب) و تیهەڵدراو و دابڕاو لەهەموو لایەنەکانی ژیان، وەبیری هێنانەوە کەملازم جاسمەکان و پاشاو حەمەتاڵەکان چییان پێ نەکردین چەندکوڕوکچی جوانی ئەم میللەتەیان بەفوو سەبرێک خستە کونجی زیندان و بەر شەق و شەلاقیان دان، بیریان خستینەوە کەشەوانی شار پڕ بوو لەهەڵکوتانە سەر ماڵان و بەناهەق ڕاپێچ کردنی کوڕە جوانەکانی شار و ئیدی سینگ کوتان و ڕەش پۆشی دەبووە پیشەی دایکان و خوشکان و خۆشەویستانیش وەک مانگی ژێر هەوری ڕەشیان لێ دەهات و دەگیران!! (گرتە)کانی ئەو درامایە ڕۆژانێکی وەبیرهێنانیەوە کەمەگەر هەر ئەو کەسانە هەستی پێ بکەن، کەدیویانە، چەشتویانە، تیایدا ژیاون ئەگینا دەکرێ جیلی ئەمڕۆ نەزانن بەعس چ درندەیەک بوو، چ حیزبێکی دژە مرۆڤایەتی و هەموو ئاکارە جوانەکان بوو، ئەوان چوزانن ملازم جاسم کێیەو (سیدی)یانی چی و تەحیەو جەلادو شەو هەڵکوتانە سەر تامی چی دەدات و مانای چی؟! جیلی ئەمڕۆ نەمانای وەرەقە هەڵواسین و نەمانای اعتراف کردن دەزانێ و نەدەشزانێ (جەلیل زەنگنە) هەڵگری چ پەیامێکە ئاخر ناهەقیان نییە چنکە نەیاندیوە..

گەر بەوردی لەسەر گرتەو دیمەن و ڕۆڵ و کارەکتەکان بوەستین ئەوا بەوتارێک و دوو وتار خەلاسیمان نایەت و لەوتاری ڕۆژنامەوانی تێدەپەڕێ، ئەوەی کەمن سەرنجی ڕاکێشام و حەزم کرد هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەم ڕۆڵە جیاجیاکانی (ژن) بوو لەو درامایەدا وا بەخێرایی دەیخەمەڕوو.

ژن وەک خۆشەویستێک

کاراکتەری (هەنار) بەرجەستەی خۆشەویستییەکی پاک و زیندووی ناو کوردەوارییە لەگەڵ (ڕزگار)ێکدا کەوەک دووڕووی دراوێک وان و لەو پەیوەندییەی نێوانیاندا جگە لەپاکیزەگی و خۆشەویستییەکی ڕاستگۆیانەو بۆ یەکتری ژیان هیچی تری تێدا بەدی ناکرێ، خۆشەویستی یەکمان نیشان دەدات ئەوەندی ئاشنایە بەڕۆحی ئێمە چەندان ئەوەندە لەغەریزەو جەستەو جنس بازی و (استغلال) کردنەوە دوورە، "زەنگەنە" دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە پێمان بڵێت لوتکەی خۆشەویستی لەپاکیزەیی و لایەنە ڕۆحییەکاندایەو جەستەش جگە لەوەی کەسیحری خۆشەویستی بەتاڵ دەکاتەوە لەیەکتری بێزران و سوک بوونی مەغزای خۆشەویستی هیچی تر نییە، دێڕە شیعرێکی فارسی هەیە کە دەڵێت (پرسیدم از طبيی احوال دوست گفتا في بعدها عذاب في قربها ملامە) ئەم دێڕە لەگەڵ عەرەبی دا تێکەڵاو کراوەو بەکوردی دەڵێت (پرسیارم لەدکتۆرێک کرد کە حاڵ و باڵی خۆشەویستان چۆنە لەوەڵامدا گوتی خۆشەویستان کەدوردەکەونەوە عەزاب و ئەشکەنجەو ئازار دەچێژن بەڵام کەنزیکی یەکتری بوون لۆمەو سەرکۆنەی یەکتری دەکەن) گەر سەرنجێکی خێرای پەیوەندی ڕزەو هەنار بەین ڕێک و ڕێک ئەو دێڕە شیعرە یان بەسەردا جێبەجێ دەبێت و تێدەگەین کەهەڵسوکەوتی ڕقاوی هەنار لەکاتی ئامادەیی (ڕزە)داو فرمێسک و ماتەمینییەکەی لەکاتی غیابی ئەودا لێوانلێوە لەخۆشەویستی، بەربوون و بەپسکە پسکە شوێن کەوتنی هەنار لەلایەن ڕزگارەوە هەمان دەلالەتی پێشوومان بیر دەخاتەوە.. خۆشەویستی پاک و بێگەرد لای ژن واتە بۆ ژیان و وازهێنان لەهەموو شت بەڵام لای پیاو وا نییە، ئەوەتا ڕزگار دەیەوێ بەشێوەیەک لەشێوەکان لەکاتی چوونیدا بۆ شاخ هەنار دڵ بدات بەیەکێکیترو بەلاشیەوە ئاساییەو بگرە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەیەوێ خۆشەویستی خۆی بەوشێوەیە بۆ دەربڕێ، بەڵام هەنار پەیمانی مەرگ و خاک دەدات ئەگەر ڕزگاری بۆ نەبێ!! ئای چەندین ژن هەیە کەهاوسەرەکانیان دەمرن بۆ هەتا هەتایە واز لەخۆشیەکانی ژیان دەهێنن و بەتاسی ئەو خۆشەویستییەوە پاڵ بەگەنجێتی و هەموو شتەکانەوە دەنێن.. بەڵام پیاوان وانین.. بەشێوەیەکی تر ژنان یان عاشق نابن یان کەعاشق بوون زۆر بەجدی مەسەلەکە وەردەگرن و بەتەواوی مانا قوربانی لەپێناودا دەدەن، وەنەبێ پیاوان مانای قوربانی دان نەزانن نەخێر، بەڵکو پیاوان زوو مەسەلەکانی خۆشەویستی یان لەبیردەچێتەوە، ئەکرێ پەیوەندییە خۆشەویستیەی جوان و سەرکەوتووەکانی ئەم درامایە لەهەنارو ڕزگاردا بخەملێ و زیندوویەتیەک بداتە زنجیرەکە کەوەک ڕەگەزێکی زیندوو وەک ڕۆحی دراماکە تا چرکەساتەکانی کۆتایی لەگەڵماندا حزوری هەبێ و عەشقی نێوان (ژاڵە) و (شێرۆ)ش جۆرێکی ترە لەو عەشقانەو بە (زواج) کۆتایی پێ دێت.

ژن وەک خەباتگێڕو تێکۆشەر

(جوانە) خانی سستەر کارەکتەرێکە لەلوتکەی پەیامێکداو لەوەش گرنگتر ئەو شوێنەیە کەئەو کاری تێدا دەکات و هەر لەیەکەم چرکەساتی کوشتنی موحافیزەوە "زەنگەنە" بەرجەستەی دەکات وەک ئەوەی پێمان بڵێ لەقەنای هەموو زوڵم و زۆرێکدا لەناو هەموو دەزگایەکی داپڵۆسێنەردا هەستی دوان و ناسک و نەتەوەویستانە دەجۆشێ و دەخرۆشێ، پێمان دەڵێ مەرج نییە تۆ هەست بەشتەکان بکەیت، یان وەک حەقیقەتی خۆیان بیانبینی بەڵکو دەکرێ تۆ حسابت لەسەر کەسێک کردووە کەچی لەڕۆژێکدا لەسەدا سەد پێچەوانەی حسابەکەی تۆ دەردەچێ. گورج و گۆڵی و کار ڕاپەڕاندنەکانی جوانە خان، نموونەی دیارو بەرچاوی ژنی کوردە لەسەرجەم شۆڕشەکانی کوردا، جوانە وێنایەکمان نیشان دەدات پڕیەتی لەجدیەت، بۆژیان، کار بەڕێوەبردن، اعتراف نەکردنی دڵ دانەوە، هەست ناسکی و خۆشەویستی ناو خێزان، ئەوئەرکانەی کەبەجوانە دەسپێران گشتیان پڕ لەمەترسی و گرنگ بوون هەر لەزانیاری گەیاندنەوە تا دەرکردنی ئازادی بریندارو تەداوی کردن و سەردانی نهێنی و پەیوەست کردنی ئەندامەکانی ڕێکخستنەوە تا جوانە وەک کەسێکی (موصليح) و چاکەخوازی ناو ماڵێکی پڕ لەئاشوبی وەک ماڵەکەی ئەوان و هەڵواسینی بەیانات و لەهەموشیان گرنگتر خۆگری ناو زیندان و جگە لەوەش لەکۆتایین ڕستەکانیدا خەم خۆری بۆ هەموو کارەکتەرە شۆڕشگێڕەکانی وەک (ڕزگار و ئازاد) بخاتە پێش براکانی و دایکیەوە.

بۆیە زەنگەنە ئازادبوونی جوانە لەزیندانە تاریک و ساردو سڕەکانی بەعس بەسەرەتای گەردەلول دەداتە قەڵەم و بەزمانی هونەر پێمان دەڵێ تا ژنان لەژێر قامچی و زوڵم و ستەمدا بن ئازادی دەست پێ ناکات هەرکات ژنان ئازاد بوون و لەمەرامی ڕاستەقینەی خۆیان گەیشتن و گەشتنە چنینەوەی بەری ڕەنج و خەباتیان ئەوجار پیاوانی شۆڕشگێڕ چەکەکانیان دەکەنە شان و سەرەتای گۆڕانکاری دەست پێدەکات.

ژن وەک بووک و خەسوو

دەمێکە کورد گوتویەتی (کەر بەپەیژەدا سەرکەوێ بووک و خەسوو یەک ناکەوێ) "زەنگەنە" زۆر ورد کارانە ئەو مەبەستەی بەرجەستە کردووەو لەماڵی جوانەخاندا دایکێک کەزۆر میهرەبانە بەڵام لەبەر نەزانین و ئاستی نزمی ڕۆشنبیری هەمیشە دەنگی دێ، سێ ژەمە شەڕو فەرتەنەیە، بوکێک بەحەق و ناحەق شەڕ دەگێڕێ ناتوانێ ڕاستەوخۆ داوای ماڵ جیایی بکات بەردەبێتە گیانی خەسوو شەوو ڕۆژ شەڕی پێ دەگێڕێ، دایکێک لەبەر شەڕی بوکەکەی (جەمال)ی کوڕە گەورەشی لەبەرچاو دەکەوێت و دوعای لێ دەکات!! بووک ئەوەندە شارەزای جەمال بووە کەدەزانێ چۆن توندی بکاتەوەو بدات لەدایک و خوشک و برا تاقانەکەی و تەنانەت خۆشەویست ترین شت کەتابلۆکانیەتی بیاندڕێنێ و هەپرون هەپرونیان بکات.. بۆیە لەناو شەڕی بووک و خەسوودا مێردێکی بێ ئاگا دەبێتە کوڕێکی ئێسک قورس و برایەکی ڕەزاگران بەجۆرێک ڕێزی دێتە خوارەوە کەبرا بچووک لەبەردەمیا ڕاست بێتەوەو پێی بڵێت وا نابێ!! شەڕی بووک و خەسو زۆر جاران مانای نییەو تەنها حاجزێکی دەڕونیە، پێ دەچێت هەندێ جار لەووەوە سەرچاوە بگرێ کەدایکی کوڕ وا هەست بکات خۆشەویستی کوڕەکەی لەدەست داوەو کچێک لێی داگیر کردووە. بووکیش وا هەست بکات خەسوو (دایکی کوڕ) ڕێگرە لەبەردەم ویست و حەزەکانی ئەمدا.. یان ئەو ساتانەی کەژن هەڕەشەی تۆران و ماڵ بەجێهێشتن لەمێرد دەکات دەیەوێ مێرد بخاتە بەردەم هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو اختیارە یان مانەوەی ئەم یان کردن یان وازهێنانی ئەو شتە.. بۆیە پیاو ئەو مەسەلەیە بەقوفڵی مەسەلەکان دەزانێ و بگرە بەشەڕی کۆتایی تێدەگات، هەندێ جار پیاو دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بەجێهێشتنەو لەو پێناوەدا هەموو کارێک ئەنجام دەدات با بگاتە لێدانی دایک و خوشک براکانیشی.. بەڵام نە کەسایەتی ئەو ژنە (بووک) کەسایەتیەکی خەملیو تێرو تەواوە نەئەو پیاوەش کە لەسەر ژنەکەی و لەسەر هەندێ شتی بچکۆلە ژیان لەدایکی میهرەبان و خێزانی بەختەوەری خۆی تێک دەدات..

شەڕی بووک و خەسوو شەڕێکی بەحەق و ناحەق بەردەوام، سەرو خواری بۆ نییە پێکەوەبوون و دووربوون گەورەو بچوک، خوێندەوار و نەخوێندەواری بۆ نییە.

سەیر لەوەدایە ئەوەی بووکی ئەمڕۆیە خەسووی سبەینێیەو کەچی شەڕەکەیان هەر دەڕوات کەم بووک و خەسوو هەیە لەو نەهامەتییە ڕزگاریان بووبێ و بیانەوێ چاو لەمەسەلەکان بپۆشن و شتەکان ورد نەکەنەوە ئیدی لەبەرخاتری ژیان و گوزەرانی خۆیان بێت یان لەبەر ئەو کوڕو مێردەی کەئەمان خستویانەتە نێوان خۆیان و دەیانەوێ بیهارن!! "زەنگەنە" زۆر جوان وێنای بووک و خەسووی کوردەواری و ئەو شێوە ژیانەمان پێ دەناسێنێ پێمان دەڵێت ئەو ژنانەی کەبیانەوێ سەر لەمێردەکانیان تێک بدەن وەک براژنی جوانەو خێزانەکەی (جەمال) وان ئەو دایکانەش کە لەبەر بووکەکانیان ڕقیان لەکوڕەکانیانە سەرەنجام لەپاش بارکردنیان دەبێ شێوەنێک بگێڕن!!.

ژن وەک فەرمانبەر

ژنانی فەرمانبەری ناو زنجیرەی گەردەلوول پێیان گوتین کەدەمێکە بەهاوشانی پیاوان لەناو فەرمانگەکاندا کاردەکەن و هیچیان لەوان کەمتر نییە حەوسەڵەی کارکردن و بەردەوام بوون لەسەر ڕاپەڕاندنی کارەکان یەکێکی ترە لەسیماکانی فەرمانبەرانی ژنان و بەشێوەیەکی بەرچاو دیاری و هەست پێکراوە ڕۆڵە جیاجیاکانی ئەو ژنانەی وەک فەرمانبەر لەگەردەلول دا دەرکەوتن سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە لەشوێنە جیاجیاکانی فەرمانگە میرییەکاندا ژنان کاریان کردووەو تواناو بەهرەکانی خۆیان بەئەنجام گەیاندووە.

ژنان و عەشقی لابەلا

لەمیانەی زنجیرەی (گەردەلول)دا تاوناتاوێ عەشقێکی لابەلا و ناسەرەکی و خەملیو دەردەکەوێ تیایدا یەکلایەنە کچێک کوڕێکی خۆش دەوێت، یان ئەوەیە شعوری بەرامبەر وا نییە وەک خۆشەویستی (شیرین)ی کچی حاجی بۆ شێرکۆی پارێزەری ئامۆزای و دوای ئەو هەموو ساڵە ئەوجا شێرکۆ ڕەفزی ئەو خۆشەویستییە دەکات)هەرچەندە لەزاری شیرین یشەوە نەیبیستووە بەڵکو دایکی دەیدات بەگوێی باوکیدا)، یان عیشقی شەوبۆی هونەرمەندی شانۆکار بۆ چۆمانی شێوەکار کە عەشقێکی سەرشێتانەی پێ نەگەشتووەو تیایدا هیچیان ناتوانن گوزارشت لەناخی خۆیان و خۆشەویتییەکەیان بکەن، دەربڕینە جیاجیاکانی دوو هونەرمەند ناتوانێ درێژە پێدەری خۆشەویستی نێوانیان بێت و ئەو عەشقەش وەک کوێرە کانیەکی بەهارانی لێ دێت و لەپاش نەمانی تەڕو تووشی و باران و چۆڕاوگەی بەفری سەرچیاکان ئەویش وشک دەکات، مەگەر تینوی عەشقی نەشارەزا ئەگینا کەس بەتەما نییە سەرهەڵبداتەوە.. هەرکات خۆشەویستی نەگەشتە قوڵاییەکانی هەست و سۆزی مرۆڤ باهۆکارەکانی پەیوەندی کردنیش زۆربن بەڵام درێژەیان نابێت و هەروا لەساتەوەختێکی کەم دا کاتێکت زانی بەسەرچوو!! ئیدی باشەوبۆکان بچنەوە بەیادەوەرییەکانیانداو تەمایەر بن لەسەرکوچەو کۆڵانەکانی شاردا چۆمانەکان بێنەوە ڕێگایان.. یا چۆمانەکان بەرقەوە گوێ لەحیوارەکانی شانۆیەکی خۆشەویستەکانیان بگرن و جوولەیەکی شەوبۆ دەبێتە مایەی نیگەرانی و بەرلەوەی ببێتە گوێزەرەوەی هەست و سۆزی عاشقانە بەئیهانەو ڕق لێبوونەوە لێک دەدرێتەوەو دواتریش شەوبۆکان بەهەر هۆیەک لەهۆکان دەکەونە سەر سکەی خۆشەویستییەکی سەرزارەکیانەی ترو هیچ کام لەم خۆشەویستیانەش ڕوداوێک دروست ناکەن کەشیاوی هەڵوێستە کردن و تێڕامان بێت!!.

ژن و خیانەتی هاوسەری

(کەژاڵ)ی خوشکی (ژاڵە) کەشێرکۆ دەبێتە پارێزەری یەکێکە لەو نموونانەی کەقوربانی دەستی مێردی هەوەس بازو پارەدارو دەسەڵاتدارو خیانەت کارن، لەو کارەکتەرەدا (زەنگەنە) پێمان دەڵێت پیاوێک کەخاوەنی هەموو شتێکە جگە لەئاکارە مرۆڤایەتییەکان خیانەت لەهاوسەرەکەی دەکات و دەشیەوێت بەحوکمی مەکانەت و پارەو پوول و کارە خیانەت کاریەکانی یاسا تیرۆر بکات و بیەوێت بەپشت گرتنی مولازم جاسمەکان و جاش و چڵکاو خۆرەکان پەردەپۆشی خیانەت کاریەکانی بکات و بەردەوام بێت لەسەر پێشێل کاریەکانی مافی ئەوانی ترو هەرواوەک بەرزەکی بانانیش بۆی دەرچێت. بێ ئاگا لەوەی (ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە) لەچوار فیشەکی (عەباسی پیرداود)دا دەردەکەوێت پێکەوە هەر چوار خیانەتکاری دەسەڵاتدار لار دەبنەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم مەشهەدەدا ڕۆڵی ژنێکی خیانەتکارە کەدەچێتە سەر جێگای ژنێکی تر، ژنێک لەشەوێکی نادیتوودا دەڕژێتە ماڵی پیاوێکی ژندارو هەروا لەسەر نوێن و پێخەفەکانی ژنێکی تر دەبێتە فرۆشیاری جەستە بەپارەو پوڵ و دواتر کە لەلایەن ژنی کابراوە قبوڵی ڕوداوەکە ناکرێت چەندین کاری نامرۆڤانەی تری بەدوادا دێت وەک ئازاردانی جەستەی خێزان و دەرکردن و پیلان دانان بۆ ئەو کەسانەش کەبەرگری لێ بکەن تا دەگاتە کوشتنی لابەلایی (میران بەگ)ی کوڕی عەباس و دایکی!! بۆیە دەشمەوێ لێرەوە شتێکی تر بەژنان بڵێمەوە (ژنان بەرلەوەی پیاوان تاوانبار بکەن هەرچەندە تاوانباریش بن با بەرماڵی خۆیان و ڕیزەکانی خۆیان ڕێک بخەن ئەگینا ئەگەر ژنێک نەبێ ئامادەی خیانەت کردن بێت لەژنێکی تر کەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە هەروا بەئاسانی پەردەپۆش دەبن و پیاوانیش هەروا بەئاسانی بۆیان دەچێتە سەر؟!!).

ژن وەک هاوکارو پشتیوانی پیاو

جگە لەو ڕۆڵە سەرەکییانەی ژنان لە (گەردەلول)دا چەند ژنێکی دیکە بەدی دەکرێن وەک خێزانی حاجی و خێزانی عەباس و دایکی شێرکۆ ڕۆڵی ئەو ژنانە زیاتر پشتگیری پیاوەکاویان پێوە دیارە بەتایەبتی خێزانی حاجی لەخزمەت کردن و دڵدەدانی ئازادی بریندارا کەبەشێوەیەکی زۆر جدی بوونی ئازادیان شاردەوە تا ڕۆژی ئازادکردنی و دەرکردنیان بۆ دەرەوەی شار، جگە لەمانەش ژنێک لەگەڵ منداڵەکەیداو لەناو زینداندا کەبەعسیەکان دەیبەنە زیندان تا قەناعەت بەمێردەکەی بکات و واز لەخۆشەویستی نیشتمانەکەی بهێنێ و ناوی کۆمەڵێک کەس بدات کەچی ئەو دەبێتە پشتیوانی مێردەکەی و ئامۆژگاری دەکات کەقەت واز لەو ڕێبازە نەهێنێ کەلەسەریەتی، هەرچەندە پێشی دەڵێت کەتۆ گاڵتە بەحیزبایەتی و کاری سیاسی هاتووە ئێستە ئەومەت لەچی لەوەڵامدا دەڵێت خۆشەویستی خاک و ئاوو نیشتمان پەیوەندی بەسیاسەت کردن و حیزبایەتییەوە نییە، بۆیە هێندەی پێ ناچێت لەچوونە دەرەوەیان وەهاوار لەتەنیشت ژوری مێردەکەیدا ئەو ژنەو تەنها منداڵەکەیان شەهید دەکرێن.. ئەو ڕوداوە دڵ تەزێن و جەرگ بڕە نەک وەرەی ئەو پیاوە شۆڕش گێڕو کوردپەروەرە نەوی ناکات بەڵکو دەبێتەوە بە هاندەرو زیاتر سوربوونی لەسەر کارەکەی و بگرە دەیەوێت ڕۆڵی ڕابەرایەتی و ڕێنوێنی زیندانییە تازە هاتووەکان بگێڕێ و پێیان دەڵێت خۆگربن لەبەرامبەر ئەشکەنجەو ئازارە جۆراوجۆرەکانداو هتد..

ڕۆڵی لابەلایی و لەهەمان کاتیش دا گرنگە ژنانی گوندنشین لەکاتی دەرکردنی ئازادی بریندار لەشارەوە بۆ شاخ ئەوەمان وەبیردەهێنێیەوە کەژنانی لادێ کەمتر نەبوون لەژنانی ناوشارو ڕێکخستن ئەوانەی کە لەناو قوڵایی دەسەڵاتی بەعس دا بوونە یەکەم بەردی بناغەی (گەردەلوول)، هەرچەند (گرتە)ی ژنانی گوندنشین کەم بێت لەڕووی (کاتەوە) بەڵام کارەکەیان گرنگییەکی گەورەیان هەیەو ڕۆڵی ئەو ژنانەش هەست پێدەکەین لەخزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەدا.

لەکۆتاییدا

ئەوەی کەمن بەو چەند دێڕە باسم کرد تەنها باسی ڕۆڵی ژنان بوو لەو درامایەدا (با بەخێرایش بێت).. وا دەزانم زنجیرە درامای (گەردەلول) ماناو شتی جوان و مەبدەئی زۆری وەبیرهێنایەنەوە، دەشزانم کە لەکەم و کوڕی و هەڵەو پەڵە بەدەر نییەو ئەم مەسەلەیەش بەجێ دەهێڵم بۆ کەسانی شارەزای بوارەکە. دەمەوێت لەکۆتایش دا دەست خۆشی و ماندوو نەبوون لەکاک جەلیل زەنگنەو ستافەکەی بکەم ئەوانەی کەدیاربوون و ئەوانەش کە لەپشت کامێراوە بوون یان ڕۆڵەکانیان بەدیار چاوەوە نەبوون، بەهیوای سەرکەوتنیان.■

(گەردەلول)و گوڵەبێ ڕۆژەکان

بەپێی بەراوردو تێبینی تایبەتی خۆم. لەهەموو ئەڵقەکانی ئەو دوو درامایە نواڕیم و گوێ ڕادێری بووم. مەگەر چەند ئەڵقەیەکی کەم. ئەوەش بەهۆی پچڕانی تەزووی کارەباوە، دەنا هەموویانم دیوە. بەڵام بە بەبەراورد لەنێوان ئەم دوو درامایە کە لەمانگی ڕەمەزان ماڵەکانیان پتر گەرمترو خۆشتر کرد. هەروەک لەپێشدا ئاماژەم پێدا (گەردەلول) فلاش باکی پێکردم بۆ ساڵی ١٩٨٦ و تەمسیلی ژاڵە کەدوانەی ناو کەشکۆڵی بیرەوەرەی منن دیارە ئەمەش کارێکی مژدەبەخش و خۆشە. چونکە بەتەواویمەعنا ئەم درامایە هەموو کێشە بابەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ناوی شاری سلێمانی لەبازنەیەکدا خوول خواردووە.

کردویە بەئەم شانۆیە تێروپڕە. بەڵێ بەش بەبەشی حیکمەت و فەلسەفەی تایبەت و سیماو سەردای کۆمەڵگایە.

ئەگەر بینەر خۆی لەخانەکەی (حاجی) بینیەوە ومامڵەی (فلس و دینار)ی نێوان حاجی و موشتەریەکان بینی و لەڕەنگو ڕوخساری (قالە و سالە) تەماسی گرت سەراپا جەستەی دەبێتە گوێ.

چونکە ڕوحێکی کوردانەی ڕەسەنیان هەیە. حیوارەکانیان هەموو گاڵتەو گەپ ئامێزە. زیاتر بینەریان بەرەو قوڵایی شانۆیەکە کێش کردووە. خەڵک خۆی شاهیدە. بەڵێ گەردەلول) کەهەڵی کرد هەموو شتێک بەخۆیەوە ڕاپێچ و لوول دەدات، دارو بەردو خاک و خۆڵ گێژ دەدات.

(ڕزەو شێرکۆو مامۆستاو تەواوی خەڵک) گیر دەخۆن بەدەم قەپی بەعسیەکانەوە. لەسەرەتایی ساڵی ١٩٨٠ وە سەردەمی شاری سلێمانی. کاتێکی پڕ لەترس و تۆقاندن و مەرگ بوو بەدەست جەللادو پیاو کوژێکی وەکو (مولازم موحسین)ەوە. ئاسایشی شاری خستبووە بارێکی خەتەرەوە، کەئەوەش بەشێکی شانۆیەکەی پێ دەوڵەمەند کرابوو. خەڵکانی ئەو سەردەمە چاک دەزانن و باش لەبیریانە کارە وەحشی و دڕندانەکانی ڕژێم لەچ ئاست و پلەیەکدا بوو تێکۆشەران و قارەمانەکانی گەلیان ڕاودوو دەنا.. مێژوی پڕ لەفەخرو شانازی کورد ئەوەی سەلماندووە کەسلێمانی مەڵبەندی ڕاپەڕین و مقاوەمەت بووە. نەسوغرەکێشی عەجەم و نە ئالی عوسمانی بووە. دەرهێنەر وەستایانە مامەڵەی خۆی کردووە هەربۆیە لایەنێکی دیکەی کۆمەڵایەتی فەرامۆش نەکردووە کە لەعەشق و ئەوینی (هەنارو ڕزە) سەرنج دەدەیت. مەعناو مەغزای خۆی دەخاتەڕووکە چەندە مرۆڤی کورد ڕاستگۆو خاوەن بەهای ئەخلاقی خۆیەتی و قوربانی خۆشەویستی پاک و بێ گەردە لەپێناو ئەو ئامانجە خەبات دەکەن کە ئەو دوانە دەگەیەنێتە خاڵی بەیەک گەیشتن.

پێشینان دەڵێ (شێر لەبێشە دەرچێ، چ نێر بێ چ مێ)، سیناریست (جەلیل زەنگەنە) بەهەمان بۆچوون، دەیەوێ بڵێ ژنیش هەمان کەسەرو ژان و ئازاریان چەشتووە بەدەست سیاسەتی سیاسی ئەو سەردەمەوە. بەڵام کۆڵ نەدان و نوچ نەدان مرۆڤی وەکو برین پێچەکەو خێزانی حاجی سەعیدو دایکی ڕزگار پەروەردە دەکات. کەتواناو تاقەتی ڕووبەڕوو بوونەوە بەرپەرچ دانەوەیان هەیە لەهەموو ئان و ساتێک ئەگەر پێویست بکات.

کەواتە ئەم دارمایە. ئەگەر لەمندا ڕووی نەدابێ. ئەوا لەتۆدا ڕووی داوە. ناکرێ و نابێ تاکی کورد لەناو گێژاوی ئەو ڕۆژگارەدا هەر ڕۆڵی هەبووە ئەمە سەرنجی تایبەتی خۆمە.

بەڵام بەپێی باس کردنی خەڵکی ڕەشۆکی خۆمان ئاسا (گەردەلول) زیاتر بینەری بۆلای خۆی کێش کردووەو بەلایەنەوە خۆشتر بووە لەدرامای (گوڵە بێ ڕۆژەکان) چونکە واقیی ئەمڕۆ کوردەواری وادەخوازێ بابەتێک بێت زیاتر ڕۆچووبێ بەناو هەناوی کلتوری کورددا و مێژوی نزیک بەبینەر ببەخشێ.. ڕوخساری ئەسڵی گەل نیشان بدا، سیماو خەسڵەتە جوان و گەشەکانی نەتەوەی تێدا بێ بابەتێکی دێرین زیندوو بکاتەوە کەپانزە بیست ساڵی پێش ئێستا بووە واتا ئەم ڕەمەزانە گەردەلول گوڵە بێ ڕۆژەکانی هەڵوەراند!.■

حەمە جەزا نەریمان کەریم

لەبەسەرکردنەوەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەو باری شارستانێتی هەرێم دا:

هاووڵاتیان دەتوانن لەماوەی کەمتر لەکاتژمێرێک بڕوانامەی ڕەگەزی وەربگرن

چاوپێکەوتنی - بەهار مستەفا

سالانێک بەر لەئێستا ڕژێمی شۆفێنی بەعس سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لەشارەکانی کەرکوک و ناوچە فەیلیەکان نامرۆڤانە ئەنجامدەداو بەئارەزووی خۆی ڕەگەزنامەی لەمیللەتی کورد دەسەندەوە ئەویش لەپێناو پیادەکردنی سیاسەتێکی شۆفێنیانەی ڕەگەزپەرستانە، بۆیە فەرمانگەی ڕەگەزنامەو باری شارستانێتی ئەو فەرمانگە خزمەتگوزارییە زۆر گرنگەیەو پێناسی هەموو بەهاوڵاتی بونێکەو ڕۆژانە هەموو کەس ڕێی تێدەکەوێت، سەرەڕای گرنگی زۆری ئەم فەرمانگەیە، ڕۆژانە هاوڵاتیان بێ کێشەو نارەحەتی ئاسانکارانە کارەکانیان لێوە جێبەجێدەکرێت، هەربۆیە بەپێویستمان زانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز - لیوا قادر سەعید - بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەو باری شارستانێتی هەرێم ئەنجام بدەین و لێمان پرسی:

چاودێر: لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق فەرمانگەی ڕەگەزنامەو باری شارستانێتی لەچاو ساڵانی پێشوودا چ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە بینووە؟

لیوا قادر سەعید: پێش پرۆسەی گشتی ڕەگەزنامەو باری شارستانێتی هەرێم پێش پرۆسەی عێراق دەست بەکار بوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی ڕەگەزنامەو باری شارستانی و سێ بەڕێوەبەرایەتی (سلێمانی، کەرکوک - دەربەندیخان، هەولێر - کۆیە) ی لەخۆگرتووە و ژمارەی هەموو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی (٤٨) فەرمانگەیە، هەروەها ئەم دەزگایە دەزگایەکی بنەڕەتییەو سەلمێنەری هەموو بەهاوڵاتی بونێکە.. ئەرکی ئەم دەزگایە چەندین جار زیادیکردوو هاوڵاتیان بەلێشاوێکی زۆر سەردانمان دەکەن بۆ دەرهێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی و پێناسی باری شارستانی و بەبێ نەبوونی ئەو دوو بەڵگەیە هیچ کارێکی هاوڵاتیان لەهیچ فەرمانگەیەکی دەوڵەتیدا ئەنجام نادرێت ئەمەش وای لەئێمە کرد توشی هیلاکی و زەحمەتێکی زۆربین بۆیە بیرمان لەوە کردەوە ناوەندی ڕەگەزنامە لەهەموو قەزاکانی هەرێم کەبریتین لە (١٠) ناوەند وەک ناوەندی (کفری، کەلار، چەمچەماڵ، دوکان، ڕانییە، قەڵادزە، شاربازێڕ، پێنجوێن، هەڵەبجەی شەهید، شارەزوور) بکرێتەوە، تا هاوڵاتیان بتوانن لەقەزاو ناحیەکانی خۆیاندا بڕوانامەی ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەست بهێنن بێ ئەوەی سەردانی بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر - کۆیە، کەرکوک - دەربەندیخان) بکەن.

لەگەڵ سوپاسێکی زۆرمان بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاک عوسمانی حاجی مەحمود کەهاوکارو پشتگیرمان بوو، توانیمان بۆ هەریەکێ لەو ناوەندانە پێویستیەکان دابین بکەین، هەروەها بەرنامەی تێرو تەسەلمان هەیە بۆ دروستکردنی بینایەکی مۆدێرن بەبڕی (٤٣٥١٧٥٦٤٠) دینار چاپی نوێ بۆ ڕەگەزنامەی باری شارستانێتی سلێمانی لەتەنەدرایەو ئێستا بینای ڕەگەزنامەو باری شارستانی هەولێریش لەتەواوبوندایە کەبڕی تێچوونی (٢٥٠) هەزار دۆلارەو ئیشوکارەکانمان زۆر بەئاسانی دەڕوات و هاوڵاتی لەماوەی کەمتر لەکاتژمێرێک دەتوانێت بڕوانامەی ڕەگەزی وەربگرێت بەمەرجێک هەموو مەرجە یاساییەکانی تێدا بێت.

چاودێر: کارێکی گەورەتان ئەنجامداوە بەوەی کارتان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانی هەولێرو کەرکوک کردووە؟

لیوا قادر سەعید: زوڵم و زۆرداری ڕژێمی لەناوچووی بەعس لەشەستەکانەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەستی پێکرد بەفەرمانی بەناو (مجلس قيادة ثورة العراقي) خەڵکەکانیان لەشوێنەکانی خۆیان دەردەکردو تۆمارەکانیشیان لەگەڵدا ئەگواستەوە تاکو ڕێژەی کورد لەو ناوچانە کەم بکات و عەرەبیان دەهێنایە جێگەیان بەتایبەت لەپارێزگای کەرکوک و لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١ ڕژێمی لەناوچوی ڕەگەزپەرستی سەدام بەجۆرێکی زۆر دڕندانەو نامرۆڤانە پەلاماری هاوڵاتیانی کوردی دەداو ژمارەیەکی زۆری کورد لەزێدی باوو باپیرانیان دەردەکران و ڕەویان دەکرد بەرەو کوردستانی ئازاد، بۆیە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان توانیان بڕیارێک بەحکومەتی کاتی ناوەندی عێراق دەربکەن بەگەڕانەوەی ئەو دەرکراوانە بۆ زێدی باوو باپیرانیان، ئێمەش ئەو کەسانەی کە بەتۆمارەکانیانەوە گوێزرابونەوە کەژمارەی تۆمارەکە ٢٤ تۆمارو ٥٢٣ سورەت قەیدو ٤٠٥٩ خێزانی لەخۆگرتبوو و ژمارەی خەڵکە ڕاگوێزراوەکان بەرەسمی _٢٢٣٣) کەس بوو توانیمان بەهاوکاری لەگەڵ پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوک لەمەراسیمێکی شایستەدا ئەو تۆمارانە بگێڕنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو باری شارستانی کەرکوکی ئازادکراو ئێستا ئیشی هەموو کەرکوکیان لەکەرکوک جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی بەزۆریش ڕاگوێزرابون بەرەو هەولێر، ئەوانیش بەهەمان شێوە گەڕێنراونەتەوە بۆ شوێنە ئەسڵییەکانی خۆیان و ئەو کێشانەی کەجاران بەرەو ڕووی هاوڵاتیان دەبووەو نەما هەموو کەس بەئازادانە دەتوانێت بەپانتای عێراقدا بگەڕێت.

لیوا قادر سەعید - بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامەو باری شارستانێتی هەرێم

چاودێر: کێشەو گلەییتان لەهاوڵاتیان چییە؟

لیوا قادر سەعید: هەندێک جار کێشەو سەریەشە تووشی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەمان دەبێتەوە بەوەی خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردۆتە هەندەران کەدێنەوە بەڵگەنامە دەرەکەن، پێشتر بڕوانامەی ڕەگەزییان هەبوو دواتر لەبەرهەر هۆیەک بێت لەدەستی داوە یان هەندێکیان کەسوکاریان دەنێرن بۆ جێبەجێکردنی ئیشوکارەکانیان و بەبێ ئامادەبوونی وەیان ڕێگای چەوت دەگرن وەک واسیتەو تەلەفون، ئەمانە هەمووی پێچەوانەی یاساو ڕێنماییەکانمانە وەیان ماوەیەکی دوورو درێژ لەم هەرێمە دەمێننەوە ڕۆژێ پێش ڕۆشتنەوەیان خەریکی مامەڵەکردن دەبن چونکە هەندێک لەو بڕوانامانە پێویستی زیاتر بەدواداچون و لێکۆڵینەوەیە ڕەنگە زیاتر لەمانگێک بخایەنێت، لەبەرئەوەی ئەم دەزگایە دەزگایەکی خزمەتگوزارییە، هەموو هاوڵاتیەک دەبێت وەک ماڵی خۆی سەیری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بکەن لەلایەکی ترەوە هەر کەسێ ناسراو یان نەناسراو بێ بەبێ جیاوازی کاری بۆ ئەنجام دەدرێت و پەنا بۆ ڕێگەی واسیتەو نامەو ئیحراجکردنی کاربەدەستانی ئەم دەزگایە نەبەن.

چاودێر: دوا پرۆژەتان چییە؟

لیوا قادر سەعید: ئێستا بەرنامەی بەکۆمپیوتەرکردنی دەزگاکەمان هەیەو ئاگاداری کۆمپانیاکان کراوە کەئەوەی توانای هەبێت لەبواری کۆمپیوتەردا بێنە پێشەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەو تائێستا چەند کۆمپانیایەکی خۆماڵی و دەرەکی هاتونەتە پێشەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم کارە کارێکی هونەری و وردە ئەو بەڵگەنامانەی لێرەوە دەدرێت پەیوەندی بەهەموو عێراقەوە هەیە بۆیە ئەوەی لێرە دەدرێت دەبێت لەبەسرە هاوشێوەی یەک بن دەبێت و بەیەک سیستەم جێبەجێبکرێت.. هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان بەرنامەی خۆی پێش کەشکردووە تا بتوانێت لەبەر ڕۆشنایی داوا کارییەکانمان ئەو کارە ئەنجام بدرێت و تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بەڵگەنامانە تۆمار بکرێت.■

پشووی هەینی

ئا: چاودێر

× دڵتەنگترین ڕۆژی هەفتە هەینییە!
× شارەوانی هیچ بەرنامەیەکی شیاوی نییە تا لەڕۆژانی هەینیدا هاوڵاتیان ئاسودە بن!
× هەینی ڕۆژی پشووە.. یان شێتبوونی خەڵک؟!
× دەستبڕین لەهەینیدا سەرهەڵدەدا!
× فرمێسک و گریان لەسەر قەبران و پارکی ئازادیدا!

هەموو وڵاتێک و لەهەفتەیەکدا ڕۆژێکیان هەیە بۆ پشوو.. واتە لەو ڕۆژەدا هیلاکی و خەم و ئازارەکانیانی تیا دەرەوێننەوە.. لەو ڕۆژەدا پیشەو کارەکانیان وەلا دەنێن و گۆڕانکارییەک لەهەفتەدا دروست دەکەن.. لەلای ئێمە ڕۆژی هەینی بەبەردەوامی ڕۆژی پشووە.. واتە وازهێنان لەهەموو ئەو شتانەی کەلەڕۆژەکانی تردا بەبەردەوامی هەیە، لەو لایەنەوە هەرواشە کەکەسانێک لەڕۆژی هەینیدا سودمەند بن بەتایبەتی چینە هەژارەکە.. چونکە زۆربەیان دەیان شتیان لێ حەرام کراوەو ئەو دەسەڵاتەیان نییە کەڕۆژەکەی تیا بگۆڕن.. بەڵام! ئاخۆ کێشەکانی تر لەم ڕۆژە پشووەدا چین؟! دەبا ڕۆژێکی هەینی بخوێنینەوە:

×جەژن تەواو.. ئەی بۆ؟!

لەپێش جەژندا.. زۆر ئاساییە بازار جەنجاڵی و قەرەباڵغی بەخۆیەوە ببینێ.. خەڵکی بۆ پێداویستیەکانی جەژن لەخۆ ئامادەکردندان و بازاریش دەبێتە ڕۆژی حەشر.. بەڵام جەژن تەواو.. ئەمڕۆ هەینییە، سەیرەکە لەوەدایە لەڕۆژانی پێش جەژن قەرەباڵغتر.. تۆ بڵێیی جەژنانەی (١٠٠ هەزار دینارەکە زیادە نەبێ و سەری لێ تێک نەدابن؟! ئەی تۆ بڵێی لەترسی بومەلەرزە حەیاتەکە نەهاتبنە نێو بازار؟! ئەی کێ ناڵێ پارکی ئازادی و سەرچنارو دەباشان و ئەزمرو بەکرەجۆ بەرتیری قورەتی بومەلەرزەکە نەکەوتبن و سەراپا خاپور بووبن؟! یان لەوانەیە ڕۆژژمێری کوردستان هەڵەی تێ کەوتبێ و هەینی کردبێ بەپێنج شەممە! نازانم.. لەوانەشە هەموو شار بەیەکەوە خەونیان بەوەوە بینیبێ کەپێویستە لەهەینیدا هەموو بڕژێنە ناو شەقامەکانی شارەوە!.. باشە تۆ بڵێی لیژنە چاودێرەکان بڕیاری ئەوەیان نەدابێ کەهەموو جۆرە خواردن و شمەکێک لەهەینیدا نرخەکەی نیواو نیو دادەبەزێ!.. ئەی کێ ناڵێ لەهەینیدا بەدەست گرتنەوەکەی کابرا پارە نابارێ!.. کورە بەخوا لەوانەشە میللەت بەخۆیدا چوبێتەوە.. هەموو هاتبن مانگرتنی سەرتاسەری بگرن.. ئەی کێ ناڵێ بۆ (حی علی الصلاە)ی مزگەوتی گەورە نەهاتوون!!

×شارەوانی.. هەر ئەبێ قسەیەک بکەیت!

ئەی تۆ چی دەڵێی جەنابی شارەوانی.. ئایا خۆت نازانی کەڕۆژانی هەینی پشووە.. باشە ئەم بەرەڵلاییەی نێو بازار بۆ؟.. زیادبوونی ئەم هەزاران عەرەبانەو دەستگێرانە لەنێو چەقی شەقامدا (نەک شۆستە) بۆ؟.. ئەم لێنەپرسینەوەیە بۆ؟.. پۆلیست کەمە.. چاودێرت کەمە.. ئەندامت کەمە.. چاوبزت کەمە؟! دروست بوونی ئەم هەموو زبڵخانەیە لەڕۆژانی هەینیدا بۆ؟ (دەعمی سەیارە) جێ دەهێڵین بۆ (مرور).. ئەی ئەم هەزاران دەعمی عەرەبانەو مرۆڤانە لەچەقی شەقامدا بۆ؟ دروست کردنی ئەم هەموو خانووە جوانانە بەکارتون لەسەر شۆستەکان بۆ؟ پاڵکەوتن و نوستن و جگەرەکێشان و قاچ لەسەر قاچی ئەم هەموو فرۆشیارە لەنێو چەقی شەقامدا بۆ؟ درێژوونەوەی ئەم هەموو شمەکە وەک کلکی ئەستێرەی کلکدارو بومەلەرزەیە بەسەر شۆستەدا بۆ؟ تەنانەت هەندێ شۆستە گەر پیا تێپەری قەدەغەیە.. بۆ؟ ئێوارانیش سەد هەزار تف و نەفرەت بۆ کەناس دەنێری.. بۆ؟ شارەوانی وا نابێ.. هەینی پشووە.. پشوو.. کوا بەرنامەکەت بۆ هەینی.. چۆن بەزەییت بەشاردا نایەتەوە کەلەپشووی هەینیدا شار دەبێتە دۆزەخستان!

×کارەسات..

سەر لەبەیانی هەینی.. شار دەبێتە ئاوازێک.. پڕاوپڕ لەسەمفۆنیای گریان.، گۆڕستانەکان شار دەگرنە باوەش.. هەموو ئەمانە جوانن.. چونکە ئێمە نیشتمانێکمان هەیە پڕاوپڕ لەشەهید.. پڕاوپڕە لەماڵئاوایی.. پڕاوپڕە لەخواحافیزی و دایکە ڕەشپۆشەکانیشمان هەر لەنێو گریانی نێو گۆڕستانەکاندا لەکێلەکان دەڕوانن.. ئێمە پێویستمان بەو منداڵانە هەیە کەبەیانیان مۆم و بوغوردو داری عودەکان دەهێننە نێو گۆڕستان.. مۆمەکان دەسوتێن و داری عودەکانیش بۆن بڵاو دەکەنەوە.. دایک و باوکەکان دێنەوە ماڵ.. دەرکەی حەوشە دەکەنەوە هەرئەوەندەو چانێکیان دا.. ڕۆڵەکانیان خواحافیزی دەکەن و شەقام دەگرنە باوەش.. شەقام دەبێتە ڕوناکی.. ئاخۆ چ ڕووناکیەک؟! دایک و باوکەکان هەموو فرمێسکەکانی هەفتەیان لەنێو گۆڕەکاندا هەڵڕشت.. دواتر لەنێو شەقام و شۆستەکاندا ئەوانی دی گیرفانەکانیان کردەوە.. لەولا هەموو ئەمانەوە.. شوێنێک هەیە گیرفانی گەورەو بچوک بەتاڵ دەکاتەوە.. گریانەکان دەست پێدەکەنەوە.. ئەوە هەناسەی ئەو باوک و دایکەیە کەلەکورسی کورسی و جۆلانە دەڕوانن.. ئەوە گریانی ئەوانەیە کەلەیاریەکان ورد دەبنەوەو هیلاک دەبن.. کەشەویش دادێ.. هەموویان دەڵێن: ئێمە چووینە پارکی ئازادی!

×بەڵێ.. لەهەینیدا ڕوو دەدەن!

- پشوو دەبێتە ڕۆژی دەست بڕین لەنێو شەقامەکانی شاردا!
- دەکرێ لەسەر هەموو شۆستەو شەقامەکان بنوسرێ: ممنوع ڕۆیشتن لنە شارەوانی نائم!
- حەرام + حەڵاڵ = تێڕامان!
- بیست و پێنج شۆستە محجوز للعرب.
- چل دەقیقە ئیزافی بۆ خیتابی دینی!
- کردنەوەی هەموو دوکانەکان.. هەر دەڕابەی دوکانێک دادرابێتەوە بێگومان بن خاوەنەکەی سەیارەی علوج لێی داوە!
- لەفەیەکی هیچ و پوچ هەرچیەک بێت (١٠٠٠) دینار!
- پۆلیس بەچوار سەعات زیاتر بەدیار سەتەلایتەوە دادەنیشێ!
- ئەو ڕۆژەیە کەناهەستەکان بەلێپرسینەوە ماچ بۆ سەرۆکی شارەوانی دەنێرن!
- پارکی ئازادی بڕبەنگی بلیتەکانی تیژ دەکاتەوە!
- هەوەسە حەرامەکان شەقام دەتەنن!
- کرێی تەکسی بۆ بیست هەنگاو (٤) هەزار دینار!
- گازینۆکان چاییەکانیان دەبێتە (ئاوچا)!
- شان لەشاندان (سەد هەزار جار) بەخێسەوە!
- لە ١٠٠ بەرنامە (٩٥) بەرنامە تێکەچێت.. ٤٥ (T.V) نایهێنێتەوە شوێنی خۆی.
- کەناسەکان (٨٠) بەرمیل فرمێسک دەڕێژن!
- (١٠) هەزار کارتۆنی فڕێدراو.. بەڵام بۆ ڕاخستنی ژێر فەرش نا.. بەڵکو بۆ سوتاندن و شێواندنی شۆستەو شەقامەکان لەلایەن عەرەبانەکانەوە! دەکەواتە دەخیلەی ئەی شارەوانی لەڕۆژانی هەینیدا هیمەتێ!■

لە باکورەوە

پێکدادان لەشرناخ و چەولیک

سوپای تورکیا لەچیاکانی ویلایەتی چەولیک و شرناخ دو ئۆپەراسیۆنی ئەنجامدا. لەئەنجامی ئەم شەڕانەدا ٣سەرباز کوژران. هەروەها ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپای تورکیا کوژراوە. دوابەدوای ئەم چالاکیانە سوپای تورک لەشاخەکانی ئەلازخ و بینگول ئۆپەراسیۆنی ئەنجامدا بەڵام ئەم چالاکیەی سوپا بێ ئەنجام بووە.■

Batman Gazetesi
Müstakil Siyasi Gazete

دو تاوانی ترسناک لەباتمان

بەگوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەی باتمان برای سەرۆکی بەلەدیەی باتمانی پێشو ئەدیب سوڵماز کەساڵی ١٩٧٩ سەرۆکی بەلەدیەی باتمان بو، عەبدوڵا سوڵماز بەکوژراوی لەماڵەکەی خۆی لەباتمان دۆزرایەوە. عەبدوڵا سوڵماز ئەندامی pkkبو. بەڵام ساڵی ١٩٨٥لەpkkجیا بووەو ماوەیەک لەناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابو. دواتر لەئەوروپا خەریکی کاری وەرگێری بو. دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا. لەجەژنی ڕەمەزاندا دراوسێکان کاتێک خواردنی بۆ دەبەن روبەڕوی تەرمەکەی دەبنەوە. شایانی باسە کە عەبدوڵاسوڵمازلە پشتەوە لێدرابوو پاشان سەریان لێکردبوو.!

هەروەها ڕۆژی حەفتی ئەم مانگە لەسەر ڕێگای ترینی دیاربەکر ـ باتمان تەرمێکی کوژراو دۆزرایەوە. لەلێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت کە ئەم تەرمە تەحسین شاهینە. تەحسین شاهین ساڵانێکی درێژ لەڕیزی گەریلاکانی pkkلەچیا خەباتی کردبو. پاشان دەسگیر دەکرێ و ٦ساڵ لەزیندان دەبێ. لەدوای ئەوە کەڵک لەیاسای پەشیمانی وەردەگرێ و بەردەدرێ. لەم ماوەیەدا سەرۆکی ژوری بازرگانی باتمان بو. ڕۆژی هەفتی ئەم مانگە بەکوژراوی دۆزیانەوە.■

شەمدین ساقیق سایتی ئینتەرنێت دەکاتەوە

فەرماندەی دەسگیرکراوی pkk شەمدین ساقیق، کە لەزیندانی دیاربەکردایە، بەداوانامەیەک داوای لەوەزارەتی دادی تورکیا کردوە ڕێگەی پێ بدەن سایتێک بکاتەوە، ساقیق بەلۆپ ـ تۆپەکەی دەیەوێ سەبارەت بەژیان و چالاکیەکانی و ئەو ئیعدامانەی کە لەناو pkkئەنجامدراون زانیاری بدات. هەروەها دەیەوێ سەبارەت بەناکۆکیەکانی ناوpkk هەندێک شت بدرکێنێ. ساقیق تا ئێستا ٣کتێبی چاپ کردوە.١. ئاپۆ ٢. نامەکانی شەمدین ساقیق، ٣. دیلی توندوتیژی.■

پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دامەزرا

Kurdistan-Post.Com

کۆبونەوەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی گەیشتە ئەنجام. لەئاکامی ئەم کۆبونەوانەدا سیستەمێکی "جوت، سەرۆکی "بۆ ئەم پارتە دانراو "ئەحمەد تورک و ئایسەل توغلوک" بونە جوتە سەرۆکی ئەم پارتە. هەروەها ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە دۆسیەی داواکاری دامەزرانی پارتەکەیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد.■

PDk و PSK ی باکور کۆمیتەی هاوبەش پێکدەهێنن

دوای هاوپەیمانیPDKو PSKی باکور، کۆمیتەی هاوبەشەکانیان دروستبون. لەدوای ئەوەی کۆمیتەی هاوبەشیان لەئەوروپا پێکهێنا زنجیرە کونفرانسێکیان ئامادە کردوە. بێگومان ئەم زنجیرە کۆنفرانسە دەبێتە بناغەی هاوپەیمانی هێزەکانی باکوری کوردستان.■

مەسعود تەک.. سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی کوردستان PSK:

هەندێک لایەنی باکور دەیانەوێ ببنە تورکیایی، ئەمە شوناسی نەتەوەییمان دەشێوێنێ

ئا/ مامەند رۆژە

مەسعود تەک ساڵی ١٩٥٤لەئەلازغ لەدایک بو. بەبنەچە خەڵکی دیرسیمە.خوێندنی ئامادەیی لەئەلازغ تەواوکردو قۆناغی زانکۆی لەدیاربەکربردە سەر. دوای کودەتای ١٩٨٠لەتورکیا هاتە دەرەوە. لەوەدوا لەکوردستان و لەئەڵمانیادا دەژیت.

مەسعود تەک سکرتێری گشتی پارتی سۆسیالیستی کوردستان pskیە.نزیکەی ٣١ساڵە لەخەباتی سیاسی باکوری کوردستاندا دەخەبتێ. هەر لەو ماوەیەدا کەسی دوەمی سەرکردایەتی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بوە. ساڵ و نیوێک بەر لەئێستا پارتی سۆسیالیست کۆنگرەی دوەمی خۆی بەست و لەو کۆنگرەیەدا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە دەسەڵاتی هەرەمی گۆڕاو بەڕێز کەمال بورکای جێی خۆی دایە مەسعود تەک. ئێستا لەهەولێرەو خەریکی بەڕێوەبردنی خەباتی پارتەکەیەتی. وەک ڕۆژنامەکەمان لەمەڕ پرسەکانی ڕۆژی باکور ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا.



مەسعود تەک

چاودێر: جیا لەنەریتی دوگمایی و کاریزمایی پارتە کوردیەکانی دیکە، پارتی ئێوە لەدوا کۆنگرەی خۆیدا سکرتێری گۆڕی و ئێوە بونە سکرتێری psk. سەبارەت بەم گۆڕانە دیموکراتیە چیدەڵێن؟

مەسعود تەک: بەڵێ... دوساڵ لەمەوبەر پارتی ئێمە کۆنگرەی هەفتەمی خۆی بەست. لەو کۆنگرەیەدا بەڕێز کەمال بورکای گوتی ئەوە ٣٠ساڵە سکرتێرم، بەسە باهاوڕێیانی دیکەمان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ. دواتر کۆمیتەی ناوەندی، منی وەک سکرتێر هەڵبژارد. هەرچەند ئێمە یەکەم پارتیش بین کە ئەم نەریتەمان پێشخستبێ بەڵام بەو واتایە نیە کە پارتەکانیتر دیموکرات نین. بۆ نمونە مام جەلال ساڵەهایە سکرتێری یەکێتی نیشتمانیە... بەرای من هێشتا پێویستە مام جەلال لەم پۆستەدا وەمێنێ چونکە لەم بە ئەزمونترمان نیە. یان کاک مەسعود سەرۆکی پارتی دیموکراتە. ئایە کەسێکتر دەتوانێ ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە؟ پێموابێ هەلومەرجی ئەمڕۆ پێویست دەکات ئاوا بمێنێتەوە. گۆڕانی دیموکراتی نابێ تەنها بۆ دیکۆر بێ و گوایە دیموکراتین هەر کۆنگرەو سەرۆکێک هەڵبژێرین. ڕەوشی ئەمڕۆ پێویستی بەم سەرکردە بەئەزمونانە هەیە. هەر چەند سکرتێر گۆڕا بەڵام بەرنامەی پارت گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهات. ئێمە پارتێک نین کە بەفەرمانی تاقە کەس بەڕێوە بچێ و لای ئێمە کارگێڕی و بڕیار بەکۆمەڵ ئەنجامدەدرێت. بێگومان کاک کەمال تاقە کەسەو ناتوانێ بۆ هەمیشە ئەو پارتە بەڕێوە بەرێت. بۆیە پێویست بەگۆڕانی سکرتێر بو. هەر چەند بەڕێز کەمال بورکای ڕەنجێکی زۆری لەبزوتنەوەی باکوردا هەیەو بەتایبەت ئەندازیاری پارتی ئێمەشە بەڵام بەبڕیاری خۆی و بەبڕیاری بەکۆمەڵی کۆنگرە ئەم گۆڕانەی کرد.

دیارە لەبەرنامەکەماندا گۆڕانێکی وا نەهاتۆتە ئاراوە. پێشتر داوای مافی چارەنوسمان دەکردو ئێستاش هەروایە. پێمانوایە فیدراسیۆن نمونەیەکی باشە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوسی گەلەکەمان و یەکێتی ئازادانەی کوردو تورک دەتوانێ ببێتە بەردی بناغەی ئەم فیدراسیۆنە. هەر چەند دان بەسنورە دەسکردەکاندا نانێین، بەڵام لەبەرەوەی خواستی ئێمە هەر پارچەو ڕەوشێکی جیاوازی هەیەو دەبێ ئەم واقیعە ڕەچاو بکرێ. دەبێ هەر پارچە لەڕێگەی هێزی خودی ئەو پارچەیەوە بەڕێوە ببرێت و کەس دەست وەرنەداتە کاروباری پارچەکانی دیکەوە. نابێ کەس خۆ بەسەر لایەن و بەشەکانیتردا بسەپێنێ... جاران وابیرمان دەکردەوەو ئێستاش هەروایە. پێمانوایە تەنها بۆمان هەیە هاوپەیمان و برایین نەک برای گەورەو برای بچوک و پارچەی گەورەو پارچەی بچوک... باوەڕمان بەهاوکاری و هاوخەباتی هەیە. لانیکەم ئەگەر پێمان ناکرێ ببینە هاریکار با نەبینە کۆسپ بۆ یەکتری... ئەمانە هەمان بەرمانەی جێگیری پرۆگرامی پارتی ئێمەبوە.

چاودێر: بەر لە کۆبونەوەی سێیەمی ئۆکتۆبەری تورکیاو یەکێتی ئەوروپا، ئەردۆغان لەمەڕ پرسی کورد هەندێک شتی نوێی هێنایە زمان و دانی بەم پرسەدانا و گفتی چارەسەرکردنیدا. ئایە ئەم دەسپێشخەریە تاکتیکیە یاخود ستراتیژیە؟

مەسعود تەک: ئێمە سەبارەت بەم هەنگاوەی بەڕێز ئەردۆغان نامەیەکمان بۆی نوسیوە. پرسەکە ئەمە نیە ئەمە مانۆڕە یان مانۆڕ نیە. پرسەکە ئەمەیە کە پارتی دادو گەشەپێدان لەبەرنامەی خۆیدا پرسی کوردی خستۆتە بەرنامەی کارەوە و دەبێ دان بەم ڕاستیەدا بنێین. نکۆڵی لەوە ناکەم بەر لەئەردۆغانیش هەندێک سەرکردەی تورک ئاماژەیان بەپرسی کورد کردوە. بەڵام ڕاگەیاندنەکانی ئەمجارەی ئەردۆغان جیاوازن و پەیوەندی بەبەرنامەی پارتەکەشیانەوە هەیە.

کاتێک بەمدواییە pkk شەڕی دەست پێکردەوەو جموجوڵی سەربازی ئەم سێ ـ چوار مانگەی هێنایە ئاراوە، فەرماندەکانی سوپای تورکیا بەناڕەزایەتیەوە گوتیان پرەنسیپەکانی یەکێتی ئەوروپا دەستوپێی ئێمەی گرێداوە و ناتوانین هەڵسوڕێین. دەبێ ڕێگەمان بۆ بکەنەوە بۆ سەرکوتکردنی pkk. بەڵام ئەردۆغان پێشی پێگرتن و گوتی ناخێر.. پرسی کورد لەپرسی تیرۆر جیایەو تەنها بەدیموکراسی دەتوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین. ئەمە یەک ڕاستیمان پێدەسەلمێنێ کە لەنێوان حکومەت و سوپادا ناکۆکی قوڵ هەیە... لەلایەکی دیکەش ئەردۆغان ئاماژەی بەهەڵەکانی دەوڵەت لەمەڕی پرسی کورد کردو گوتی دەبێ لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە. ئێستا ئەم قسانە ڕاستن بەڵام تەنها لەسەر کاغەزەو هیچ هەنگاوێک نەنراون. باشە فورمیلی چارەسەری ئەردۆغان چیە؟ تائێستا هیچ شتێکیان دەر نەبڕیوە. مادەم دەڵێی پرسی کورد پرسی حکومەتی تورکیایە بۆچی هەنگاوی کردەیی هەڵنانێن؟ ئەمە گومانمان لا دروستدەکات داخۆ بڵێی ئەمە تەنها قسە بێت؟

ئێمە وەک psk پێمان باشە ئەردۆغان گفتەکانی جێبەجێ بکات و پێویستیەکانی دیموکراسی چارەسەر بکات. بەمجۆرە دەتوانێ پشتیوانی گەلی کورد بۆ خۆی دەستەبەر بکات. هەنگاوی پراکتیکی دەتوانی ئەمە مسۆگەر بکات.

چاودێر: لەباکور بۆ یەکەمجار ئەزمونێکی خەباتی هاوبەش لەساڵی ١٩٩٣هاتە ئاراوەو پرۆتۆکۆڵی شام لەنێوان لایەنەکانی باکور بەتایبەت pkkو pskدا مۆر کرا. بەڵام تەنها چەند مانگی خایاندو ئەم هاوپەیمانیە هەڵوەشایەوە. ئێستا تۆ سەیری باشور بکە ynkو pdkپێکەوە شەڕیشیان کردوە کە چی ئەمڕۆ خەباتێکی سیاسی هاوبەشیان هەیەو پێکەوەش کار دەکەن، ئەمە سیاسەتە. بەڵام لەباکور دۆخێکی وا لەئارادانیە و هیچ هەوڵدانێکی هاوبەش نابینرێت؟

مەسعود تەک: بەراستی باشت ئاماژە پێکرد. ئەمە بابەتی سەرەکی گفتوگۆی هێزەکانی باکورە و تائێستا نەهاتوتە دی. هۆیەکانی جۆربەجۆرن. لێرەدا تەنها دو هۆیان دەهێنمەوە١) لەباکور ڕێکخراوی جێگیرو بەردەوام کەمەو دوای ماوەیەک لەت ـ لەت دەبن و زو ـ زو ستراتیژی خۆیان دەگۆڕن٢) لایەنەکانی باکور متمانەیان بەیەک نیە. لەوە دەترسن ئەگەر بچنە لای لایەنە بەهێزەکان ڕێکخراوەکانیان لەدەستبدەن. هەندێک لایەنیش بەتایبەت pkkزۆر شتیان گوتوەو هیچیشیان جێبەجێنەکردوە. Pkk ویستویەتی گروپەکانی دیکە یان لەناو خۆیدا بتوێنێتەوە یان بیکاتە ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی. ئەمەش بێبڕوایی لەناوماندا دروستکردوە. لەباشور تەنها سیاسەتی ئەمریکا بڕەوی هەیە. لە باکور وانیەو فاکتۆری ناتۆو یەکێتی ئەوروپاش، پەرتوبڵاوی سیاسی ڕێکخراوەکانی باکوری لێکەوتۆتەوە. بەهەر حاڵ دەبێ لەباکور یەک گوتاری سیاسیمان هەبێ. بەتایبەت دوای چەسپانی فیدرالیزمی باشور ئەمە حەقیقەتە. ئێستا بایەکی دیموکراسی لەباشور، لەبەغداوە هەڵیکردوە لەولاش لەئەوروپاوە بایەکی دیموکراسی دیکە هەڵیکردوە.... ئەم دوبایە لەکوردستان دەگەنە یەک و گۆڕانی هەرێمەکەی لێدەکەوێتەوە. دەبێ لەمەودوا گوتارێکی هاوبەشمان هەبێ.

جارێک تا ئێستا هیچ پلاتفۆرمێکی سیاسی هاوبەشمان نیە. بەڵام لەئەوروپا پلاتفۆرمی کوردانی ئەوروپامان هەیەو کاری دیپلۆماسی هاوبەش دەکەین. ئەم پلاتفۆرمە گەلێک لایەنی کۆکردۆتەوە.

ئەم پلاتفۆرمە لەسێ لایەن پێکهاتوە.١. ڕێکخراوە سیاسیەکان.٢. ڕێکخراوە جەماوەریەکان.٣. ئینسیاتیڤی ڕوناکبیران.

ئەم پلاتفۆرمە لەpkk،pskو پارتی دیموکراتی کوردستان PDKو پارتی ئازادی و دیموکراسی کوردستان PADEKو رزگاری و هەڤگرتنی و ولاتپارێزو پارتی ئیسلامی کوردستان پێکهات. دوای گیرانی عەبدوڵا ئۆجەلان PKK لەپلاتفۆرم چوە دەرەوە و لایەنەکانی دیکەی تێدا ماونەتەوە.

سەرەڕای ئەمە پلاتفۆرمی نەتەوەیی کوردستان لەدەرەوەیەو ڕەگ و ڕیشەی لەناو خۆدا نیەو پێویستە ئەم پلاتفۆرمە لەناو خۆش بهێنینە کایەوە.

چاودێر: باشە ئێوە دەڵێن لەناو خۆ کاری هاوبەشمان نیە.. خۆ لایەنگرانی ئێوەو PDK ـ باکورو گروپەکانی دیکە ئێستا بەهاوبەش "پارتی ماف و ئازادی"تان پێکەوە ناوە و پێکەوە بەهاوبەشی خەبات دەکەن!

مەسعود تەک: نا هەندێک دۆستی ئێمەی تێدایە نەک ڕێکخراوەکەمان. پارتی ماف و ئازادی ـ هەقپار پێمان خۆشبێ و پێمان ناخۆش بێت پارتێکی یاسایەو ناچارە بەپێی یاساکانی تورکیا بجوڵێتەوە. جالەبەرئەوەی پارتەکەمان نهێنی و قەدەغەیە، پێویست ناکات بەپێی یاساکانی تورکیا بجوڵێتەوە. پارتی ماف و ئازادی ـ "هەقپار" پارتی زۆر گروپ و لایەنی جۆربەجۆرەو تەنها هی ئێمە نیە. ئامانجی هەقپار چارەسەرکردنی پرسی کوردە و لەسەر بناغەی پرەنسیپی وڵاتپارێزی، ئەم لایەنە جۆربەجۆرانە هاتونەتە لای یەک و هەقپار هی هیچ لایەنێکی تایبەت نیە.

چاودێر: ئێوە لەناوخۆ پارتی ئاشتی و دیموکراسیتان هەبو. دواتر قەدەغە کراو چوە ناو پارتی ماف و ئازادی ـ هەقپارەوە؟

مەسعود تەک: نە... پارتی ئاشتی و دیموکراتی قەدەغە نەکرا، بەڵکو کاتێک هەقپار دامەزرا، خۆی هەڵوەشاندەوەو بەشداری هەقپار بو. ئەوە پارتی گۆڕانی دیموکراتی بو کە قەدەغە کرا لەگەڵ پارتی جەماوەری دیموکراتی سەربە بەڕێز شەرەفەدین ئەلچی. لایەنگرانی ئەم لایەنانە بەشداری هەقپاریان کردوە. لەتورکیا کەشێک بۆ دامەزراندنی پارتی سیاسی و دەرخستنی ڕۆژنامە هەیە. کوردان ئەم دۆخەیان قۆستۆتەوە. مەرجیش نیە بەناوی کوردستان پارت دابمەزرێ. دەکرێ بەناوی دیکە پارت دابمەزرێ، بەڵام با بۆ کوردان خەبات بکات. جاکاری سیاسی مافی ئێمەیە.

لێرەدا دو ڕێگەمان لەپێشە یەکەم، با بەناوی جیاواز پارتی دابمەزرێنین و کار بکەین با بەناوی کوردستانیشی لەسەر نەبێت. دوەم، ناخێر تاکو ناوی کوردستان ئازاد نەبێ باکار نەکەین. بەرای من ڕێگەی دوەم ڕێگەی پاسیفیزم و کارنەکردنە و ڕێگەی یەکەم ئاقڵانەیە.

چاودێر: بەمدواییە لەباکور خەریکن پارتی گەلی دیموکراسی DEHAP هەڵدەوەشێننەوە، و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی دادەمەزرێنن. پێشتر لەیلا زانایان دانابو بۆ سەرۆکی ئەم پارتە. وادیارە لەوە پاشگەز بونەتەوەو ئێستا ڕێکەوتون و "ئەحمەد تورک" یان کردۆتە سەرۆک. ئەم دۆخە چۆن دەنرخێنن؟

مەسعود تەک: جارێک بابڵێم ئێمە دژی ئەوە نین کەس پارتی دانەمەزرێنێ. بەپێچەوانەوە پشتگیری دامەزرانی پارتی نوێ دەکەین. بەڵام پرسەکە لەمەدایە ئەو پارتە چەند نوێنەرێتی خواستەکانی گەلی کورد دەکات؟ ئەم برادەرانە پارتێکیان دامەزراندوەو دەیانەوێ ببنە تورکیایی! گەلێکیان هەوڵدا لەگەڵ چەپەکانی تورکدا یەکبگرن و پارتێکی فراوانی تورکیایی پێکەوە بنێن. بەڵام سەر نەکەوتن... کێشەی ئێمە ئەوە نیە ببینە تورکیایی. پارتی کوردی دەبێ داوای مافی کوردان بکات و ناسنامەی کوردی لێڵ نەکات. بەتایبەت دوای سەرکەوتنی فیدرالیزمی کوردستانی باشور، کورد دەبێ داواکاریە نەتەوەییەکانی شەفافتر بن نەک خۆمان بکەینە تورکیایی و باسی میساقی میللی وکەمالیزم بکەین.

ئەمانە باوی نەماوە و مەترسیە بۆ شوناسی نەتەوەیی و خواستی سیاسی کوردان. با٦ ـ٧پارتمان هەبێ، بەڵام دەبێ نوێنەرێتی گەلی کورد بکەن نەک شوناسمان ئاڵۆز بکەن. بەداخەوە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەڕوی شوناسی نەتەوەییەوە ئاڵۆزە؟ خۆزگا ئەوەندەی لەیلا زاناو هاوڕێکانی لەگەڵ پارتە تورکیەکاندا گفتوگۆیان کرد بۆ خەباتی هاوبەش، خۆزگا لەگەڵ پارتە کوردیەکاندا دانیشتنایە! ئەم پارتە بەفەرمانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان دامەزراوەو تەنانەت ئەو خۆی ناو سەرکردایەتی و تاکتیک و ستراتیژیەکەشی دیاریکردوە. نابێ سیاسەت و شوناسی کوردستانی بزاڤی کوردستان لێڵ بکرێت. بەڵام بەداخەوە ئەمە کێشەی ئێمەیە لەباکور. جەماوەر لای ئەوانەو لەملاش ئێمە واتە لایەنەکانی دیکە تائێستا نەمانتوانیوە بەدیلێکی ئەم ڕەوشە پێکەوە بنێین.

چاودێر: لەم ڕۆژانەدا بەڕێز یاشار کایاو وەفدی هاوڕێی لەگەڵ پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی PWDو یەک، دو گروپی دیکەدا هەندێک گفتوگۆیان هەبوە. ئایا ئێوە بەشداری ئەم گفتوگۆیانە بون؟ ئایا ئەم گفتوگۆیانە بۆ پێکەوە نانی پلاتفۆرمێکی سیاسی نوێیە یاخود شتێکی دیکەیە؟

مەسعود تەک: وەڵا ئاگادار نیم دانیشتون یان نا. بەڵام ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ برایانی پارتی وڵاتپارێزی دیموکراتی PWD هەیەو لەگەڵ بەڕێز یاشار کایاش دانیشتمان هەبوە. بەڵام جارێک باسی شتێکی ڕونمان نەکردوە. ئێمە پێشوازی لەهەمو لایەنێک دەکەین و کارمان بەرابردویانەوە نیە. دەبێ چاومان لەئاییندە بێت نەک لەرابردو. ئامادەین بەمەرجێک بەسیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە لەگەڵ PKK شدا دانیشین و تەنانەت ڕێبەرێتی بەرەی باکوری کوردستانیشی بسپێرینە دەست. بەڵام بەو مەرجەی بگەڕێنەوە ڕیزی باڵەکانی بزاڤی کوردستان. سیاسەتمەدارێک گوتویە: PKKبۆی هەیە بەڕێز ئاپۆ لەزیندان ڕزگار بکات بەڵام بۆی نیە خەڵکی کوردستانیش بخاتە هەمان زیندانەوە.

چاودێر: لەم ڕۆژانەدا PKKئاگر بەسی یەکلایەنەی خۆی کۆتایی پێ هێنا. سوپای تورکیاش ئۆپەراسیۆنەکانی دەسپێکردۆتەوەو ئەردۆغانیش هەڕەشەی لەPKK کردوە. ئەم ڕەوشە چۆن لێکدەدەنەوە؟

مەسعود تەک: چارەسەری پرسی کورد لەقەندیل نیە. خۆ بەڕێز ئۆجەلان داوای کردوە "با لێخۆشبونێکی گشتی ڕابگەیەنرێت ئەوجا چەکدارانی کورد چەک دادەنێن". بەڵام بەداخەوە سوپای تورکیاو دەوڵەتی پشت پەردە نایانەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکەن. شەڕ نەژادپەرستی بەهێز دەکات. لەبەر ئەمە ئەم شەڕە زیانێکی گەورە بەهەردولامان دەگەیەنێ. بۆیە پێموایە ناگاتە باشور، ڕەنگە بۆمبارانی هەوایی بکرێ بەڵام هێرشی زەمینی ناگاتە باشور. ئەم شەڕە نیشتمانی نیەو بڕیارێکی لایەنێکەو بۆ پرۆسەی یەکێتی ئەوروپاش باش نیە. جاران تورکیا بەهاوپەیمانی لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا دەیتوانی بکەوێتە باشوری کوردستانەوە. بەڵام ئەمڕۆ نە کورد، نە حکومەتی ئێراق و نەش ئەمریکا ناخوازن تورکیا پەلاماری کوردستانی باشور بدات. بۆیە ئەگەری هێرشی هەوایی هەیە بەڵام ئەگەری هێرشی زەمینی لاوازە.■

پۆست مۆدێرنیزم

و. لە فارسیەوە: ئازاد بەهین

پۆست مۆدێرنیزم یان بەدەربرینێکی وردبینانەتر، کۆمەڵە باوەڕێکی ئاڵۆزە کە وەکوو دەڤەرێک لە توێژینەوە ئەکادیمیەکان لە ناوەڕاست دەیەی ٨٠دا هاتووەتە ئاراوە. ناساندنی پۆست مۆدێرنیزم ئەستەم دێتە بەرچاو، لەبەر ئەوە ی کە چەمکێکە کە لە بەر بڵاوێکی زۆر لە دیسیپلین و دەڤەرە توێژینەوەکان دالە وانە: هونەری بیناسازی، مۆسیقا، فیلم، ئەدەبیات، کۆمەڵناسی، پەیوەندییەکان، مۆدو تەکنۆلۆژیدا ئاشکرا بووە. دژوارە کە ئەم چەمکە بخەینە کات یان مێژوویەکی تایبەتەوە، لەبەر ئەوەی کە کاتی سەرهەڵدانی پۆست مۆدێرنیزم دیار نییە. ڕەنگە ساکارترین ڕێگا بۆ بیرکردنەوە لە هەمبەر پۆست مۆدێرنیزم، بیرکردنەوە بێ لە هەمبەر مۆدێرنیزم، بزوتنەوەیەک وا دێتە بەرچاو پۆست مۆدێرنیزم کەی سەری هەڵداوە. مۆدێرنیزم دووچەشنە تاریفی هەیە کە ئەم دوو ڕەهەندە بە تێگەیشتنی پۆست مۆدێرنیزمەوە دەلکێ. یەکەمین ڕەهەند یان تاریف لە مۆدێرنیزم، لە بزووتنەوەیەکی جوانیناسانەکە بە شێوەیەکی گشتی بە مۆدێرنیزم ناو دەبرێ سەرچاوە دەگرێ. ئەم بزووتنەوەیە بەتەواوی لەگەڵ ئەندێشەکانی ڕۆژئاوای سەدەی بیستەم لە هەمبەر هونەردا هاوشێوەیە. (گوایا هێماکانی کاتی سەرهەڵدانی، دەتوانرێ لە سەدەی نۆزدەشدا بەدەست بهێنرێ)هەروەها کە ئەزانی، مۆدێرنیزم بزووتنەوەیەکە لە هونەرە وێناییەکان، مۆسیقا، ئەدەبیات و شانۆنامە نووسی کە پێوەرە نەریتییەکان لە وەلامدانەوە بەم پرسیارە کە((هونەر دەبێ چۆن شکڵ بگرێ، کەڵک وەربگرێ و چ مانایەکی هەیە؟))لە بەر چاو ناگرێ. لە سەردەمی ئەو پەڕی مۆدێرنیزمدا واتە نێوان ساڵەکانی ١٩١٠ تا ١٩٣٠دا کەسێتیە بەرچاوەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن وەکوو، وۆڵف، جوێس، ئەلیۆت، ئێستیۆنز، پرۆست، مالارمە و رایک، وەکوو بنەما دانانی مۆدێرنیزمی سەدەی بیستەم، بە ناساندنی دووبارەی ئەم کارە کە((شیعر و چیرۆک دەبێ چۆن بێ و دەتوانێ چ کارێک ئەنجام بدات؟)) یارمەتییەکی بەرچاویان نواندووە.

لەروانگەی ئەدەبییەوە تایبەتمەندییەکانی دیارەی مۆدێرنیزم بریتین لە:

١_ جەخت کردن لەسەر ئێمپرسیۆنیزم (کارلێکران خوازی) و زەینی بوون لە نووسراو و هونەرە وێناییەکان و جەخت کردنەوەی زۆرتر لە سەر چۆنیەتیروودانی فەرمانی دیتن یان خوێندن یان تەنانەت تێگەیشتن لە سروشتی خۆیدا، تا جەخت کردنەوە لە سەر ئەوەی کە لێتێدەگەی نموونەی ئەم فەرمانە دەتوانێ، ڕەوتیرەوانی زەین بێ لە نووسیندا.

٢_ بزووتنەوەیەک دوور لە واقیع لەنەگەری ئاشکرای لەلایەن بێژەری سێهەم کەس تەواو زاناو ڕوانگە ڕەوایی نەگۆڕەکان و شوێنە دیاری کراوەکانی ئەخلاق دێتە ئاراوە. چیرۆکەکانی ویلیام فاکنز کە خاوەنی چەند بێژەرن نموونەیەک لەم چەشنە مۆدێرنیزمەن.

٣_ جیاوازی ژانێرەکان نادیارە، بەم بۆنەوە شیعر زۆرتر پەخشانەیە(وەکوو بەرهەمی تیئاس ئەلیۆت یان ئیکامنیگز)وپەخشان زۆرتر شیعرانەیە (وەکوو بەرهەمی وۆڵف و جوێس).

٤_ جەختکردنەوە لەسەر گرفتی جیاواز، گێڕانەوە نابەردەوامەکان و کویلاژگەلێک لە بابەتە جۆراوجۆرەکان کە ڕێکەوتی دێتە بەرچاو.

٥_ بۆچوونێک بەرەو لای زایەڵەگری یان ناخودئاگا کە پەیوەندی بە بەرهەمی هونەرییەوەهەیە. هەربۆیە هەر بەشێک سەرنجمان بە جێگای تایبەتی خۆی وەکوو بەدەست هێنانێک یان وەکوو شتێک کە لە لایەن ڕەوشتە جۆراوجۆرەکان دروست کراوە و کەڵکی لێ وەردەگیرێ ڕادەکێشێ.

٦_ شوێنی جوانیناسی ساکاری یاسایی، بەلایەنگیری لە گەڵاڵە مینیمالیستییەکان(کەمایەتی)وەکوو شیعرەکانی ویلیام کارلۆس ویلیام و شوێنی تیۆریە یاساییەکانی جوانیناسی لە پێوانەیەکی بەرینداو لە لایەنگیری لە داهێنان و شەهود لە خوڵقاندنی بەرهەمدا.

٧_ شوێنی جیاوازییەکانی نێوان فەرهەنگە بەرز و نزمەکان و پەسەندکردنی گشتی لە وەرگرتنی مادەیەک کە لە پێشتردا هونەری پێک دێنا و هەم لە ڕەوشتە نمایشیەکان و بڵاوکردنەوە و کار لە سەر هونەر.

پۆست مۆدێرنیزمیش وەکوو مۆدێرنیزم لە زۆربەی ئەم باوەڕانە پەیڕەوی دەکات لە کاتێکدا حاشا لە سنووورداری نێوان گرفتی بەرز و نزمی هونەر و جیاوازی نەگۆڕی ژانری دەکاو جەخت لە سەر لاسایی کردنەوە، دژبوون، تەشەر و گاڵتەیی بوون دەکاتەوە. هونەر و ئەندێشەی پۆست مۆدێرن پشتیوانی لە زایەڵە گری، ناخودئاگایی، لە هاوپچڕاوەیی و نەلکاوی (بەتایبەت لە بنەما ڕەواییەکان)، نادیاری و بەرامبەرکێی کاتی کردووە و جەخت لە سەر بابەتە پەتییەکان لە چەمکە مرۆڤایەتییەکان و بێ بنەمایی و نەگۆڕی دەکاتەوە.

بەمجۆرە دێتە بەرچاو کە پۆست مۆدێرنیزم لەم مێتودانەدا زۆر هاوشێوەی مۆدێرنیزمە، بەم پێیە لە ڕوانگەدا، مۆدێرنیزم لە گەڵ زۆرێک لەم بۆچوونانە جیاوازی هەیە. بۆنموونە مۆدێرنیزم بۆچوونی لە سەر ئەو لایەیە کە ڕوکارێکی پرش و بڵاو لە زەینی بوونی مرۆڤ و مێژوو نیشان دات "زەوی شل"ی ئەلیۆت یان بەرەو لای فانۆسی دەریایی وۆڵف وەبیر بێننەوە. بەڵام ئەم پرش و بڵاوییە وەکوو کارێکی تراژیک دەنوێنێ، شتێک کە وەکو ناتەواوی، دەبێ بۆی بەداخ بین و سوێندی بۆ بوخرێ.. زۆرێک لە بەرهەمی مۆدێرن لە هەوڵدان تا داکۆکی لەم بیرۆکەیە بکەن کە بەرهەمی هونەری دەتوانێ ببێتە هۆی پێک هێنانی یەکیەتی، یەکگرتن و واتا لە ژیاندا، کارێک کە لە ژیانی مۆدێرنی ئەمرۆدا، زیاتر لە هەموو شتێک ون بووە و هونەر هەر ئەو کارە دەکاکە زۆرێک لە دامەزراوە مرۆڤایەتییەکان توانای ئەنجامدانیان نییە.

لە پایەی بەراوەرد دا، پۆست مۆدێرنیزم لە بیرۆکەی پرش و بڵاوی و کاتی بوون و نەبوونی یەکگرتندا پەژارە ناخوات بەڵکوو زۆرتر دەیپەرەستێ: ((جیهان بێمانایە؟ کەواتە وەرن وابنوێنین کە هونەر دەتوانێ واتای پێ ببەخشێت، وەرن تەنیا لە گەڵ قۆرپاتەکاندا یاری بکەین!)) شێوەیەکی تری ڕوانین بە پەیوەندی نێوان مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم یارمەتی بە ئاشکرا بوونی هەندێک لەم جیاوازیانە دەکات، بە پێی تیۆری "فردریک جیمسۆن" مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم گرفتێکی فەرهەنگین کە درێژە بە قۆناغێکی تایبەتی لە سەرمایەدا ری دەدەن.

قۆناغی یەکەم، سەرمایەداری کە لە سەدەی هەژدەهەم تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئینگلستان و ولایەتە یەکگرتووەکان (وەهەموو دەڤەرە ژێر دەسەڵاتەکانیان) رووی دا. یەکەمین قۆناغ بە چەشنێکی تایبەت دەلکێ بە پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکان واتە مۆتۆری هەڵم و جوانناسی واتە ڕیئالیزم.

قۆناغی دووهەم، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا ناوەڕاست سەدەی بیستەم(لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم)رووی دا. ئەم قۆناغە واتە سەرمایەداری تایبەت خوازانە، کە لەگەڵ مۆتۆرە ئەلەکتریکیەکان و مۆتۆرە سوتانەکانی ناوخۆیی و مۆدێرنیزم پەیوەندییان هەیە. قۆناغی سێهەم، قۆناغێکە کە هەر ئێستا لە ناوی داین واتە قۆناغی سەرمایەداری فرە نەتەوەیی و بەکارهێنانێک کە زیاتر جەخت لە سەر دۆزینەوەی بازاڕ، فرۆشتن و بە کارهێنانی کاڵایە و نە بەرهەمهێنانی ئەوا! پەیوەندییەکی چڕوپڕی لە گەڵ تەکنۆلۆژی ناوەکی و ئەلکتریکی و پۆست مۆدێرنیزمدا هەیە. هەر وەکوو ناساندنی جیمسۆن لە پۆست مۆدێرنیزم وەکوو شێوەی بەرهەم هێنان و تەکنۆلۆژی، دووهەمین قۆناغ یان ناساندنی پۆست مۆدێرنیزم، زیاتر لە مێژوو و کۆمەڵگا ناسی سەرچاوە دەگرێ تا لە ئەدەبیات و مێژووی هونەر!

ئەم ڕێدۆزە ، پۆست مۆدێرنیزم وەکوو شکڵێکی تەواو کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێک لە ڕوانگەکانی کۆمەڵگاناسی _مێژوویی ناودەبات، بە دەربڕینێکی وردبینانەتر، ئەم ڕەوشتە زۆرتر پۆست مۆدێرنیتە لە گەڵ مۆدێرنیتەدا بەراوەرد دەکا تا پۆست مۆدێرنیزم لە گەڵ مۆدێرنیزم!

بەڵام جیاوازی ئەم دوانە لە چیدایە؟

مۆدێرنیزم بە گشتی ئاماژە بە بزووتنەوە بەرینەکانی جوانناسی لە سەدەی بیستەمدا دەکات و مۆدێرنیتە ئاماژە بە کۆمەڵێک باوەڕی فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقی دەکات کە بنەما دانەری ڕەهەندی جوانناسی مۆدێرنیزمن. مۆدێرنیتە تەمەنێکی زیاتری هەیە لە مۆدێرنیزم.

ناوی مۆدێرن کە یەکەمین جار لە کۆمەڵگاناسی سەدەی هەڤدەهەم کەڵکی لێوەرگیرا بە مانای جیاوازی دانانی قۆناغی هەنوکەییە لە قۆناغی پێشتر کە بە سەردەمی مێژینە ناودەبردرێ. لێکۆڵەران هەمیشە قرەو باسیان بووە لە سەر کاتی دەست پێکردنی سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم و چۆنەتی جیاوازی نێوان ئەوەی مۆدێرنەو ئەوەی مۆدێرن نییە. بەم شێوەیە دێتە بەرچاو کە هەر کاتی مێژوونووسان ویستویانە مێژووی سەردەمی مۆدێرن بەدەست بێنن، دەڵێی لە هەموو جارەکاندا، مۆدێرنیزم لە مێژوویەکی پێشتردا هەبووە. بەڵام بە گشتی سەردەمی مۆدێرن لەگەڵ چاخی ڕۆشنگەری ئەورووپایی پەیوەندی هەیەکە لەبنەڕەتدا سەدەی هەژدەهەم دەستی پێکرد. (تۆخمەکانیتری مێژووی ئاشکراکردنی ئەندێشەی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە سەردەمی ڕێنیسانس یان پێش لەو) کەواتە، دەکرێ داوای ئەوە بکرێ کە ئەندێشە و ئەدەبیاتی ڕۆشنگەرانە لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی هەژدەهەم دەستی پێکرد.

من مێژووی سەردەمەکان لەساڵی ١٧٥٠دا بەراوەرد دەکەم، لە بەر ئەوەی کە دکتۆرای خۆم لە بەشێکدا لە زانکۆی ئیستانفۆرد بەدەست هێناوە کە بە ئەندێشە و ئەدەبیاتی مۆدێن ناودەبردرێ و لە سەر بەرهەمی دوای ١٧٥٠دا کۆبووبووە. بیرۆکەکانەی بنەڕەتی ڕۆشنگەری لە بنەڕەتدا هەر ئەو بیرۆکە(ئایدیا)بنەڕەتیانەی مرۆڤ خوازییە.

وتاری "جین فێلکس "پالاوتەیەکی گونجاو لەم باوەڕ و پێشەکیانە دەنوێنێ، وە ئێستا چەن خاڵێک بە ناوەڕۆکەکەیەوە زیاد دەکەم:

١_ خۆیی لە گەڵ نەگۆڕ، یەکدەست و ئاگا هەیە. ئەم خودە خۆئاگا و تێگەیشتوو و سەربەخۆ و "جیهانشیمول" دەبێو هیچ هەلومەرجێکی فیزیکی ناتوانێ بە شێوەیەکی بنەڕەتی کاریگەری لە سەر کردەوەی ئەم خودە بێ.

٢_ ئەم خودە، خۆی و جیهانی دەورووبەری لە لایەن هۆ یان تێگەیشتوویییەوە دەناسێ و وەکوو سەرترین شکڵی کاری زەینی و تەنیا وەک شکڵی عەینی بەراوەرد دەکرێ.

٣_ ئەم شێوەیە لە هوشیاری کە لە لایەن خودی تێگەیشتوویی عەینییەوە دەخوڵقێ بە زانست ناو دەبرێ کە دەتوانێ ڕاستییەکانی جیهان لە هەمبەر دونیادا، سەربەخۆ لە جێگەدا(بە تایبەت کەسی) ئاگا بنوێنێ.

٤_ ئەم هوشیارییە کە لەلایەن زانستەوە دەخوڵقێ، بە ڕاستەقینە ناودەبردرێ وسەقامگیرە.

٥_ ئاگایی یان ڕاستەقینەیەک کە لە لایەن زانستەوە پێک دێ(بە خودی تێگەیشتووی عەینییەوە)بەردەوام بەرەو پێشکەوتن و کەماڵ ڕێنوێنیمان دەکا. هەموو ناوەند و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکان لە لایەن زانستەوە(هۆ/عەینیەت)لێکدەدرێنەوە.

٦_ هۆشتێک نییە جیا لە دوایین دادپرسی لە هەمبەر کارێکدا کە ڕاستەقینەیی و لە ئاکامدا دروست و باشە(یاسایی و ئەخلاقی)، ئازادی خاوەنی چەمکی پەیڕەوی لە یاسایە کە لە سەر ئاگایی دۆزراوەوە مسۆگەرە.

لە جیهانێکدا کە لە لایەن هۆوە ئیدارە دەکرێ، کار ڕاستییەکەکە هەمیشە لە گەڵ باش و دروست و جوانیدا بەرابەرە و کەواتە ناکۆکییەک نیە لە نێوان ئەوەی کە دروستە و ئەوەی ڕاستەقینەییە.



٨_ کەواتە زانست وەکوو نموونەیەک بۆ تەواوەتی یان جیا جیای گرفتی بەکەڵکی ئاگایی گەڵاڵە دەکرێ. زانست بێ لایەن و عەینییە. زانایانێک کە ئاگایی بە توانا تێگەیشتووەکانی بێقینانەی خۆیانەوە دادەمەزرێنن، دەبێ لە یاسای دژی ئازاد بگەڕێن و بە هۆی پەژارە گەلێک وەک پارە و دەسەڵات دوودڵ نەبن.

٩_ هەروەها، زمان یان شێوە دەربڕینێک کە لە ڕێگای پێکهێنان و قاوەی زانست کەڵکی لێوەردەگیرێ، دەبێ تێگەیشتوانە بێ. زمان بۆ تێگەیشتوویی بوون دەبێ ڕوون، وکارکردی تەنیا دەبێ جیهانی ڕاستی یان تێگەیشتن ئاشکرا بکات کە زەینە تێگەیشتووەکان دەڕوێنێ و دەبێ پەیوەندییەکی عەینی و نەگۆڕ هەبێ لە نێوان بابەتە تێگەیاندنەکان وئەو وشانەی کە ئەوان دەنوێنێ (لە نێوان هۆ و چەمک دا). هەروەها کە دەزانی، ژمارەیەک لە پێشکەوتنە بنەڕەتیەکان مرۆڤناسی یان مۆدێرنیزمن کە هەموو پێکهاتەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لەوانە: دیموکراسی، یاسا، زانست، سروشت و جوانیناسی پاساو دەکەن.

مۆدێرنیتە لە بنەڕەتدا لە هەمبەر سیستەم و تێگەیشتوویی وتێگەیاندنە کە نەزم لە دوای بێ نەزمیدا دەخوڵقێنێ و پێش گریمانی ئەوەیە کە هەرچەند تێگەیشتنێکی زیاتر بخوڵقێ نەزم و دیسپلینێکی زیاتر دەگرێ و هەرچەند کۆمەڵگایەگی بەنەزمتر بێ، کارکردی باشتر و تێگەیشتوانەتر دەبێت.

بەم هۆیە، مۆدێرنیتە بە شوێن گەڕانی هەمووزیادبوونی نەزمە و کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەردەوام چاودێری لە هەر شتێک دەکەن کە بە بێ نەزمە ناودەبردرێ و دەتوانێ لە نەزمدا بشێوی پێک بێنێ.

کەواتە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەردەوام پشت بە پێکهێنانی ناکۆکی چەند قاتی نێوان نەزم و بێنەزمی بەبەستن تابتوانن جەخت لە سەر باشترین نەزم بکەنەوە بەڵام بۆ ئەنجامی ئەم کارە دەبێ شت گەلێک نوێنەری بێنەزمی بن. کەواتە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەبێ جار لە گەڵ جار بێنەزمی پێک بێنن. لە فەرهەنگی ڕۆژئاواییدا ئەم بێنەزمییە بە جۆرێکیتر لێکدەدرێتەوە کە لە پەیوەندی لە گەڵ ناکۆکییە دوانەییەکانی تر (دوو چەشنی)دەناسێندرێ. کەواتە هەرشتێک کە جیا لە سپی، جیا لە تێگەیشتوویی و.. هتد بێ، بەشێکە لەم بێنەزمییەو دەبێ لە کۆمەڵگای مۆدێرنی تێگەیشتوویی جیا بکرێتەوە.

ڕێگا گەلێک کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەرەو لای پێکهێنانی گروپ گەلێک لە ژێرناوی نەزم و بێنەزمیدا دەیپێون دەبێ هاوڕەنگ هەوڵدەن لە مەرجەز بە نەگۆڕی.

"فرانسوا لیۆتار "تیۆریسیۆنێک کە بەرهەمەکەی "سایرۆپ"لە وتارەکەیدا لە هەمبەر پۆست مۆدێرنیزمدا شیکردۆتەوە، نەگۆڕی لە گەڵ ئەندێشەی تەواوەتی یان نیزامێکی تەواو بوو، بە بەرابەر دەزانێ.

تەواوەتی ونەگۆڕی و نەزمێک کە لیۆتار قسەیان لە سەر دەکا لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە لایەن چەمکە سەروگێڕانەوەکان یان گێڕانەوی سەرەکی دەپارێزرێ، واتە ئەو چیرۆکانەی کە خۆی فەرهەنگێک بۆ ڕێگە چارە و باوەڕەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە، سەروگێڕانەوەکان لە فەرهەنگی ئامریکادا دەتوانێ ئەم چیرۆکە بێ کە دیمۆکراسی ،ڕۆشنگەرانەترین (عەقلانیترین) شێوەی حکومەتەو لە ئاکامدا دەبێ بە بەختەوەری زانستیانەی مرۆڤ. قسەکانی لیۆتار هەرچەشنە سیستەمێکی باوەڕانە یان ئایدیۆلۆژی، سەرو و گێڕانەوە یەکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆنموونە، سەروگێڕانەوەی مارکسیزم ئەم بیرۆکەیەیە کە لە ئاکامدا، سەرمایەداری لە ڕووندا هەڵدەوەشێتەوە و دونیایەکی سۆسیالیستی ئارام پێک دێت.

ڕەنگە ئێوە سەرووگێڕانەوەکان وەک چەشنێک لە سەروتیۆری یان سەروئایدیۆلۆژی بزانن. ئایدیۆلۆژییەک کە ئایدیۆلۆژییەکیتر پێناسە دەکا!(وەکوو مارکسیزم)و چیرۆکێکە کە بۆ ناساندنی ئەو نیزامە باوەڕدارانەی کە هەن، دەگێڕدرێتەوە.

لیۆتار دەڵێ هەموو لایەنی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کە خاوەنی زانست، وەکوو شکڵی سەرەکی ئاگایین، لە سەر بنەمای وەها سەروگێڕانەوەگەلێکن. کەواتە پۆست مۆدێرنیزم ڕەخنەی سەروگێڕانەوەکانە و چەشنە ئاگاییەکە، کە وەها گێڕانەوەگەلێک یارمەتی دەکەن بە داپۆشانی ناتەبایی و بگۆڕییە جیانەکراوەکانی هەر ڕێکخراو یان ڕێگە چارەی کۆمەڵایەتی. بەدەربڕینێکیتر، هەرچەشنە هەوڵێک بۆ پێکهێنانی نەزم، هەمیشە خوازیاری یەکسانییە لە پێکهێنانی بێنەزمیدا.

بەڵام ئەم سەروگێڕانەوەیە داپۆشەری شکڵ گرتنی ئەم گروپانەیە (گروپە بێنەزمەکان) لە گەڵ شیکردنەوەی ئەمەی کە بێنەزمی هەرکە بۆخۆی و خراپە و نەزم بەراستی باشە.

پۆست مۆدێرنیزم لە شوێنی سەروگێڕانەوەکان سود لە گێڕانەوە چکۆلەکان وەردەگرێ، گێڕانەوەگەلێک کە زۆرتر ڕێگەچارە چکۆلەکان و ڕوداوی ناوچەیی دەناسێنن تا چەمک گەلێک لە پێوانەی بەربڵاوی عالەمگیر یان جیهانید!

گێڕانەوە چکۆلەکانی پۆست مۆدێرنیزم هەمیشە بە پێگە، کاتی، ڕێکەوتی پەیوەستە دەبێ و هیچ چەشنە داوایەکی لە سەر بنەمای "جیهانشمولی"، ڕاستەقینە، هۆ یان نەگۆڕی نیە. ڕەهەندێکیتری ئەندێشەی ڕۆشنگەری واتە بەشی کۆتایی خاڵی ٩ی ناوبراو، بیرۆکەیەکە کە زمان بە چەمکێکی ڕوون و وشەکان تەنیا وەکو نوێنەری بیرکردنەوەکان و شتەکان دەناسێتەوە و باوەڕی وایەکە وشەکان هیچ چەشنە کارێکی لەو دیوی ئەم کارەیان نیە. کۆمەڵگا مۆدێرنەکان جەخت لە سەر ئەم ئەندێشەیە دەکەنەوە کە هۆ هەمیشە ئاماژە بە هۆدار دەکا و ڕاستەقینەکان لە هۆدارەکاندا جێ دەگرن. بە هەر حاڵ لە پۆست مۆدێرنیزمدا، تەنیا هۆکانن کە هەن و بیرکردنەوەی هەبوونی هەر چەشنە ڕاستەقینەیەکی نەگۆڕ و هەتا هەتایانە و ئەم بیرکردنەوەیە کە هۆدارێک هەیە کە هۆ ئاماژەی پێدەکات، لە ناو دەچێت. بە دەربڕینێکی وردبینانەتر، لە کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا، تەنیا ڕوویەکی بە بێ قوڵایی هەیە، تەنیا هۆگەلێک بێ هۆدار!!بە پێی تیۆری "جین بادریلارد" شێوەیەکی تر بۆ گەڵاڵەی ئەم بابەتە هەیە و ئەوە چەمکێکە کە لە کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا، بنەمایەک نیە و تەنیا کۆپیگەلێک لەو(بنەما)هەیە کە ئەو بە دیمەن یان پەیکەرە ناوی دەبات.

بۆ نموونە، لە هەمبەر شێوەکاری و پەیکەرتاشیدا بیربکەنەوە!بیر لە جێیەک بکەنەوە کە کاری سەرەکی و نگۆک هەبێ و هەروەها هەزاران نوسخەی کۆپی کراو لەو، بەم حاڵەوە بەرهەمی سەرەکی هەر ئەوەیە کە سەرترین بەهای هییە(بەتایبەت بەهای پارەیی) لەو کاتەدا لە گەڵ سیدی یان شریتە مۆسیقاییەکان بەراوەردی بکەن کە لەودا وەکوو، شێوەکاری، نووسخەی سەرەکی یان تۆمار کراوێک کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرێ یان لە سندوقێکدا پارێزەری نییە، بەڵکوو میلیۆنەها نوسخەی کۆپی کراوی هەیە کە هەموویان یەکسانن و بە نرخێکی هاوشێوە دەفرۆشرێن.

جۆرێکیتری لە پەیکەرە یان دیمەن ی "بادربلارد"دەتوانێ چەمکێکی ڕاستەقینەی ڕواڵەتی بێ. ڕاستەقینەیەک کە بە هۆی لاسایی کردنەوە پێک هاتووە کە هیچ جۆرە بنەمایەکی تێدا نیە. هەروەها ئەم چەمکە لەیارییەکان و هاوشێوە سازییە ڕایانەیەکان خۆ دەنوێنێ و پۆست مۆدێرنیزم لە گەڵ پرسیارگەلێک لە هەمبەر ڕێکخراوی ئاگایی گرێ دەدرێ، لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، ئاگایی لە گەڵ زانست بە یەکسان دەزاندرێ ولە گەڵ گرفتی ڕەوایی بەرەوڕوو دەبێتەوە.

زانست شکڵێکی باشە لە ئاگایی و گرفتی ڕەوایی، خراپ، سەرەتایی.. هتد تێگەیشتوانەیە(وکەواتە بەژنان، منداڵان و مرۆڤە سەرەتایی و شێتەکان)پەیوەندی دەبێ. بە هەر حاڵ، ئاگایی تەنیا بۆخۆی بە سوودە. کەواتە کەس لە لایەن فێرکارییەوە ئاگا دەبێتەوە تا بە شێوەیەکی گشتی ببێتە کەسێکی ئاگا و خوێندەوار. ئەم کارە ڕێک مەبەستی فێرکردنی هونەرە ئازادەکانە.

بەم حاڵەوە، لە کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا، ئاگایی دەبێتە ڕۆڵی بە کارهێنان. ئێوە شت گەلێک فێر دەبن، نەک تەنیا بۆ ئەوەی کە بیزانن، بەڵکوو کەڵک لەو ئاگاییە وەربگرن.

هەر بەو شێوەیەی کە سایرۆپ لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ:سیاسەتی فێرکاری ئەمرۆیی زیاتر جەخت لە سەر لێهاتوویی وفێرکاریەکان دەکاتەوە تا ئارمانە نادیارەکانی مرۆڤ خوازانە لە هەمبەر فێرکاریدا!

ئەم کارە بەتایبەت بووەتە قەیرانێک بۆ تەواوبوانی خوێندکاری ئینگلیزی(نەتەوایەتی ئینگلیزی) کە بەبەڵگەو بڕوانامەکانیان دەتوانن چ کارێک بکەن؟ ئاگایی نە تەنیا لە کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا بە هۆی بەکارهێنانیەوە ناسانداراوە، بەڵکوو ئەم ئاگاییە زۆرتر لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بڵاو بووەتەوە و بە چەشنێکی جیاواز دەستەبەندی کراوە. بەتایبەت سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژی ئەلکتریکی کامپیتری، شۆڕشێکی لە شێوەکانی پێکهێنان و بڵاوکردنەوە و کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵگای ئێمەدا(ئامریکا) پێک هێناوە (لەڕاستیدا ڕەنگە بکرێ بوترێ کە پۆست مۆدێرنیزم بەباشترین لایەن، بە هۆی سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژی ڕایانەیی کە لە دەیەی ١٩٦٠دا دەستی پێکرد، ناسانداراوە و پەیوەندی پێوە گرتووە و بە شێوەی هێزێکی هەمیشەیی لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەرهاتووە!)

لە کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەکاندا ئەوەی کە نەتوانێ بە هۆی ڕایانەوە دیاری بکرێ، بەدەربڕینێکیتر، ئەوەی کە شیاوی ئەندازە گیری نەبێ، چەمکی ئاگایی لێ زەوت دەکرێ. لەم گەڵاڵە ناتەبایەی ئاگاییدا، نەزانی نیە تەنانەت هەرچەند ئەم کارە، گەڵاڵەیەکی مۆدێرن و مرۆڤ خوازانە بێ، بەڵام زۆرتر بە بێنەزمی لێکدەدرێتەوە.

ئەوەی کە چەشنە مەرجێکی نەبێ لەم ئاگاییە بە بێنەزمی لێکدەدرێتەوە و کارێکە کە لە سنووورداریتی ئەم نیزامە، ناناسرێ. لیۆتار دەڵێ:پرسیارێکی گرینگ کە بۆ کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە ئارادایە، کەسێکە کە بڕیار دەدات کە چ شتێک ئاگاییەو چ شتێک بێنەزمییە؟هەروەها تاکێک دەربارەی پێویستییەکان بڕیار دەدات. وەها بڕیار گەلێک کە دەبێ لە هەمبەر ئاگاییدا بێ، تایبەتمەندیکانی مرۆڤ خوازانە و مۆدێرنی ڕابردوو وەکوو هەڵسەنگاندنی ئاگایی ڕاستەقینە(تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان) یان وەکووچاکی یان عەداڵەت(تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی) یان جوانی (تایبەتمەندی جوانناسی)بریتی نابێت. بە دەربڕینێکی وردبینانەتر، لیۆتار دەڵێ:ئاگایی درێژە بە گەڵاڵەیەک لە یارییەکی زمانی دەدات، هەر بەو جۆرەی کە لە لایەن "ویتگنشتاین"وە گەڵاڵە کراوە. (بۆکەسانێک کە هۆگری ئەم باسەن سایرۆپ لە کتێبەکەی خۆیدا پێناسەیەکەی باشی لەم چەمکە کردووە).

پرسیارگەلێکی بێئەژمارن کە دەبێ سەبارەت بە پۆست مۆدێرنیزم بێنە ئاراوە، یەکێک لە گرینگترین پرسیارەکان لە هەمبەر سیاسەتێک دایە کە هەموو پۆست مۆدێرنیزم دەگرێ:بەدەربڕینێکی سادەتر ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ئایا ئەم بزووتنەوەیە کە بەرەو لای جیایی خوازی، ناوچەیی بوون، کردەوە و بگۆڕی دەچێت کارێکی باشە یان خراپ؟ لە کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێمەدا(ئامریکا)وەڵام گەلێکی زۆر هەیە سەبارەت بەم پرسیارە.

بەم هەمووە، حەزی گەڕانەوە لە سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم(سەردەمی مۆدێرن/مرۆڤ خوازی/ئەندێشەی ڕۆشنگەری)لە گروپە پاوانخوازە سیاسییەکان، ئایینی و فەلسەفیدا دەبیندرێ. لە ڕاستیدا وا دێتە بەر چاو، یەکێک لە ئەنجامەکانی پۆست مۆدێرنیزم هەڵقوڵانی بنەماخوازی ئایینییە وەک شێوەیەک لە بەرخۆدان کە لە بەرابەر خستنە ژێر پرسیارەوەی سەرووگێڕانەوە ئایینییەکاندا، پێشکەوتووە. ئەم پەیوەندییەی نێوان حاشای پۆست مۆدێرنیزم و پاوانخوازی یان بنەماخوازی مووومکینە دەست بداتە ناساندنی بەشەکانیئەم کارە کە بۆچی دەربڕینەکانی پۆست مۆدێرنیزم بۆچوون و خواستی لە هەمبەر جیایی خوازی و فرە چەشنی بە ڕاکێشانی لیبراڵ و ڕادیکاڵەکانە هەر بەو جۆرەی کە سایرۆپ "و فلکس "و باتلێر"دیارییان کردووە ، ئەم کارە بەش بە خۆی هۆیەکە کە بۆچی تیۆریسیۆنە فێمینیستەکان، پۆست مۆدێرنیزمیان ئاوەها ڕاکێشاوە.

بە هەر حاڵ، ئەگەر لە ڕوویەکی ترەوە بڕوانین، ئاوا دێتە بەر چاو کە پۆست مۆدێرنیزم جێگیر گەلێکی بۆ پەیوەندی فەرهەنگی جیهانی بەکارهێنان دەنوێنێ کە لەودا پێداویستیو گرفتی ئاگایی بە هۆی هێزگەلێک پێشنیار دەکرێ کە چاودێری تاکییە. ئەم جێگیریانە لە سەر بیرکردنەوە بە بەشە کردەوەکان و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان وەکوو کارێکی پێویستی ناوچەیی، سنووردارو بەشێکی کەم بەڵام بەکەڵک، کۆبوونەتەوە.

سیاسەتەکانی پۆست مۆدێرن بەوەلانانی سەروگێڕانەوەکان (وەکوو ئازادی هەموو چینە کرێکارییەکان)و بە جەخت کردنەوە لە سەر ئامانجی ناوچەیی تایبەت(وەکوو بەرین بونەوەی ناوەندی ڕۆژنامەی چاودێری منداڵان بۆ دایکانی کرێکار لە کۆمەڵگای خۆتاندا) ڕێگەیەکی بۆ تیۆریزەکردنی پێگە ناوچەییەکان، بە چەشنێکی چەماوەیی و بێ پێش وتەیی پێشنیار دەکا تەنانەت ئەگەر ئەم کارە ڕەوتێکی جیهانی کاریگەری لە سەر بوو بێت!کەواتە دروشمی سیاسەتەکانی پۆست مۆدێرنیزم دەتوانێ باشترین لایەنی ئەم کارە بێ: "جیهانی بیر بکەوە!ناوچەیی کاربکە! و پەرۆشی پێچ چەشنە گەڵاڵەیەکی گەورە و کۆمەڵایەتی مەبە.

سەرچاوە:ئینتەرنێت/ن: پرۆفیسۆر مێری کلاجز دانشیاری بەشی ئینگلیزی زانکۆی کلۆرادۆ.■

پزیسکی ئەندێشە

یەکەم ئەزموون، یەکەم خۆشەویستی، وشەو، داهێنان، ئەو گەڕانە سیحر ئامێزەی کتێب، هەمیشە لەخەون. خولیای نوسەراندا.

مانایەکی جوانو، ئەزمونێکی پڕ لەبەخشندەی هەیە. بۆیە لەم تەوەرەدا. ویستومانە، جارێکی تریش، نوسەرانو بیرمەندان، شاعیران، لەزهنو زاکیرەی ئێستایاندا، گەشتێک بۆ رابردووی خوێندنەوە قوڵەکاندا بکەنەوە، ئاخۆ کامە کتێبو نووسراو، تا ئێستایش، لەگەڵ روحیا سەمای شتە جوانەکان دەکەن. ئەو سەمایانەی هەمیشە کتێب، وشەکانی لەرووت بونەوەیەکی عیشق ئامێزدا، لەپەنجەرەی تازەوە پێمان دەڵێن.. ئێوەمان بەردەوام لەبیرو دیدو خەونو خولیاکاندایە. بۆیە، لەیەکەمین پەیڤیندا یەکەم کتێب کامە بوو تۆی بەرەو دونیای نوسین راکێشا؟ لەوەڵامدا ئازاد بەرزنجی نوسەرو وەرگێڕ دەڵێت:

سەرەتاکان بەردەوام خۆیان تەمومژاوی ئەنوێنن، کەیادم بەرەو سەرەتاکانی خوێندنەوە ئەمباتەوە بەرەو تافی منالی، منالێکم دێتەوە یاد کەوەختێ دەچوو بۆ مالی پورێکی لەکەرکوک، شەوانە تا درەنگانێ گوێی بۆ حیکایەتەکانی کوڕە کەچەڵە و ئەمیر ئەرسەلان و حەسەن سائغ ئەلبەسری و سەیفولملوک و بەدیعەتولجەمال و چەندەها حیکایەتی تر دەگرت و لەگەڵیا باڵی خەیاڵ بەرەو دونیایەکی تری پڕ سیحرو بوونەوەری تر دەبرد کە تەواو جیاوازبوون لەو دونیاو بوونەوەرانەی کە ئەو منالە لەژیانی رۆژانەیدا دەیبینین.

ئەم منالە لەسەرەتاکانی دەیەی حەفتادا لەقوتابخانەی ئەیوبیە بوو. عیشق و خولیایەک بۆ خوێندنەوە تیا سەریهەڵدا بوو کەدەشێ سەرەداوەکانی بگەڕێتەوە بۆ نێو دونیای ئەو حیکایەت و بوونەوەرە سەیرو سەمەرانە.

ئەو خەرجیی رۆژانەیەی کەپێی ئەدرا، ناو بەناو کۆی دەکردەوە و کتێبێکی پێ دەکڕی، یان چیرۆکی منالان و یانیش شیعری منالان، یەکێک لەو کتێبانەی کەلەیادیا ماوە (پیاوە بچکۆلانەکە)ی فەرەیدون عەلی ئەمین بوو، کە بەچێژێکی بێهاوتاوە چەند جارێک خوێندیەوە. هەروەها کتێبی (شیرین و فەرهاد) و (خورشید و خاوەر) و (ئەمیر ئەرسەلانی ناودار) و (جەنگیزخان) و (ڕشتەی مرواری).

کاتێکیش دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول کەوتنە ئۆردوگای (کامیاران)ەوە، ئەم منالە هەندێ جار بەدزییەوە تەلبەندی ئۆردوگاکەی ئەبڕی و ئەچوو لەکتێبخانەی کامیاران گۆڤاری (کیهان بچەها) و زنجیرەی (داستانهای طلائی) ی دەکڕی و ئەیبردنەوە بۆ ئۆردوگاو لەماڵەوە هەموویانی ئەخوێندەوە، لەو چیرۆکانەی کە لەو زنجیرەیەش لەیادیا ماوە (کدوی جادوئی) و (سەخانم لجباز) و (قورباغە خود خواه).

دواتریش، وەختێ بەنیازی کوردستان گەڕانەوە، بەڵام بەرەو باشووری عێراق و بۆ دەوروبەری (ناسریە) نەفی کران، لەوێش بەحوکمی ئەوەی بەعەرەبی دەیخوێند، دەستی بەخوێندنەوەی (ألف لیلە ولیلە) و (نظرات) و (عبرات) و (تحت ظلال الزیزفون)ی مصطفی لطفی المنفلوطی و رۆمانەکانی (جورجی زەیدان) وەکو (غادة کربلاء) و (١٧ رمضان) کردو ئەمانەش بەدەوری خۆیان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دەروونی جێهێشت، بەگەڕانەوەشیان بۆ شاری سلێمانی، ئەو وەختە ئەو منالە پێ دەنێتە تافی نەوجەوانییەوە و پڕ بەدیوانە شیعری شاعیرە کلاسیک و تازەکانی شیعری کوردی و ناوناوە عەرەبی و فارسیدا دەکات و پاشانیش ئەمانە تێکەڵ بەعیشقی شانۆ و ئەدەب و فیکر دەبن و تافی نەوجەوانیش دەبێتە تافی خوێندنەوەیەکی چڕوپڕی ئەو کتێبخانەی بەردەستی دەکەون، هەر لەئەدەبیاتی مارکسیزمەوە تا ئەدەبیاتی بوونگەرایی و قوتابخانەی دەروونشیکاری فرۆید و هتد..

– کام کتێبە بەردەوام دەگەڕێیتەوە لای؟

دەمێنێتەوە بڵێم کە لەو کتێبخانەی سیحری خۆیان لەرۆحی ئەم (منالە-گەورە) یەدا پاراست، کتێبی (ألف لیلة ولیلة) و حیکایەتەکانی بوو، هەروەها لەو رۆمانانەش کە لەنەوجوانیدا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر جێهێشت رۆمانی (برایانی کارامازۆڤ)ی دۆستۆیڤسکی و رۆمانی (زۆربا)ی کازانتزاکی بوو.

ئا/ ئامانج کەریم

قۆناغی حەقیقەت

ئومید مێهرەگان

و: کاوە قوڕەیشی

پێشەکی وەرگێڕ: ئومید مێهرەگان رەخنەگر، وەرگێڕ و رۆژنامەوانی فارس، تا ئێستە کارنامەی خۆی بە چەن بەرهەمی گرنگی نووسراوە و وەرگێڕان دەربارەی فەلسەفەی هاوچەرخ و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی، رازاندۆتەوە. مێهرەگان سەرەتا لە گەڵ هەندێ نووسەر و رەخنەگری تردا لەوانە د. یووسف ئەبازەری و موراد فەرهاد پوورو.....چالاکی جیدی خۆیان لە ساڵەکانی ١٩٩٠وە بە دامەرزاندنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی "ئەرغەنوون" دەس پێکرد. "ئەرغەنوون" وەک گۆڤارێکی تایبەت بە فیکرو لێکۆڵینەوەی فەلسەفی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی جیدی لە سەر فیکر و ئەندیشەی فارس دانا. تەوەری سەرەکی گۆڤاری ئەرغەنوون، خوێندنەوەی فەلسەفەی مۆدێرنن و بە تایبەت فەلسەفەی رەخنەگرانەیە کە خۆی دەگەڕێتەوە بۆکانت، هێگڵ، مارکس و قوتابخانەی فرانکفۆرت کە قۆناغی زێڕینی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە بوو. دیارە باس کردن لە پانتایەکی فیکری وەها بەربڵاو، زۆر زۆرتر لە لاپەڕەیەکی رۆژنامە دەگرێتەوە و لە ئیمکانی ئەم بابەتە بەدەرە. ئەوەی پێوەندی بەم بابەتەوە یە ئومید مێرەگانە کە ئێستە هاوکاتی کار لە "ئەرغەنوون" دا ، بەرێوە بەری لاپەڕەی فیکری رۆژنامەی "شەرق" ە کە خود پێڕەوی لە هەمان لاینی فیکری "ئەرغەنوون" دەکات. ئەو لەوێدا سەرەرای وەرگێڕانی وتارە فەلسەفیەکان و، نووسینی وتار، ستوونێکی بەردەوامی بە نێوی "کورتە ڕاڤە" هەیە کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە.

لە پرۆژەیەکدا هەندێ لە وتارەکانی مێهرەگان، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی کە رەنگە دواتر وەک کتێبێک بڵاو ببنەوە. بەو هیوایەوە کە رۆچنێک بێت بۆ چوونە ناو جیهانی ئەندێشەی رەخنەگرانەوە.



سوقرات

رەنگە چرکەیەک لە مێژووی کورتی مرۆڤدا بوو بێت، کە تێیدا مرۆڤی شڵەژاو و پەشێو چەمکی حەقیقەتی داهێنا بێت. دۆزینەوە و داهێنانی حەقیقەت بە یارمەتی کەرستەیەک بوو کە بە نەبوونی باسێک لە حەقیقەت نە دەهاتە ئاراوە. ئەم کەرستە چەمکەکان بوون. ماهیەتی ئەم کەرستە لە خۆیدا جۆرێک بوو کە خۆ بە خۆ پرسیاری حەقیقەتی- لانیکەم بەو جۆرەی فەیلەسووفان باسیان کردوە- دەهێنایە ئاراوە. "حەقیقەت" چەمکێکی نوێیە. ئەمەی کە پارێزەرانی کولتوور و حەکیمانی رەسمی بەردەوام باس لەو "مرۆڤ "ە دەکەن کە "بە شێوەیەکی زاتی بە شوێن حەقیقەتەوەیە"، ئوستوورەیەک، بەرهەمهاتووی مێژووی کورتی مرۆڤی "شەریف و ئاوازە" یە. ئەکرێ باس لەو مەیلە زاتییەی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی رزگاری یا خود سروور و شادمانی (ئێستە چ ئەم جیهانی و چ ئەو جیهانی) بکەین، بەڵام بە هەژاوی و شڵەژاویەوە باس لە حەقیقەت کردن، و تەزایەکی ترە.

لە درێژەی مێژوودا، هەرکات باس لە چەمکی حەقیقەت کراوە، لە پاڵ هەندێ چەمکی وەک، جەوهەریان ماهیەت و یان زاتی عالەمی هاوبەستدا هاتووە. حەقیقەت بەردەوام شتێک لەو پەڕ مادییات و شتە هەست پێکراوە بێ بایەخەکان بوە. یەکەمین و تەواترین بەڵگەی نووسراو لەم بارەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی فەلسەفی ئەفلاتوون. گرێدراوێتی ئەم جۆرە خوێندنەوەی حەقیقەت بە سیستمە دینی و ئایینیە کانەوە، چەمکی رزگاریشی بە تەواوێتی گۆڕاوە. رزگاری و شادمانی، گۆزرایەوە بۆ ئەو پەڕ زەوی و دوونیای مادی (ماکی) و لەم رووەوە مسۆگەر بوونی حەقیقەت، بەردەوام و را لە گەڵ را دواکەوت. گرێدراوێتی حەقیقەت و رزگاری (رزگاری و شادمانی هەست پێکراوی رۆژانەی مرۆڤ) و مەرج مەند بوونی ئەو رزگارییە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە حەقیقەت، بەو جۆرەی ئەربابانی کولتوورو پارێزەرانی زانست و گەورەکانی ئایین پەرەی پێدەدەن، رەنگە گرینگترین توخم لە مێژووی مرۆڤ بێت. ئەم حەقیقەتە، چەشنە خاوەنداریتیەکی لەخۆ دەگرت، بەڵام بە تەنیا دەبوو بە ملکی "تاقمێکی" تایبەت. حەقیقەت لە دەستی ئەواندا بوو و بە تەنیا ئەوان بوون دەیانزانی مرۆڤ چۆن رزگار دەبێ. ئەویش حەقیقەتێکی جیهانگرو ئەبەدی. ئەم بەشەی حەقیقەت، بە تەنیا ئەو چەشنە تایبەت و سوبژێکتیڤە نەبوو، کە بریار بێت تینی ناخی کەسەکان بۆ تێگەشتنی ئەمەی لە کوێوە هاتوون و بۆکوێی دەرۆن، دا بەزێنێت. کاتێ بەیتە شیعرێکی وەک "لە کوێوە هاتووم و هاتنم بۆ چی بوو بۆکوێی دەرۆم و نیشتمانم بۆ دەرنەکەوت." دەگۆڕێ بۆ کولتووری جەماوەر، خۆی نیشاندەری چوونە ناوەی حەقیقەت بۆ دەڤەری گشتیە. ئەم بەیتە شیعرە لە رواڵەتدا، لە گەورەترین پرسی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. پرسێکی بەس گەورە و تێپەڕێنەر لە هەمووپاژە ناگرینگەکان. پرسێ کە برێ جار (ئەزموونی مێژوو دەری خستوە)، چارە نووسی نەتەوەیەک پێملی وڵامەکەی دەبێت. لێرەدا یە، کە تووی کارەسات دەچێنرێت، ئێرە گەیشتنی "قۆناغەکانی حەقیقەتە"

ئەوەی وا هەموو حەقیقەتی لە دەستدایە، دەستی بۆش و خاڵیە و هیچی تیانیە. بەڵام ئەوەی چەن حەقیقەتی پاژەکی لە دەستدا بێت، شتێکە لە دەستیدا هەیە. سیستمە تۆتالیترەکان، هەمووی حەقیقەتیان لە دەستدایە.چونکوو پێشوەخت حەقیقەتیان بەستوتەوە بە "رزگاری" مرۆڤ و تێگەیشتن لە رزگاری مرۆڤیش ئەرکی ئەوانەو هەر ئەوان دەیزانن. لە قۆناغەکانی حاکمیەتی حەقیقەت، هەمان حەقیقەتی گشتی و جیهانگر، ئەو حەقیقەتەی هەر دەم دەبێ نیشانەیەکی، لە خێر خووی عالەم و ئادەم پێ بێت، حەقیقەتێکە، بێ پێناسەی کۆیی(جمعی). ئەڵبەت نە بەومانایە کە ئەم پێناسە کۆییە، لە پێناسەی گشتێکی یەکپارچە و فەرماندەردا کردەوە بنوێنێت، بەڵکوو ئەو حەقیقەتەی هەر تاک و لە دۆخی دیار و دەس نیشان کراوی ژیانیدا، بۆی بێت و بتوانێت لێی لابدات و رەفزی بکاتەوە و نیشانی بدات. تا ئەوکاتەی دۆخی ژیانی من ناخۆش و خراپ ونالەبارە، چیەتی حەقیقەت فلسێک نرخی نیە. لە قۆناغەکانی حەقیقەت، حەقیقەت دەگات بە چیەتی مرۆڤ و هۆکارەکانی رزگاری ئەبەدی و بەرزەجێ بوونی (تعالی) مرۆڤ و یان وەک باوە بە "شەرەف" ی مرۆڤ. ئەمە هەمان ئەو حەقیقەتەیە کە بریارە تاک بۆ پێگەیشتنی، ئێستەو هەنووکەیی رەنجباری خۆی بە هەوای داهاتوویەکی روون لە بیر بکات. بەڵێنی سەرهەڵدانی حەقیقەت و مسۆگەر بوونی رزگاری، بەڵێنێکە کە بە شێوەیەکی زاتی بەردەوام دوادەکەوێ. ماوەی درێژ خایەنی دواکەوتنەکەی، ماوەیەکی باشە بۆ ئینقیادی(چەمەوازی) مرۆڤ.

لە شوێنک خوێندوومەتەوە: پرسی تاک حەقیقەتەو، پرسی "کۆ" ش مانەوە. ئەو مانەوەی ناشێ بۆ هیچ حەقیقەتێکی جیهانگر کەوێتە مەترسیەوە، مەبەستی من بەڵێنی تەواو کردنی حەقیقەت دۆزی نیە. دەشێ جیاوازی لە نێوان چەشنەکانی حەقیقەت دابنرێ و ماهیەتی مێژووی پێکهاتنی هەر کامیان لە بەر چاو بگیرێ. لە دەڤەری گشتیدا، شەفافیەت (تەسکێتی) لە حەقیقەت گرینگترە. لە راستیدا، ئامادەیی حەقیقەت لە دەڤەری گشتی، ئامادەییەکی نەرێنی و نگەتیڤە. لێرەدا حەقیقەت کاردانەوەیەکی نەفی کەری هەیە تا سەلمێنەر "شتێکی گەورەو دلخوازە". حەقیقەت بە مانای پەچەهەڵماڵینی فریوو درۆ و حەقیقەتی نەرێنی. (بێر توڵت بێر) وتەنی: لە دەڤەری گشتیدا: ئەمەحەقیقەتی پاژەکی و دیارە گرینگایەتیەکی تەواوی هەیە. حەقیقەتی ناکۆتایی (بیکران) ئەتوانێت پاساو دەربێت و بە دەست هەر کەسێکەوە ببێتە ئامێرێک بۆ سەرکوت. کەچی لە رێگەی حەقیقەتی پاژەکی و دیارو دەستنیشانکراوەوەیە، شیمانەی کردنەوەی رۆچونێک بۆ رزگاری وەردەکەوێت. "ئومید" بەرهەمهاتووی ئەم رۆچونەیە، نەک ئاسۆگەی ناکۆتامەندی رزگاری.■

سەرچاوە: www.sharghnewsaper.com

هیگڵ و شۆڕش

رامین جهانبەگلو

و: نەبەز محەمەد

سەرتاپاگیرترین ئەنجامێکی فکری لەشۆڕشی فەڕەنسا، دەرکەوتنی چەمکی تازەی مێژوو بوو لەفەلسەفەی هیگڵ دا.

هانا ئارێنت: شۆڕش

لەڕوی شۆڕشەوە هەر فەلسەفەیەک، ئەندێشەیەکە دەربارەی واقعیەت، لەلایەکی ترەوە راستێتی واقیعەت تەنها لەشێوە جۆراوجۆرەکانی رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەردەکەوێت.

کەواتە لەبارەی هەر شۆڕشێکەوە تەنها کاتێ دەتوانی بیری لێبکەیتەوە کە لەچوارچێوەی شێوەگەلێکی ئەزمونیا باس بکرێت.

لەم ئاستەدا، هەر ئەزمونێکی سیاسی جۆرێکە لەژیانی کۆمەڵایەتی، کەیەکسانە لەگەڵ بەختیاری گشتی یاخود پێشکەوتنێکی تایبەتی کۆمەڵگە. ئامانجی هەموو شۆڕشەکان جێگیربونی ئەم بەختەوەرییەیە، سەرکەوتنی شۆڕشیش بریتییە لەپاراستنی و چاودێرکردنی ئەم (گەشەکردنە) و پێشکەوتنە.

بەم شێوەیە، هەتا ئەمڕۆ، هەر شۆڕشێک شکستێک بۆ سەر بەرزی مرۆڤ، یان سەرکەوتنێک بووە بۆ لۆژیکێکی مێژوویی. ئەوەی مایەی هێزو گەورەیی مرۆڤە، توانای ئەوە بۆ هزرو تێڕامان لەبەرامبەر روداو گەلێکی مێژوویی و هەوڵدانییەتی بۆ گۆڕانکاری. مێژوو شوێنگەی کار لەیەکترکردنی ئەم هەوڵە مرۆڤایەتیانەیە. پەیوەندی نێوان هیگڵ و شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، پەیوەندی نێوان (مێژوو) و (هزر)ی ئەوە، بەشۆڕشی ١٧٨٩ ی فەڕەنسە، مێژوو دەچێتە ناو قۆناغێکی تازەی خۆیەوە، هیگڵ یەکەمین کەسێک بوو کەبەشێوەیەکی تۆکمە مانایەکی تازە ئەدات بەمێژوو، لەبەرئەوەی تەنها لەلایەن شۆڕشی فەڕەنسەوەیە کە فەلسەفە پێدەخاتە جوگرافیایەکی واقیعییەوە. واقیعەت تەنها لەمێژودا دەگات بەمانای هەقیقەتی خۆی، کەواتە کارێکی عەقڵانیە و لێرەوەیە کەئەو راستییانە لەقۆناغە جیاوازەکانی هاتنی مێژودا سەرهەڵدەدات.

کەواتە مێژوو دروسترین شوێنگەی جێبەجێبونی هەقیقەتی جیهانە، لەروانگەی هیگڵەوە راستێتی جیهان تەنها وەکو رۆح شایەنی درک کردنە، جوڵەی رۆح لەمێژودا، مەرجی پێشکەوتنی ئازادییە لەجیهاندا، خاڵی کۆتایی ئەمەش پێکهێنانی چەمکی دەوڵەتە.

بەڕای هیگڵ، هەنگاوی سەرەتای پێکهێنانی چەمکی دەوڵەت، سەرهەڵدانی شۆڕش لەفەڕەنسا شکستی ئەو لەجێگیری دەوڵەتی (تیرۆر)، وە دەرکەوتنەوەی دوبارەی لەدامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆندایە.

بەڕای هیگڵ فەڕەنسا نمونەی حکومەتێکی بەهێزە کەئەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەرجەستە بکات، ئەمەش دەسکەوتێکە کەفەڕەنسا لەشەڕ بەسەر ئەڵمانیادا لێی بەهرەمەند بووە بەڵام ئەڵمانیا دەبێ واتای حکومەتەکەی بەو واتەیە کەهیگڵ پێشنیاری دەکات. خۆی بەڕێوە ببات، کەواتە ئامانجێک کەهیگڵ بۆ ئەڵمانیای سەردەمی خۆی دیاری دەکات جێبەجێکردنی چەمکی فەسەفەی سیاسەتی دەوڵەتە -بەپێی- ئەوەی هیگڵ دەیڵێت -کەواتە هیگڵ- وەکو ویستیانە ئەو بناسێنن -ئایدۆلۆژیای حکومەتی پروس نیە، چونکە نوسینە سیاسەیکانی ئەو، لەڕاستیدا بەرگری لەڕژێمی سیاسی سەردەمی خۆی نیە، هیگڵ گرنگی بەسەردەمێک نادات کەتیایدا دەژیا، بەڵام بەشێوەیەکی فەلسەفیانە دژی دەوەستا، پەیرەوکردنی چەمکی دەوڵەت لەتێڕامانەکانی هیگڵدا بەڵگەی ئەم راستیەیە (هیگڵ چەمکێک لەواقیعەت هەڵدەهێنجێ وە هەوڵ دەدات سەرلەنوێ دروستیان بکاتەوە، لەم رووەوەیە کەناتوانن بۆچونە سیاسیەکانی ئەو بەبێ گەڕانەوەو پشت بەستن بەبون ناسی و بەهزری ئەو، تێبگەن بەهۆی هیگڵەوە هەردوو چەمکی (مەنتق) و (سیاسەت) یەکدەگرنەوە، بەم پێیە هەر هەوڵێک بۆ گرنگی دان بەچەمکی "واقیعەت، پێویستە گۆڕان لەهەلومەرجی باش بونی ئەم چەمکەدا بکرێت شۆڕشی گەورەی فەڕەنسە مەرجی پێویستی ئەم پێشکەوتنە بوو.■

سەرچاوە: هیگڵ و سیاسەت مدرن - رامین جهانبگلو.

پانتایی حەقیقەت
لە (بوون)دا

خێلان حەمە حسێن



هایدگەر

بیرمەندان و ئەندێشمەندانی فەلسەفەی بەهیلاک بردووە، لەکلاسیکەوە تاهەنوکەش ئەوە بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە کەئایا وشەی (حەقیقەت) لەفەلسەفاندندا (شتە) یان (بابەتە)، دۆزینەوەی شتە، یان دۆزینەوەی بابەتە، بەمانایەکی تر لەزۆر باردا پرسیارەکە بەم شێوەیە دەکرێ، (ئایا حەقیقەت شتێکە شایەنی دۆزینەوەیە یان بابەتێکە شایەنی تێڕامانە)، لەڕاستیدا وەڵامەکەی ئاسانە، رەنگە هەردوکیان بێت، بەڵام سەلماندنی ئەو وەڵامە پانتایەکی فراوانی دەوێت، زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکانی مۆدێرن، پێیان وایە تەنها تێپەڕبوون هەیە بەنێو بابەتی حەقیقەتداو دۆزینەوەی حەقیقەتێکی رەها بوونی نیە، (جان بودان) نمونەی ئەو تێپەڕبونە دەهێنێتەوە بەوەی پیاوێک بەنێو باغێک سێودا دەڕوات کەهێشتا رەنگ و بۆنی سێوی نەدیوە، کاتێک کەپیا تێپەڕ دەبێت لەم بەرو ئەوبەری ئەو باغەوە چەندین رەنگ و قەبارەی سێوی جۆربەجۆر دەبینێ، پاشان ئەم پرسیارانە دەکات (ئایا رەنگ و بۆو قەبارەی ئەم سێوانە بۆ تا ئەبەد بەم شکڵ و شێوەیەی ئەم کاتە دەمێنێتەوە کەبینراوە؟).

هاوکێشەکانی تێگەیشتن لەحەقیقەت لەلای (هایدگەر) هێندە ئاڵۆز و قورس و پێچ و پەنایە، ناتوانرێت هەروەها بەسانایی بێ تێگەیشتن لەکۆمەڵێک چەمک و بنەمای دیکە تێگە بەدەستەوە، بۆ نمونە لای هایدەگەر ناتوانرێت لە (میتافیزیک) بگەیت تاوەکو لە (بنەماکانی فەلسەفە، حەقیقەت، سەدیمی عەقڵ و بوون (الوجود)، (بون ئارا) نەگەیشتبی، ناتوانێت لەماناو رەهەندو تێگەکانی بونگەرایی بگەیت تا بەشت بون بەشت نەبوون، شت پێش بوون و بوون پێش شت تێنەگەیشتبێت، بەهەمان شێوە حەقیقەت و تێگەیشتن لەماناو دەلالەتەکانی حەقیقەت وەک هەمان شتە. ئەوەی لەئێستاداو پێش ئێستاش (کە مەبەستم لەساڵانی چلەکان بەرەو حەفتاکانە) مشت و مڕێکی گەورەی لەسەر بوو، سەبارەت بەحەقیقەت و پەیوەندییەکانی بەمەسەلەی بونگەراییەوە، دەتوانرێ هەموو ئەو مشتومڕانە لەوەدا پوخت بکرێتەوە (لەوەدا پانتایی و درێژەی پێبدرێت) کە، مشتومڕەکانی نێوان دواکەوتەکانی فەلسەفەی سارتەرو هایدگەری بونگەرادا، بەوەی کەئەم دوانە هەردوکیان جیاواز لەفەیلەسوفە بونگەراییەکانی دیکە، کەمەبەستم لەوەیە هەردوکیان بەفەیلەسوفە بێ باوەڕە بونگەراییەکان ناسرا بوون، جیاواز لەکیرکەگۆردو گابریل مارسیل کەفەیلەسوفە بونگەراییە باوەڕدارەکان بوون، بەڵام بناغەی مەسەلەکە ئەو مشتومڕەیە کەدوای ئەوان و دواکەوتەکانی ئەوەیان دروستیان کرد، مشتومڕەکانیش بەشی هەرە زۆر یان ئەو پرسانە بوون لەمەڕ (بوون و حەقیقەت)، (حەقیقەتی بوون) (بوونی حەقیقەت)، سەیر لەوەدایە هەردوو ئەم فەیلەسوفە بەکتێبی (بوون و نەبون -سارتەر) و (بوون و کات - هایدگەر) بەتەواوی وەک فەیلەسوفێکی بونگەرایی ناسران، بەڵام هیچ کام لەم فەیلەسوفانە بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەماو کون و کەلەبەری لق و پۆی فەلسەفەی گشتی مەسەلەی حەقیقەت بەبوون و بوون بەحەقیقەتەوە باسناکەن، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کەناکرێ چ بوون و چ حەقیقەت لەمرۆڤ وەدەرنرێت و سارتەریش هەمان ئەمەی بەوە سەلمان کەبونگەرایی فەلسەفەیەکی مرۆڤدۆستانەیە و دەیەوێ نرخ و بەهاو کرۆکەکان بۆ مرۆڤ بگێڕێتەوە و ئەوەشی سەلماند کەئەوە حەقیقەتە لەبووندا (الحقیقە فی الوجود)، مارتن هایدگەریش بەهەمان شێوە پێی لەسەر ئەو خاڵە دادەگرت کەحەقیقەت لەبووندا (لەبوونی مرۆڤدایە لەبوونا) بەڵام لەکاتێکدا کە عەقڵی مرۆڤ خۆی یەکلایی کردبێتەوە لەئاست توانایی تێگەیشتنی خۆی بۆ دو شت کەیەکەمیان چیەتی پێش شت، دووەمیان شت بوون یان شتێتی پێش زەمان (کات)، لای هایدگەریش درێژەو پانتایی ئەم مەسەلەیە حەقیقەتە (لەبوون و لەمرۆڤدا) هەربۆیە دانیشی نا بەوەی کەحەقیقەت خودی ئینسان خۆیەتی.■

هاوڵاتی و "دۆخی نائاسایی"

خوێندنەوەیەکی خێرا لەرووداوەکانی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی کوردستان

کاوە قوڕەیشی

بەشی دووەم و کۆتایی

جۆرجۆئامبێن دەڵێ: "مافی مرۆڤ و هەموو یاساو رێساو بابەتە دەسنیشانکراوەکان، تێکڕاو بەیەکەوە لەناخی دۆخی نائاساییدا، دەتوێنەوە" وچیتر شتێک بەنێوی یاسا لەئارادا نامێنێت. ئەڵبەتە خودی یاسا لەئێراندا، ماهیەتێکی تەواو پاڕادۆکسیکاڵی هەیە، واتە گەر لەزۆربەی هەرە زۆری وڵاتە دیمۆکراتەکان، یاسا لەخۆیدا هەڵگری مافی مرۆڤ و یەکسانی بێت، ئەوا لە یاسای ئێراندا بەخوارترین ئاستەکانی خۆی دابەزیوە. ئێستە لەوەها دۆخێکدا کە ئەم یاسایەش وەلابنرێت، دەبێ چی بەر بە پێشێلکردنی مافی هاوڵاتی و تەنانەت کوشتنی بگرێت؟!؟ کوشتن بەبابەتێکی ئاسایی دەبێت و دەسەڵاتی لەسەرەوەرا، تەواو ناکۆک و ناتەبا دەبێت لەئاست بەرژەوەندییەکانی ئێمەی لەخوارەوەرا.

لەدۆخی نائاساییدا، رۆحی حاکم دەگۆڕێ بۆ ژێر دەس و یاریدەرو ئەفسەرو مووچەخۆرو جەلادو هەرکامیان بۆ خۆیان بەحاکمێک دەبن و لەخۆڕا و خێراخێرا حوکم دەردەکەن: ٥ ساڵ، ١٠ساڵ، مەرگ، مەنفا، رەجم، مل لێدان و ئەشکەنجە تا سەر حەدی مەرگ و چاندنی تۆق و ترس و هەراس. ئەوێ ناوەوەی ژوورەکانە ئێرەش دەرەوە: ماتۆڕو ماشێن و چەک و تانک و تۆپەکان، بەنێو شاردا دێن وەدەچن، نەجارێ، نە دووان و نە سیان. ئەوان ناڕاستەوخۆ، بەم کردەوە ئەیسەلمێنن کە کێ دەیەوێت بجووڵێتەوە؟! تاکوو..

لە لایەن حاکمیەتەوە، دۆخی نائاسایی راگەێندراوە. ئەوان چ هەوڵێک بۆ ئاسایی کردنەوە نادەن، چونکوو رازی مانەوەیانی تێدایە. ئەوان بەردەوام لە نێو ئەم دۆخە و ئەم دۆخە ئەبووژێنەوە. هەر رۆژە سەربازە تا سەر ئێسک چەکدارەکان، لەبان سەیارەکانەوە، بەلووتی حەوادراو و چاوی دەرپەڕیوەوە خێسە دەکەن و تیشکی ترس و هەراس و تۆق لەدڵی هاوڵاتیدا دەنێنەوە. ئەوان مۆتەکەیەک لەترسن، مۆتەکەیەک لەدەسەڵات و لەسوڵتە، مۆتەکەیەکی هەردەم ئامادە لەناخی هاوڵاتی تۆقاو رەنگ پەڕیودا. ئەوان نەک هێما، بەڵکوو خودی مەرگن، خودی بێدەنگی و خودی دۆخی نائاسایی. هەموو شتێک گوماناویەو لە هەموو شتێک و هەموو کەس گومان ئەکرێت. تەنانەت هاوڵاتیش لەهاوڵاتی.

دۆخی نائاسایی لەشوێنکاتێکی تایبەت و دەس نیشان کراودا روونادات، هەتا هەردەم حاکم پێی خۆش و هەردەم ئەو بێزار بێت درێژەی دەبێ. دۆخی نائاسایی و خولقانی کارەسات، دەبێتە هۆی ئاسایی بوونەوەی کارەسات. ئەو قۆناغەی کە گەر هاوڵاتی چالاک و ئامادە بێت، تێیدا هەردەم مەترسی هەڵچوونێکیتر دەبێت.

هەڵچوون و بەگژاچوونەوەی شتێکی ئاسایی لەناخی دۆخی نائاساییدا. بێ گومان گەر ئەو هات وچووانە چەن رۆژێکیتر درێژەی بوایە، تا ئێستەش ئەو شۆڕشە درێژەی دەبوو. چونکوو شتێک بۆترس و هەراس نەدەماو هەموو توندوتیژیەک ئاسایی دەبووەوە.

٥_ خاڵی سەرنج راکێش لەم بزووتنەوەدا ـ ئەگەر بکرێ ئەو نێوەی لێبنەین ـ ئامادەیی و چالاکی کۆمەڵێک منداڵ و مێر منداڵی کەم تەمەنی قوتابی بوو. ئەمەش بۆ خۆی دیاردەیەکە، کە لە باری سایکۆلۆژیکیەوە، هۆکارو بەڵگەی تایبەتی خۆی لەپشتەوەیە. بۆ نموونە ئەم بەرە بەپێچەوانەی بەرەی پێشووی خۆیان، کە هەر لەنێو لانکیانەوە وستیان لێکراوەو وانەی بێدەنگی وخۆپاراستنیان پێوتراوە، هیچ بەبێدەنگی و خەفەقان و خۆپاراستن ئامۆژگاری نەکراون و، ئەمە بووکە بەبێ هیچ ترس و هەراس و وەهمێکەوە، رژانە سەر شەقامەکانەوەو رەنگە یەکەم ئەزموونی مۆدێرنیتیان، بەبێ پاڵپشت و هاندانی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتەوە، بۆ ئێمەی کورد لەسەر شەقامەکان تاقی کردەوە.

دیارە دوان و باسکردن لەم بابەتە، زۆر زۆرتر لەپەرەگراف و لاپەرەی رۆژنامەیەک دەبات و رەنگە پێویستیشی بەلێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانە بێت کە لەئاگاو دەرفەتی ئەم بابەتە بەدەرە.

٦_ بەڵام هەڵوێستی ئەوانەی بەنێوی رۆشنبیر لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەن چی بوو!؟ سەرەتا گەر بمانەوێت پێناسەیەکی رووکەشیانەو سەرەکی لە رۆشنبیر ئاراستە بکەین، ئەوا پێشوەخت و لە سەرەوەی هەمووشتێکدا دەبێ بڵێین: رۆشنبیری راستەقینە، بەشێکە لەسیستمی بەرهەمهێنانەوەی حەقیقەت و درووست کردنی حەقیقەتە سیاسیەکان. رۆشنبیر تاڕادەیەک تیشک هاوێژی چارەنووسی زۆربەی حەقیقەتە کۆمەڵایەتیەکانی تریشە، (بروانە رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیمۆکراسیەت، مەریوان وریا قانع ل ٢٥). رۆشنبیر دەشێ بەروانگەیەکی رەخنەگرانەوە هەردەم بەگژی حەقیقەتە کۆن و چەق بەستووەکانی کۆمەڵگادا بچێتەوە و سەر لەنوێ پێنسانەو پێکیان بێنێتەوە. بەڵام رۆشنبیر لای ئێمە (بە تایبەت لە کوردستانی رۆژهەڵات) داگیرکەرانی بەشی هەرەزۆری رۆژنامەکانن، ئەوان دەخوازن تاقە بۆچوونی خۆیان (نەک خوێندنەوە) بەنیسبەت هەموو رووداوەکان بسەپێنن (ئەگەر چی بە نیسبەت رووداوەکانی ئەم دوایانەی کوردستان، ئەوەشیان نەکردو بێدەنگ بوون.) ئەوان لەهەموو شتێک، شتێک دەزانن وکەچی لە هیچیش، هیچ نازانن. ئەوانە خۆیان و بەتەنیا خۆیان، بانگەشەی رۆشنبیری بۆ خۆیان دەکەن × ئەوانەی بە ڕواڵەت لەهەموو کەس خوێنەوارترو زیرەکتر و وشیارترن. ئەوان حەقیقەتە زڕو پووچ و گەندەڵیەکان دیاری دەکەن. ئەوان حەقیقەت لایان شتێکی موتڵەقەو بەتەنیا هی خۆیانەو لەدەرەوەی خۆیان شتێک بەنێوی حەقیقەت بوونی نیە. ئەوان هەموو شتەیەک بۆ خۆیان مۆنۆپۆل دەکەن. لای ئەوان تێکڕاو بە شێوەیەکی رەها شتێک بە نێوی جەماوەر بوونی نیەوچ حیسێبێک بۆ جەماوەر، مەگەر لە کاتی هەڵبژاردندا ناکرێت، یان جەماوەر بە ئامێرێکی رووت وچەماوە دەزانن کە لەرێگەیانەوە بتوانن داخوازیە توتالیترەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. ئەوان، ئەو بەرواڵەت رۆشنبیرانە، تا ئەو جێگەی بۆ سواربوونی ئەسپی دەسەڵات، پێویستیان بەدەنگی، جەماوەر بێت، دەم لە ئازادی و دەم لەدیموکراسیەت و دەم لەلیبراڵیەت دەدەن. کەچی کە دۆخێنائاسایی دێت (نمونە، ئەو دۆخەی بەسەر کوردوستانی رۆژهەڵاتدا زاڵ بوو) ملیان خڕ دەکەنەوە نێو بەرگەکانیان وبێدەنگ دەبن وهیچیان بۆوتن پێنامێنێ رۆشنبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان، تەنیا راڤەو خوێندنەوەیان لەئاخێزگەی رووداوەکانی ئەم دواییانەئەمە بوو: ئەمانە ئاژاوەی تاقمێک منداڵی بەرەڵا یە!، ئەمە رێگەی نیە، وانابێت وکە چی هیچیشیان نیە بڵێن چۆن دەبێت و رێگەی کامانەیە، ئەوان ئەوەندە دەزانن دوای کوژانەوەی ئاگر و فارس گوتەنی، ئاو لەئاسیا کەوتن و کۆتایی هاتنی هەمووشتەیەک (ئەڵبەت بە مەرگی ئەو هاوڵاتییانەی، ئەمان خۆیان باوک وکەفیلیان دەزانن) پەنابەرنە مانیفێستە موبارەکەکانیان و ڕاڵە گەڵ ڕا بەقسەی نەستەق وزل زل ولە خۆڕا، بیڕازیننەوە و ژیستێکی عاقل ئەندەر سەفی بگرنەخۆ و لەسووچێکەوە سەیربکەن و رەنگە بە گەوجی جەماوەریش پێبکەن. ئەویش بە تەنیا بۆوەی لە دەرەوەی رووداوەکان بن وهیچیان بەسەردا ساخ نەبێتەوە و بڵێن : ئێمە نەبووین.

٧-لێرەدا دۆڕاندن رەگی خۆی لەپێناسەی هاوڵاتیدا دەکوتێت. هاوڵاتی نەسەرکەوتوەو نەش بە داخوازیەکانی گەیشتوە و لە بەرانبەریشدا، مافە هەنووکەیەکانیشی لێسەندرا وەتەوە. ئەمەیەکە شارۆمەند پەسیف-تر وبنیاتەکانی سست تر دەبێتەوە. چیتر پتانسیەلێکی بۆ رووبەروبوونەوەنامێنێت. چیرووەدات: دەسەڵات دەسەلمێ و بەردەوام سەقامیگیرترونیشتەجێتر دەبێ.

ئاوەها کۆتایی پێهێنانی ئەم بابەتە، رەنگە سەرچاوەیەک بێت بۆ خراپ تێگەیشتن. بۆیە دەبێ ئاماژە بدەمە ئەوەی کەئەم وتارە، بەنیازبوو دۆخی زاڵی ئەو رۆژانە بەنیسبەت مافی هاوڵاتی باس بکات و دیارە تاڕادەیەکیش توندڕەویەکی نیگەتیڤیستی بەسەری دا زاڵ بوو، کەخود دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی واقعی رووداوەکەوئەوکەش وهەوای ئەم واقعەی خوڵقاند. ئەڵبەت شایانیباسە بوترێ، بەهیچ شێوەیەک نکوڵی لەدەسکەوت و لایەنە پوزەتیڤیستیەکانی ئەم رووداوە ناکرێ بەڵام دوان ولێکۆڵینەوەی ئەم لایەنەبمێنیتەوە بۆ دەرفەتێکی تر.■

ئەحمەدی نەژادو بەرسیڤی جیهانی

محەمەد ئیزەدی



ئێران پێدەچێ بەوسەروکۆمارە نوێیەیەوە واتە " مەحمودی ئەحمەدی نەژاد "رێگای بەرەو رابردووی گرتبێتەبەر. پاش ئەوەی کە ناوبراو رایگەیاند: دەبێ ئیسرائیل لەسەرخەریتەی جیهاندا نەمێنێت دیسانەوە ئەو دروشمە کۆنەی کە لە سەردەمی ریفۆرمدا لە ماوەی ٨ ساڵی رابردودا پشت گوێ خرابوو کەوتەوە نا و جیهانیان و رێبەرانی وڵاتانی جیاوازی جیهان.

بە بانگهێشت کردنی جیهانی ئیسلام بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی ئیسرائیل سەرۆک کۆماری ئێران لە چەندوشەدا ئاوات و خواستی لە مێژینەی کەسی یەکەمی وڵاتێکی خستە روو، ئەحمەدی نەژاد لە سەرجەم لێدوانەکەیدا لە دژی ئیسرائیل پاوانخوازی و دەمارگرژی ئێرانی کە لەوڕوو بەدواوە ئەم دڵسۆزەی شۆڕشی ئیسلامی بەرێوەی دەبات ئاشکرا کرد وئەوانەش کە پێیان وابوو ئێران روو لە ریفۆرم و میانەرەوی دەکات لە بیرکردنەوەی هەڵەی خۆیان تێگەشتن.

سەرۆک کۆماری ئێران دیسانەوە سەرلە نوێ بیر و بڕواکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی ١٩٧٩ دا "دەمەزەرد" کردەوە و لە یەک ساتدا هەموو "ریسەکەی خاتەمی ریفۆرمخوازی کردەوە بە خووری" ئەم کابرا ئێرانیە توندرەوتر لە فەلەستینیەکان خۆی کردۆتە بڵندگۆی جیهانی ئیسلام و داوای لە ناوچوونی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات لەو وڵاتە عەرەبیانە داوای بە شەرهاتن لە گەل ئیسرائیل دەکات کە ئەوان ئیسرائیلیان وەک دەوڵەتێک بە رەسمی ناسیوە و پێیان دەڵێت ئەگەر ئیسرائیل لە ناو نەبەن لە ئاگری تورەیی ئۆمەتی ئیسلامدا دەسوتێن.

پاش ئەم هەڵوێستە توندڕەوانەیە وڵاتانی جیهان یەک بە یەک ئەم شتەیان مەحکووم و ئیدانە کرد.

ئەڵمانیا:

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند: " ئەگەر ئەم لێدوانانە بە راست لە ئەحمەدی نەژاد وەشابێتەوە هێچکات قەبوڵ ناکرێت و بە توندی ئیدانەی کرد.

وڵاتانی عەرەبی:

وێڕای ئەوەی کەزۆربەی وڵاتانی عەرەبی لەو هەڵوێستەی ئەحمەدی نەژاد شێوازێک لە بێدەنگیان گرتە بەر بەڵام لە هەمان کاتدا " ئەحمەد ئەبولغەیس " سەرۆکی دیبلۆماسی میسر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا ئەم لێدوانانەی سەرۆکی ئێرانی ئیدانەکرد، هەروەها " سایب ئەریقات " ناوبژیوانی دانوستاندنەکانی فەلەستین و ئیسرائیل وێڕای مەحکووم کردنی راشکاوانەی ئەم هەڵوێستانە رایگەیاند: "ئێمە حکومەتی ئیسرائیلمان بە فەرمی ناسیوە و بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا بۆ ریککەوتنی یەکجاری و لە ئاشتی کۆتایی دەگەرێین" «ئاسوییشتدپرس ٢٧ ئۆکتۆبەر»

بەلجیکا:

کاریل دگوخت ، وەزیری دەرەوەی بەلجیکا رایگەیاند: " بەلجیک هیچکات ئەو زمانە رقاوی و پرلەکینانەی پێپەسەند ناکرێت و ووتی: بە نیسبەت خۆمەوە دژایەتی ئەو لێدوانە نا مەعقوولانە دەکەم و ئەم مەسەلەیە بە جیدی دەمارگرژی ئێران لە ئاستی نێو نەتەوەییدا دەردەخات « بروکسل ٢٧ ئۆکتۆبەر»

کەنەدا:

سەرۆکی وەزیرانی کەنەدا " پۆل مارتین " رۆژی پێنجشەممە ووتەکانی ئەحمەدی نەژادی لە دژی ئیسرائیل بە توندی ئیدانەکرد و رایگەیاند: " ئەم قسانە پاشماوەی رەگەزپەرەستی و بیرۆکەی فاشیستیە کە لەمێژە سەردەمی بەسەرچووە " هەروەها حکومەتی کەنەدا باڵیۆزی یەکەمی ئێرانی بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕینی رەسمی لە سەر لێدوانەکانی سەرۆک کۆماری وڵاتەکەی بانگهێشت کرد و پۆل مارتین هەرەشەکانی سەرۆکی ئێرانی بە سوکایەتی کردن و بێ رێزی بە کۆمەڵگای "یەهوود" ناوزەدکرد و رایگەیاند: " ئێمە لە سەدەی ٢١ دا دەژین و سەردەمی ئەوجۆرە هەڵوێستانە بە سەرچووە.

ئیسپانیا:

میگیل ئانخول موراتینۆس، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسپانیا رایگەیاند: "ئێمە بەتوندی و بە جیدی قسەکانی ئەحمەدی نژاد رەتدەکەینەوە، هەردوابەدواش ئەم وڵاتە باڵوێزی ئێرانی لە وڵاتەکەی بانگهێشت کرد.«مەدرید ٢٧ ئۆکتۆبەر»

ئەمریکا:

کۆشکی سپی ئاشکرای کرد: " ووتەکانی ئەحمەدی نژاد بە تەواوەتی ئەوەی کە ئێمە سەبارەت بە ئێران بیرمان لێدەکردەوە دەرخست و راستیەکانی سەلماند و هەر بۆیەش ئەم مەسەلەیە وێرای سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە سەبارەت بە وزە ئەتۆمیەکانی ئەتوانێت مەترسیدار بێت« واشنتۆن ٢٦ ئۆکتۆبەر»

جۆبۆلتۆن، باڵیۆزی ئەمریکا لەنەتەوەیەکگرتووەکان (٣٠) ئوکتوبەر بەراشکاوی دژایەتی خۆی لەبەردەم ئەمینداری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ سەردانەکەی بۆ ئێران راگەیاندو وتی: (هیوادارم کە ئەمینداری گشتی هەموو فاکتۆرەکان و بریارەکانی لەسەر ئێران لەبەرچاو بگرێ).

کۆنگرێسی ئەمریکاو ئەنجومەنی پیرانی ئەو وڵاتە، هەرکام بریارێکی نوێیان لەسەر ئێران دا پاش ئەوەی مەترسی بۆسەر ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەراستیان هەستپێکرد. ئەنجومەنی پیران بەتوندی هەڵوێستە دژی ئیسرائیلیەگانی ئەحمەدی نەژادیان رەتکردەوە. هەروەهاداوای لەبۆش سەرۆکی ئەمریکا کرد کە بەناوی گەلی ئەمریکاوە قسەکانی ئحمەدی نەژاد ئیدانە بکات. هەروەها بەپێی ئەو بریارە ئەنجومەنی پیران، ئێران بەسەرچاوەی تیرۆر ناودەبات.

لەلایەکی تریشەوە کۆنگرێسی ئەمریکا بەبریارێکی هاوشێوەی ئەنجومەنی پیرانی سەبارەت بەلێدوانەکانی ئحمەدی نەژاد ئەو لێدوانانەی بەتوندی مەحکوم کردو داوایان لەنەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە ئێران لەو رێکخراوەیەدا دەربکرێت.

ئیسرائیل:

دان گیلرمان، باڵیۆزی ئیسرائیل لەنەتەوەیەکگرتووەکان رۆژی (٧)ی ئۆکتۆبەر نامەیەکی فەرمی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان ناردو داوای دەرکردنی ئێرانی لەو رێخراوەیەداکرد (ردیۆکەنەدا ٧ م ئۆکتۆبەر) هەروەها رایگەیاند بەپێی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر وڵاتێک کە داوای لەناوچوون و دژایەتی وڵاتێکی تر بکات، بۆی نیە لەو رێکخراوەیەدا خاوەن کورسی بێت کەوابوو دەبێ ئێران وەدەربنرێت.

فەرەنسا:

یەکەم وڵات کە لەوبارەیەوە هەڵوێستی گرت (لۆمۆند ٢٧ ئۆکتۆبەر) ژاک شیراک سەبارەت بەلێدوانەکانی ئەحمەدی نەژادەوە گوتی: (ئەم وتانە زۆر بێماناو نامەعقولن) فیلیپ دۆستی بلازی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە رایگەیاند، کە وڵاتەکەی بەتوندی ئەو وتانەی سەرۆک کۆماری پاوانخوازی ئێران ئیدانە دەکات و هەروەها وتی: لای فەرەنسا هیچ شێوەیەک نارەزایەتی بۆبوونی ئیسرائیل پەسەند ناکرێت. مافی نێونەتەوەیی بۆ هەموانەو لەمبارەیەوە باڵیۆزی ئێرانمان بۆ لێپرسینەوە سەبارەت بەوتەکانی سەرۆک کۆمارەکەی بانگهێشت کردوە بۆ وەزارتی دەرەوە.

بەریتانیا:

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەقسەکانی خۆیدا دوابەدوای لێدوانەکەی ئەحمەدی نەژاد بەتوندی ئێرانی تاوانبار کرد.

تۆنی بلێر لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: ئەگەر رێبەرانی ئێران بەوشێوازە لەهەڵوێستەکانی خۆیان بەردەوام بن بێگومان لای رای گشتی جیهان دەیسەلمێنن کە ئێران هەرەشەیەکی گەورەیە دژی ئاسایشی جیهان. هەڵسوکەوتی ئێران سەبارەت بەئیسرائیل و تیرۆریزم و چەکی ناوکی پەسەندنەکراوە و رەفزە کرێتەوە. هەروەها رایگەیاند: ئەگەر وەها بچینەپێش بەدڵنیاییەوە خەڵکی داوا لەئێمە دەکەن کە هەڵوێست بگرین.

نەتەوە یەکگرتوەکان:

کۆفی ئەنان ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان، پەژارەو ئیدانەی خۆی بۆ لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژاد دەربڕی.

شایانی باسە سەفەرەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ ئێران هەر لەبەرئەو لێدوانانە پەکی کەوت و دواخرا بۆ کاتێکی نادیار.

یەکیەتی ئەورووپا:

رێبەرانی ئورووپا، لەهامپتۆن کورت لەنزیک لەندەن کۆبوونەوەو قسەکانی ئەحمەدی نەژادیان بەتوندی ئیدانەکرد. ئەوان ئاشکرایان کرد: بانگێشتکردن بۆ لەناوبردنی دەوڵەتێک دژی بەرنامە نێونەتەوەییەکانەو ئەم جۆرە قسانە، قسەی کەسێکی بەئەزمون و مەسئول لەکۆمەڵگادا نیە. هەروەها رایانگەیاند: ئەم قسانە تورەیی و هەرەشەیەکی راستەوخۆی ئێرانە وێرای پێداگریەکانی لەسەر چەکی ناوکی.

جۆزف بورل، سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا ئاشکرایکرد کە بەراستی پاش لێدوانەکەی ئەحمەدی نەژاد تووشی سەرسوڕمان و بێبڕوایی بووم.

ئێران:

وێڕای نارەزایی و ئیدانە نێونەتەوەییەکان پاش وتەکانی سەرۆک کۆماری ئێران، ناوبراو رۆژی هەینی لە(رۆژی قودس) دا کە ئایەتوڵا خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆیەکگرتوویی و پشتیوانی موسڵمانانی جیهان لەدژی زۆرداران ئەو رۆژەی داناوە. ٧ ی ئۆکتۆبەر رایگەیاند کە لێدوانەکانی سەبارەت بەلەناوچوونی ئیسرائیل راست و تەواون. هەر لەورۆژەدا ئاڵای ئیسرائیل و ئەمریکا سوتێنرا.

لەلایەکی ترەوە سەرۆک کۆماری پێشوی ئێران رایگەیاند: (ئێمە نابێت هەڵوێستێک بگرین کە باروودۆخی ئابوری و سیاسی ئێران لەجیهاندا توشی کێشە بێتەوە).

بەپێی وتەکانی (موحەمەد عەلی ئەبتەحی) راوێژکاری پێشوی سەرۆک کۆمار قسەکانی ئەحمەدی نەژاد تەنها بۆ ناوخۆی وڵات وتراوە.

ئەحمەدی نەژاد رایگەیاند: لێدوانەکەی ئەو سەبارەت بەئیسرائیل دوپاتکردنەوەی هەمان لێدوانەکانی خومەینی بوو کە ٢٧ ساڵ لەوەوپێش رایگەیاندبوو. ئێران دوای ئەو نارەزایەتی دەربرینانە، رۆژئاوای بەوە تاوانبار کرد کە ئەو قسانەی سەرۆک کۆماری کردۆتە دارەدستی بۆ شەڕخوازی و بیانو بۆ گوشارخستنەسەر ئەو وڵاتە بۆ مەسەلە ئەتۆمیەکان.■

سەرچاوە: (دستیفو)

لە رۆژهەڵاتەوە

رایس: هیچ پێشنیارێک بۆ ئاشتی لەگەڵ ئێران لەئارادا نییە

بەگوێرەی هەواڵی رادیۆی ئەمریکا، دیپلۆماتە بیانیەکان دەڵێن: ئەمریکاو ئەووروپا خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێنانە ئارای پێشنیارێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ ئێران بۆ ئەوەی ئیزنی هێنانە بەرهەمی یەک لەرەوتەکانی بەرهەم هێنانی سوتەمەنی ئەتۆمی لەناوخۆی ئێراندا بدرێت، بەڵام سەرجەم چالاکیەکانی دیکە بەمەبەستی پیتاندنی یۆرانیۆم لەروسیا بەرێوەبچێت.

کۆندەلیزا رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆڵی واشنتۆنی لەم بارەدا رەتکردەوەو رایگەیاند: هیچ پێشنیارێکی وا لەئارادا نییە. شایەنی باسە، ئێران پاش رەتکردنەوەی داخوازیە نێو نەتەوەییەکان سەبارەت بەراگرتنی تەواوی پیتاندنی یۆرانیۆم، ماوەیەک لەمەوبەر، چالاکی ناوکی خۆی دەست پێکردەوە.■

بوش، بۆ ساڵێکی دیکە ئابلۆقەی ئابوری ئێرانی تازە کردەوە

کۆشکی سپی رایگەیاندکە جۆرج بوش، بۆ ساڵێکی دیکە ئابلۆقەی ئابوری لەسەر ئێران تازە کردەوە. شایەنی باسە، بریاری ئابلۆقە لەسەر ئێران لەساڵی ١٩٧٩داو هاوکات لەگەڵ راپەرینی گەلانی ئێران، لەلایەن جیمی کارتەرەوە دەرچوو. ئەو بریارە لەلایەن سەرکۆمارەکانی ئەمریکاوە بەردەوام تازەکراوەتەوە.

بوش سەبارەت بەم بریارە لەنامەیەکدا بۆ ئەندامانی پەرلەمانی ئەمریکا رایگەیاندووە: پەیوەندیەکانی ئێمەو ئێران نەگەراوەتەوە بۆ دۆخی ئاسایی. هەروەها رایگەیاند: کەسیاسەت و کردەوەی ئێران لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا دژایەتی هەیەو هەربۆیەش مەترسیەکی بەردەوام دەبێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەکی و ئابووری واشنتۆن.■

ئێران:
بانگهێشتی رۆژنامەوانان بۆ دادگا

پاش بانگهێشت و گیران و حوکمدانی محەمەد سدیق کەبودوەند، رۆژنامەوان و سەرنووسەری هەفتەنامەی (پەیامی مەردوم) بەساڵێک زیندانی و ٥ ساڵ بێبەشکردن لەخاوەنداریەتی و پیشەی رۆژنامەوانی و داخستنی ئەو هەفتەنامەیە بۆ هەمیشە، ژمارەیەک لەئەندامان و ئەنجوومەنی نووسەران و تەنانەت ئەو کەسانەش کە وتاریان بۆ ئەو هەفتەنامەیە نووسیوە بانگهێشتی دادگاکراون.

تونیا کەبودوەند بەرپرسی بەشی ژنان لەهەفتەنامەی (پەیامی مەردوم) بەتاوانی پەرەپێدانی کوفرو هاندانی لاوان و ژنان بۆ دوورکەوتنەوە لەدین لەلایەن (ئەمجەدیان) سەرۆکی دادگای لقی یەکەمی شاری سنەوە ئاگادارکراوەتەوە. هەروەها، ئیجلال قەمامی، کاوە حسێن پەناهی، جەمشید وەزیری، جەهانگیر هاشمی، مەجید محەمەدی و یوسف عەزیزی، بانگهێشتی دادگاکراون.

شایانی باسە هەر لەم میانەدا، دەستەی چاوەدێری رۆژنامەکان و هەفتەنامەکانی خوێندکاران، سەرنووسەری هەفتەنامەی خوێندکارانی زانکۆی زەنجان، (رێحانە پوورغەنی) بانگهێشتی دادگا کراوەو لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە.■

عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک بۆ "چاودێر" :

گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان لەم بارودۆخەی ئێستادا دژی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) ە، داوایش لەئاوارە گەڕاوەکان دەکەم نەگەڕێنەوە سلێمانیو هەولێر

سازدانی: چاودێر

سەبارەت بەهەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کەتایبەتە بەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شێوێنراوی کەرکوک و پاراستنی باری ئەمنی شارەکەو جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەشاری کەرکوک و چەندین تەوەرەی تر، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوکدا سازکرد.

چاودێر: جێبەجێکردنی مادده (٥٨) گەیشتۆتە کوێ؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: لەڕاستیدا کێشەی مادەی (٥٨) بۆتە کێشەیەکی سەرەکی شاری کەرکوک، ماددەی (٥٨) وەکو ماددەیەکی ئاسایی کە داڕێژراوە لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕبوو، فشارێکی زۆر خرایە سەر بەغدا چ لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیەوە چ لەلایەن ئێمە وەک ئیدارەی کەرکوک وەک ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، هەوڵو تێکۆشانێکی زۆرماندا بۆئەوەی ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە سستیەکی هێجگار زۆر ئەبینرێو رەچاوئەکرێ لەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا.

ئەوەی کەکراوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) لەسەردەمی حکومەتی (ئەیاد عەلاوی)دا لیژنەیەک پێکهێنرا تەنها سەرۆک لیژنەکە دیاریکرا کەبەڕێز (حەمید مەجید موسا) بوو، دوای ئەوە هیچ هەنگاوێکی تر نەنرا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە.. هەموو ئاگادارین لەپێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ٣٠ی کانونی دووەمی ئەمساڵ گلەیی و گازندەیەکی هێجگار زۆر ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرا سەبارەت بە جێبەجێنەکردنی ماددەی (٥٨)، ئەوەبوو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر ئاستێکی بەرز وەفدێک کە پێکهاتبوو لەبەڕێز مام جەلالو کاک نێچیرڤان بەرەو بەغدا رۆیشتنو گفتوگۆیەکی چڕوپڕیان کرد لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانو رێککەوتن لەسەرئەوەی بەنوسراوێکی رەسمی ئەبێ دوای جێبەجێکردنی یان هەڵبژاردنی حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراق واتە ئەو حکومەتەی کەئێستا بەسەرۆکایەتی د.ئیبراهیم جەعفەریە لەنێوان مانگێکدا دوای هەڵبژاردن دەست بکرێت بەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیەو ئەو رێکەوتنەی ئەنجام دراو کەئیمزاکرا لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەوکات کەشێخ غازی ئەلیاوەر بوو، هەروەها د.ئەیاد عەلاوی کەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو و بەپاڵپشتی هەردوو سەفیری ئەمریکاو بەریتانیا بەشێوەیەکی رەسمی ئیمزایان کردبوو، کەئەبێ ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵام زۆر جێیداخە دوای ئەوەی حکومەتی ئێستای عێراق لە ٥/٣ بەشێوەیەکی رەسمی دامەزرێنرا، تائێستا هەنگاوێک نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە کەئەوەش بۆتە مایەی گلەیی و گازندەی خەڵکی کەرکوکو هەموو خەڵکی کوردستانیش، ئەوەی کەسەرنج راکێشەرە بەحەقیقەت ئێمە هیچ هۆیەک نابینین بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو ماددەیە، چونکە ئەو ماددەیە دور لەمەسائلی سیاسیو دوور لەهەموو شتێک هیچ شتێک لەخۆی ناگرێ هیچ شتێک ناکاتە سەر کەرکوک لەوە زیاتر کەبەشێک لەسیاسەتە چەوتەکانی سەددام کەئەنجام دراوە لەسەر ئاستی ئەم پارێزگایە راست ئەکاتەوە، ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەسەر کەرکوک بوونەو ئێستا ئەمانەوێ بگەڕێنەوە سەر کەرکوک، خۆی لەڕاستیدا لەسەر کەرکوک بووە لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا لەدوای ساڵەکانی (١٩٧٠)ش نەک (١٩٦٨) لەساڵەکانی (١٩٧٥) و (١٩٧٦) ئەو قەزاو ناحیانە لەکەرکوک کراونەتەوەو لکێندراون بەپارێزگاکانی دەوروبەری کەرکوک، ئەو خەڵکەی کەدەرکراون لەکەرکوک خەڵکی کەرکوکن، خەڵکی رەسەنی کەرکوکن، هیچ هۆیەک نەبووە تەنها لەبەرئەوەی کە کورد بوونەو تورکمان بوونە لەشارەکە دەرکراون بەمەبەستی گۆڕینی سیمای نەتەوایەتی پارێزگاکە، ئەو خەڵکەی لەخواروو هێنراون بۆ کەرکوک هەر بۆ ئەو مەبەستە هێنراون.. لەبەرئەوە هیچ هۆیەک نابینین لەسستی جێبەجێکردنی ئەوماددەیە. بۆیە ئێمەش وەک ئێوە پرسیار ئەکەین ئایا بۆ تائێستا هیچ هەنگاوێک نەنراوە؟

ئێمە دڵخۆشینو گەشبینین، بەوەی کە ماددەی (٥٨) وەک ماددەیەکی دەستوری لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا جێگیرکراوە، کە ئەو دەستورەش لەلایەن زۆرینەی گەلانی عێراقەوە وەک ماددەیەکی دەستوری لەمادەی (١٣٦)دا پەسەند کراوە، کەئیتر ئەوە هیچ دەرفەتێک ناهێڵێتەوە بۆ فەرامۆشکردنو جێبەجێنەکردن.. ئەوەندەی کە کراوەو دوای ئەو فشارەی کەکرایە سەر بەغدا لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە بڕیارێک دەرچووە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە د.ئیبراهیم جەعفەری ئاراستەی وەزارەتی دارایی عێراق کراوە کەگوایە تیایدا بڕیار دراوە بڕی دوو سەد ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک، بەڵام ئەوە کەلە(٢٠٠٥/٩/٢٦)دابووە، نوسخەیەکیش لەو نوسراوە گەیشتۆتە ئێمە بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێکی فیعلی نەنراوە بۆ سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ لیژنەی تایبەت بەئاساییکردنەوەی کەرکوک.

ئێمە نەک لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەڵکو لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەو وەزارەتانەی لەبەغدا کاردەکەن، کێشەو ململانێمان هەیە.. زۆریان هەندێ سیاسەت دەگرنە بەر کەدژ بە کەرکوکە

چاودێر: ئایا جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە تەنها لەئەستۆی حکومەتی عێراقیدایە؟ پرسیار ئەوەیە: تاچەند سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەرپرسیارێتی لەئەستۆدایە لەئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شێوێنراوی کەرکوک؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: لەڕاستیدا بەرەئی من دەوری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەردوو ئیدارەکەیشەوە لەوەدایە کە ئەبێ کارێکی جددی بکەن وەکو کردوشیانە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، چونکە لەڕاستیدا ئەگەر بێتو باری یاسایی وەرگرین حکومەتی فیدراڵی بەغدا ئێستاکە ئەو بەرپرسە لەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، ئەو بەرپرسە لەتەرخانکردنو دابینکردنی بودجەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک چونکە ئێستا کەرکوک تائێستاش لەسەر ئیدارەی حکومەتی فیدراڵە، لەبەرئەوە دەبێ هەموو بودجەکە لەوێ دیاری بکرێو تەرخان بکرێ بەڵام ئەوەنەی ئێمە ئاگادارین هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بەهەموو شێوەیەک بەشداری بکەن گەر بێتو بەغدا هەنگاوبنێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە، ئەوانیش کەمتەرخەمی ناکەنو بەشدارئەبن لەجێبەجێکردنی ماددەکە. بەڵام بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە سەر حکومەتی بەغدا چونکە ئەوان بەرپرسن لەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بەتایبەتی ئێستا ئێمە کێشەکانمان زۆربەی کێشەی کەرکوک پەیوەندی بەکەرکوکەوە نیە ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەکەرکوک کراونەتەوە لکێندراون بەشارەکانی تر دوانیان لکێندراون بەسلێمانی کەچەمچەماڵو کەلارە ئەو دووانەکەی تر کفری بەدیالەو دوزیش بەسەلاحەدین. ئەمانە دەبێ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە چارەسەربکرێن.

چاودێر: هەندێ لەو ماڵە عەرەبە هاوردانەی لەکەرکوکەوە گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی پێشوی خۆیان، دەنگوباسی ئەوە لەئارادایە کە لەلایەن هەندێ لەلێپرسراوانی حکومەتی عێراقەوە کۆمەک ئەکرێن بۆ دووبارە گەڕانەوەیان بۆ شاری کەرکوک، جەنابتان هیچ بەڵگەیەکتان لایە بیسەلمێنێ ئەمە راستە یان نا؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نیە کە حکومەتی بەغدا پاڵپشتی ئەو خەڵکانە بکات بگەڕێنەوە، بەڵام گەڕانەوەی ئەو خەڵکە لەم بارودۆخەی ئێستادا دژی جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)ە، لەبەرئەوە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە بڕیاری ئەوەمان داوە هیچ کەسێک حەقی گەڕانەوەی نەبێ تەنها ئەوانە نەبێ کەخەڵکی کەرکوکن، بۆئەوەی بارودۆخی کەرکوک نەشێوێنرێ..و ئێمە ئیجرائاتی خۆمان وەرگرتوە بۆ رێگرتن لەهەر کەسێک بێ نەک هەر ئەوانەی کەهاتوونو گەڕاونەتەوە بۆ ئەو جێگایانەی لێی هاتبوون، بەڵکو لەم بارودۆخە ئێستادا کەس بۆی نەبێ بێتە کەرکوک تاکو بارودۆخی کەرکوک ئاسایی نەکرێتەوە، دوای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک ئەوکاتە قسەیەکیتر لەمەوزوعەکە ئەکرێ.

چاودێر: وەک ئاگادارین نزیکەی (٧٢٠٠) ماڵی عەرەبی هاوردە ئێستا ئامادەی گەڕانەوەن بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان، هۆی کەمتەرخەمی گەڕانەوەیان چییە؟ بۆچی هاوکاری ناکرێن تا بگەڕێنەوە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: بەرەئی من هۆی نەگەڕانەوەیان دیسان ئەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی ماددەی (٥٨)، چونکە بڕگەی سەرەکی ماددەی (٥٨) یەکێک لەبڕگەکانی ئەوەیە کەئەبێ ئەو کەسانەی هێنراونەتە کەرکوک ئەبێ قەرەبووبکرێنەوە، قەرەبوکردنەوەکەشیان ئەبێ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوەبێ، بۆ نمونە ئەو دوو سەد ملیۆن دۆلارەی تەرخانکراوە ئەبێ بەشێک لەوانە ئەو خەڵکەی پێ قەرەبوو بکرێتەوە، بۆیە من دیسان هۆیەکەی ئەگەڕێنمەوە بۆ ئەو خەڵکانە، بەڵێ خەڵکێکی زۆر ئامادەن بگەڕێنەوە چونکە ئێمە بەڕاستی ئەوانیش بەقوربانی سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکانی رژێمی سەدامیان ئەزانین ئەوانیش هەڵکەندراون لەزێدی باوباپیری خۆیانو هێنراونەتە جێگایەک کەجێگای خۆیان نیە، خاکی خۆیان نیە وەک چۆن خەڵکی ئێمە بەکوردو تورکمان کەدەرئەکران رەوانەی شارەکانیتر ئەکران، ئەوانیش دەرکراونو هاتونەتە ئێرە.

ئەوان ئێستا ئەگەر بەرژەوەندییەکیان پەیابێ لەکەرکوک، ئەبێ قەرەبوو بکرێنەوە هەر لەناحیەی مرۆیشەوە ئەبێ قەرەبووبکرێنەوە، ئەبێ قەرەبووی ئەو ماڵو موڵکەیان بکرێتەوە کەهەیانە، دیسانەوە ئەم قەرەبوونەکردنەوەیە ئەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی ماددەی (٥٨). ئەگەر دەستبکرێ بەجێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) و بودجەی بۆ دیاری بکرێ، بەتەئکید ئەو خەڵکانە قەرەبووئەکرێنەوەو هەرچ کەس ئامادەیە بچێتەوە جێگەی خۆی.

چاودێر: لێپرسراوانی هێزەکانی پۆلیس لەشاری کەرکوک گلەیی زۆریان لەوەزارەتی ناوخۆی عێراق هەیە کەهیچ هاوکاریەکیان ناکات، چ لەرووی دامەزراندنو لەرووی نەسریەو ئۆتۆمبیلو هەموو شتێکەوە. بۆ ئەم مەسەلەیە هەڵوێستی جەنابتان چۆنە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: ئەو شتە زۆر زۆر راستە، ئێمە نەک هەر لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بەڵکو لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەو وەزارەتانەی کە لەبەغدا کارئەکەن، کێشەمان هەیە، ململانێمان لەگەڵیان هەیەو زۆریان هەندێ سیاسەت دەگرنە بەر کەدژ بەخەڵکی کەرکوکە لەناحیە دامەزراندنی خەڵکی کەرکوک، و ئێمەش رەتمانکردوونەتەوە.

لەڕاستیدا وەزارەتی ناوخۆ هەتا ئێستا هیچ هاوکاریەکی ئێمەی نەکردووە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی پۆلیس، بۆ نمونە کاتی خۆی کە پۆلیسمان بۆ دانرا ژمارەیەکمان بۆ تەرخانکرا، ئەو ژمارەیە چەند جار ئێمە هەوڵماندا ئەو ژمارەیە زیادبکرێ لەچەندەها کۆنفرانس کەئێمە ئامادەبوین تیایو وەزیری ناوخۆی عێراقیش کەئامادەبووە هەوڵی ئەوەمان داوە ئەو ژمارەیەمان بۆ زیادبکرێ کەچی نەک ئەو ژمارەیەمان بۆزیادنەکراوە وموافەقەنەکراوە لەسەر زیادبوونی ئەو ژمارەیە، بەڵکو ئێمە لەسەرەتاوە ئەگەر پۆلیسێکمان شەهیدبوایە یاخود بەهەر شێوەیەک پەیوەندی بەپۆلیسەوە نەمایە، ئێمە خۆمان قەرەبوومان ئەکردەوە، خۆمان یەکێکی ترمان دائەنا لەجێگەی ئەو و موچەکەی بۆ سەرف ئەکرا، ئێستا ئەو رێگەیەشیان لێ گرتووین.

ئێستا ئێمە رۆژانە پۆلیسمان لێ شەهید ئەکرێ، پۆلیس کەم ئەکاتەوە، بەڵام ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵو تێکۆشانەی کەئێمە داومانە لەگەڵیان، لەگەڵ ئەو هەموو چاکەی بۆیانمان کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو فشارەی لەهەموو لایەکەوە ئەیکەین بەسەریان، هیچ ئامادەییەکیان پیشان نەداوە بۆئەوەی قەرەبووی ئەو پۆلیسانە بکەنەوە کەئێستا ژمارەیان لەکەمبوونە، ئەو پۆلیسانەی شەهید ئەکرێنو پەیوەندیان بەپۆلیسەوە نامێنێ، ئەوە بۆتە هۆی کێشەیەکی گەورە بۆ چارەسەرنەکردنی بارودۆخی ئەمنی لەپارێزگای کەرکوک بەشێوەیەکی رێکوپێک تر، چونکە ئێمە زۆرجار گلەییو گازندەی خۆمان کردووە، تەنانەت پێداویستیو دابینکردنی پێداویستیەکانی پۆلیس ئەو شتانەی کەپۆلیس ئەیەوێ کاری پێ بکات، ئەوان پێی هەڵناسن، بۆیە ئەو گلەییەی کەئەوان ئەیکەن زۆر راستەو چەند جارێک باسی ئەوەمان کردووە لەگەڵ هەموو لایەنەکان باسمان کردووەو بەنوسراو ناردومانە بۆبەغدا، بەڵام ئەوان بەدەنگمانەوە نەهاتوون.

چاودێر: ئەی لەوبارەیەوە هەڵوێستی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەشاری کەرکوک چۆنە، لەکاتێکدا ئەبینین رۆژانە کردەوەی تیرۆریستی لەشارەکەدا لەپەرەسەندندایە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: هێزەکانی فرەرەگەز کەئێستا لەعێراقدان، لەدوای بەخشینەوەی دەسەڵات بۆ عێراقیەکان لە ٢٠٠٤/٦/٢٨، ئەوان وەکو دەسەڵات کشانەوەو بەردەوام ئامادەیی خۆیان نیشانداوە هەرکاتێک ئێمە پێویستمان پێیان بێت، یارمەتیمان ئەدەن ئێمەش هەر کاتێک داوای هاوکاریمان لێیان کردبێت هاتوونەتە پێشەوە، بەڵام ئەوان بەشێوەیەکی رەسمی تەدەخولی ئەوە ناکەن سەبارەت بەو گلەییو گازندانەی ئێمە لەگەڵ بەغدادا هەمانەو ئەوان بەکێشەی خۆمانی ئەزانن و لەڕاستیشدا هەر کێشەی خۆمانەو ئەبێ هەر خۆشمان وەکو عێراقیەکان چارەسەری بکەین.

چاودێر: ئەبینین ماڵە ئاوارەکان لێیان ئەگەڕێتەوە بۆ هەولێرو سلێمانی، پێت وا نییە هۆکەی ئەوە بێ جگە لەپارچە زەوییەک کەهیچ زەمانەتێک نییە ببن بەخاوەنی، هیچی تریان بۆ نەکراوە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: بەڵێ راستە هیچیان بۆ نەکراوە، بەڵام ئێمە وەکو ئیدارەی کەرکوک کەم تەرخەمیمان نەکردووەو ئەوەی لەتوانامانداا بووە بۆیانمان کردوەو هەوڵمانداوە لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکانداو لەگەڵ هەموو لایەنە ناحکومیەکانیشدا، بۆئەوەی بتوانین خزمەتگوزاریان پێشکەش بکەین، بەڵام ئەو خزمەتگوزاریانەی تائێستا بۆیان جێبەجێ کراوە، هیچی لەئاستی پێویستدا نەبووە.. راستە تەنانەت پارچە زەوییەکەش بەشێوەیەکی رەسمی دابەشنەکراوە بەسەریانداو شتێکی (غیر رەسمیە) راستە ئاوارەکان تائێستا بەهیچ شێوەیەک قەرەبوونەکراونەتەوە، ئەمەش دیسان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی (٥٨)، بەڵام یەک راستی هەیە ئەبێ هەموومان بیزانین ئەویش ئەوەیە ئەبێ ئاوارەکان خۆراگربن کە گەڕانەوەیان بۆ سلێمانیو هەولێر چارەسەر نییەو ئەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر مەسەلەکەمان دوابکەوێ.. چەندین جار خەڵکی بێگانەم هێناوە تەنانەت کونسولی ئەمریکیو زۆر لەبەرپرسانی بیانی ناردومن بۆ ئەوەی وەزعیان بزانن و چۆن ئەژینو ئەوانیش پاڵپشتی ئێمە بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بۆیە من داوایان لێ دەکەم هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە کەرکوک جێبهێڵن، چونکە زێدی باوو باپیریانەو ئەبێ کێشەکەیان هەر چارەسەربکرێو چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکوکو چارەنووسی کەرکوک بڕیارە تا کۆتایی (٢٠٠٧) کۆتایی پێ بێت، بۆیە پێویستە بەهەموو لایەک فشار بخەینە سەر لایەنە پەیوەندارەکانو کاربکەین بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)، بەڵام بەکۆڵدانو بەوازهێنان لەو کێشەیە لەسەر دەستی خۆمان کارێکی زۆر خراپەو ئەو مادەیەش هەر جێبەجێ دەکرێ.

کاتی ئەوە هاتووە ئێمەی کەرکوکی لەداهاتی شارەکە سودمەندبینو داوام لەلایەنە پەیوەندیدارەکانیش کردووە رێژەیەک لەنەوتی کەرکوک بۆ کەرکوک تەرخان بکرێ

چاودێر: هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ کراون، بەڵام شەقامی کەرکوک بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، پێیان وایە ئەوە لەخوار خواستی ئەوانەوەیە لەڕووی ئاوەدانکردنەوە..و پرسیارمان ئەوەیە: بۆ شتی زیاتر ناکرێ.

عەبدولڕەحمان مستەفا: ئێمە هەموو لایەنە سیاسیەکانو پەیوەندارەکان ئاگادارن کەبودجەمان نییە، ئەوەشی جێبەجێ کراوە، بەهەوڵو تەقەللای خۆمان بووە. لەسەردەمی کابینەکەی (ئەیاد عەلاوی)دا جەنابی (دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح) کە سەرۆکی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بوو، سوپاسی ئەکەین خەمخۆر بوو بۆمان، دوای ئەوەی کەچاومان پێکەوت، بڕیاریدا (١٠٠) ملیۆن دۆلارمان بۆ تەرخان بکرێ وەکو قۆناغی یەکەمو وتیشی قۆناغی تری بەدواوە ئەبێ، لەو (١٠٠) ملیۆن دۆلارە خۆی بەدەستی خۆی (٢٥) ملیۆن دۆلاری بۆ هێناین بۆ کەرکوک لە ٢٠٠٥/١/١٩دا ئێمە توانیمان بەو پارەیە کۆمەڵێک پرۆژە جێبەجێبکەین. دوای گۆڕینی کابینەکەی (عەلاوی) ئێمە داوای (٧٥) ملیۆن دۆلارەکەی ترمان کرد، ئەوان نکوڵیان لێکردو زۆریش هەوڵماندا لەدواییدا دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری بڕیاریدا (٥٠) ملیۆن دۆلارمان بۆ سەرف بکات دوایی کردیان بە (٢٨) ملیۆن دۆلارو تاوەکو ئێستاش ئەو پارەیە نەگەیشتۆتە ئیدارەی کەرکوک بەڵام وەعدیان داوە بۆمان سەرفبکەن.. ئێمە بەو پارەیە (٤٢) پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ دەکەینو ئەو پرۆژانەمان لەرۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوەو ئیحالەشمان کردوون بۆ بەڵێندەرەکان بێن کاری تیا بکەنو ئێمە بەردەوام هەوڵمانداوە لەگەڵ هێزەکانی فرەرەگەزدا تاوەکو لەرێی حکومەتی عێراقەوە شارەکە ئاوەدانبکەینەوەو بودجەمان بۆ تەرخان بکرێ.

لەلایەن هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستانیشەوە چەند پرۆژەیەک ئەنجام دراوە، ئینجا توانیومانە ئەو کارانە بکەین هەرچەندە لەخوار خواستی خەڵکەوەیە، بەڵام هەر ئەوەنەمان بۆ کراوە، من زۆرجار لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا قسەم کردووە کەکەرکوک لەڕووی نەوت، کشتوکاڵ، سەرچاوە ئاوییەکان، کانزاکان، زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام بەداخەوە لەساڵی ١٩٢٧ ەوە بەشێوەیەکی تجاری نەوت لەکەرکوک دەرئەکرێ، خەڵکی شارەکە بەهیچ شێوەیەک لێی سودمەند نەبوون، بەڵکو نەوت بووەتە مایەی نەگبەتیو سەرئێشە بۆکەرکوک، هەر بەداهاتی شارەکە خۆی دیموگرافی کەرکوک شێوێنراوە، خەڵکەکەی راگوێزراوەو کیمیاباران کراوین، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئێمەی کەرکوکی لەداهاتی شارەکە سودمەند بین. من داوام لەلایەنەپەیوەندارەکان کردووە رێژەیەک لەنەوتی کەرکوک بۆ کەرکوک تەرخان بکرێ.

چاودێر: کێشەیەکی گەورە هەیە لەڕووی سوتەمەنییەوە هۆی چییە؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: بەوپێیەی کەرکوک سەرچاوەی نەوتە ئەبوایە پالاوگەیەک لەشارەکەدا هەبوایە، بەڵام لەو رووەشەوە کەرکوک فەرامۆشکراوە، ئێمە ئێستا اعتماد ئەکەینە سەر ئەو سوتەمەنییەی لەپالاوگەی (بێجی)یەوە دێ، نەوتی خام لەبیرەکانی کەرکوکەوە دەرئەکرێو بەبۆری ئەچی بۆ پالاوگەی بێجیو هەفتەی چەند جارێکیش ئەو بۆریانە ئەکەونە بەر پەلاماری تیرۆریستانو ئەتەقێنرێنەوە، ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی نەوت نەگاتە پالاوگەکە، دووبارە کە برە نەوتەکانمان بەتانکەر دێتەوە، زۆرجار تیرۆریستان لەرێگای کەرکوک - تکریت ئۆتۆمبیلەکانیان سوتاندووەو شۆفێرەکانیان کوشتوە.. چەند رۆژێک لەمەوبەر لەکەرکوک لەگەڵ هەردوو وەزیری نەوتو کارەباو هێزەکانی فرەرەگەزو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کۆبووینەوەو گەیشتینە ئەوەی بەزوترین کات پلانێکی ئەمنی توند دابنرێ بۆ پاراستنی بۆریە نەوتەکانی کەرکوک - بێجی، تا پالاوگەیەک لەکەرکوک دروست ئەکرێ، و زۆریش لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا باسی دروستکردنی پالاوگەیەک لەکەرکوک دەکەین، بەڵام تائێستا ئەو پرۆژەیە جێبەجێنەکراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ دابەشکردنی سوتەمەنی پلانێکی رێکوپێکمان دارشتووە کەبەپێی ئەو رێژەیەی هەمانە، بەکارت دابەشی دەکەین بەسەر خەڵکدا.

چاودێر: حکومەتی عێراق لەهەموو روویەکەوە لەرووی سیاسی، ئەمنی، تەنانەت ئاوەدانکردنەوەیش بەتەواوەتی کەرکوکی پەراوێزخستووە، ئایا هەردوو ئیدارەکەی هەرێم ناتوانن لەبری حکومەتی فیدراڵی، ئەوان خزمەتی کەرکوک بکەن؟

عەبدولڕەحمان مستەفا: ئێمە ئیدارەکەمان سەر بە بەغدایەو ئەوان بەرپرسیارن لەدابینکردنی هەموو پێداویستیەکانمانو هەروا چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام حکومەتی هەرێم کەخەمخۆری ئەم شارەن بەهەردوو ئیدارەکەیەوە هەوڵدانی ئەوانیش کارێکی زۆر باشەو پێویستیشە، هەرچەندە بەشداریانکردووە لەچارەسەرکردنی کێشەکانمانو یارمەتی ئێمەیان داوە لەزۆر بواردا چی لەبواری خزمەتگوزاری، پەروەردە، زانکۆ دامەزراندنی خەڵک، بوارەکانی تر، کەمتەرخەمیش نەبوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر حکومەتی بەغدا حەقی خۆمان نەداتێ بەمەش چارەسەری کێشەکانمان ناکرێ، حەقی خۆمان لەسەریانەو ئەبێ حەقی خۆمان بدەنێو وازیش لەحەقی خۆمان ناهێنین، هەموو داهاتی کەرکوک ئەچێتە خەزێنەی بەغداوە، بۆیە هەر بەغدا بەرپرس ئەبێ بەشی کەرکوک بەرێکوپێکی بداتەوە، هەربۆیە ئێمە زۆرتر داواکاری خۆمان ئاراستەی حکومەتی بەغدا ئەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوا لەهەردوو ئیدارەکەی هەرێم دەکەین چاویان لێمان بێتو هاوکاریمان بکەن، رژێمی بەعسی رووخاو بەدرێژایی (٣٥) ساڵ بەهەموو ئیمکانیەتیەوە توانیوێتی ئەم بارودۆخە تاڵەی ئەمرۆ دروست بکات، ئێمە چۆن ئەتوانین لەم بارودۆخی ئاڵۆزە لەماوەی (٣) ساڵدا، هەموو ئەو سیاسەتە خراپانە لابەینو بینایەک دروست بکەین کەبەدڵی خۆمان بێ.■



بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک:

× هیچ پلانێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکوک لەرووی ئەمنیەوە لەئاردا نییەو، هیچ کەسو لایەنێکیش هاوکاریمان ناکا × ئەو تیرۆریستانەی لەلێکۆڵینەوەدا ئیعتراف دەکەن، دواتر لەلایەن دادگاوە ئازاددەکرێن!

سازدانی: هاشم جەمیل - کەرکوک

سەبارەت بەپاراستنی باری ئەمنی شاری کەرکوکو دارشتنی پلانی نوێی هێزەکانی پۆلیس بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکەو هەروا رادەی هاوکارکردنی هێزەکانی پۆلیس لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقو هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ عەمید (سەرحەد قادر) بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوکدا سازکرد:

× هیچ پلانێکی نوێ لەئارادایە بۆ کۆنترۆڵکردنی شاری کەرکوک لەرووی ئەمنیەوە؟

- نەخێر، هیچ پلانێکی نوێ لەئارادا نییە.. راستە ئێمە رۆژانە لەوبارەیەوە کۆبونەوە ئەکەین، بەڵام کۆبونەوەکانمان هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی بەدواوە نییە کەمایەی دڵخۆشی بێ بۆ ئێمەو هاووڵاتیان.

× بۆ؟

- لەبەرئەوەی هیچ کەسو لایەنێک هاوکاریمان ناکات، هەرچەند داواکارییەکانمان بەرزئەکەینەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، کەس گوێمان لێناگرێتو بەتەنگ خواستو داواکاریەکانمانەوە نایەن.

× کردەوەی تیرۆریستی لەشارەکە رۆژانە بەردەوامەو لەپەرەسەندندایە، هۆی چییە ئێوە وەکو پێویست ناتوانن کۆنترۆڵی شارەکە بکەن؟

- ئێمە وەکو پۆلیس هەموو هەوڵێکی خۆمان خستۆتەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکە، بەڵام ئەگەر هاووڵاتیانی شارەکە بەڕاستی هاوکارمان بن ئەو کردەوە تیرۆریستیانەش بەو شێوەیە نابێت.. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بەهاوکاریو پارمەتی دەزگا پەیوەندیدارەکانی عێراقو هەردوو ئیدارەکەی هەرێم هەیە، بەڵام بەداخەوە هیچ کەسو لایەنێک هاوکاریمان ناکاتو پەراوێزیان خستووین بەهەردوو ئیدارەکەی خۆشمانەوە.

چەند رۆژێک لەمەوبەر تاوانبارێکم دەستگیرکرد لەلێکۆڵینەوەدا دانی بە (١١) تاوانی گەورەدا نابوو، کەچی لەلایەن دادگاوە ئازادکرا

× تاچەند لەهەڵمەتی هێزەکانی پۆلیسدا ئەو کەسانە دەستگیرکراون کەدەستیان هەبووە لەکردەوە تیرۆریستیەکانی کەرکوکدا؟

- بێگومان زۆریان لێدەستگیرکراوە.

× کەدەستگیریان دەکەن دوایی رەوانەی کوێیان دەکەن؟

- کەدەستگیردەکرێن دوای لێکۆڵینەوەو دانپیانانی تاوانەکانیان رەوانەی دادگایان دەکەین، بەڵام دوای ماوەیەک دەبینین لەلایەن دادگاوە ئازادکراون.

× کەدانیان بەتاوانەکانیاندا ناوەو تۆمەتبارن، هۆی چییە دادگا ئازادیان دەکات؟

- نازانم، بۆ نمونە من خۆم چەند رۆژێک لەمەوبەر تاوانبارێکم دەستگیرکرد لەلێکۆڵینەوەدا دانی بە (١١) تاوانی گەورەدا ناوە، کەچی لەلایەن دادگاوە ئازادکراوە، هۆی چییە؟ نازانم، ئەمەکێشەیەکی گەورەیە ئەگەر چارەنەکرێت، دۆخەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.

× رۆژانە بەهۆی کردەوەی تیرۆریستیەوە زۆر لەهێزەکانی پۆلیس دەبنە قوربانیو شەهیدو برینداردەبن، ئایا حکومەتی عێراقی موچە بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدو بریندارانە دەبڕێتەوە؟

- خۆی قانون وایە ئەو شەهیدانە پارەی (٦) مانگ پێشەکی بدرێتە کەسوکارەکەی، دواتریش مانگانە موچەیان بۆ دابین دەکرێ ئەمە جگە لەپلەکەی، بەڵام لێرە وانییە، تا یەک دوو مانگ هیچیان نادرێتێ، دوایی مانگانە (٢٠٠) هەزار دیناریان دەدەنێ، ئیتر پلەکەی موقەدەم بێت، عەمید بێت، هەربەرەیە حساب بۆ پلەکەی ناکرێ، ئەوەشی کەبریندار دەبێ هەرهیچی نادرێتێ.

هەردوو ئیدارەکەی خۆشمان پەراوێزیان خستووینو هیچیان بۆ نەکردووین، نەهاوکارییەک، نە نەسریە، نە ئۆتومبیل، نەچەکو تەقەمەنی، نەخەڵکمان بۆ دائەمەزرێنن

× وتت هیچ کەسو لایەنێک هاوکاریمان ناکات، بەڵام ئێوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقن، بۆ ئەوان هاوکاریتان ناکەن؟

- گلەیی زۆرمان لەوەزارەتی ناوخۆی عێراق هەیە، چونکە نە نەسریە، نەئۆتومبیل، نەچەکو تەقەمەنی، نەدامەزراندن، هیچمان بۆ ناکەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریش ئێستاش ئێمە لەناو هێزەکانماندا پۆلیسمان هەیە بەو هەوایە دەژین کەلای سەدامو بەعسیەکانەوە دێت، ئەبێ ئێمە چاوەڕێی چی لەو جۆرە پۆلیسانە بکەین، ئەمانە هەمووی کێشەیە بۆ ئێمەو وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش لێی بەرپرسیارە.

× باسی ئەو جۆرە خەلکانەت کرد لەناو هێزەکانی پۆلیسدان، ئەی لەسەرەتادا چ کەسو لایەنێک ئەو کەسانەی لەسلکی پۆلیسدا دامەزراند؟

- دوای پرۆسەکە کەهاتینە کەرکوکەوە، ئەوکاتە دامەزراندن بەپێی رێژەی نەتەوە بوو لەکەرکوک ئیتر هەر لایەنێک کۆمەڵێک ناوی دابوو بۆ دامەزراندنو بەئەولەویاتی ئەو کەسانەدا نەچوونەوەو یەکسەر دایانمەزراندن. ئەمەیە هۆکارەکەی، ئێستا ئەو خەڵکانە بوونەتە کێشە بۆ ئێمە هیچیان پێ ناکرێ، بەڵام چاوەڕێی هیچیشیان لێ ناکرێ، چونکە ئەو جۆرە خەڵکانە بەهیچ شێوەیەک دڵیان بە عەمەلیەی سیاسی ئەمرۆی عێراق خۆش نییە، تەنها ئەوەندە ئەڵێم ئێمە پێویستمان بەخەڵکی دڵسۆزە، بەڵام کێ بۆمان دابمەزرێنێ، هیچ لایەک نییە.

ئێمە لەناو هێزەکانماندا پۆلیسمان هەیە بەو هەوایە دەژی کەلای سەدامو بەعسیەکانەوە دێت

× حکومەتی عێراقی پەراوێزی خستون، ئەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم بەتایبەت هەردووو وەزارەتی ناوخۆی خۆمان؟

- بەوپێیەی ئێمە وەکو کورد کەرکوک بەشارێکی کوردستانی دەزانینو بەهەزاران قوربانیمان لەپێناویدا داوە، ئەبوایە گوێمان بەحکومەتی عێراقی نەدایە خۆمان لەهەموو بوارەکاندا خزمەتی ئەم شارەمان بکردایە، بەڵام بەداخەوە ئێمە وەکو پۆلیس هەردوو ئیدارەکەی خۆشمان پەراوێزیان خستووینو هیچیان بۆ نەکردووین، نەهاوکارییەک، نە نەسریە، نە ئۆتومبیل، نەچەکو تەقەمەنی، نەخەڵکمان بۆ دائەمەزرێنن.

× حزبە کوردستانیەکان لەکەرکوک بەتایبەتی یەکێتیو پارتی، تاچەند هاوکارتانن؟

- کەرکوک دۆخی تایبەتی خۆی هەیە، جیاوازە لەگەڵ سلێمانیو هەولێر، پێویستە یەکێتیو پارتی کۆرو کۆبونەوە بەخەڵک بکەنو هاووڵاتیان هۆشیاربکەنەوە بۆ ئەوەی هاوکاری پۆلیس بکەن لەپێناو بەرقەرابوونی ئارامیو ئاسایش لەشارەکە، چونکە ئێمە بەتەنها هیچمان پێ ناکرێ ئەگەر ئەوانو خەڵکیش هاوکاریمان نەکەن، ئەگەر لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا لەشوێنان ململانێ هەبێ، سەنگەر گواستنەوە هەبێ، پێویستە لەکەرکوک تەنها کوردایەتی بکرێ. ئا بەو شێوەیەو بەهیممەتی هەموو لایەک پێموایە دەتوانین کۆنترۆڵی شارەکە بکەینو بیکەینە دەستەخوشکی هەولێرو سلێمانی، جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە بەیەک هەڵوێستیو یەکریزیو بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمو هاووڵاتیانی شارەکەو لایەنە سیاسیەکان، ئەتوانین هەموو شت بکەین، ئەگەر نا دۆخەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوەو هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بەرەو پێشەوە نانێین■

بەدواداچونی: سابیری سەندیکا - پ. قەڵادزێ

بەدواداچونێک لەسەر فەسڵکردنی دوو مفەوەزو شانزە پۆلیس لە قەڵادزێ

× بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر وردەکاری هۆکارەکان ئاشکرا ناکاو پۆلیسەکانیش خۆیان بەغەدر لێکراو دەزانن × هەریەکە لەبەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەرو پۆلیسە فەسڵکراوەکان یەکتری تۆمەتبار دەکەن..

چۆنیەتی فەسڵکردنەکە

بەپێی نووسراوی ژمارە (٢٣٥٨) لەرۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٩ بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی پشت بەست بەنووسراوی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ئیدارەی سلێمانی ژمارە (١٤٩١٦) لە ٢٠٠٥/١٠/٤ بڕیاریدا بەکۆتایهێنان بە راژەی (١٨) پۆلیسی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر کە دوانیان پلەکانیان مفەوەزە،و لەنووسراوەکەدا وردەکاری زیاتر لەسەر هۆکارەکانی فەسڵکردنیان رووننەکراوەتەوە..و هەر بۆ رۆشنایی خستنە سەر هۆکاری ئەم کێشەیە، ئەم بەدواداچونە رۆژنامەنوسیەمان ئەنجامدا..

ئەگەر تاوانمان کردووە با بدرێینە دادگا

سەرەتا چوینە لای ئەو دوو مفەوەزو شانزە پۆلیسەی کەفەسڵ کراونو بۆ لێدوان لەسەر کێشەکەیان پۆلیسێکیان بەناوی محەمەد رەسوڵ عەبدوڵڵا دیاریکرد،و ئەویش بەمجۆرە دوا:

ئێمە وەکو پۆلیس سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانین، وەزارەتی ناوخۆ یاسای تایبەتی خۆی هەیە لەکاتێکدا ئێمە وەکو پۆلیسەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر، سەرپێچیمان کردبێت، سەرپێچیەکەمان هەرچییەک بێت پێویستە بدرێینە دادگا،و دادگا بڕیار بدات چارەنوسی ئێمە چییە.. ئێمە پۆلیس بووین هەر شتێکمان کردبێ وەکو ئەوان دەڵێن (گەوادی، دزی کردن، گەندەڵی، بێ ئیلتیزامی، بەرتیل خواردن) با دادگایی بکرێین، با دادگا تۆمەتەکانمان بداتە پاڵ بەپێی دادوەر بڕیار بدرێ بەپێی یاسا ئەوکاتە دەربکرێین، بەڵام هەرکەسێک بێتو بڵێ فلان کەس دزەو فلان کەس خراپەو فلان کەس بەرتیلی خواردووە، فلان کەس بێ ئیلتیزام ئەمەیان نابێ، بۆیە دەمانەوێ بزانین لەسەرچ بنەمایەک دەرماندەکەن.

بەڕێوەبەری پۆلیس وردەکاری ئاشکرانا کا

دواتر سەردانی رەحیم حاجی خدر بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر بەوەکالەتمان کردو ئەویش دەربارەی هۆکارەکانی فەسڵکردنی ئەو پۆلیسانە وتی:

دیارە خۆتان دەزانن کێشەیەک هەبووە لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر کە ئەفسەری مەرکەزی تاکو خوارەوەشی گرتبووەوە.. دیارە لیژنەی تایبەت بەو کێشەیە پێکهاتبوو ئیشی من نییە باسی بکەم لەبەرئەوەی نەلیژنە بوومو نەتاقیباتیشم تیادا کردووە. دیارە کێشەی ئەم دەزگایە خەڵکی ناوچەکە بەگشتی بۆ خۆیان باش دەزانن کەکێشەو گرفتی براەران لێرەو لەوێ گەیشتە بەردەم وەزیریش هەندێک شت بەروونیو ئاشکرا خراوەتە بەردەمی وەزیر ئێمە ئاگادارنین حەتمەن لابردنی ئەو پۆلیسانە هەمووی لەئەنجامی کێشەوە بووە ئەم کێشەیەش بەدوو کەس نەکراوەو نامەوێ بچمە ناو وردەکاریەکانەوە.

دوان لەپۆلیسەکان باری دەرونیان تەواونییە!

لەوەڵامی پرسیارێکیشماندا دەربارەی هۆکارەکانی ئاشکرانەکردنی وردەکاری ئەو فەسڵکردنە، ناوبراو دەنگی بەرزکردەوەو وتی:

خۆت ئەوەندە زانیاریت لایەکەبینوسیتو خوێنەرانی رۆژنامەکەتی لێئاگاداربکەیتەوە تاکو راستیەکان بزانن، ئەوجار ئیشی من نییە بچمە ناو وردەکاریەکانەوە.. ئەگەر کابرایەک قاتلە یان تاوانی وای کردبێت ئیسپاتی بکەم، پێم ئیسپات دەبێت لەسەر هەر یەکێک لەسەر ئەوانەی کەفەسڵکراون، بەڵام زەرور نییە باسی بکەم دوان سیانیان لەپۆلیسەکان باری دەرونیان تەواونییە نەیانتوانیوە ئەو ئەرکەی کەبۆیان دیاریکراوە جێبەجێی بکەن، چەند جارێک ئاگادارکراونەتەوە، بەشێکیان لەو پۆلیسانە کەبونەتە هۆکاری گەندەڵیو سوک بوونی ئەم فەرمانگەیە، بۆیە ئەم ئیجرائاتە کراوە.

فەرمانی فەسڵکردنەکە وەزیری ناوخۆ ئیمزایدەکا

× ئەو ئیجرائاتە لێرە کراون یان لەبەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی؟

- لەئەنجامی کێشەی براەرانی پێشتر وەکو بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەرو ئەفسەرەکە گەیشتە لای وەزیرو بەڕێزیشی بڕیاریدا ئەم دەزگایە پاک بکرێتەوە، بۆیە فەرمانەکە وەزیر دەریکردووە.

× لەکەیەوە ئەم گەندەڵییە هەبووە؟

- ئەو پرسیارە لەو لیژنەیە بکە کەدانراوە.. نازانم ئیشی من نییە.

× من قسەی چەند پۆلیسێکم لایە دەڵێن ئەم لادانەی ئێمە شتێکی شەخسییە، ئەگەر وانییە بۆچی دادگاییمان ناکەن.. لەوبارەیەوە بەڕێزتان چی دەڵێن؟

- ئایا ئەو پۆلیسانەی کە لەو جۆرە کەسانەبن بەسەرخۆشیو بەبێ واجبی هەق بەخۆیان بدەن بچنە ناو نەخۆشخانە.. ئەم نمونەیەم بۆ ئەو کەسانە هێنایەوە کە خۆیان بەغەدرلێکراو دەزانن.. جالێرە حسابی یەک بەیەکی نمونەکانیتر بکە.

× پۆلیسێک دەیوت: بۆیە فەسڵکراوم لەبەرئەوەی بەڕێوەبەری پۆلیسی پشدەر دەیەوێت خزمو کەسوکاری لەجێگاکەم دابنێ؟

-من پێمخۆشە یەک شت بزانی، ئەوخزمو کەسوکارەی من هەموو پێشمەرگەنو من کەهاتوومەتە ئەم دەزگایەش پاسەوانەکانی من تەنها برازایەکم لەگەڵە ئەوەی تر پەیوەندی بەمنەوە نییە، هەر کەسێک ئەو قسەیە دەکات باناوی بێنن کێیە کەدامەزراونو خزمی من بێت. خزمەکانی ئێمە هەموویان پێشمەرگەنو لەگوندی ئێمە واتە (باوزێ) پێشمەرگایەتی بۆتە پیشە.

کۆمیتە فەسڵکردنەکە بە بڕیارێکی قورس دەزانێ

هەر لەوبارەیەوە حەسەن عەبدوڵڵا لێپرسراوی کۆمیتەی رێکخستنی قەڵادزێی یەکێتیمان دواندو ئەویش لەوبارەیەوە وتی:

بەنیسبەت ئەو پۆلیسانە.. کۆمیتە هیچ ئاگادارنیەو پۆلیسەکان هاتنە لامانو دواتریش لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی (پشدەر) بەوەکالەتدا دانیشتین. ئێمە وەکو کۆمیتە داوامان کرد ئەوە ئیجرائاتێکی قورسەو دەکرێ گەر فەسادیان کردووە رووبەرووی یاساو دادگا بکرێنەوە..

مەڵبەندی راپەرینی یەکێتی لەگەڵ نان بڕیندا نیە

دوابەدوای ئەمەش سەردانی مەڵبەندی هەشتی راپەرینمان کرد و لەوبارەیەوە ئەیوب عەبدوڵڵا سەرپەرشتیاری کۆمیتەی قەڵادزێو سەنگەسەر وتی:

ئەو پۆلیسانە هاتنە مەڵبەندو سکاڵایان هێنایە بەردەم لێپرسراوی مەڵبەندو لێپرسراوی مەڵبەندیش پێیراگەیاندن: ئێمە پرسمان پێنەکراوەو هەڵوێستیشی وەهابوو کە لە لەگەڵ نان بڕیندا نییە دەبوو چەندە کارێکی نائیداریان کردبێ نان بڕاو نەکرێن،و غەدر لەمنداڵەکانیان نەکرێتو هەروا ئێمە بەڵێنمان داوە سکاڵاکانیان بۆ مەکتەبی رێکخستن بەرزبکەینەوە تاوەکو لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای حکومەتدا کێشەکەیان چارەسەربکرێت.

قایمقام پێیوایە فەسڵکردنەکە بێ هۆ نییە!

پاشان سەردانی دیوانی قائیمقامیەتی قەزای پشدەرمان کردو لەوێ عەلی حەمەد بەگ قایمقامی پشدەر سەبارەت بەکێشەکە وتی:

دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتەکان هەریەکەو بەرنامەو پەیرەوی تایبەتی خۆیان هەیە، زەرورەتی تایبەتی خۆیان هەیە.. دامەزراندنیان یان سزادان یان هەر حاڵەتێکی تایبەت بەفەرمانبەرو مونتەسیبەکانی دائیرەی خۆیان چاکتر دەزانن چ پاداشتکردن بێ یاخود موحاسەبەکردن، هەربۆیە قایمقام رای وابوو لەگەڵ دەزگای پۆلیسی قەڵادزێدا قسەبکرێت،و هەروا وتی: ئەوبڕیارە بێگومان بەبێ هۆ نییە، بەڵام هۆیەکان لەوانەیە لەمن چاکتر بزانن بربرەی پشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشن پێویستە ئەو کەسانەی لێبێ کە لەهەموو روەکانەوە شیاوبن.

وەزیری ناوخۆ فەسڵکردنەکە بۆ داخوازی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان دەگەڕێنێتەوە

دواجار پەیوەندیمانکرد بە عوسمان حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆو لەوەڵامی پرسیارێکماندا سەبارەت بەهۆکارەکانی ئەو فەسڵکردنە وتی:

بڕیاری فەسڵکردنی ئەو پۆلیسانە لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر بووە،و بۆ ئەوەیش بووە کەکەمتەرخەم بوون لەراییکردنی ئەرکەکانی سەرشانیاندا.

ئەنجام

لەئەنجامی ئەم بەدواداچوونە رۆژنامەنووسیەدا گەیشتینە ئەو بڕوایەی:

ئەگەر بەڕاستی ئەو پۆلیسانە سەرپێچیان کردووەو ئیشوکارەکانی سەرشانیان وەک پێویست رانەپەڕاندووە، ئەوا لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێو ئەوانەیشی کە کەمتەرخەمییەکانیان کەمترە سزای ئیداری بدرێن، نەوەک فەسڵبکرێنو نان براوبکرێن.. هەروا پێویستە لە بڕیارێکی لەوجۆرەدا تەرو وشک پێکەوە نەسوتێنرێنو هەقە هەر سەرپێچیەک بەقەدەر خۆی سزای بۆ دابنرێت، نەوەک هەموان پێکەوە فەسڵبکرێن■



رەخنەی چاودێر

پاشکۆیەکی دوو هەفتانەی رەخنەیی ئەدەبی روناکبیرییە

ژمارە (٣) دوو شەممە ٢٠٠٥/١١/١٤

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی:
لەخوێندنەوەیەکیدا
بۆ جەلال بەرزنجی شاعیر
ل٢-٣

شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی
لەدیدی ئەحمەدی مەلاوە
ل٤

هێماگەری و ئاماژە (٢)

دانا ئەحمەد

سوسیر کە دێتەسەر پێناسەکردنی ئاماژە وەک زانستێک دەڵێت: زانستێکە لە بونیادی خودی ئاماژە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە گەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆنتاکدایە

لە دەستپێکی ئەم باسەدا دەبێت لەمەڕ جیاوازی هێما و ئاماژە قسە بکەین، چونکە لە زۆر شوێندا ئەم دوو تێرمە تێکەڵ بەیەک بەکار دەبرێن، بەڵام لە کاتی لێووردبوونەوەدا دوو جیاوازی زۆر بە روونی بەدی دەکرێت، یەکێکیان بریتییە لەوەی ئاماژە وابەستەی ئەو مادەیەیە کە بەشێوەیەکی چەسپاو و دامەزراو و نەگۆڕ ئاماژەی بۆ دەکرێ، چونکە ئاماژەکردن بە تەنها بۆ یەک شتی دیاریکراو دەبێت و تنها لەو خولگەیەدا دەسوڕێتەوە و بەوئاراستەیە دەبزوێ.. ئەمە لە کاتێکدا کە هێما ڕێبازێکی گشتگیر لە خۆ دەگرێت بەشێوەیەک کە بزوتنە واتاییەکەی هەمەلایەن و بەربلاوترە.

خاڵێکی جیاوازیتر بریتییە لەوەی کە ئاماژە بەشێکە لە پێکهاتەی ژیانی ماددی، بەو مانایەی بەشداری لە کۆی ئاستە جیاوازەکانی ژیان کەبەلای جیهانی مادەدا دەگوزەرن، دەکات.. ئەمە لە کاتێکدا کە ئاماژە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر جیهانی مەعنەوی دەکات.

لێرەوە هەندێ لە زمانەوانان پێیانوایە کە ئاماژە بریتییە لەو نیشانانەی کە هەستیان پێ دەردەبڕدرێت، کە تێکڕای ئاواز و هێزی دەنگ دەگرێتە خۆ. ئەم تیورە زمانەوانییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەو مادەیەی هێما بەرامبەری دەوەستێ دیاریکراونییە، ئەمەش خاڵێکی جیاوازیی ترە، چونکە هی ئاماژە دیاریکراوە.. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە هەر یەک لە ئاماژە و هێما بۆ دەربڕینی هەست بەکاردێن نەک بۆ زانیاری گەیاندن.

بەشێوەکی گشتی ئەم دووچەمکەسەربە دوو جیهانی جودان، ئەوەندە هەیەکە ئاماژە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە و ناگۆڕێ، لە کاتێکدا هێما لە جیهانێکی بەربڵاو و فراواندا دەگوزەرێت.

ئاماژە دەربڕی شتێکی دیاریکراوە و سیماکەشی روونە، هەر ئەمەش وایکردووە کە بەشێوەیەکی ساناهەستی پێبکرێت، ئەم حاڵەتە بە تەواوەتی پێچەوانەی هێمایە، چونکە نەک تەنها بە کردەی هەستەکانەوە هەستی پێناکرێت، بەڵکو پێویستیشی بە کردەی زەینی ئاڵۆزهەیە بۆیە واتای فراوانتر لەو شتە راستەقینانەی کە دەیاننوێنێ، وەک وابەستەیی نێوان رەگەزە هونەرییەکان.

بەم شێوەیە هێزی هێما لە دەربڕیندا لە راستییە هێماییەکان دەستنیشان دەکرێت، هەروەکو ئاماژە سروشتێکی خۆ ئاوەزانی هەیە، بەڵام هێما بەشێوەیەکی گشتگیر دامەزراوترە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو وابەستە سروشتییەی دەکەوێتە نێوان دال و مەدلولەوە لە خۆ دەگرێت، خاڵێکی گرنگی تریش ئەوەیە کە پەیوەندییەکی لۆژیکیش هێما بە هێما بۆ کراوەوە دەبەستێتەوە لە کاتێکدا کە پەیوەندی نێوان دال و مەدلول پەیوەندییەکی خۆڕسکە.. لە دونیای رەخنەیی ئێستاماندا ئاماژە بۆتە زانستێک کە بە (سیمۆلۆژیا-Semiology) ناوزەند دەکرێ، ئەم زانستە لە بنەڕەتدا پشت بە سێ رەگەزی سەرەکی دەبەستێ کە بریتین لە:

-وێنە (نموونە) Icon وابەستەییەکە کە تێیدا لەسەر بنچینەی وێکچوون دروست دەبێت، وێنە لێکچوی وێنەکێشانە..

-نیشانە Index وابەستەیی نێوان دال و مەدلول تێیدا هۆیە، ئەم باسە لە زانستی لۆژیکدا (علم المنطق) بە دەلالەی سروشتی ناوزەند دەکرێ. بۆ نموونە بینینی دوکەڵ ئاماژەیە بۆبونی ئاگر..

-ئاماژە Sing ئەم تێرمە دی سوسێر هەڵیبژاردوە کە تێیدا وابەستەیی نێوان ئەو دوو چەمکە خۆڕسکە.

سوسێر کە دێتەسەر پێناسەکردنی ئەم زانستە دەڵێت: زانستێکە لە بونیادی ئاماژە کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە گەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە کۆنتاکدایە. سوسێر پێی وایە کە زمان خۆشی سیستمێکە لە ئاماژەکان و بەشێوەیەکی گشتی کارلەسەر گەیاندنی بیرۆکەکان دەکات.

سوسێر خۆیشی یەکێکە لەو زمانانەوانەی کە جیاوازییان خستۆتە نێوان هێما و ئاماژە، چونکە پێی وایە کە دەبێ ئەوە بزانین کە هێما لە بەرامبەر ئاماژەی زمانەوانی بەکاربراوە، بەڵام پەیوەندی نێوان دال و مەدلول لە سنووری هێمادا سیفەتێکی خۆبەخۆ نییە، واتە هەر مەدلولێک دالی هەیە پێودانگ لە هەر جێیەکدا هێمای دادپەرییە، ناکرێ بەشێوەیەکی دی لە جێگایەکی دیکە بگۆڕدرێتەوە.

هێما لە ئاماژە فراوانترە بەوەی کە هێما هەموو جۆرەکانی هونەرە قسە ئاشکراییەکان لە خۆ دەگرێ، بەڵام ئاماژە تەنها یەک دەلالەتی هەیە و هەمەجۆری هەڵناگرێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی ناگۆڕێ. کۆمەڵگا لەسەری رێکەوتوون کە بۆ نموونە رەنگی سوور ئاماژەیە بۆ نەبزووتن، واتایەکی تری نییە، تەنها گۆڕینی واتایی بە گۆڕینی جێگا چۆنێتی پێکهاتەی عەقڵیەت و ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو شوێنێ تەنها بۆ فرمانێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە.

واتە جیاوازی سەرەکی نێوان ئەو دوو بابەتە لەوەدا خۆی حەشاردراوە کە ئاماژە بریتییە لە ئاماژە پێکراو، بەڵام هێمای شتێک دەدا کە دیارنەکراوە و تایبەت نییە لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هێما ئاماژەکردنیش بگرێتەوە. لە ئەنجامی ئەو جیاوازییانەی رابووردا روو دەکەوێ کە هێما قوڵترە لە ئاماژە و بەرهەمی قۆناغێکی پێشکەوتووی مرۆڤە و پێویستی بە زەمینەیەکی رۆشنبیری چاک هەیە بۆ مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوەی هێماکان.■

دوای بێشکچی.. ئۆرهان پاموک لەسەر کورد دەگیرێت

ئا. لەتورکییەوە: زریان رۆژهەڵاتی

ئۆرهان پاموک، لەگەڵ ئەوەی کەتەمەنێکی گەنجی هەیە، یەکێکە لەسەرکەوتووترین رۆمانوسەکانی دونیایە

ئۆرهان پاموک لەساڵی ١٩٥٢ لەئەستەمبوڵ لەدایک بووە و لە بنەماڵەیەکی هاوشێوەی ئەو بنەماڵانەی کەوا لەرۆمانەکانی (کاک جەودەت و کورەکانی و کتێبی رەشدا) باسی کردوون لە (نیشانتاش)دا گەورەبووە. تەنیا ئەو سێ ساڵە نەبێ کەلەنیویۆرکدا دەربازی کردووە، هەموو تەمەنی خۆی لەئەستەمبوڵدا ژیاوە. خوێندنی کۆتایی بەر لەزانکۆی لەکۆلێژی روبەرت تەواو کردو لەزانکۆی تەکنیکی ئەستەمبوڵدا سێ ساڵیش تەلارسازی خوێند. لەساڵی ١٩٧٦دا خوێندنی لەزانکۆی ئەستەمبوڵ لەبەشی ئەنیستیتۆی رۆژنامەوانی تەواوکرد. هەر لەساڵی ١٩٧٤ەوە بەردەوام دەستی بەنوسین کردو ئەمەی وەکو کارێک هەڵبژارد. رۆمانی یەکەمی بەناوی (کاک جەودەت و کورەکانی) لەکێبڕکێی رۆمانی چاپ و پەخشی میللیەتدا وەکو باشترین هەڵبژێردرا. ئەم کتێبە کەلەساڵی ١٩٨٣دا بڵاوبوەوە خەڵاتی تایبەتی رۆمانی ئۆرهان کەمالی وەرگرت. کتێبی (ماڵی بێدەنگ) کەهەر لەو ساڵەدا بڵاوبوەوە خەڵاتی رۆمانی خەماویترین رۆمانی وەرگرت. شایەنی باسە کە لەساڵی ١٩٩١دا وەرگێردراوەکەشی لەفەرەنسادا بڵاوکرایەوەو خەڵاتی (کەشتی ئاو روویا)ی وەرگرت (Picxde la decourecte) رۆمانە مێژووییەکەی بەناوی (قەڵای سپی) کەلەساڵی ١٩٨٥دا بڵاوبوەوە لەماوەیەکی کورتدا ناوبانگی لەناوەوە و دەرەوەی وڵات پەیداکرد، تەنانەت لەگۆڤاری نیویۆرک تایمزدا بەقسەی(لەرۆژهەڵاتدا ئەستێرەیەک بەرز بۆوە) نرخێندراو بەزیندوترین زمانەکانی رۆژئاوا وەرگێردرایەوە. رۆمانی (کتێبی رەش)ەکەی بەدەوڵەمەندی و پڕ بابەت بوونەکەیەوە بوو بەیەکێک لەباس هەڵگرترین رۆمانەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخ و بوو بەیەکێک لەو رۆمانانەی کە زۆرترین ژمارەی خوێنەرانی بەدەست هێنا. پاموک لەساڵی ١٩٩٢دا سیناریۆی فیلمی روخساری شاراوەی کەلەژێر بەڕێوەبەرایەتی عومەر کاوردا نوسیبو کرد بەرۆمان. کتێبی (ژیانی تازە) کەباسی بەسەرهاتی هەندێک خوێندەواری زانکۆ دەکات کەکەوتونەتە ژێر کاریگەری رۆمانێکی رازدار لەساڵی ١٩٩٤دا بڵاوبوەوە و بوو بەپڕ خوێنەرترین کتێبی ئەدەبیاتی تورکی. رۆمانی (ناوی من سورەیە) لەساڵی ١٩٩٨دا بڵاو کرەوە کەلەگەڵ بایەخدانێکی دەرئاساییدا رووبەرووەمایەوە. پاموک لەیەکخستنەوەی دەفتەرەکانی کە ٢٥ ساڵە رایگرتوون و نوسراوەکانی لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا و نوسراوە رەخنەییەکانی وتوێژو پاداشتەکانی سەفەرەکانی لەگەڵ ئەزمونەکانی خۆیدا بەهەڵبژاردنێکی خێرا بەسەرهاتە درێژەکەی بەناوی (روانین لەبەر پەنجەرەوە) ناوی (رەنگەکانیتر)ەوە کرد بەکتێب. کەکارێکی لەو شێوەیە تاوەکو ئەو کاتە هیچ ئەنجام نەدرابوو.



ئۆرهان پاموک، لەگەڵ ئەوەی کەتەمەنێکی گەنجی هەیە، یەکێکە لەسەرکەوتووترین رۆمانوسەکانی دونیاو ناوبراو بەر لەمەیدانی ئەدەبیات و رۆمان، هەڵوێستە سیاسیەکانی خۆشی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەبڕێ. بۆ نمونە ماوەیەک بەر لەئێستا دەوڵەتی تورکیای عوسمانی بەکوشتاری زیاتر لەیەک ملیۆن ئەرمەنی تاوانبار کردو حکومەتی ئێستای تورکیاشی بەپێشێلکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد تاوانبار کرد. شایەنی باسە لەگەڵ ئەوەی کەرووبەرووی فشارێکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووەوەو دادگاش بڕیاری سێ ساڵ زیندانی لەبارەی ئەو هەڵوێستەوە بۆ دەرکرد دیسان هەر پاشگەز نەبووەوەو بەپێچەوانەوە پێداگری زیاتری لەسەر کردو ئەمجارەش هەندێک کەسایەتی کوردی بەوە تاوانبار کرد کەلەبەرامبەر کۆماری تورکیادا نەرمی دەنوێنن.

ئۆرهان پاموک کاندیدی سەرەکی و یەکەمی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ئەمساڵ بوو، بەڵام لیژنەی بەخشینی خەڵاتەکە لەگفتوگۆی ئەوەدان کەئایا لەبەرامبەر رەزەختەکانی تورکیادا کە نایەوێت لەبەر قسەکانی ئۆرهان پاموک ئەم خەڵاتەی پێ ببەخشێت چۆن رەفتار بکەن و هەر لەبەر ئەوەش بوو بەخشینی ئەو خەڵاتە بۆ دە رۆژ دواخراوە.■

کتێب ڕانان

مەشقێک بۆ نوسینەوەی وشەکان

(خوێندنەوەیەک بۆ نۆڤلێتی ئافاتی وشەکان لەنوسینی ئاکۆ کەریم مەعروف)

ئاوات عەبدوڵڵا

ئافاتی وشەکان یان دۆعایەکی ئاسنین لەخەونی فریشتەیەکدا ناونیشانی تازەترین نۆڤلێتی ئاکۆ کەریم مەعروفە، ئاکۆ کەریم چەند ساڵێک لەدونیای چیرۆک نوسیندا بەشێوەو فۆرمی تایبەت بەخۆی چەندین چیرۆکی پێشکەش کردین، بەڵام لەگەڵ دونیای چیرۆک نوسین ئاکۆ ئەم جارەیان نۆڤلێتێکی بەهەمان شێوەو ستایلی تایبەت بەدونیای نوسینی خۆی پێشکەش کردین، ئەم نۆڤلێتە بەهاوکاری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەدووتوێی (٨١) لاپەرەی کتێبێکی قەبارە مام ناوەندا چاپ کراوە یەکەمین شتێک کەهەر لەسەرەتای خوێندنەوەی ئەم نۆڤلێتەدا بەدوای خۆیدا کێشمان دەکات بەبڕوای من هەوڵێکی پەنهان و شاراوەی نوسەرە بۆ نێو دونیایەک کەرەنگە لەنێوخۆیدا بەدەر لەوەی کەدەیەوێت چیرۆکێک یاخود سەرگوزشتەیەکمان بۆ بگێڕێتەوە بەڵکو زیاتر لەمانە من وا هەست دەکەم نوسەر دەیەوێت دونیایەکمان نیشان بدات کەئەویش دونیای وەرگێرانی وشەکانە، زۆرینەی هەموو ئەو چیرۆکانەی کەدەکەونە بەدەرەستمان هەموویان لەرێگەی وشەکانەوە دەیانەوێت حیکایەت یاخود سەرگوزشتەی مرۆڤ و چوارەوری مرۆڤمان بۆ بگێرنەوە، بەڵام خاڵێکی گرنگ لەم نۆڤلێتەدا ئەوەیە کەهەست دەکەین ئەم جارەیان بەشێوازێکی سەیر وشەکان دەیانەوێت خۆیان سەرگوزشتەو حیکایەتی خۆیانمان بۆ بگێرنەوە، واتە لەم نۆڤلێتەدا چیدی وشە ئامرازێک یاخود کەرەستەیەک نییە بۆ گەیاندنی حیکایەتی شتەکان بەڵکو وشە خودی خۆی چیرۆک یاخود ئافاتەکانی خۆیانمان بۆ باس دەکەن، وشەکان بۆمان دەدوێن هەتا ئێمە تێبگەین وشە خودی خۆی مانای چییە، یان ئێمە چی بکەین هەتا بتوانین لەحیکایەتی خودی وشە تێبگەین، من پێموایە نوسەر دەیەوێت پێمان بڵێ یەکەمین دەروازە و رێگە بۆ راڤەکردنی ئەم مەسەلەیە ئەوەیەکەئێمە پێش ئەوەی وشە بنوسین، یاخود پێش ئەوەی وشەکان تۆمار بکەین، بەڵکو یەکەمین جار ئێمە پێویستمان بەوەیە مەشق لەگەڵ دونیای وشەکاندا دەست پێبکەین، لەگەڵ خودی وشەدا بکەوینە جەدەل و دیالۆگەوە، لەم نۆڤلێتەدا دەبێت ئێمە سەرنج بدەین داخۆ وشە خاوەنی چ جۆرە ئافاتێکە تاکو لەوێوە بتوانێت گوزارشت لەشتەکانی تر بکات، واتە یەکەم جار وشەکان دەیانەوێت فێری ئەوەمان بکەن ئێمە پێش هەر شتێک بۆ ئەوەی بتوانین لەدەقێک تێبگەین ئەوا پێویستیەکی گەلێک زۆرمان بەوە هەیە مەشقێکی فراوان لەگەڵ خودی وشەکان دەست پێبکەین مەشقێک کەهەر وەکو نوسەر لەکۆتایی ئەم نۆڤلێتەدا بەکۆتایی خەونێکی تەواو نەبوو وەسفی دەکات، رەنگە ئێمەش بۆ ئەبەد لەگەڵ ئەم مەشقەدا هاورێ بین رەنگە زۆرینەی جار سەرباری دونیایەک خوێندنەوەی دوورو درێژ، سەرباری دونیایەک هەوڵ و ماندووبوونمان، بەڵام هێشتا هەر ناتوانین بگەینە کۆتایی خەونەکان.■



بایۆگرافیای ڤێرجینیا وڵف

لە ئینگلیزیەوە: زمناکۆ بورهان قانع

ڤێرجینیا وۆڵف (١٨٨٢-١٩٤١) رۆماننوسی بەریتانی و نوسەری فیمینستی بەناوبانگ و فیگەری سەرەکی گروپی بلومسبوری لە ٢٥ی جانوەری ١٨٨٢ لە لەندەن لە "جولیا دەک وۆرپ" ئەندامی بنەماڵەی خاوەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "دەک وۆرپ" و "لیسلی ستیڤن" ی رەخنەگری ئەدەبی و دامەزرێنەری فەرهەنگی بایۆگرافیای نەتەوەیی لەدایک بووە.

وۆڵف لەماڵەوە لەلایەن باوکی یەوە فێری خوێندن و هەر لەوماڵەدا لە "هاید پارک گەیت" پەروەردە بووە، لەسەرەتای تەمەنی باڵق بوونی دا دایکی کۆچی دوایی کردووە، "ستێلا دەک وۆرپ" ی پوری جێگەی دایکی گرتوتەوە بەڵام دوای دوو ساڵ ئەویش کۆچی دوایی کردووە. "لیسلی ستیڤن" ی باوکی ناسۆری مردنێکی هێواشی چەشتووە بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە. کاتێک کە "تۆبی" برای لە ساڵی ١٩٠٦ دا کۆچی دوایی کردووە لەدوای کۆچی باوکی لە ساڵی ١٩٠٤ دا وۆڵف تووشی تێکشکانێکی دووروودرێژی فیکری بووەو لەگەڵ خوشکەکەیدا "ڤانێسا" و هەردوو براکەی چوون بۆ خانەی بلومسبوری کە دواتر بوو بە سێنتەری چالاکی گروپی بلومسبوری. لە ساڵی ١٩٠٥ دا وۆڵف دەستی کرد بەنووسین بۆ پاشکۆی ئەدەبی تایمز.

لە ساڵی ١٩١٢ دا شووی کرد بەتیۆریستی سیاسی "لیۆنارد وۆڵف" وپاشان لەساڵی ١٩١٥ یەکەمین کتێبی بەناوی "سەفەر" بڵاوکردەوە.

لەساڵی ١٩١٩ دا "شەو و رۆژ" دەرکەوت ولە لەندەن بڵاوبۆوە کەرۆمانێکی واقیعی بوو جیاوازی لە نێوان ژیانی دوو هاورێدا دەکرد "کاترین و ماری". "ژووری جاکۆب" لە ساڵی ١٩٢٢ دا بڵاوبۆوە کە بۆنووسینی ئەم رۆمانە پشتی بەستبوو بە ژیان و مردنی "تۆبی" برای.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی "کۆشکی رووناک" لە ساڵی ١٩٢٧ و "شەپۆلەکان" لەساڵی ١٩٣١ دا وۆڵف خۆی وەکو یەکێک لە نووسەرە پێشەواکانی مۆدێرنیزم سەلماند، لەم کارانەدا ڤێرجینیا پەرەی بەداهێنانی تەکنیکی ئەدەبی دا سەرەڕای دەرکەوتنی لێوەشاوەیی ئافرەتان هەروەها ئەڵتەرناتیڤێکی دۆزی یەوە بۆ روئیای باوی پیاوان بۆ پراگماتیکیەت "واقیعیەت".

لە ساڵی ١٩٢٥ دا "دالۆوەی خانم" بۆتۆرێکی بەرفراوانی فیکری بۆ چەند گروپێک لەخەڵکی لە ماوەی تاکە رۆژێکدا تەشکیل بوو.

لەماوەی کاتی جەنگدا "جەنگی جیهانی دووەم وک "وۆڵف لە سەنتەری کۆمەڵایەتی ئەدەبی بوو. گروپی بلومسبوری لەسەرەتا دا پشتیان دەبەست بە چوارگۆشەی گۆردۆن شوێنی نیشتەجێ بوونی "ڤێرجینیاو ڤانێسا" ی خوشکی.

بایەخی ڤێرجینیا وۆڵف بە ووتاری فیمینستی لە رۆمانی "ژووری یەکێک" لە ساڵی ١٩٢٩ دا ئاشکراو بەربڵاوە کە لەبارەی ئەوبەربەست و زیانانە دەدوێت کە رێگری نووسەرە ژنەکان دەکات و لە دوابەشی ئەو رۆمانەدا ئەگەری بیری "ئەندرۆجینۆس "×کەشف دەکات.

لە رۆمانی "سێ جونیە" دا "جونیە = دراوی ئینگلیز وک "کەشفی گرنگی ئافرەتان دەکات بۆ داواکردنی مێژوو و ئەدەبی خۆیان.

لە رۆمانی فەنتازی "ئۆرلاندۆ" ١٩٢٨ دا مەجرای ژیانی پاڵەوانێکی ئەندرۆجینۆسی کێشاوە لە دادگای ئەلیزابێپ دا لە تایبەتمەندی یەکی لێکچوی نێرینەدا بۆ لێکچونێکی مێینە، وۆڵف هەروەها بەرهەمهێنەر بووە وەک وتارنوسێک، لە ساڵی ١٩٠٥ وە نزیکەی ٥٠٠ ووتاری لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە. دوای دواهەمین هێرشی خۆی بۆ نەخۆشی یە دەروونی یەکەی، وۆڵف گیرفانەکانی پڕکرد لە بەردو خۆی خستە نێو رووباری "ئۆوزی" لە نزیک ماڵەکەی خۆی.

× ئەندرۆجینۆس: بەوکەسانە دەوترێت کە کاراکتەرو تایبەتمەندێتی رەگەزی نێرو مێ لەیەک جەستەدا بەرجەستە دەکەن.(وک)

× سەرچاوە: ئینتەرنێت www.virginiawoolfbiography.com ■

شیعر / ئەزموون / مەنفا

لەدیدارێکی ئەحمەدی مەلادا

گفتوگۆی: عەبدوڵڵا ئەحمەد

ئەحمەدی مەلا ئەو دەنگە شیعریە جدیە، لەناوەڕاستی حەفتاکان، بەهەنگاوێکی هێندە هێمن، هاتە نێو دونیا جەنجاڵیەکەی شیعر، ئینجا تاراوگەو دوورکەوتنەوە لەنیشتمان و خەمەکانی خاک، پەنجەرەی تازە لەرووی داهێنان و بەهرەی ئەحمەدی مەلا دەکاتەوە، ئەمجارەیان، نەک هەر شیعر، بەڵکو لەبوارەکانی رومان و وەرگێڕان، چەندین کتێب و دەقی گەورە لەزمانەکانی فەرەنسی و ئیسپانی دەخاتە سەر زمانی کوردی، لەسەروی هەموشیانەوە، سەرجەم بەرهەمە شیعریەکانی رامبۆ، بۆدلێر.. بۆیە بەپێویستمان زانی لەگفتوگۆیەکی ئەدەبی کراوەدا.. ئەمجارەیان راشکاوانە ئەحمەدی مەلای شاعیروەرگێڕ بدوێنین.

- دکتۆر بێگومان ئەزمونی مەنفا لای کەسی شاعیر ئەزمونێکی تایبەتە، ئایا ئەکرێت بڵێن لەئێستای ئەدەبی کوردیدا ئەدەبێکمان هەیە بەناوی ئەدەبی مەنفاوە؟

+ سەرەتا دەکرێت کێشەی مەنفا کێشەی تاراوگە لەچەند لایەنێکەوە ببینرێت، بۆنمونە دەکرێت لەڕووی کێشەی سیاسییەوە لەرووی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە لەڕوی کێشەی ئابوریەوە، خۆت ئەزانی کۆمەڵە خەڵکێک کوردستانیان جێهێشتووە لەم بیست سی ساڵانەی دوایی هەرکەسەو بەجۆرێک روی کردۆتە وڵاتێکی بێگانە، بەڵام ئەگەر لەڕوی بەرهەمی ئەدەبیەوە تەماشای بکەین دەکرێت بکرێتە دوو بەشەوە بەرهەمی تاراوگە دەکرێت لەبەشی یەکەمدا بەوشێوە بخوێنرێتەوە، جۆرە سۆزو نوستالۆژی و حەنینێکە بەرەو وڵات یانی لەو بەرهەمانەدا هەست دەکەین چ شاعیر بێت چ تەشکلیی بێت چ بەشەکانی دی بێت، جۆرە گەڕاندنەوەیەکە بەرەو زێدی یەکەم جار، لەبەشی دووەمدا دەتوانین ناوی بنێین رەنگدانەوەی تاراوگە بەشکڵێکی راستەوخۆ لەسەر ئەو بەرهەمانە مەبەستم ئەوەیە تەنها چەمکی گەڕانەوە بەرەو وڵات یا سۆزی نیشتمان نەبێت بەڵکو کلتوری مەنفا یان کلتوری ئەو وڵاتە بەچ شێوەیەک کاریگەری کردۆتە سەر ئێمە، مرۆڤەکانمان چۆن لە وڵاتی دووەمدا جارێکی تر زیندووبوونەتەوە، لەسەرەتادا ساڵانی سەرەتای هەشتاکاندا کە (زەردک)م نوسی زەردک جۆرە نوستالۆژیەک بوو، جۆرە خەون ئامێزێک بوو، جۆرە گەڕانەوەیەک بو بەرەو زێدی یەکەمم ئینجا ویستومە لەرێگای وێنە، لەرێگای ئاماژە، لەرێگای رەمز لەرێگای سیحرێکی سەربەستدا تەفسیری ئەم حاڵەتە بکەم، بەڵام لەدوا بەرهەمەکانم مەبەستم لەو دوو رۆمانەی کە لەم دواییەدا نوسیم بەپێچەوانەوەیە. مەبەستم ئەوەیە دەمەوێت ئینسانی کورد ببینم لەتاراوگە چۆن دەژێت پەیوەندی لەنێوان یەکتر پەیوەندی لەگەڵ کلتوری دووەم، پەیوەندی لەگەڵ ئاوهەوای نوێدا یانی تاکو ئێستا بەدەگمەن ئەم حاڵەتە رووەدات، لەو بەرهەمانەی کەوا دەبینرێت.

> **دەکرێت مەنفای شێرکۆ بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە، شێرکۆی مەنفی ئەوەندە هەڵچون و داچونی رۆحی لەکوردستاندا هەبووە وجودی رۆحی نەبووە لەتاراوگەدا، بۆیە گەڕانەوەی ئەو خەونێک بوو بەفیعلی تەحقیق بوو، بەڵام تەصەور ئەکەم خەونی من تەحقیق نابێ لەوڕووەوە من هەست دەکەم لێرە غەریبم، لەتاراوگەش غەریبم، جا غوربەت بەنیسبەت من ئیشکالیەتێک ئەتوانین بڵێین جەوهەریە لەوجودی مندا، من هەر غەریبم لەسەرەتای ژینمەوە بەغەریبی ژیاوم بۆیە کاتێک دەقەکانی شێرکۆ دەخوێنینەوە سەیر دەکەین سۆزو گەڕانەوەی بۆ نیشتمان بە بنەما سەرەکیەکان دەناسرێت**

- دکتۆر لەدوا ئەزمونی خۆتدا کە خوێندوتەوە، هەست دەکەیت بەشێوەیەک لەشێوەکان مەرگ باڵا دەستە گەڕانەوەیەک هەیە بۆ مردن، بەهەموو شێوازەکانیەوە، ئەمە چۆن هاتۆتە ناو ئیشکردنی تۆوە.

+ لەو قەصیدەیەی کە لەژێر ناونیشانی (ئەویان مرد) باس لەو حاڵەتە ئەکەم لەو (میتافورە) دەکەم واتە باس لەو جۆرە مەسحە دەکەم کە ئینسان لەتاراوگەدا دەمرێت و دەیسرێتەوە وەکو مارێک بێت کاژێک دابکەنێت کاژێکی دی بکاتە بەری، واتە ئەو کەسەی کە هەبوو دەبێتە کەسێکی دی، دەبێتە شەخصیەتێکی دی، واتە مردن نییە بەمەعنای موتڵەق (رەها) بەڵکو مردنێکە لەزندووبوونەوەدایە، یانی دەتوانین بیکەینە دوو قۆناغەوە، قۆناغێک مەرگ ئامێز، قۆناغێکی دی زیندووبونەوەی دووەم.

- دکتۆر لەئیشکردنی تۆدا مەبەستم ئیشکردنی تۆ لەتاراوگە، واتە لەئەدەبیاتی تۆدا بەشێوەیەک لەشێوەکان هەمیشە گەڕانەوەیەک هەیە بۆ ئێرە.

+ لەشیعرە سەرەتاییەکانماندا، ئەو شیعرانەی کەوا لەساڵی هەشتاکان تاوەکو ئازادکردنی کوردستان دەتوانین تا ئەو حاڵەتە ناوبنێین جۆرە سۆزو گەڕانەوەیەک بەرەو نیشتمان، بەڵام کاتێک کە بەفیعلی بەفیزیکی کە من گەڕامەوە بۆ ئێرە ئیتر ئەو حاڵەتە وردە وردە نەما، چونکە گەڕانەوەم بۆ کوردستان بوبووە شتێکی ئاسایی، جا ئەو حاڵەتە نەفسە بارستاییەی کەوا لەسەرم بوو وجودی نامێنێ جا لێرەدا بەرهەمەکانیش دیسانەوە توشی گۆڕانکاری دێن، بەجۆرێکی تر خۆم رێک ئەخەمەوە.

- دکتۆر ئەمە کێشەیەک نییە، بۆ نمونە بڵێین لەناو ئەدیبی کورددا کە ناتوانێ تێکەڵاوی ئەو کلتورە ببێ واتە لەبەرامبەر کلتوری خۆرئاوادا، لەبەرامبەر ئەو کلتورەدا جۆرێک لەنامۆیی دروست ئەبێت یانی جۆرێک ئاوێتەبوونت کردووە لەگەڵ ئەو گلتورەدا.

+ زۆر راستە بۆیە دەکرێت ئەگەر باسی بەرهەمەکانی خۆم بکەم دەتوانم بیکەم بەدوو قۆناغ، قۆناغێک هەر هەمان ئەو رەچەیەیە کە شاعیرانی تر یا شاعیرانی تاراوگە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکو ئێستا لەسەر هەمان رەچە ئیشمان کردوە، گەڕانەوە بەرەو زێد، گەڕانەوە بەرەو وڵات، خەون بینین بەگەڕانەوە، خۆشەویستی نیشتمان، لەواقیعێکەوە دەبێتە ئایدیالێک کوردستان بەجوان دەبینین، کوردستان خۆشەویست دەبینین، کوردستان دەبینین وەکو هەوارگەی منالیمان، هەوارگەی خەونە هەوارگەیەکی خەیاڵ ئامێز، بەڵام لەدوا قۆناغدا یان لەقۆناغی دووەمدا سەیر دەکەی ئەم خەونانە هەمووی دەپلیشێنەوە ئەو واقعەی کە کاتی خۆی بەخەیاڵەوە ئەمان بینی هەست دەکەیت وا نییە کە دێینەوە کوردستان ئیشکالیەتەکان بەجۆرێکی تر سەرهەڵدەدەن، ئیشکالیەتە سیاسیەکان، کۆمەڵایەتیەکان، نەفسیەکان، هتد.

جا لەم روەوە دەکرێت هونەرمەندی کوردی یا نوسەری کوردی یا شاعیری کورد، لەسەر ئەو چەمکە ئیش بکات مرۆڤی کورد لەدەرەوە چۆن دەژێت.

- مەبەستی من لەوەیە بۆ نمونە تەماشای نالی بکەیت مەنفای نالی مەنفایەکە لەئاستێکی جیهانیدایە، چونکە هەمیشە نالی ئاماژە ناکات بەگەڕانەوەی خۆی بەواتای مەنفای نالی لەئاستێکی جیهانیدا دەتوانین بیخوێنینەوە، بەڵام ئایا مەنفا لای تۆ چۆنە؟ ئەو ئاستە جیهانییە یان هەمیشە لەهەوڵیگەڕانەوەدایە بۆ ئێرە کە لەو هەوڵەشدا بوو بێگومان ئەو مەنفایە ناچێتە ئاستێکی جیهانیەوە، وەکو بۆنمونە تۆ ئەگەر ئەزمونی شێرکۆ بێکەس وەربگریت، شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەو شاعیرە مەنفاییانەی کە هەمیشە لەخەونی ئەوەدایە بگەڕێتەوە بۆ ئێرەو هەمیشە ئێرەی لەلا گرنگە، بۆیە مەنفای شێرکۆ بەقەناعەتی من مەنفایەک نییە لەئاستێکی جیهانیدا ببینرێت.

+ دەکرێت مەنفای شێرکۆ بەو شێوەیە لێکبدرێتەوە، شێرکۆی مەنفی ئەوەندە هەڵچون و داچونی رۆحی لەکوردستاندا هەبووە وجودی رۆحی نەبووە لەتاراوگەدا، بۆیە گەڕانەوەی ئەو خەونێک بوو بەفیعلی تەحقیق بوو، بەڵام تەصەور ئەکەم خەونی من تەحقیق نابێ لەورووەوە من هەست دەکەم لێرە غەریبم، لەتاراوگەش غەریبم، جا غوربەت بەنیسبەت من ئیشکالیەتێک ئەتوانین بڵێین جەوهەریە لەوجودی مندا، من هەر غەریبم لەسەرەتای ژینمەوە بەغەریبی ژیاوم بۆیە کاتێک دەقەکانی شێرکۆ دەخوێنینەوە سەیر دەکەین سۆزو گەڕانەوەی بۆ نیشتمان بە بنەما سەرەکیەکان دەناسرێت.

- تۆ ئەو مەنفایەی شێرکۆ چۆن ئەبینی، واتە ئەو ئەزمونەی شێرکۆ چۆن دەبینی؟

+ شیعری شێرکۆ بێکەس شیعرێکە بەدەوری ئیشکالیەتی کوردستاندا چەق دەبەستێت خۆی لەشیعرێکدا دەڵێت "ئەگەر کوردو کوردستان لەشیعرەکانم دەربهێنی هیچ نامێنێ) جا بەحەقەت راستە بەلای شێرکۆ واتە شێرکۆ ئەوەندەی کوردستان بەنسبەتیەوە گرنگە، رەنگە خوێنەری شیعری بەنسبەتی ئەوەوە گرنگ نەبێت.

- مەبەستی من ئەوەیە، ئایا ئەو ئەزمونەی شێرکۆ تەجروبەیەکە توانیویەتی لەئاستێکی جیهانبینی گەورەدا شێرکۆ پرسیار بکات.

+ بەراستی من نازانم جیهانی بەمانای چی دێ، بەراستی هەموو شیعرێک دەبێت خۆماڵی بێت، هەموو بەرهەمێک دەبێت خۆماڵی بێت لەسەرەتادا ئەگەر کار خۆماڵی نەبوو، بەرهەم خۆماڵی نەبوو، ناتوانێت ببێتە جیهانی، واتە بەجیهانیبونی بەرهەمی ئەدەبی سەرەتا دەبێ بەقۆناغی خۆماڵیدا تێپەڕێت، (سێرڤانتس) کە دۆنکیشۆتی نوسی زۆر خۆماڵی بوو باسی لامارچا دەکات، لامارچا لەناوجەرگەی ئیسپانیایە، لەناوچەیەکە کە ئیسپانیەکان خۆیان زۆر شارەزای نین، واتە هێندەی سێرڤانتس خۆماڵییە بڕواناکەم کەسێکی دی خۆماڵی بێت، بەڵام لەدوا خوێندنەوەدا سێرڤانتس جیهانییە، بەرهەمەکەی تائێستاش دەخوێندرێتەوە، تەرجەمەی زۆربەی زمانەکان کراوە. شکسپیر خۆماڵییە، مۆلێر خۆماڵیە، زۆر زۆر خۆماڵییە، بەڵام لەکوردستاندا ئیشی لەسەرکراوە، تەرجومەی کوردیش کراوە، ئێمە ئەگەر جەخت لەسەر خۆماڵیتی خۆمان بکەین، شتێکی زۆر زۆر بنەڕەتیە، بۆئەوەی لەدواهەوڵدا ببیتە جیهانی.

- دکتۆر ئەزمونێکی ترهەیە لەدوای شێرکۆ دەنگێکی تر دروست دەبێ ئەویش دەنگی (بەختیار عەلی)یە بەختیاریش دەنگێکە کاریگەریەکی زۆری هەیە لەناو ئێمەدا بەتایبەتی نوخبەی گەنجدا، تۆ ئەزمونی بەختیار چۆن ئەبینی؟

+ من دەبینم کاک بەختیار عەلی توانایەکی زۆر باشی هەیە لەرووی زمانەوە، لەڕوی داهێنانەوە، چ لەبواری رەخنەدا، چ لەبواری ڕۆماندا، چ لەبواری شیعردا، بەڵام لەچاوپێکەوتنێکدا بینیم کە دەڵێت ئێمە تاکو ئێستا لەژێر سوڵتانی زمانی شێرکۆین، من بەراستی وا نابینم، من هەست دەکەم بەختیار جیابونەوەیەکی زۆر زۆر ئاشکرایە لەجیهانی شێرکۆ.

> **عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی کەدەتوانین بڵێیم خەم و گرفتی نەتەوایەتی وای لێ دەکات شیعرەکانی زۆر تەسک ئامێز بێت**

- بەختیار مەبەستی لەوە چی بێت کە دەڵێت ٢٥ ساڵە شێرکۆ لەبەردەم دەرگای ئەدەبی کوردیدا وەستاوە هەموو ئەو دەنگانە ئەبن بەسێبەرێک و ئەو بەرجەستە ئەکەنەوە مەبەستم لەوەیە ئایا دەنگی تۆ یەکێکە لەو دەنگانەی کەزۆر جیاوازە لەشێرکۆ بەڵام کێشەکە لەوەدایە خوێنەری کورد زۆر ئاشنا نییە بەئیشکردی تۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆچی لەلای بەڕێزت؟

+ بێگومان من ئەگەڕێنەوە بۆئەوەی کەمن دەمێک ساڵە لەدەرەوەم لە ٩٢ بەدواوە تاکو ئێستا ٥، ٦ جار هاتومەتەوە بۆ کوردستان بنەمایەکی کۆمەڵایەتیم نییە لەکوردستان دا نە خەڵکی هەولێرم نە خەڵکی کەرکوکم نە خەڵکی سلێمانیم وە بەرەوامیش شتم نەناردوە بۆ گۆڤارو رۆژنامەکان چەند کتێبێکم چاپ کردوە لەهەندێ دەزگاکان بەباشی بڵاو نەبونەتەوە سەیر دەکەی بۆ نمونە سەمەقەندەرم بڵاوکردەوە بڕوا ناکەم بەتاوەتی گەیشتبێتە شارەکانی دی یا ئیشەکانی ترم ئیشکالیەتی بڵاوبونەوەی هەیە بڕوا بکە رەنگە هەر ئەوە بێت

- دکتۆر نەهاتیتە سەر جەوهەری پرسیارەکەی من هەست ناکەی دەنگی شیعری تۆ زۆر تەواو جیاوازە لەدەنگی شێرکۆ وە لەهەموو ئەو دەنگانەی دیکە کە هەیە؟

+ بەڵێ چونکە من لە ٨١ەوە کە لەشاری جنێف ژیاوم دابڕانێکی شیعری بوو نە بەنامە نەبەتەلەفۆن نە بەهیچ شێوەیەک شتم نەدەگەیشتێ واتە شتە کوردییەکان دابڕانێکی شیعری بوو ئیتر دەستم کرد بەخوێندنەوەی فەرەنسی بۆنمونە ئەوکات رامبۆم خوێندەوە بۆ دلێرم خوێندەوە. شاعیرانی (ئۆکتاڤیۆپا)م خوێندەوە ئەمانە کاریگەری زۆریان لێم کرد فەزای بیرکردنەوەم فەزای جیهان بینی لەبارەی زمان لەبارەی توخمەکانی تر گۆڕانکاریەکی زۆریان بەسەردا هات هەستم کرد ئازادم فیعلەن ئازادم چونکە هیچ سانسۆرێکی کۆمەڵایەتیم رەقابەیەکی ئەدەبی رەقابەیەکی سیاسی لەسەرم نەبوو جا ئەو ئازادییە وای لێم کرد شیعرێک بنوسم خۆی لەخۆی جیاواز بێت لەوەی کەدەنوسرا لەوکاتە.

> **شێرکۆ ئەوەندەی کوردستان بەنسبەتیەوە گرنگە، رەنگە خوێنەری شیعری بەنسبەتی ئەوەوە گرنگ نەبێت**

- دکتۆر لایەنێکی تری چاوپێکەوتنەکە ئەویش پەیوەندی هەیە بەوەرگێڕانەوە تۆ وەکو ئاگادارم بۆدلێرت هەموو کردوە بەکوردی، رامبۆت کردوە بەکوردی چ پاڵنەرێک بوون کەجەنابت ئەمانە بکەینە کوردی لەکاتێکدا خۆشمان ئەزانین کتێبخانەی کوردی هەژارە لەو سەرچاوانەدا.

+ من هێشتا لەکوردستان بووم لەحەفتاکان با بڵێین ٧٦، ٧٧ دەقی کوردیم ئەخوێندەوە یا دەقی عەرەبیم ئەخوێندەوە بۆ خۆم دەستم ئەکرد بەوەرگێڕانی هەندێ دەق لەعەرەبییەوە بۆ کوردی لە کوردی یەوە بۆ عەرەبی واتە خولیای وەرگێڕانی لای من لەمێژەوە سەری هەڵداوە بەڵام کەگەیشتمە شاری جنێف لەسویسرا ئیتر کەزمانی فەرەنسی فێر بووم وردە وردە ئەو دەقانەم خوێندەوە ئەموت حەیفە ئەمانە بەکوردی نەبن ئیتر هەوڵم دا زۆربەی ئەو شتانەی کەوا لەم دواییە دەرچون هەمووی دەستنوسی شاری جنێف بۆ نمونە بۆدلێرم لەوێ وەرگێڕا لە ٨٥ەوە دەستم پێکرد لە ٢٠٠٠ چاپ بوو رامبۆ دەسنوسی یەکەمم لەوێ وەرگێڕ ئۆکتاڤیوباسم لەوێ وەرگێڕ بەڵام تاکو ئێستا دەکرێن باسی وەرگێڕان دەبێت زۆر زۆر بەوردی بکرێت ئەویش ئەوەیە دەبێت بکرێتە بەرنامەی حکومەت مەبەستم ئەوەیە بکرێتە بەرنامەی وەزارەتی رۆشنبیری وەزارەتی پەروەردە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆئەوەی بەشێوەیەکی سیستماتیزە بەشکڵێکی بەرنامەڕێژکراوە. لەهەموو ئاستەکاندا. ئاستی زانستە مرۆیەکان لەبواری وەرزشدا لەبواری ئافرەتاندا لەهەموو بوارەکاندا ئەمانە بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت و بەڵکو لەزمانی یەکەمەوە لەئەڵمانییەوە بکرێنە کوردی لەفارسییەوە بکرێتە کوردی لەئیسپانییەوە بکرێنە کوردی لەفەرەنسییەوە بکرێنەوە کوردی بۆئەوەی پەنا نەبەنە بەر زمانی دووەم یان زمانی سێیەم چونکە بەتایبەت لەوەرگێڕانە ئەدەبیەکان دا بەها شکڵیەکانی خۆی ون دەکات چونکە ئەواتە ئێمە دەتوانین ئاڵوگۆڕێکی فعلیمان هەبێ لەگەڵ کلتورە جیاوازەکانی جیهاندا ئەو شتانەی کەتائێستا دەکرێت هەمووی بەرهەمی تاکە کەسن ئەم کارانەش بەهەوڵ و رەنجی تاکەکەس نایەتەدی دەبێت بەشێوەیەکی سەرتاپاگەری بۆ ئامادە بکرێت.

- تۆ لەوێ بەشداریت چۆنە لەرۆژنامەوە گۆڤارە بیانییەکاندا.

+ من وەکو رۆژنامەنوس ئیشم نەکردووە لەوێ من کاتی خۆی کەتێزەکەم لەسەر مەحوی بوو هەموو سەرجەمی شیعرەکانم کرد بەزمانی فەرەنسی بۆ تێزەکە لەدوای هەوڵم دا بڵاوی بکەمەوە لەدەزگای (ئارمەتان) لە ٢٠٠١ لەوێ بڵاوبوەوە وە هەروەها زەردک کرایە فەرەنسی لەساڵی ١٩٩٣ لەدەزگای ئارمەتان بڵاوبوەوە دیسانەوە لەچەند گۆڤارێک بەشداریم کردووە (گۆڤای ئەدەبی) یەکێک لەو گۆڤارانە لەشاری (بیزنۆسۆن) دەردەچێ بەناونیشانی (لەپوختێخ لێخبال).

لەوێ چەند شیعرێکم بەزمانی فەرەنسی نوسی و بڵاوبۆتەوە هەروەها لەچەند گۆڤارێکی تریش بەشداریم کردوە بە بەرهەمی شیعری.

- ئێستا ئەگەر ئاگادار بین واقعی روناکبیری فەرەنسی جۆرە شیعرێک هەیە بەناوی شیعری پۆست مۆدێرنەوە ئەمە چۆن ئەبینی ئەم شیعرە کە تەکتیک رون ئەکاتەوە وە سورەتێک ئەشکێنی ئەم ئەزمونانە چۆن ئەخوێنیەوە؟

+ بەراستی من ئێستا کەشیعر دەبینم دەمەوێت هەموو رێبازێک هەموو میتۆدێک هەموو قوتابخانەیەک رەت بکەمەوە من دەمەوێ شاعیر خۆی قوتابخانەی خۆی بێت خۆی ستایلی خۆی دروست بکات خۆی ئاووهەوای خۆی دروست بکات یەعنی پۆست مۆدێرنیزم شتێکەو شیعر شتێکی ترە هەر شاعیرەو بۆ خۆی رەچەیەکە بۆ خۆی دونیایەکە پێویست ناکات ئێمە بیان خەینە خشتەسازییەوە

- دکتۆر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لای تێزەکەت تێزەکەت لەسەر مەحوییە بۆ مەحوی لەنا زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا؟

+ لەبەر سێ هۆ یەکێک لەوانە حەزم دەکرد کارێک بکەم لەسەر تەصەوفی ئیسلامی بێت حەزم ئەکرد کار بکەم لەسەر بەرهەمێکی شیعری حەزم دەکرد ئەو کەسەش کورد بێت یانی سێ چەمکم لەیەک کاتدا گرێدا (مەحوی لەهەمان کات لەبواری تەصەوف ئیشی کردوە لەهەمان کاتدا شاعیرە لەهەمان کاتیشدا کوردە) جا بۆ ئەمە پێویستم بەکۆمەڵێک سەرچاوە هەبوو سەرچاوەی موستەشریقییەکان ئەوانەی (ئۆرێنتالیست) یان پێ دەڵێن لەبواری تەصەوفدا ئیشیان کردوە وەکو هێنەری و کوربان یەکێک لەوانە مەسینیۆن کۆمەڵێک خەڵکی دیش بۆ خۆم هەستم کرد سودبەخشە لەبەرئەوەی کەلێنێکی زۆر هەبوو لەبواری مەعریفی من لەبارەی تەصەوف بۆیە دەستم کرد بەخوێندنەوەی ئەو شتانە ویستم مەحوی بخوێنمەوە سەرلەنوێ لەژێر تیشکی ئەو بزانم ئەم کابرایە لەسەدەی نۆزدە باسی چی کردووە کاتێک تەماشای فیکری تەصەوف دەکەی وەکو فیکر یا وەکو بەرهەمی ئەدەبی سەیری کەی کۆمەڵگای کوردەواری زۆر زۆر درەنگ دێتە گۆڕەپانی تەصەوفەوە یەعنی تەصەوف لەقەرنی نۆزدە لەجیهانی ئەدەبیاتی تورک و لەئەدەبیاتی فارس و لەئەدەبیاتی عەرەب کۆتایی پێهاتبوو بەڵکو سەدەی نۆزدە سەدەی راپەڕینێکی نەتەوایەتییە بەڵام یەکێکی وەکو مەحوی دێت لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم ئەو شیعرە تەصەوفەمان بۆ دەنوسێ پرسیاری ئەوە دەکەم بۆچی لەئەدەبیاتی تورکی یەکێکی وەکو جەودەت فیکرەت نامیق کەمال ئەمانە دژی دەسەڵاتی عەبدولحەمیدی دوو وەستان و توشی مەنفا هاتن چونکە جەختیان لەسەر نەتەوەی تورک دەکرد بۆچی یەکێکی وەکو مەحوی دێت بەشانوباڵی یەکێکی وەکو عەبدولحەمیدی دوودا هەڵدەدا بەنسبەت منەوە ئیشکالییەتێکە لەناو زیهنی لەئێمەدایە جاویستم ئەم لایەنە بخوێنمەوە لایەنێکی دیش پەیوەندی لەنێوان شەریعەت و تەریقەتدا چییە یانی تاچ رادەیەک مەحوی شیعرەکانی شەریعەت ئامێزن تاچ رادەیەک تەریقەت ئامێزن هەست دەکەی لەدوا خوێندنەوەدا مەحوی لەنێوان دوو دنیادا نازانێ کامیان هەڵبژێرێت دنیایەک کەشافعیەتە کەدەستورەکانی ئیسلامە خۆی پێ دەبەستێتەوە دەگەڕێتەوە سەرچاوە لەوێوە دەکرێ مەحوی بەسەلەفی بخوێنرێنەوە لەلایەکی دیشەوە هەست دەکەی مستەصەوفێکە دەیەوێت غەرق بێتەوە وەکو ئەو ئیستغراقەی کەکاتی خۆی غەزالی باسی دەکرد بۆئەوەی دنیایەکی نوێ سەرلەنوێ دروست بکاتەوە دنیایەکی بێ گەرد بێت جا لەدوا پێناسەدا دەکرێت مەحوی بگرەو بەردەیەک بێت لەنێوان شەریعەت و لەنێوان حەقیقەتدا.

- دکتۆر پێشکەش کردنی دکتۆراکەت چۆن پێشوازی لێکرا؟ لەسەر مەحوی وەکو بەرێزیشت ئاماژەت پێکرد چاپیش کراوە.

+ بەراستی ئەو خوێندنانەی دەربارەی رۆژهەڵاتەوە دەنوسرێت لەدانیشگاکاندا زۆر ئەکادیمین زۆر لەچوارچێوەی ئەکادیمیەتدا دەبینی ئەو تێزەی من ئەگەر لەچوارچێوەی دانیشگادا تەماشای بکەی دەچێتە ئەرشیفەوە مەبەستم ئەوەیە دەچێتە کتێبخانەوە ئیتر ئەو کەسانەی ئەگەر بیانەوێ دەربارەی تەصەوفی کوردی ئیش بکات رەنگ بێت بیکەنە سەرچاوەو سودی لێ ببینێ بەڵام وەکی دی ئەو ئیستفادەیەی نابێ دووەمیش ئەم کتێبیە کەبڵاوبۆوە سەرجەمی شیعرەکانی مەحوی بوو بێگومان ئەوانەی کەوا پسپۆڕن لەبواری رۆژهەڵاتناسی دا لەبواری کوردناسیدا دەیخوێننەوە بڕوا ناکەم خوێنەرێکی پان و پۆڕ هەبێت بۆ ئەم جۆرە شیعرانە.

- ئەم پرۆژەیەت کرد بەکوردی؟

+ بەڵێ ئەم پرۆژەیەم کرد بەکوردی بڵاوبویەوە لەدەزگای ئاراس.

- دکتۆر ئێوە لەبەرنامەتان نییە بەرهەمی شاعیرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی کەدەنگی دیارن وەربگرێنە سەر زمانی فەرەنسی.

+ لەراستیدا من حەزم کرد چەند هەوڵێکیشم دا لەو رووەوە بەڵام لەوێ گرفتی چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە یانی ئەوەندەی ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کەئەمە بەرهەمێکی کوردییە بیر لەبازار ئەکەنەوە ئەگەر بازارێ هەبێ دەکرێ من چەند هەوڵێکم هەیە بەڵام بازاڕی نییە بەکوردی.

- دکتۆر ئەگەر بەدێڕێکیش بێت چەند ناوێکت پێ دەڵێم دەتوانیت لەسەری بدوێیت ئەگەر دەست پێبکەین لەعەبدوڵڵا پەشێو.

+ عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی کەدەتوانین بڵێیم خەم و گرفتی نەتەوایەتی وای لێ دەکات شیعرەکانی زۆر تەسک ئامێز بێت.

> **من دەبینم کاک بەختیار عەلی توانایەکی زۆر باشی هەیە لەرووی زمانەوە، لەڕوی داهێنانەوە، چ لەبواری رەخنەدا، چ لەبواری ڕۆماندا، چ لەبواری شیعردا، بەڵام لەچاوپێکەوتنێکدا بینیم کە دەڵێت ئێمە تاکو ئێستا لەژێر سوڵتانی زمانی شێرکۆین، من بەراستی وا نابینم، من هەست دەکەم بەختیار جیابونەوەیەکی زۆر زۆر ئاشکرایە لەجیهانی شێرکۆ**

- شێرکۆ بێکەس

+ شێرکۆ بێکەس لەگەڵ رەوتی مێژوی سەرهەڵدانی یاخی بونی کورد وجودی شیعری هەیە.

- بەختیار عەلی

+ بەختیار عەلی فەزایەکی فراوانی هەیە من هەست دەکەم ئازادی ئەبەخشێ بەخەڵکی.

- محەمەد عومەر عوسمان

+ رۆمانسییەکە دەبوایە لەقەڕنی ١٩ سەری هەڵدایە.

- گۆران

+ گۆران پرۆژەیەکی چاک بوو بەڵام بەتەواوی نەخەملا

- شتێک کەبەلامەوە مەبەستە هاشم سەراج

+ هەندێ شتیم خوێندۆتەوە خراپ نییە

- دڵشاد عەبدوڵڵا

+ ئەویش هەر خراپ نییە

- دکتۆر فەرهاد پیربال

- فەرهاد پیربال یەکێکە لەو یاخیانە وجودی خراپ نییە لەکوردستان.

- باشە دکتۆر گیان زۆر سوپاس

+ سوپاس ■

گروپی رەخنەی چاودێر:
سامی هادی
محەمەد نوری - دانا ئەحمەد
رەخنەی چاودێر

رامانو بیرکردنەوەی هێمنانە لەسەردەمی رەشو جەنجاڵدا

دەربارەی ئەزمونی جەلال بەرزنجی شاعیر

عبداللە تاهیر بەرزنجی

شاعیرانی حەفتا دەنگی تایبەتیو جیاوازن، ناڵێین هەموویان، بەڵکو چەندێنیان، بەتایبەتی لەوانەی کە گوریان بەشیعری نوێ داوە.

حەفتاکان خاڵی وەرچەرخانە لەشیعری نوێی کوردیدا، هەم هەوڵدانە بۆ دەرچوون لەشیعری قۆناغی ریادەت، هەم برەودانیشە بەجۆرێکی دی لەنوێبوونەوە.

لەحەفتاکاندا، دەتوانین چەندین دەنگی تایبەتی دەستنیشان بکەین، راستە هاونەوەی یەکدین، بەڵام سیماو خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە. شێرکۆ جیایە لەلەتیف پەشێو، ئەنوەر قادر جیایە لەرەفیق سابیر، نەوزاد رەفعەت جیایە لەجەلال بەرزنجی، واتە ئەو ناوانەو چەندین ناوی تر بوون بەدەنگی تایبەت. هەریەکەیان جێگای تایبەتی خۆی هەیە.

جەلال بەرزنجی یەکێکە لەو شاعیرانە، لەو دەنگە تایبەتییانە، خۆ ئەگەر زۆر شتو سیما زۆربەی ئەو داهێنەرانە لێکنزیک بکاتەوە، ئەوە جەلال بەرزنجی هەوڵی تایبەتی داوە بۆ دوورکەوتنەوە لەسەنتەری بزوتنەوەکە، بۆ دوورکەوتنەوە لەجەماعەتە شیعرییەکەی ساڵانی حەفتا. رەنگە ئەم دوورکەوتنەوەش وایکردبێت زۆر باسنەکرێت، بەڵام وەقعێکی تایبەتی هەیە، دەبوایە زوو رەخنە ئەزموونەکەی بخستایەتەروو لەشیعری کوردیدا، بەتایبەت لەوجۆرە شیعرەدا کە باسی شکستو هەستانەوە دەکاتو رۆحی شۆڕشگێڕی بەرجەستەدەکات، هەست بەهەراوحەماسەتو سەرگەرمیو دەنگبەرزکردنەوە دەکەیت، لەشیعر یان بەگشتی لەو ئەدەبەدا کە بۆ شۆڕشو شکستو هەڵسانەوە دەنوسرێت دیاردەیەکی زەق بەدیدەکەیت کە ئامێتەیەکە لەدەنگی تۆپو گوللەو ناڵەی دایکو گریان بەدەنگی بەرز بۆ شەهید، واتە لەوجۆرە شیعرانەدا دەنگێکی بەرز هەیە زاڵە، نەڕەی شێرانەی لامەبەستە، شاعیرەکەیش دەیەوێ ئەو دەنگە بەرزە هەر بەکەرەستەی زبرو رەقو زەق بگەیەنێتە خوێنەر. ئەم حاڵەتە لەشانۆییشدا رەنگی داتەوە، لەزۆر شانۆی کوردیدا هەست بەزاڵبوونی هەراوهوریا دەکەیت، جاری وا هەیە هەڵوێستە شانۆییەکە بێدەنگیو هێمنی گەرەکە بەڵام سەیردەکەیت هەر زمانە باڵا پڕ لەهەراکە زاڵدەبێت. بۆچی نابێت ئێمە ئەدەبێک لەسەردەمی شکستو هەڵسانەوە یا لەرووداوێکی شۆڕشگێڕانەدا بنووسینو دەنگمان بەرزنەکەینەوە؟ تورەنەبین، وشەی تۆپو شەهیدو تفەنگو ئاگرو رقی ئەستور بەکارنەهێنین؟ ئەمە کارێکی شیاوە، دەکرێ دوانەی نشوستو هەڵسانەوە بنووسینو دوور لەزمانی ئاگر، بەزمانێکی هێمنانەو بەبیرکردنەوەیەکی سارەوە نەزمی هەڵسانەوەمان لەنشوست، تۆماربکەین.

> **ئەوە جەلال بەرزنجی هەوڵی تایبەتی داوە بۆ دوورکەوتنەوە لەسەنتەری بزوتنەوەکە، بۆ دوورکەوتنەوە لەجەماعەتە شیعرییەکەی ساڵانی حەفتا**

جەلال بەرزنجی یەکێکە لەو دەنگە کەمە بێهاوتایانەی شیعری کوردی کە بەزمانی رامانو بیرکردنەوە لەسەرخۆ پاش کارەساتی ١٩٧٥ لەسەر دوانەی نشوستو هەڵسانەوە وەستاوەو بگرە کردونی بەتیمەی زۆر لەشیعرەکانی. لەبەرئەوەی بۆچوونی ئێمەو خوێنەرانی ئێمە لەو سەردەمەدا بۆ ئەدەبێک باسی هەڵسانەوەو سرینەوەی نشوست بکات، هەرەوابووە کە پڕبێت لەزمانو وشەو رستەو وێنەی ئاگرینو ویستومانە گوتارێکی راستەوخۆ بێتو حەماسەت بێنێتەدی، ئیتر ئاوڕمان لەشیعری جەلال نەداوەو نەمانکردووە دەنگێکی هێمنانەی وەهاکەشف بکەین.

ئەزموونی جەلال بەرزنجی زیاتر لەدوو دیوانیدا خەستبۆتەوە، یەکێکیان (سەمای بەفری ئێوارانە)، کە ساڵی ١٩٧٩ لەبەغداد چاپ بووە، دووەمیشیان دیوانی (گەرم نەبوونەوە)یە کە لەهەشتاکاندا چاپ بووە. لەگەڵ جیاوازی هەردووکیاندا، لەهەندێک رووەوە، بەڵام هێڵێک یان دەزوویەک هەیە جیهانی هەردووکیان کۆدەکاتەوەو ئەزموونەکە پتەوتردەکاتەوە.

رامان (تێرامان) و هێمنی لەبیرکردنەوەدا لەیەکەمدا بووە بەسیمایەکو لەکۆمەڵە شیعری دووەمیشدا رەنگیداوەتەوە.

لەکۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران)دا جەلال لەلاپەڕەی دوای ناونیشانەکەی ناوەوە، یەکسەر لەلاپەڕەیەکی تایبەتدا رستەیەکی شاعیرو رۆماننوسی بەناوبانگ باسترناکی هێناوەتەوە کە دەڵێ: (پێویستە لەسەردەمە جەنجاڵو پڕ ئاژاوەکانیشدا بەهێمنی بیربکەینەوە).

> **لەکۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران)دا جەلال بەرزنجی لەلاپەڕەی دوای ناونیشانەکەی ناوەوە، یەکسەر لەلاپەڕەیەکی تایبەتدا رستەیەکی شاعیرو رۆماننوسی بەناوبانگ باسترناکی هێناوەتەوە کە دەڵێ: (پێویستە لەسەردەمە جەنجاڵو پڕ ئاژاوەکانیشدا بەهێمنی بیربکەینەوە). بەبۆچوونی من ئەمە کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگای جیهانی ئەم دیوانەی جەلال بەرزنجی**

بەبۆچوونی من ئەمە کلیلێکە بۆکردنەوەی دەرگای جیهانی ئەم دیوانەی جەلال بەرزنجی. ئەمە وەکو بەیاننامەیەک وایە دەربارەی ئەو ناهەمواریییەی ئەو سەردەمە دەریبڕیووە، ئەشێ بیرکردنەوەی کەسێک یا شاعیرێک سەرتاسەری ژیانی وەک ئەو رستەیە بێت، ئەشێ سیمای بیرکردنەوەی سەردەمێکیش بێت. باسترناک لەوسەردەمە جەنجاڵەی روسیای سۆڤێتدا کە سیستەمێکی گشتگەری تیا حاکم بوو هەڵگرانیشی دەیانەویست بست بەبستی دنیاو مێشکی مرۆڤ بەو سیستەمە گشتگەرییە بپێون، لەو سەردەمە تاریکەدا کە دەیەها نووسەرو ئەدیبی روسیا ئەشکەنجەدرانو بیرو ئارەزوو سەربەستیشیان زەوت دەکراو بەرەو بەندیخانەو مردن دەبران. تەنانەت نووسەرێکی وەک ماکسیم گۆرکی کە زۆر لەرژێمەوە نزیک بووە، کەچی هەر لەچاودێریکردنو توقاندن رزگاری نەبووە.

لەوسەردەمەدا کە ئومێد نەماو مرۆڤ سەرگەردان دەکرا، لەو سەردەمە جەنجاڵو تاریکەدا کەسێکی وەک باسترناک کە دەتوقێنرا بۆئەوەی خەڵاتی نۆبل رەتبکاتەوەو وەرینەگرێ، بەڵێ لەو سەردەمەدا ورەی بەرنەداو لەجیاتی رشتنی تورەیی بەسەر زمانو ئەدەبو بیرکردنەوەی خۆیدا بەپێویستی دەزانی لەوسەردەمە جەنجاڵەدا مرۆڤ بەهێمنی بیربکاتەوە. وەک ئەوەی فەلسەفەکەی باسترناک وابکەوێتەوە کە چەند رقی حاکمو دکتاتۆر ئەستور بێتو پتەوبێت بەڵام هێمنی مەحکوم دەیبەزێنێتو لەبەر هێمنیدا بۆی ناکرێت تا سەر بەرو بەژیانو بەردەوامی زەبری خۆی بدات.

جەلال بەرزنجی دوای کارەساتی کەوتنی (١٩٧٥) لای خۆی سەرگوزشتەی ژیانی باسترناک دەگوێزێتەوە بۆ ناو چوارچێوەی بیرکردنەوەی خۆیو بەو رستەیە جەنجاڵی سەردەمێکی پێشوو و وڵاتێکی تاریکی تر دەکاتە هاوماڵی جەنجاڵیو تاریکی قۆناغێکی خۆمان، واتە هاو رۆشنفکرییەک (مپاقفە) روودەدات بەڵام نەک لەنێوان رۆشنبیرییەکی باڵای حاکمو رۆشنبیرییەکی ژێردەستەدات. دیارە رۆشنفکر ئاوێزانی هەر تەنها لەنێوان رۆشنبیری داگیرکەرو میللەتانی ژێردەستەدا روونادات، ئەشێ لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندی حاکمو ژێردەستەیە دەرچێتو بکەوێتە مەودایەکی مرۆیانەوە.. روس وەک داگیرکەر ئێمەیان داگیرنەکردووە، تا ئەدەبو بیرکردنەوەی باسترناک لەکاتی هاتنیا - وەک لەم حاڵەتەی جەلالدا - دەبینرێ - بێت بەرۆشنبیری سەردەستە. بەڵام دەکرێ هاتنەناوەوەی رۆشنبیریی ئینگلیز لەسەردەمی داگیرکردنی کوردستان یا تورک لەسەردەمی عوسمانیدا ببێت بەجۆرێک لەرۆشنفکر ئاوێزانی، وەک چۆن لەنێوان رۆشنبیریی فەرەنسیو رۆشنبیری جەزائیریدا - وەختی داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنسییەکانەوە رویداوە - واتە موساقەفەکەی جەلال بەرزنجیو باسترناک لەکەشوهەوایەکی سەربەستو دوور لەزەبروزەنگدا رویداوە، جەلال بەرزنجی بەئارەزوو و ئیختیاری خۆی گەڕی رۆشنبیرییەکی سەردەمێکی تاریکی کەشفکردووەو گواستویەتییەوە بۆ ناو پانتایی رۆشنبیری کوردی. زۆر لەشاعیرانمان ئەدەبی فێتنامو فەلەستینیان دۆزیوەتەوەو پەنایان بردۆتە بەر تورەیی، وەک لەپێشدا وتم ئەو رستەیەی باسترناک کە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی سەمای بەفری ئێواران تۆمارکراوە لای جەلال رۆڵی بەیاننامەیەک دەبینێ. ئەم بەپێچەوانەی جەماعەتەوە، لای خۆی وەک شاعیرێک لەشیعرەکانیا رەنگدەداتەوەو وەک مرۆڤێک کە دەیەوێ بیکات بەبەلاغێکو بیگەیەنێتە کەسانی دی. دیارە رەنگدانەوەی لەشیعرەکاندا وەک بەلاغێکی سەربازی پیادە ناکرێ لەشیعرا بەجۆرێکی دیو بۆ ستراتیجیەتێکی تر دەخرێتەگەڕ. هەربۆیە ئەوەندە لا لەهێزی بیستن بۆ دەقەکانی ناکاتەوە وەک لای شاعیرە شۆڕشگێڕەکان لای لێدەکرێتەوەو بگرە دەکرێت بەکۆڵەکە بۆ وروژاندنی حەماسیو سەرگەرمکردن.. لێرەوە ئەگەر سەیری ئەو شاعیرانە بکەین دەیبینین هەمیشە پەنادەبەنەبەر کێشی قورسو ئیقاعی پڕ هەراو وشەو رستەی ئاگرین تاکاریکەنە سەرگوێی خوێنەر. بەڵام جەلال بەپێچەوانەی ئەوانەوە، دەڵێی شیعر بۆ خوێندنەوەی سەر کاغەز دەنووسی نەک بۆ گەیاندنی بەخوێنەر لەرێی گوێگرتنەوە. بۆیە دەقەکانی وەک وێنەی سینەماییان لێدێتو چاوەڕوانیی گوێگرتنیان لێناکرێت بەڵکو پەلکێشمان دەکەن بەرەو تێفکرینو تێرامان کە لەگەڵ شیعرو ئەدەبی حەماسیا تەبا نابێت.

زۆر رستە یا دێڕ دەبینرێن لەلاپەڕەی یەکەمی دیوان یا کۆمەڵە شیعر یا قەسیدەدا دەنوسرێن، هی کەسانی ترنو دێن لەپێشدا دەیانووسن، بەڵام زۆربەیان پەیوەندییان بەکەشوهەوای ئەو شیعرانەوە نییە، هیچ وەزیفەیەک نابینن، هەبنو نەبن هیچ فەرقناکەن. ئەڵێی ئەو شاعیرە کە دەیانگوێزێتەوە بۆ سەرەتای دیوانەکەی یا شیعرەکەی، هەر حەزی لەوتەی ئەو شاعیرو نوسەرە کردووەو دڵی پێوە بووە لەشوێنێکدا ئەو ئیعجابە بەرامبەر ئەو دێڕە یا وتەیە دەربڕێتو بۆ نەگبەتی شوێنی نادۆزێتەوە لاپەڕەی یەکەمی دیوانەکەی یا شیعرەکەی نەبێت. جارێک شاعیرێک لەپێش ناوەکەی خۆیەوە (وأمرناهم)ی نووسیبوو گوایە ئەمە شیعری شاعیرێکی کلاسیکی کوردەو ئەمیش پێی سەرسام بووەو لەسەرەتای شیعرەکەیدا ئامادەی کردووە، ئیتر نەیزانیووە ئەمە وشەیەکە لەفەرمودەی پێغەمبەرەوە یا قورئانەوە کەوتۆتە ناو دێڕێکی شاعیرە کلاسیکییە کوردەکەوە، رەنگە لەناو شیعرەکەدا رۆڵێک ببینێ، بەڵام لەدەرەوەی شیعرەکە بەتەنیا هیچ رۆڵ نابینێت.. واتە دابڕاوە لەزەمینەی خۆی.

ئەو رستەو دێڕانەی نووسەرانی تر کە شاعیرێک یا چیرۆکنووسێک هەڵیانە بژێرێو لەلاپەڕەی یەکەمی کۆمەڵە شیعرێکی یا چامەیەکی یا کۆمەڵە چیرۆکیدا ئامادەیان دەکاو دەیانچەسپێنێت نابێت لەخۆڕاو بێهۆشیارییەوە بن دەبێت ئەرکو وەزیفەی ستاتیکیو گرنگیی پتەوکردنی شیعرییەتیان هەبێت، ببن بەدەروازەیەک، دیارە ناونیشان دەروازەی یەکەمە بەڵام لەو کاتانەدا ئەمان دەبن بە دەروازەی یەکەمو ناونیشانیش دوای ئەمان دەبێت بەدەروازەی دووەم، گەر وانەبن ئەوە نەبوونیان باشترە، دەبنە ناوک یا دەبنە هۆیەک بۆ دۆزینەوەی هێڵەکانی ناوەوە. من بۆ خۆم کەمجار ئەم حاڵەتە دروستەم لەئەدەبی کوردیدا بەدیکردووە، جەلال بەرزنجیو رستەکەی باسترناک بۆ زۆربەی شیعرەکانی سەمای بەفری ئێواران رێکو رەوانن و رادەی شیعرییەت زیاد دەکەنو بەشێوەیەکی شیعرییانە پەیوەندییەکان روندەکەنەوە، بەڵام لای خۆمان وەزیفەو ئەرکی شیعرییەت لەپاڵ بەکاربردنی ئەم جۆرە رستەو دێڕانەدا گرنگیی وەهایان نییەو من لەلای خۆمەوە بۆ دوو شت دەیانگێڕمەوە:

یەکەمیان: بۆ پیشاندانی هێزو بازو و شارەزاییو بەئاگابوونی شاعیرەکەیە بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە شارەزایەو بەئاگایە لەبیرو بەرهەمو ئەدەبی کەسانی تر، یا پەیوەندی بەحاڵەتی سەرسورمانەوە هەیە بەدێڕێک یا بەبەیتێک یا رستەیەکی کەسێکی تر، حاڵەتەکەی لا ئەمێنێو چاوەڕوانی ئەوەدەکات لەپێشەکی دەقێکی خۆیدا بەئیعجابەوە بیگەیەنێتە خوێنەر، ئیتر لەبیری ئەچێت ئەویش هونەرێکە وەک ئامرازەکانی خاڵبەندی ئەرکی هەیە کە بێئەرک بوو ئەوە گرنگیی بەشیعرییەتی دەقەکە نابەخشێ.

هێمنیو بونیادی شکستو هەستانەوە

لەم کۆمەڵە شیعرەی جەلالدا دەتوانین نەخشەیەک ئامادە بکەین هێمنی بخەینە بەرامبەر جۆری هەستانەوەو جەنجاڵیش بەرامبەر نشوست دابنێین.. دژە دوانەی جەنجاڵیو هێمنی بوون بەبونیادی زۆر لەدەقەکانی دیوانەکە لەسەر سیستەمی نشوستو هەڵسانەوە، جەنجاڵیو بشێویو دابڕانو ترس دەبن بەلایەنێکی تەواوی شیعرەکان، کەسەکان وەک پاڵەوانی فیلمێک یا چیرۆکێک دەرمێننو دەکەون، هەراسانیو جەنجاڵی ئابڵوقەیان ئەدەن، بەڵام لەبری بێئومێدی هەمیشە بیر لەهەستانەوەو ئاسۆی کراوە دەکەنەوە، بەهێمنی بیردەکەنەوە، تورەییو شپرزەیی دەخەنەلاوە. ئەشێ جەلال پێش نووسینی دەقەکانی ئەو رستەیەی باسترناکی کەشفکردبێت، یاخود هەر بۆ خۆی سروشتی بیرکردنەوەی وا هەڵکەوتبێت، ئەشێ دوای نووسینی دەقەکانی ئەو رستەیەی خوێندبێتەوە، گرنگ ئەوە نییە کەی، گرنگ ئەوەیە چۆنچۆنی تەوزیفیکردووە، چ رۆڵێکی جوان بۆ رونکردنەوەو ریتمایکردنی خوێنەر دەبینێ بۆ ناو ناخی هۆنراوەو پەیوەندییەکانی ناوەوە.

لەچەندین شیعری ئەم دیوانەدا پەنابردنە بەر هێمنیو بەربەرەکانێی جەنجاڵیو شپرزەییو خامۆشبوونەوە بەدیدەکرێ.

لەشیعری (سەرەتای دەرکەوتن)دا دەڵێ:

رێگای ئەو بەر بەتەواوی لەتاریکی،
ون نەبووە،
بێیت دەتبینم.
تارماییەکەت لەچیلە بەرەکان
جیادەبێتەوە،
ماوەیەک لەناو چەم دوادەکەوێ!
بەگریانەوە تانیوەی رێ بەپیریەوە دەچێ،
(نەهاتبای، لەبەر ئەو سەرمایە دەوەستام،
تا دەمردم)
یەکتریان تەواو گرتە باوەش!
بەفرێ ئەستوریش بەسەریاندا باری،
بووە شوورەیان
ئەها: هەردووکیان مردن،
نەو: نەمردوون،
وا چراکەیان خۆش دەکەنەوە).

ئەمەوێ پێش ئەوەی بچمە ناو باسکردنی پەیوەندی نێوان رستەکەی باسترناکو ئەم شیعرە (سەرەتای دەرکەوتن) تۆزێک ئاوڕ لەبونیادی ئەم دەقە بدەینەوە. جەلال لەم شیعرەو لەزۆر شیعری تریا پەنا دەباتە بەر وێنەی سینەما لەبەرئەوە بۆ خوێندنەوەی بەبینین چ لەرێگای وەرەقەوە بێ یا وەک دیمەنی سینەمایی شیعرییەتیخۆی فەراهەمدەکات بەڵام نەک وەک وێنەیەکی بەلاغی بەپەیوەندیو ئامرازی لێکچوونەوە، نەخێر وەک وێنەیەکی وەستاوی رەوانبێژیانە نا، بەڵکو وەک وێنەیەکی سینەمایی زیندوو کە جوڵەو هێزو رووداوی تیایە زەمەنو جێگاو سەرەتاو کۆتایی خۆی هەیە. لەزەمەنێکیا روداوێک دەستپێدەکاتو لەزەمەنێکی ترا پاش جوڵانو شپرزەییو داخستنو کرانەوە کۆتایی دێت. جگە لەگێڕانەوەو وێنەی سینەماییو زەمەنو شوێنو روداو دوو (کەسێتی) بەرجەستەکراون. یەکێکیان چاوەڕوانی ئەویتریان دەکات. گێڕەرەوە لەرێگای کامێرای سینەماییەوە دیمەنەکانو لەقتەکان تۆمارو مۆنتاج دەکات، ئەمیان چۆن چاوەڕوانی ئەویان دەکات، یەکەم چۆن دەگری، لەدیمەنێکی ترا چۆن بەیەک دەگەنو یەکتر دەگرنەباوەش، لەدیمەنێکی ترا بەفر بەسەریانا دادەبارێ، ئینجا پێشبینی گێڕەرەوە یا هەڵگری کامێرا کە شاعیرە، بەوەی کە دەمرن یا نامرنو کۆتاییش بەخۆشکردنی چراکەیان دێت.

لێرەدا ئەرکی شاعیر لەسەر ئاستی هونەری وەک ئەوە وایە کورتەچیرۆکێکی شیعر ئامێزی بۆ سینەما ئامادەکردبێت، شاعیر ئەرکی سیناریستی بینیوە. لەقتە دوای لەقتە دیمەن دەخاتە سەریەک. شیعرەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی وێنەیەکی حەرەکی دروستدەکات، دینامیکیەتی تیایە، وەک ئەم وێنە بەلاغییە وەستاو نییە کە ئەڵێی بەکامێرای فۆتۆگراف گیراوە.

(مەمکت سێوە بەدارەوە)

تەشبیهێکی بەلاغی وەستاوە، جموجوڵی تیا نییە، مەمک شوبهێنراوە بەدار بەس.

کەمجار ئەم دیمەنە وەستاوە بەلاغییانە لای جەلال بەدیدەکرێن، لەوکاتانەشدا دەکرێت بەهاوسێی دیمەنو وێنە سینەماییە جوولەدارەکە:

(شاخەکان چەقیونەتە دڵم
خوێنم دەرژێتە سەر قەدپاڵەکان)

پێشو پاشی ئەم وێنەیە روداوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو وێنەیەی سەرەوە دوورە لەشێوازە بەلاغییەکە چونکە هێشتا هەر هەست بەبزوتنەوەو جوڵەی نێوانیان دەکەین.

ساتی رونبوونەوەی وتەکەی باسترناک چۆن لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقەدا روودەدات؟

لەناوەڕاستی دەقەکەدا هەست بەگریانو چاوەڕوانیو شپرزەییو ترسی سروشتو مردن دەکرێ وەک بینەری دیمەنەکە هەست بەشپرزەییو جەنجاڵیی روداوو ساتو کێشەی پاڵەوانەکە دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو شپرزەییو ترسەدا هەست بەدڵنیایی دەکەین. هەم نێرەر (کە شاعیرە) هەم (پەیامەکە کە لێرەدا وەک دیمەنە سینەماییەکەی لێدێتو هەم بینەر یا وەرگری پەیامەکەیش) هێمنانە کارەکانیان ئەنجامدەدەن، بەپێی نەخشەکەی یاکوبسن شاعیر وەک نێرەر دیمەنەکان بەهێمنی دەنێرێو نامە یا پەیامەکەیش کە لێرەدا وەک دیمەنێکی سینەمایی لێدێت هێمنانە پێکدێت، و وەرگریش نامەکە یا دیمەنەکە بەهێمنیو دڵنیاییەوە وەردەگرێت.

رستەو وێنەکان بۆ خۆیان دوانەی کەوتنو دوورکەوتنەوەو هەڵسانەوە دروستدەکەن.

(رێگای ئەو بەر بەتەواوی لەتاریکی، ون نەبووە/ بێیت دەتبینم/ تارماییەکەت لەچیلە بەرەکان جیادەبێتەوە)

ئەم رستەیە بانگەوازە بۆ دڵنیاییو بیرکردنەوە بەهێمنی، دەلالەت لەوە دەکات کە هێشتا دنیا بەبەریەوە ماوەو ئاسۆکە رونیی تیا ماوە. جیاکردنەوەی تارماییش لەچیلەبەرد جۆرێکە لەهیواو ئومێد بەزیندوبوونەوەو هەڵسانەوە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تارماییو چیلەدارا هەیە، بەرد بێگیانە بێ بزووتنەوەیە، کپو خامۆشی جەوهەرێتی، ئومێدی هەستانو حەرەکەتو هەستانەوەی لێناکرێت، بەڵام تارمایی حەرەکەتێکی تیایە، قابیلی ئەوەیە رونبێتەوە، بگەڕێتەوە بۆ دۆخی یەکەمی، ئیتر حاڵەتی مرۆڤ بێت یا ئاژەڵ یا باڵندە. شیعرەکە بەم دوو رستەیە کۆتایی دێت:

(ئەها: هەردووکیان مردن، نەو: نەمردوون، وا چراکەیان خۆش دەکەنەوە).

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ دێڕی سەرەتا، لەئومێدو بیرکردنەوە بەهێمنیو هەستانەوەدا یەکدەگرنەوە، تارمایی کە تووشی نوشوستو لاوازبوون دەبێت، لەبەردی بێگیان، جیادەکرێتەوە، چونکە ئومێدی هەستانەوەی لێدەکرێت.

وەک پێکهاتی ئاسایی رستەکانو پەیوندی دالاکان لەسەر ئاستی زمانەوانی ئاسایی دەشێ لەقۆناغی یەکەمی شیکردنەوەدا دەلالەت لەدووانی عاشق، یا دووانی دوورلەیەکی لێکترازاو بکەنو تووشی رمان بووبنو بەرەو هەستانەوەو گردبوونەوە بچن، بەڵام ئەشێ لەسەر ئاستی چنینی دەلالەتی ناراستەوخۆ تەئویلێکی تری بۆ بکرێو لەکێشەی زات یا دوو زات دەربکرێنو ببن بەکێشەی کۆمەڵێکو قۆناغێک. ئەگەر ئێستا بۆوەستان لەسەر ئەم کۆمەڵە شیعرە پەنام ببردایەتە بەر پەیرەوی بنیاتگەری ئەوە لەچوارچێوەی دەقەکە دەرنەئەچوومو ئاماژەم بەمەرجەعی دەرەکی نەئەدا، بەڵام رەخنەی پاش بونیادگەریو رەخنەی بەهاناچوونی خوێنەر رێگا بەکرانەوەی دەق بەسەر زۆر شتی دەرەکیدا دەدەن، تەنانەت سوودوەرگرتن لەمێژووی نووسینی دەق بۆکەشفکردنی نهێنییەکانی. بۆیە پەنادەبەمە بەر مێژووی نوسینو دەڵێم، ئەم بەرهەمەو زۆر لەهاونمونەکانی تری ساڵانی ١٩٧٦، ١٩٧٧، ١٩٧٨، ١٩٧٩ نووسراون. واتە پاش ئەو کارەساتە جەرگبڕەی ساڵی ٩٧٥ دیسانەوە ئەم مێژووی نووسینانە وەک دەلیلیان لێدێ بۆ رونکردنەوەی (شاراوەی) شیعرەکە. ئەگەر غینائیەتێک لەشیعرەکاندا بەدیبکرێت ئەوە غینائییەتێکی ناواخندارە، خودو کۆ لەخۆدەگرێت، یا لەئەنجامداو کاتی بنیاتنانەوەی لەلایەن خوێنەرەوە دەکرێ خودی تاک بکێشنرێت بەرەو کۆ، واتە نوشوستو کەوتنو هەستانەوەی خودو دوو خود ببێت بەکەوتنو هەستانەوەی کۆ.

جاری وا هەیە شیعرێک دەبێت بەمێژووی شکستەکەو شیعرێکی تری ناو دیوانەکە دەبێت بەهەڵسانەوە وەک لەدەقی (کۆچی کۆهسار)و چەندین هۆنراوەی ترا هاتووە:

(دارستانی چڕو هێمن بووی/ سێبەرت لەو کۆمەڵە گۆمەو/ ئەو کاروان چییانەش نەکرد!/ دڵداران دەهاتن لەژێر چڵە تەربووەکانت دەمیان بۆ دڵۆپەی ئاو نەکردەوە!/ جلەکانیشیان بەقەدی درەختێکدا هەڵدەواسی/ سەرماشیان بوایە هێندێ لەچڵی وشک بووەوەتیان دەشکاندەوەو ئاگریان پێدەکردەوە! پەناگا بوویت چیت بەسەرهات..)

ئەم شیعرەیش کە مێژووی نووسینی ساڵی (١٩٧٨)ە باسی مێژووی شۆڕشێکی کوژراو دەکات، بەڵام ساتە باسترناکییەکە هێمنەکە تەجەلای تیادەکات.. ئیتر ئەمە شاعیرێکی هێمنە، بەزمانێکی هێمن، دوور لەتەقو توقو بەکارهێنانی ئاگرو فیشەک سەرگوزشتەی شۆڕشێک بەدیمەن دەگێڕێتەوە..

شیعری (سەمای بەفری ئێواران) حاڵەتی تەمویهیی هەیە بەرواڵەت باسی خۆشەویستیو هەناسەی تاکمان بۆدەکاتو بەڵام بەدیویێکی تریا بەجۆرێکی تر تەئویلدەکرێ هەواڵەی رووداوێکی دەستجەمعیمان دەکات.

تێرامانو بونیادی یەکسانیو رەخنەی رۆشنبیری

تێرامانو وردبونەوە رۆڵ لەپێکهاتنی بەشێک لەشیعرەکان دەبینن. کاتی وردبونەوەو رامان لەسروشت بەگشتیو لەشتەکانی تریش هێمنییەکی دوور لەهەڵچوون وەدەرەکەوێ بۆ گرتنی ساتی شیعریو جەوهەری شاراوە.

خۆی لەبنەڕەتدا تێرامانو تەئەمول دەبێت ئامانجی شیعرو شاعیر بێت بۆ بەندکردنی ساتی راکردوو کە نادیارەو دەیەوێ هەر بەنادیاری بمێنێتەوە. لەدەقی وردبونەوەدا هاتووە:

(ئەستێرەیەکە، پێش تاریک داهاتنی، ئاسۆ هەڵدێ!/ کەمێکیش بەسەر لوتکەکانەوە دەمێنێتەوە، هەر تاریک دابێ ئاوا دەبێ!/ ئەستێرەیەکی عاشقە/ سەرقاڵەشە/ تەواو تەواو نەوی دەبێ/ ئێواران دەزانم کەی ئاوا دەبێ نارەحەت نابم/ سبەی ئێوارە هەڵدێتەوە/ بۆ نارەحەت بم خۆ یەکجاری ئاوا نابێ/ سبەیئێوارە لەو وەختەدا، هەڵدێتەوەو، جریوەی دەهاوێتەوە کەلێن بەرەکان/ منیش بۆ چەند ساتێ بەختیار دەکاتەوە).

لەسەر ئاستی پێکهاتەی زمانەوانی ئاسایی، گێڕەرەوە کەسێکە ئێواران سەیری ئاوابوونی ئەستێرەیەک دەکات، بەڵام دڵی نارەحەت نابێ چونکە دڵنیایە کە سبەی ئێوارە هەڵدێتەوەو بۆ چەند ساتێ بەختەوەری دەکات. ئێمە وەک خوێنەر سیمای دەلالی زیاتر لەکەسی ناو شیعرەکە وەدەرئەخەینو هەر بەوەی نازانین دەقەکە هەر تەنها بریتی بێت لەوردبونەوەی ئێوارانەی پیاوێک لەئاوابوونو هەڵهاتنەوەی ئەستێرەیەک، قسەکەری ناو شیعرەکەو ئەستێرەو یاڵو لوتکەو بەردو پەیوەندی نێوانیان لەم بەرهەمەدا ئامادەییەکی مادیبیانەیە، بەڵام لەدوای ئەم ئامادەبوونو حوزورەوە شتێکی بزرو نائامادە هەیە، شیعرەکە بۆ خۆی خوێنەر هەواڵەی ناوچەکەی دەکات تا پەیوەندییە شاراوەکانی کەشفبکاتو بیاندۆزێتەوە. پەیوەندی نێوان گێڕەرەوەو سروشت لەلایەن خوێنەرەوە لەچوارچێوەی وردبونەوەو سەرسوڕمانی ئاسایی دەرئەچێت، مەودایەکی کۆمەڵایەتیو گەشبینی شۆڕشخوازیکی پێدەبەخشێ. کاری تەرمیزی پێدەدرێ.. ئومێدو بەردەوامی بەرهەمدێنێ.. سەیرە لەکاتێدا چەندەها شاعیری ئەم وڵاتانە بەگوللە گۆرانی بۆ هەڵسانەوەو لەناودانی کەوتن دەچڕن جەلال بەتەئەمولو وردبونەوە، بەهێمنیو لەسەرخۆ جەنجاڵیو بێئارامی دەرئەپەڕێنێ. ئەمە بۆ خۆی خەسڵەتێکی تایبەتە، دەرچوونە لەجوقەو کۆدەنگی. یەکێکی تر لەخەسڵەتەکانی ئەدەبی جەلال بەتایبەتی لەم دیوانەدا بونیادی یەکسانییە کە پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە.

لای زۆر شاعیر، تەنانەت نوێخوازەکانیشمان، نەسەقێکی نادروستو شاراوە سەرچاوەیەکی دوور لەهۆشی پاکو سپییان پێدێنێتە جموجۆڵو لەپشت جوانکاری ئەدەبدا بەهۆی گوتاری جوانی (بەلاغی)وە چەندین بیروبۆچوونی ناشیرین هاتوتەبەرهەم. ئەو نەسەقە دەسەڵاتدارانە کاریگەرنو بەبەردەوامی لەپشت پەردەوە لەناو جوانکاریی ئەدەبدا بیری ناشیرینی دەزگای رۆشنبیریان پەرەپێداوە. لەژێر دەسەڵاتی ئەم دەزگا بەلاغییە جوانانەدا رەخنە نەکەوتۆتە روتکردنەوەیان تا بەرهەمی ئەو نەسەقە شاراوانە راستکاتەوە.. بۆنمونە لەپەیوەندی خۆشەویستیدا لەپانتایی رۆشنبیریو کۆمەڵگای کوردیدا دوانەیەکی یەکسان نەبووە، هەستێکی یەکسان نەبووە، رەگەزێک ژێردەستەبووەو رەگەزێکی تر سەردەستە، روخاوێک هەبووەو بەرامبەرێکی سەرسورماویش بەخۆ. ئەم نەسەقە شاراوە لەئەدەبو شیعری کوردیدا لەژێر پەردەی دەسەڵاتی بەلاغەو دەزگای بەهێزی جوانکارییەوە هاتۆتە بوونو پەرەی بەبوونی خۆی داوە، بەشێوەیەکی رونتر نەسەقێکی شاراوەو نەسەقێکی ئاشکرا هەبوون، نەسەقە شاراوەکە لەرێگای جوانکاری ئەدەبەوە، یا بەفێڵو پێچو پەنا لەرێگای ئەدەبەوە بوونی خۆی لەسەردەمەکاندا پاراستووە، تەنانەت گەیشتۆتە ناوجەرگەی شیعری نوێشمان بەتایبەتی سەردەمی ریادەت لای کەسێکی وەکوگۆران کە بیری لای دنیای تازە بووە ئەو نەسەقە مێژووییە کۆمەڵایەتییە نارێکە خۆی



کوتاوەتە ناو دەقییەوە، واتە نەسەقی ئاشکرای گۆران، لەرێگای جوانکارییەوە نەسەقێکی شاراوەی سەر بەدەزگاو ئیرسی کۆمەڵایەتی گەیاندۆتە ئێمە. بەتەواوەتی کاتێک لەدەقێکیدا بە زمانی شەهیدێک داوا لەئافرەت دەکات کە ئەگەر مردو شەهید بوو ئەوە لەمی ژنەکەی گەرەکە فرمێسکی بۆ برژێو داوا لەکوڕەکەیشی دەکات تۆڵەی بسەنێتەوە، ئەمە وەک ئەوە وایە ئەرکی رەگەزی مێ فرمێسک رشتن بێت، ئیرادەی دەسڕێتەوە بەدرێژایی مێژووی شیعری کوردی ئەم بونیادە دووبارەبۆتەوە، ئەم نەسەقە نایەکسانە لەرێگای ئەدەبەوە بەرهەمهێنراوەتەوە، دەسەڵاتێکی جوانکاری سەردەمی ریادەت وایکردووە خوێنەر تووشی سیحری ستاتیکی ئەدەب بێتو نەسەقی کۆنخوازی رازاوە بەنوێگەری وای لێبکات رەخنەی ئاراستە نەکات.

لای جەلال ئەم بونیادە نایەکسانە بەتەمەنە دەشکێت، لەجیاتی ئەوە، بونیاتی یەکسانی بەرزەبێتەوە لەدەقی (یەکسانی) دا دەڵێ:

(لەژێر شاخێ، ناخەوم شەو لەکەوتنی بترسم!/ ناشچمە ناو داستانێ/ باڵندەکانی ناوی لەگەڵ/ خشپەی پێم هەڵفڕن/ تۆشم خۆش ناوێ تا بەقەد خۆم خۆشمت نەوێ!)

ئەم بونیادی یەکسانییە لەزۆر شوێنی تراو لێرەشدا لەچوارچێوەی دوانەی یەکسان دەرئەچنو سروشتو بوونەوەری تریش دەگرنەوە. لەو دەقەی سەرەوەدا تا پێش رستەی کۆتایی بەجۆرێکی دیو زمانێکی تر یەکسانیو گونجان لەنێوان بوونەوەرەکاندا پێکدەهێنێ..

سروشت بووە بەچوارچێوەی شیعرەکانی جەلال لادێ، شاخ، بەفر، لوتکە، درەخت چەم، باران، روبار، جۆگە، بزنەڕێ، شەپۆل، دیمەن، وێنەکانی لەمانە پێکدێن، لەمانەدا روداوەکان دەکێشرێنو جەنجاڵیو پەشێوی دەخرێتەروو، بەڵام دیسانەوە دەخرێنە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە.

هەروا سروشتی ئاسایی نین. فەزا لەسروشتی کراوە پێکدێت، نەک لەپێکهاتەی شار، واتە جموجوڵ لەو فەزا کراوانەدا وێنەدەکێشرێن بەڵام بە دیدی کەسێکی هوشیارو رۆشنبیر، هوشیارییەکی تێکەڵاو لەواقیعو دیدی فەلسەفی:

(شەو و رۆژێ بوو بەفر دەباری/ سەبرت نەما/ ملی تولە رێیەکی رووەو هەورازت گرتەبەر، رەنۆ بەفر رێگاتی پێ دەگۆڕێ/ زریانیش لەرووتی دەدا/ تا تەواو نزیک نەبوویتەوە/ لەبەر (بالیەی هێمنی) نەتمبینی/ نەهاتی کەسیش شوێن پێتی لەسەر بەفر نەدی/ لەرێگا بۆ ساتێ منت لەبیر نەدەبرەوە/ لەگەڵ بەفر بارینا/ کەوتبوونە پێشکەشکردنی (بالیەی هێمنی).

راستە لەفەزایەکی شاخاویدا ئەم روداوە وەک دیمەنێکی سینەمایی پێکدەهێنرێو دەخرێتەڕوو، کۆمەڵێک کردار بەیەکەوە ئەنجامدەدرێن بەڵام ئەمانە پڕن لەقەڵەقی وجودیو بێئارامی. لەجموجوڵو بیرکردنەوەی کەسێکی شاخاوی یا لادێی ناچن بەڵکو قەڵەقی رۆشنبیرێکی مەدەنییە، وردبونەوە لەو یەکگەیشتنە، وەسفی بالییەی هێمنی، بەرهەمی زەینی کەسێکی بەئاگا لەمەدەنیەتو هونەریو شارستانییە نەک کەسێکی نیشتەجێی شاخان، مەبەستم ئەوەیە چەند شیعری جەلال پڕ بێت لەوێنەو وشەو دیمەنی شاخاوی، بەڵام پڕە لەئەندێشەو کێشەو قەڵەقی مرۆڤێکی رۆشنبیرو بەئاگا.

ئاو، ئاگر، با، خۆڵ بوون بەجەوهەری شیعری شاعیرانی جیهان، لەشیعری سەردەمەکانی پێشووماندا رەنگە (ئاگر) و وشە نزیکو لێکچووەکانی بووبن بەکۆڵەکەو رەگەزی زاڵبوو لای فلانە یا فیسارە شاعیر. لەشیعری غەزەلدا (ئاگر)و وشە لێکچووەکانی پانتاییەکی زۆریان داگیرکردووە، لەرستەو وێنەدا بووە بەرەگەزی زاڵبوو (العنصر المهیمن)، ئاگر، گڕ، سوتان، نەمان، سۆزو، گڵپە، حەریق، ئەملە رەگەزی پێکهێنەر بوون..

ئەگەرە هەر شاعیرێک یەکێک لەو رەگەزانە (ئاو، ئاگر، با..) بووبێتە رەگەزی زاڵبوو لەلای، ئەوە لای ئەم ئاو و ئەو شتانەی لەئاو ئەبنەوە یالێیەوە نزیکن زاڵن، لەزۆربەی دەقیا ئامادەبییان هەیە وەک وێنە یا چەند وێنەیەکی بەشداربوو لەبنیاتدا بن یا وەک بزوێنەری سەرەکیو سەرتاسەری لەپێکهێناندا. ئاو و بەفر رەگەزی زاڵبوون لەلای ئەم. جگەلەوەی لەسیستمێکی زمانەوانیدا رستەیان لێپێکدەهێنرێ، بەڵام وەزیفەی هونەریو دەلالی جۆراجۆریان هەیە:

(بویتە بارانی دەم بایێو/ دوات کەوتم/ تا لەچۆمێ بیتە روبار)

یا: ئاو بەریدڵە ئاونشینەکەمی گرتووە/ جەستەشمی تەنیا کردووە/ دڵم بیوایە بەردێک/ غلۆرم دەکردەوە ناوی/ هەم دەوبوە بەردەباز/ هەم لەگەڵ خاوێنیدا رادەهات.

لەدیوانی (گەرم نەبوونەوە)دا لەزۆر دەقدا جەلال ئەو تەکنیکو وێنە سینەماییانە جێدیلێو وێنەو رستەکان چڕتر دەکاتەوە، ئەو فراوانییەی سیستمی زمانەوانییە شیعریەکەی یەکەمی دیمەنو وێنەو تەکنیکی سینەمایی لەپاڵیا بوو، رووداو و گفتوگۆو جموجوڵو زۆربونی کردار ئەو شێوازەیان ویستبوو، تەکنیکی سینەمایی لەشیعردا کردار زۆر دەسەپێنێ چونکە جموجوڵو رووداوی گەرەکە. بۆیە رستەی فیعلی لای ئەم زۆرەبوو چونکە سینەما بۆخۆی کردارو جوڵەو روداو و دیمەنە، ئەمانیش بەرونی لای ئەم بەشێوەیەکی ئاسایی هاتوون، بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری شاعیرانەوە کە رستەی ناوداری (الجملە الاسمیە) لەدەقەکانیاندا زۆرە.

جەلال لەکۆمەڵە شیعری دووەمیشیدا دەسبەرداری تێرامانو بیرکردنەوەی هێمنانە نەبووە.. بەڵام لەدووەمدا سروشت هەر بەلایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە نابەستێ، بەڵکو لە زۆر رووەوە دەکەوێتە رامانو وردبونەوە لەسروشت بۆ وروژاندنی پرسیاری فەلسەفی: (دەچیتە دۆزەخ/ دەبیت بەخۆڵەمێش/ دەچیتە بەهەشت/ دەبیت بەنائومێدی/ چیاو دەشت: گیاندارو بێگیان/ تێکەڵاوکە/ شیعرێک دەنووسی هەمیشە بێدار. یەکێتی بوون کە ناونیشانی دەقەکەیە بۆ خۆی هەواڵەی نەسەقێکی فەلسەفیمان دەکات. بیری دووانەیی لای مرۆڤ بەنرختر دەکات، تێکەڵاوکردنی دووانەکان کە پڕن لەدژایەتی، پیرۆزی باڵا بەرهەمدێنێ. دەکرێ بڵێین لەهەشتاکاندا ئەم بیرکردنەوانە لێرەو لەوێ هەوڵ بوون بۆ دامەزراندنی دیدی فەلسەفی لەشیعرا.

> **وای بۆ دەچم شاعیرانی ئێمە لەسەردەمی شکستو هەستانەوەی دەستەجەمعیا بۆ بەشداربوون، پەنایان بردۆتە بەر گوتارێکی سۆزداری راستەوخۆ هەم نامە شیعرەکە پڕ بووە لەسۆزو هەم خوێنەریش بەسۆزو حەماسەت بنیاتی ناوەتەوە. تاکو تەرا لەم رەوتە دەرچوون، جەلال بەرزنجی یەکێکە لەوانە. ئەگەر زۆریان پەنایان بردبێتە بەر نمونەی ئاگرینی ئەدەبی فێتنامیو فەلەستینی**

وای بۆ دەچم شاعیرانی ئێمە لەسەردەمی شکستو هەستانەوەی دەستەجەمعیا بۆ بەشداربوون، پەنایان بردۆتە بەر گوتارێکی سۆزداری راستەوخۆ هەم نامە شیعرەکە پڕ بووە لەسۆزو هەم خوێنەریش بەسۆزو حەماسەت بنیاتی ناوەتەوە. تاکو تەرا لەم رەوتە دەرچوون، جەلال بەرزنجی یەکێکە لەوانە. ئەگەر زۆریان پەنایان بردبێتە بەر نمونەی ئاگرینی ئەدەبی فێتنامیو فەلەستینی ئەوە ئەم بەئاگا بێت یا بێئاگا، بەویستبێت یا بەجۆرێکی دی لەهێمنیو تەئەمولی شیعریو بیرکردنەوەی هێمنانەو چوارچێوەی چیرۆکئامێزو سیستمی گێڕانەوەی (سرد) شاعیرێکی وەک ریتسۆسەوە نزیکە.

دوو جۆر لەشێوازی بیرکردنەوەو کەرەستەو تەکنیک لەکاتی نزیکبوونەوە لەدوانەی شکستو هەستانەوە هەیە، یەکێکیان سەرتاپا سۆزو حەماسەتو گوللەو گڕە، دووەمیشیان سەرتاپا هێمنیو بیرێکی ساردو بیرکردنەوەیەکی تاڕادەیەک عەقڵانیانەیە. یەکەمیان شاعیران بەکۆمەڵ خاوەنی بوونو دووەمیشیان لەشیعری نوێی کوردیدا، بوونی کەمەو جەلال سەرقافڵەیەتی. یەکمیان وا تەشبیە دەکەم: کەسێک کەوتووە، هەموو گیانی ئازارە، بۆ هەستانەوەی، یەکێ بەحەماسەوە پێی دەڵێ: هەستە کوڕە هەستە زوو هەستە، دەی، دووەمیشیان بەزمانی چەبو تەئەمول پێی دەڵێ: گوێ مەدەرێ چاکدەبی، باوەڕت هەبێ ئەم ئازارە دوورودرێژ تەواودەبێت. کۆمەڵێ یەکەم زۆریان باسی حاڵەتی گشتی دەکەن بەڵام جۆری دووەم - وەک جەلال- گۆشەنیگایەک دەدۆزنەوە، حاڵەتێکی تایبەتی دێنێتە چوارچێوەی شیعرەوە. وەک لەشیعری (هاتن)دا هاتووە کە لەدیوانی دووەمیدایەو ساڵی ١٩٧٩ لەگوندی سکتان نووسراوە. لەم شیعرەدا جەلال باسی حاڵەتێکی تایبەتی ژیانی پێشمەرگایەتی دەکات، باسی حاڵەتە گشتییەکە ناکات کە زۆربەی شاعیران یەکسەر پەنای بۆ دەبەن وەک گوللە، سەنگەر، بەرەنگاری، خوێن.. راستە شۆڕش شتێکی دەرەکی دیارە بەڵام لەناو ژیانی شۆڕشگێڕیدا شتی شاراوەو نادیار هەیە، ئەبوایە شاعیرانمان خۆیان لەو ناوچە شاراوە نادیارانە بدایە نەک لەروی سەرەوەیان. لەشیعری (هاتن) هەر بەشێوازە حیکایەتیە سینەماییەکە حاڵەتێکی تایبەتی پێشمەرگە وەردەگرێ، کاتێ شەوان پاش ماندووبوون دەگەنە دێو تەوزیعدەبن گیانیان تەڕ ئیتر وەکو گەردانە دەکەونە ملی سۆپاکە، سپیدەش دەڕۆن دووردەکەونەوە بەڵام هەر بەشاخەکەوە وەک دار سەوزئەکەنەوە. ئیتر ئەمە دەقێکە راستە لەسەردەمی ترسو جەنجاڵیدا نووسراوە، بەڵام لەهەموو سەردەمێکدا بەزیندویی دەمێنێتەوەو بەزیندوویی دەخوێندرێتەوە.

لەهەموو رویەکەوە بەشی ئەوەی تیایە کە تەمەن درێژ بێت. باسی پێشمەرگەیە، سەردەمی جەنجاڵە، بەڵام دەقێکی هێمنو لەسەرخۆیە، وێنەی لەسەرخۆ، تەکنیکێکی دوورلەگرژی. نەباسی گوللەی تیایە نەباسی خوێنو سەنگەر، نە هەراو هوریاو فیشەک رشتن، تەنانەت ناوی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕیشی تیا نییە، خوێنەر لەرێگای جموجوڵی کەسەکانو گفتوگۆکانەوە دەکەوێتە ناولێنان. من وای بۆدەچم ئەمە بەسەر رەقیبی چاپو بڵاوکردنەوەی ئەو سەردەمەیشدا تێپەڕبووبێت پەی بەماهیەتی بکەرەکانی ناو دەقەکە نەبردبێت.

لەراستیدا ناهەقیشی نەبووە چونکە سیفەتێکی (تەومیهی)ی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. دەکرێ مێژووی نوسینو ناوی ئەدەبی کوردی لێبکەیتەوەو خوێنەرێکی غەیرە کورد بیخوێنێتەوە حاڵەتێکی تری لێدەربچێت، بەجۆرێکی دی تەئویل بکرێت.

سەمای بەفری ئێواران
جەلال بەرزنجی

> **من بۆخۆم نمونەی سەرکەوتوی کەمم بینیوە لەهەڵبژاردنو دانانی رستەو دێڕی نوسەرو شاعیرانی تر بۆ پێشەکی، ئەو رستەیەی باسترناک پڕبەپێستی دەقەکانی جەلالە تەواو گونجاوە لەگەڵ دیوانی یەکەمدا**

لەکۆتاییدا دووبارەیدەکەمەوە: من بۆخۆم نمونەی سەرکەوتوی کەمم بینیوە لەهەڵبژاردنو دانانی رستەو دێڕی نوسەرو شاعیرانی تر بۆ پێشەکی، ئەو رستەیەی باسترناک پڕبەپێستی دەقەکانی جەلالە تەواو گونجاوە لەگەڵ دیوانی یەکەمدا.

لەئەدەبی فارسیدا، عەبباسی مەعروفی تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوی هەیە، لەلاپەڕەی یەکەمی رۆمانی (سەمفۆنیای مردووان)دا ئایەتێکی قورئانی نووسیوەتەوە، کە پەیوندی بەبەربەرەکانیو تراجیدیای قابیلو هابیلەوە هەیە، چونکە رۆمانەکەی لەسەر ئەو بناغەیە بەرزەبێتەوەو باسی شپرزەییو تەماحو ناتەبایی براو خێزانێکی ئێرانی دەکات.

دیسانەوە دەڵێم: نایشارمەوە، من زۆرجار شەوانە دەگەڕێمەوە. بۆ خوێندنەوەی شیعر، کە دیوانی سەمای بەفری ئێواران دەخوێنمەوە هەست بەوە دەکەم فیلمێک دەبینم دەربارەی دابڕانو بەیەکگەیشتنەوە. ئەمە بۆخۆی وەزیفەیەکی گەورەیە لەشیعردا کە لە وشە پێکدێت، بتخاتە ناو دنیای رەگەزێکی هونەری ترەوە کە بناغەکەی وێنەو جوڵەیە. زۆر راستیان کردووە لەسەرەتای دروستکردنی سینەما. سینەمایان وا پێناسە کردووە کە: گێڕانەوەیەکە لەرێگای وێنەی جوڵەدارەوە.

× بۆ بونیادی یەکسانی سوودمان لە رەخنەی رۆشنبیریو بۆچوونەکانی رەخنەگر (عەبدوڵڵا غەزامی) بینیوە.■